# پرسی کورد

گۆڤارێکی گشتی سەربەخۆی کورد و کوردستانی وەرزییە
ژمارە (١) ساڵی یەکەم - هاوینی ٢٧٢٤ ک ٢٠٢٤ ز



- بەنیشتمانی کردنی نەوت و گاز؛
سەرەتایەک بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان.





- سینەماو ئەجندای سیاسی: کورد لەکوێی ئەو ڕوانینەدایە



- ژنی کورد لەمێژوودا.

- سەرهەڵدانی کوردستانی سوور.





## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

**تۆماری یاسایی**

| ژمارە | ڕێکەوت |
|---|---|
| 993 | 05/06/2024 |

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی سالی 2007 کە لە 22/9/2008 بریاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( **پرسی کورد** ) وەرزییەو، خاوەن ئیمتیازی ( **جمال سعید رشید** ) و سەرنووسەرەکەی ( **جمال سعید رشید** )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی ( **993** )تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک سال.

ئازاد حەمەدەمین

نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی ئەم بەڕێزانە دەکەین بەهاوکاریکردنیان بۆ چاپکردنی یەکەم ژمارەی گۆڤاری پرسی کورد:

١- بەڕێز / شەریف حاجی ڕەسوڵ (خاوەنی کۆمپانیای سەفرە).

٢- بەڕێز / دکتۆر محەمەد شێخ عەزیز قەیوانی.

٣- بەڕێز / شێخ عادل شێخ مارف ماوەتی لە ئەڵمانیا.

هەر بژین بۆ خزمەتی کوردو کوردستان..

گۆڤاری پرسی کورد

# پرسی کورد

گۆڤارێکی گشتیی سەربەخۆی کورد و کوردستانی وەرزییە
ژمارە (١) ساڵی یەکەم - هاوینی ٢٧٢٤ ک ٢٠٢٤ ز



خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر
جەمال مەلا سەعید
٠٧٧٠٧٦٥٤٥٦٤
Jamal Mala Saeed
jamal.rashed9576@gmail.com



بەڕێوەبەری نووسین
عومەر ئیسماعیل
aumerasmail@yahoo.com
Ûmer Îsmail
٧٥٠١٥٤٤٥١٨ - ٧٧٠١٤٢١٨٦٩



ڕاوێژکاری یاسایی
بێستون عەلی قادر

ستافی نووسین

عەتا مەحمود



ڕاز ئەسعەد



داناز عەبدولڕەحمان



سەرهەنگ عەبدولڕەحمان



گۆڤاری پرسی کورد جگە لە سەروتار بەرپرسیار نییە لە سیاسەت و ناوەڕۆکی وتار و بابەتەکانی نوسەران

دیزاین
جەلیل حسێن

چاپ
چاپخانەی کارۆ

نرخ
(٣٠٠٠) دینار
تیراژ (٥٠٠) دانە

ناونیشان: سلێمانی - تەلاری کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد

# ناوەرۆک


سەروتار :

- پرسی کورد ... جەمال مەلا سەعید ........ 5

مێژوو:

-سەرهەڵدانی کوردستانی سوور...هارون یەڵماز...و:ئەرسەلان حەسەن........ 6

-بەنیشتیمانی کردنی نەوت و گاز...سەردار پشدەری........ 33

-سروتی هاوڕێیەتی، ڕامانێک لە مێژووی هاوڕێیەتی...د. کامەران محەمەد........ 38

بیروڕای ئازاد:

-بۆچی کورد ناتوانێت یەکبگرێت؟...د. کامەران مەنتك........ 44

-سیاسەتی ئێراق لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای کەرکوك...پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر........ 46

-دەردە کورد و پەندی مێژوویی...د. حسێن محەمەد عەزیز........ 52

-بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال وڕای پێچەوانە...هۆمەر محەمەد........ 55

-خەونێک لە پەخشانەنامەیەکدا!!!؟؟؟...ئەحمەد حەمە ساڵح مەعروف........ 57

- بێئاکامی کۆنفرانسە پەروەردەییەکان...ڕەووف محەمەد ئالانی........ 59

ژنی کورد لە مێژوودا:

-ئەندازیارە بێدەنگەکانی شارستانی...ڕاز ئەسعەد........ 61

-ئاسۆی ژن و تێکۆشانی کۆمەڵگەیی...شیرین تاهیر........ 64

ئەدەب و هونەر:

-سینەما و ئەجندای سیاسی: کورد لە کوێی ئەو ڕوانینەدایە...پ.ی.د. دڵشاد مستەفا........ 69

- حەمەجەزا هونەرمەندی نەتەوەو نیشتمان... داناز عەبدولڕەحمان........ 73

- مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ لە شارباژێڕ...سەرهەنگ عەبدولڕەحمان........ 90

-مامۆستا سەنجەری شاعیر: لەخاکی نیشتمانا زۆر ئەترسم ون بێ ناوم...محەمەد مەردان........ 107

-ئەسیری و ئەلزاس و کەرکوك...لەتیف فاتیح فەرەج........ 113

-وەفایەک بۆ شەهیدانی کوردستان...عەتا مەحمود........ 118

- پەروین موشیر وەزیری: دەنگیکیی ئاوریشمی و ئەفسوناوی... خۆشنووس ئەحمەد سەعید........ 120

-لێکدانەوەی رەوتی نوێی شیعری کوردی...د. مەسعود بینەندە........ 123

سەفەرنامە:

-ئیسفەهان نیوەی جیهان...عومەر ئیسماعیل باوزێیی........ 137

-ئەرشیف و دیکۆمینتاری لە میژووی کورددا...جەمال مەلا سەعید........ 145

هەمەڕەنگ:

-کەلتور و دابونەریتە باوەکانی نەتەوەکان...دکتۆر محەمەد شێخ عەزیز قەیوانی........ 150

- کشتوکاڵی کوردستان زێڕی سەوزە... فەرەیدون مەنسور جاف........ 153

ئارامی ڕۆح:

-دیکتاتۆریەتی چاو..محەمەد کوردۆ........ 156

-زمانی فەرمی...یونس ڕەزایی........ 157



جەمال مەلا سەعید

# پرسی کورد

بەدرێژایی مێژووبەهۆی بەرژەوەندی وململانێی سیاسی وئابووری وکەلتووری نێودەوڵەتی و ناوچەیی وناوخۆییەوە هەمیشە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت کوردستان بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و بونی سامانی سروشتی ژێرزەوی وسەرزەوی بۆتە هۆکاربۆ داگیرکردنی لەلایەن مەغۆل و ڕۆم و عەرەب وفارس وتورک، ئەو دەسەڵاتانەش بەپێی قۆناغەکان سامانی وڵاتیان بردووەو کوردیان جینۆساید کردوو وڵاتیان وێران کردووەو هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردیان داوە، کوردیش لەبەرانبەردا بەرخۆدان و قوربانی زۆری داوە لە بەشەکانی کوردستان بەڵام بەهۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی و پەرتەوازەیی کورد نەتوانراوە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنرێ کەتا ئێستا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەردەوامی هەیە بۆ گەیشتن بە مافەکانی بەشێوازی ئاشتیانە، هەرچەند دەوڵەت قەوارەیەکی سیاسیە بەڵام زمان قەوارەیەکی ڕۆشنبیرییە، کلتووریش قەوارەیەکی شارستانییە ،تائێستا لەگەڵ هەمووئەو داگیرکاری وجینۆسایدو کاریگەریە خراپانە بەڵام کورد توانیویەتی قەوارەی ڕۆشنبیریێ وشارستانی بپارێزێ، بۆیە لەم سەردەمی عەولەمەو بەرژەوەندیە سەرمایەداریەدا وەک زەرورەتێکی ڕۆژگار بەپێویستمان زانی گۆڤاری پرسی کورد بەچاپ بگەیەنین تا لەو ڕێگەیەوە پرسی کورد بەڕای گشتی جیهان ئاشنا بکەین، پرسی کورد ماناو واتایەکی فراوانی کوردو کوردستان دەبەخشێ لەبوارەکانی؛ مێژوو، سیاسەت، شارستانی، ئابووری، مرۆیی، خاک، کەلتوور کەئەم بابەتانە لەخۆدەگرێ: ئەدەب، زمان، فۆلکلۆر، کەلەپوور، کۆمەڵایەتی، داب و نەریەت، هونەر بەشەکانی: سینەما، شێوەکار، شانۆ، مۆزیک، گۆرانی، وەرزش، زۆر جار وشەی فەرهەنگ وچاند لە باکوور بەهەمان مەبەست بەکاردێت، ئامانجمان بەهێزکردنی پەیوەندیەکان و ناساندنی پرسی کوردە بەجیهان، لەپێناو هێنانەدی ئاشتی و پێکەوە ژیانی دادپەروەرانە لە نیشتمانێکی ئازادا.

# سەرهەڵدانی کوردستانی سوور



نووسینی: هارون یەڵماز
لە فارسیەوە: ئەرسەلان حەسەن

ئەم وتارە باسی مێژووی کورد لەسەدەی بیستەم دەکات و بەگشتی لێکۆڵینەوە لەدانیشتوان و جوڵانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە (تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریا) دووپاتدەکاتەوەو (ئەرمینیا، گورجستان و ئازەربایجان) دەخاتەبەرباس و لێکۆڵینەوەوەو لەکلاورۆژنەی گشتی کەمینە نەتەوەییەکانی ناوکۆمارەکەوە فۆکس دەخاتەسەر کوردستانی سۆڤیەت و سیاسەتی کورد لە ئازەربایجان لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٧ز).

وتویانە سیاسەتی سۆڤیەت دەربارەی کوردەکانی ئازەربایجان، بەشێک لەدیاردەیەکی فرەلایەنەبووە. بەرلەهەمووشتێک، کوردەکانی ئازەربایجانی چیانشین نیوە هۆزێکبوون و دەرئەنجامی پراکتیککردنی سیاسەتی نوێی سۆڤیەت، جەوهەرەکەیانگۆڕاوە. کوردەکانی ئازەربایجان لە یەکێتی سۆڤیەت ناسنامەی نەتەوەییبوون و بەمەش سیاسەتی نەتەوەیی سەرانسەری ئەو ساڵانە گرتوونیەتەوە. سەرئەنجام، کوردەکان کەمینە نەتەوەی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان بوون، کە سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکانی جێبەجێکراوی حکومەتی باکۆ لەم کۆمارە گرتوونیەتەوە. زۆرجار سیاسەتی کەمینە نەتەوەیی لە ئازەربایجان لەژێرکاریگەری بارودۆخ و بەربەستە ناوخۆیەکان رووبەڕووی ئاڵنگاری بووەتەوەو جوغزی بەدەورەداکێشراوە. کەوایە، پێدانی مافەکلتوریەکان بەکەمینەی نەتەوەیی ساڵی (١٩٢٠ز)، کە کوردەکانی ئازەربایجانیشی گرتەوە، هەڵکشانی ئەم مافانە لەساڵانی (١٩٢٠-

١٩٣٠ز)داو بەرهەڵستی ئەم سیاسەتانە لەساڵانی داهاتوو، دەکرێت تەنها بەلەبەرچاوگرتنی ئەم سێ لایەنە، روونبیکەینەوە.

## پێشەکی

ئەم نووسینە وێنایەکی روون لەبارودۆخی گەلانی هەڵگری ناونیشان و کەمینە نەتەوەییەکان، وەک کوردەکانی ئازەربایجان بەدەستەوەنادات(١)، کە لەکەمینە جیاجیاکانی ئەم کۆمارەبوون. (بنیگسن ولیمرسیە کەلکەژە) باوەڕیوایە، پێشتر سیاسەتی هاوجۆرسازی لە ئازەربایجان هەبووەو ئەم سیاسەتە وایکردوە هەموو ناسیۆنالیزمەکانی ئازەربایجان لەژێر تاکەناسنامەی ئازەربایجانی، کە لەساڵی (١٩٢٠ز)دا دەستپێکرد، یەکبگرن. بنیگسن بەڵگەدێنێتەوە، کە لەساڵی (١٩٢٦ز) دا کەمینە نەتەوەییەکان لەزمانی نەتەوەیی خۆیان بێبەشبوون و لەگەڵی ئازەربایجاندا بوونەتەمەحاڵ(٢)، (ستیپان بلانک)یش پاڵپشت بە بنیگسن، سیاسەتی هاوجۆرسازی دووپاتدەکاتەوە(٣).

بەفۆکس خستنەسەر گۆڕانکاریەکانی ئۆکراین و بەشی ئەوروپای یەکێتی جەماوەری سۆسیالیستی سۆڤیەت، دوای ساڵی (١٩٣٢ز) پێشنیارکرا سیاسەتی گەلان دەربارەی کەمینە نەتەوەییەکان لەکۆمارەکانی سۆڤیەت بگۆڕێت(٤).

لەحەقیقەتدا ئەم بانگەشەیە لەڕاستیەکانی ئازەربایجانی لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز) دا دووربوو، تەنها بەراوردکردنێکی روسیاو شانشینەخۆرئاوایەکەی هاوشێوەی ئۆکراین دوای ساڵی (١٩٣٢ز) بوو، هەتا هەموو ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەت. لەڕاستیدا وەک لەم وتارەدا پیشاندەدرێت، واقیعیەتی بابەتی زۆر لەباسی کۆتایی مافی کەمینەکان لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٠ز)دا، ناسیۆنالیستە تورکخوازەکانی ئازەربایجان ئاڵۆزتربوو. دەکرێت ئەم ئاڵۆزیە بەمشێوەیە روونبکەینەوە: کوردەکانی کۆماری ئازەربایجان لەنێوان ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز) دا جگەلە ئەرمینیا، تەنها کەمینەیەکبوون کە یەکەیەکی کارگێڕیان بەناوی خۆیانەوەهەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، قۆناخێک کە کوردەکان دەستکەوتی سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکانیان پێبڕا، نەک لەساڵەکانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز)دا، بەڵکو ساڵەکانی (١٩٣١-١٩٣٦ز) بوو. ئامانجی ئەم وتارە تێگەیشتنە لەم ئاڵۆزیە لەڕێگای دوو فاکتەری سیاسەتی گشتیتری گەلانی سۆڤیەت، هەروەها ئامانج و فاکتەری فراوانخوازیە لەئاستی کۆمار، لەئاستی یەکێتی سۆڤیەت. سیاسەتی گەلانی سۆڤیەت یارمەتی هەریەک لەناسنامەی کۆمارەکانی هەڵگری ناونیشان، لەوانە ناسنامەی ئازەربایجانی هەڵگری ناونیشانداوەو کردونی بەخاوەن بەرنامەیەکی مۆدێرنیزاسیۆن، کە تایبەت بەخوێندنبووە. کۆمارەکانی سۆڤێت هاولاتی هاوچەشنیان نەبووەو لەکەمینەی نەتەوەیی جۆراوجۆر پێکهاتوون. پشتیوانیکردن لەناسنامەی گەلانی هەڵگری ناونیشان، واتای هاوجۆرسازی ئەم کەمینانەنەبوو. بەپێچەوانەوە، هەتا ساڵی (١٩٣٧ز) حکومەتی ناوەندی سۆڤیەت باشترین هەنگاوی بۆ پێشگرتن لەهاوجۆرسازی کەمینەی نەتەوەیی کۆمارەکان بەدەست گەلانی هەڵگری ناونیشان جێبەجێکرد. حکومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەت (بەڵشەفیکەکان) و حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان (AKP-b)، هاوکاری بەمۆدێرنیزاسیۆنی خێرای ئەم بەشە دواکەوتووەی یەکێتی سۆڤیەتیان کردوە. ئەم هەوڵە بۆ بەمۆدێرنکردن، بریتیبووە لەگۆڕینی




گوندنشینانی نەخوێندەوار بۆ هاوڵاتیانی خوێندەوار، کە لە (٩٠٪)ی دانیشتوانی پێکدەهێنا. چالاکی پەروەردەیی و خوێندەواری هەربۆ زۆربەی تورکەکانی کۆماری ئازەربایجان نەبوو، بەڵکو بۆ کەمینە کوردەکانیش بووە. جگەلەوە، سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکان، ئامانجی یۆتۆپیایی خوێندنی زمانی بۆ کەمینەکان لەقوتابخانە بنەڕەتیەکان بەدیهێنا. کوردەکانی ئازەربایجان یەکێک لەکەمینە نەتەوەییە زۆرەکان و نەتەوەی کۆماری ئازەربایجان بوون، کە سودیان لەم سیاسەتە وەرگرت. حکومەتی ئازەربایجان بەئەنجامدانی چالاکی پەروەردەیی و خوێندەواریی و جودا لەبەمۆدێرنکردن، بۆ پشتگیریکردن لەمافە کەلتوریەکانی کەمینەی نەتەوەیی، پەیڕەوی لەئامانجە سیاسیەکانیش دەکردو بەپشتگیریکردنی کەمینەی نەتەوەیی، دەیانویست هەژمون بەسەرناسیۆنالیزمی گەلانی هەڵگری ناونیشان (تورکی)دا بکەن و پێش بەهەردوژمنکاریەکی نێوان زۆرینەی تورک و کەمینەی جیاجیای ناوکۆمارەکە بگرن. حکومەتی سۆڤیەت لەساڵی (١٩٢٠ز)دا، وەک مۆدێلی بەمۆدێرنکردن و گەشەکردو لە ئازەربایجانی دەڕوانی، کە دەکرا بەگەلانی ئێران و تورکیا بناسرێت. حکومەت لەم بارەیەوە بەچاوی دەرفەت لەم کارەی دەڕوانی، کە بەشی سەرەکی کوردەکان لە (تورکیا، ئێران و ئێراق) دەژیان. دەکرا سیاسەتی پراکتیککراو بۆ کەمینەی کوردی ئازەربایجان بەنمونەی باشی سیاسەتی ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابندرێت. ناوچەیەک، یان لەژێردەسەڵاتی بنیادنەرانی نەتەوەبوو، کە چاودێری هاوجۆرسازی کوردەکانیان دەکرد، یان لەژێردەسەڵاتەکانی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی وەک ئامێرێکن کە دەکرا سودی لێوەربگرێت، لە کوردەکانیان دەڕوانی. سەرئەنجام، کوردەکانی

سۆڤیەت دەیانتوانی شوێنی دڵخوازیان لەمەڕ هاوزمانانیان لەوڵاتانی دیکە ببینن و گرەنتی پابەندبوونیان بە سۆڤیەتەوە بکات.
لەگەڵ ئەوەشدا، چالاکیەپەروەردەییەکانی ناو کوردەکان و خوێندەوارکردنی خێرای کوردەکان بەرەوڕووی کۆسپی جدی بووەوە، بەتایبەت کۆسپەکانی نەبوونی ئەلفبایەکی تایبەت، هەژمونی تورک بەسەربەربڵاوی کوردەکان پێش حکومەتی سۆڤیەت و نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو. نەبوونی زمانێک لەناو کوردەکانی ناوچە جیاجیاکان، کە بەهۆی ناوچە شاخاویەکان لێکدابڕاوو گۆشەگیربوون، بۆئەوە دەگەڕێتەوە کوردەکان لەناوچەی جیاجیا دەژیان و بەشێوەزاری جیاوازدەدوان و لەبەردەم قۆناخی جۆراوجۆری بەتورکیزەبووندابوون. لەوانەیە گرنگترین بەربەست لەپەیوەند بەچالاکیەپەروەردەیەکان و خوێندەوارکردنی کوردەکان، بەرگری جدی باڵەکانی لایەنگری تورکیا و باڵەکانی لایەنگری روسیا لەحزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و خودی رژێمی کۆماری ئازەربایجان، لەبەرامبەر سیاسەتی کەمینەی نەتەوەیی رژێمی بەلشەفیکی یەکێتی سۆڤیەت بووبێت. ئەم دژایەتیکردنەناوخۆییە بەشێوازێکی جێگاسەرنج چالاکیەکانیانی دواخست. ئەم بەربەستانە بوونی ئەلفبایەکی کوردی بەگوێرەی پیتی لاتینی دواخست و جگەلەوە، بووەبەربەستی بەردەم خوێندنی بنەڕەتی بەزمانی کوردی و هەوڵدان بۆ جێگرتنەوەی کلتوری نووسراوی دانیشتوان لەجیاتی کلتورێکی زارەکی کۆچەری و خێڵەکی. بەدرێژایی ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز)، یەکەو کوردستانی سوور دامەزران، کە هەنوکە لەنەخشەی کارگێڕی ئازەربایجان سڕاونەتەوە(٥).
لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵەکانی (١٩٣٠-١٩٣١ز) لەئەنجامی پشتگیریکردنی جدی بەلشەفیکەکان، سیاسەتی کەمینەی نەتەوەیی سەرکەوتنی بەرایی و سنورداری بەدەستهێنا. ئەم قۆناخە لەساڵانی (١٩٣٧-١٩٣٨ز)دا بەدیاریکراوی دوای ئەو سیاسەتانە کۆتایهات، کە دەربارەی کەمینە نەتەوەییەکان گیرایەبەر. ئەگەرچی لێکۆڵینەوە لەم قۆناخە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەم وتارەیە.

## کوردستانی سوور یەکەیەکی کارگێڕیی سۆڤیەت

لەودیوو قەفقاسەوە، لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز)دا زۆربەی کوردەکان لە (ئەرمینیاو ئازەربایجان) بوون، کەمتریش لە (گورجستان/ جۆرجیا) دەژیان(٦). زۆربەی کوردەکانی ئازەربایجان موسڵمانی شیعە بوون، لەکاتێکدا کوردەکانی ئەرمینیاو گورجستان جگەلە کەمینەیەکی کەمی موسڵمانی سوننە، ئێزدی بوون. پێشینەی بوونی کوردەکان لە قەفقاس بۆ زنجیرەی شەدادیەکان لەسەدەکانی دەیەم و یازدەیەمی زایینی دەگەڕێتەوەو بوونی هەندێک لەخێڵە کوردیەکان لەناوچە شاخاویەکانی قەرەباخ لەکۆتایی سەدەی شازدەیەم تۆمارکراوە. هەتاڕادەیەک تەواوی کوردەکانی ئازەربایجان لەسەدەی نۆزدەیەم لە ئێرانەوە هاتبوون(٧)، زمانیان کرمانجی و بەخۆیان دەوت کرمانجی(٨).
هەتاڕادەیەک تەواوی کوردەکانی ئازەربایجان لەکۆتایی خۆرئاوای ناوچەی ناگۆرنۆکەرەباخی ئازەربایجان دەژیان و لەسۆنگەی سنورەکانی کۆماری سۆڤیەتەوە، کەوتبوونە خۆرهەڵاتی زنجیرە چیای زەنگەزوری کۆماری

سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئەرمینیا، پاشان (SSR) و خۆرئاوای هەرێمی (oblast) خۆسەری ناگۆرنۆکەرەباخەوە.

لەحوزەیرانی (١٩٢٣ز)دا هەتا ساڵی (١٩٢٩ز)، کوردستانی سوور (بەشی کارگێڕی)، یان یەکەی کوردی هەبوو، کە بریتیبوو لەناوچەکانی (کەلبەجاڕ، لاچین، کوباتلی/ قوبادلی و بەشێک لە جوبرائیل)(٩).

لاچین: پایتەختی کارگێڕی ئەم هەرێمە بوو، کە پێیدەوترا (کوردستانی سوور)، یان (کوردستانی سۆڤیەت). شاری لاچین هەتا ئەو ساڵە بریتیبوو لەنیوە گوندێکی کۆنترۆ ناوی (ئەبدالیار) بوو، وەک هێمایەک لەدەسەلاتی سۆڤیەت بنیادنرا(١٠). بەڕواڵەت دامەزراندنی کوردستانی سوور، رێککەوتنێکی ئاڵۆزی نێوان دوو فراکسیۆنی جیاوازیی ناوحکومەتی باکۆ بوو، کە دواتر باسی دەکەین.

کوتلەی لایەنگری کورد پشتگیری ئایدیای دامەزراندنی هەرێمێکی کوردیان دەکردو خۆسەریەکی راستەقینەی هاوشێوەی (ناگۆرنۆکەرەباخ)یان رەچاوکردبوو، کە بۆ ئەرمەنیەکان پێشنیارکرابوو. دەکرێ بەکوتلەکەی دیکە بڵێی: تورکخواز، یان سەنتڕالیست. دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاسایان کردبووە ئامانجی خۆیان، کە لەوانەبوو بەوهۆیەی بەڕواڵەت تەواوی کوردەکانی ئازەربایجان لەخۆبگرێت، پێیبگوترێت (کوردستان). هەردوولا لەدەستەی سەرۆکایەتی کۆمیتەی راپەڕاندنی ناوەندی کۆماری سۆڤیەتی سۆسیالیستی ئازەربایجان لەمانگەکانی (تشرینی یەکەم-کانونی یەکەمی ١٩٢٢ز)دا، بابەتی دوورو درێژیان دەربارەی دامەزراندنی کوردستانی سوور هەبوو(١١).

بەفۆکس خستنەسەر ئەوەی راگەیاندنی کوردستانی سوور لەهەمانڕۆژ، کە ناوچەی خۆسەری ناگۆرنۆکەرەباخ راگەیاندنی قەوارەی کوردی، وێنەیەکی نامۆ دێنێتەئارا. ئەگەرچی هەرێمەکە خۆی ناونابوو (کوردستان)، بەڵام شانشینێکی خۆسەرو لەسەرناسنامە بنیادنەنرابوو. کوردستانی سوور ئەو خۆسەریەی مافەکانی نەبوو، کە هەرێمی (oblast) ناگۆرنۆکەرەباخ لە ئازەربایجان هەیبوو هەردووکیشیان لەڕۆژێکدا دامەزران. ئەم هەرێمە بەناوی خۆیەوە تایبەتمەندی کوردی نەبوو، کەچی جوگرافیای کوردستانی دەناساندو لەلیستەکانی دیکەی دەوڵەتی ئازەربایجاندا بوو، بێئەوەی پێگەی تایبەتی هەبێت. ئەمشوێنە ناڕوونە، دەرئەنجامی ناکۆکی ناوحکومەتی ئازەربایجان بوو. کوتلەی لایەنگری کورد ئەم زاراوەیەی بەخۆسەریەکی کوردی لێکدەدایەوە، کە پێشتر دەیویست دایبمەزرێنێت، رێک هاوشێوەی ناگۆرنۆکەرەباخی ئەرمینیا، لەکاتێکدا کوتلەی لایەنگری تورک، بەیەکەیەکی کارگێڕی ئاسایی ناوێکی نائاسایی دەزانی. لەنیسانی (١٩٢٩ز)دا کۆنگرەی شەشەمی ئەنجومەنەکانی ئازەربایجان ریفۆرمی لەستراکچەری کارگێڕی پەسندکردو تەواوی هەرێمی (oblast)، لەوانە کوردستانی سووری هەڵوەشاندەوە. دەوڵەتەکان شوێنی خۆیاندا بەهەرێمەکانی (okrugs)، کە یەکەی کارگێڕی لەهەرێم گەورەتربوون. ناوەندی پارێزەری کوردستانی سوور کەوتەناو هەرێمی ناگۆرنۆکەرەباخەوە. هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور بەشێک لەسیاسەتی سەرانسەری یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. هەرچەند لەئایاری (١٩٣٠ز)دا

دوای بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ناوەندی کۆماری سۆڤیەتی سۆسیالیستی ئازەربایجان، کوردستانی سوور لەهەرێمی ناگۆرنۆکەرەباخ جیاکرایەوە(١٢).
ناوچەکانی (کەلبەجار، کاتۆرلاین، لاچین، کوباتلی، زەنگلان) و بەشێک لەناوچەی (جوبرائیل)، هەرێمی نوێی کوردستانیان پێکهێنا. ئەمجارەش لاچین، پایتەختی هەرێمی کوردستان بوو. ناوچەی زەنگلان، کە بەشێک نەبوو لە کوردستانی سووری پێشوو، ئەمجارە خرایەسەر هەرێمەکە، بەمشێوەیە سنوری کوردستانی سوور هەتا سنوری ئێران-سۆڤیەت بوو(١٣).
کوردستانی سوور زیاتر لەچەند مانگێک بەردەوامبوو، چونکە ئەنجومەنی کۆمیسێرەکانی گەل و کۆمیتەی راپەڕاندنی ناوەندی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی لەڕۆژی (١٩٣٠/٦/٢٣ز)دا سیستمی هەرێمایەتی لەسەرانسەری قەڵەمڕەوەکەی هەڵوەشاندەوە، یان هێشتا بەمشێوەیە ماوەیەکی زۆر دوای هەڵوەشاندنەوەی هەندێک لەرێکخراوەکانی وەک (سوخوز، رۆژنامەو هتد)، بەناوی کوردستانەوە هەبوون(١٤).

## گۆڕینی گوندنشینانی نەخوێندەوار بۆ هاوڵاتیانی خوێندەوار

سیاسەتی نەتەوەیی لەیەکێتی سۆڤیەت، بەشێک لەبەرنامەکانی بەمۆدێرنکردنی سۆڤیەت بوو، کە یارمەتی دروستکردنی کۆمەڵگای خوێندەواری دەدا. لەساڵی (١٩٢١ز)دا ئاستی خوێندەواری لە ئازەربایجان باش نەبوو (٧,٤٪) لەتێکڕای دانیشتوان، (١٠,٤٪) لەودانیشتوانە (٤,٢٪) لەدانیشتوانی مێینە، خوێندەواربوون(١٥). پێش شۆڕش، قوتابخانە بنەڕەتیەکان بۆ تورکەکانی قەفقاس بوو، بەڵام ئەم قوتابخانانە نائایینی نەبوون. جگەلەوە، چەندین قوتابخانەی روس و تاتار هەبوو، کە خوێندنیان بەزمانی روسی بوو، تورکی بۆ خوێندنی زمان بوو. هەرچەند تورکزمانەکان دووەمین گروپی زمانی دیاری ئەودیووی قەفقاس بوون، بەڵام ژمارەو گشتگیری ئەمجۆرە قوتابخانانە بەشێوەیەکی نائاسایی سنورداربوو(١٦). دوای پاشەکشەی ئیمپراتۆری قەیسەری، کۆماری ئازەربایجان لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٠ز)دا چاکسازی لەخوێندن و تورکی بەڕێوەبردنی سیستمی خوێندن کرد، بەڵام بوونی کەمتر لە (٢) دوو ساڵ تەمەنی کۆمارو بارودۆخی ئابوری لەپێوەرێکی دیاردا، بۆ گۆڕان لەبارنەبوو. سەرئەنجام، کاتێک بەڵشەفیکەکان لەساڵی (١٩٢٠ز)دا چوونەناو ئازەربایجانەوە، کتێبی خوێندن، یان بەرنامەی خوێندن، بەزمانی تورکی نەبوو. ئەنجومەنەکان سیاسەتێکی (korenizatsiia)، یان لۆکاڵیان هەبوو، کە بەمانای پەروەردەی تەکنیکی لۆکاڵی، ئەکادیمی، راپەڕاندن و کارگێڕیی کادیرانی نیشتمانی لۆکاڵی لەکۆمارەکان بوو. پێویستە تێکڕای نووسراوەکارگێڕی و پیشەسازیەکان بەشێوەزاری رەسەنبێت. چالاکی بەلۆکاڵیکردن، ژمارەیەک ئامانجی وەک بەرهەڵستی دواکەوتوویی و نەخوێندەواری، بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەو گەشەپێدانی زمانێکی ئەدەبی بنیادنراو لەسەرشێوەزاری رەسەن راگەیەنرا، کە رووناکبیرانی ناوخۆش هاوڕای بوون(١٧).
چاودێرانی حزب، پێشینەیان بەلۆکاڵیکردنداو بەردەوام راپۆرتی سەرکەوتنی ئەم سیاسەتەیان دەدا. بەگوێرەی ئەم راپۆرتانە، رێژەی کادیرانی تورکزمان لەکۆماری ئازەربایجان

بەرامبەر ئەرمەنی و گورجیەکان لەکۆمارەکانی خۆیان، زۆر کەمتربوو. ئەم بارودۆخە، واتا نوێنەرایەتیکردنی کەمتری تورکزمانان لەکۆمارەکەیان بەرپرسانی حزبی نیگەرانکردبوو، چونکە دەیتوانی نارەزایەتیەنەتەوەخوازیەکان بوروژێنێت. پێویستە ئازەربایجان بەزۆربوونی ئاستی کادیرانی نەتەوەیی پێویستی خۆی لەحزب و حکومەت و چینی کرێکاری گەلانی هەڵگری ناونیشان، قەرەبووی دواکەوتوویی خۆیبکاتەوە(١٨).

ئاستی زۆر نزمی خوێندەواری لەکۆماری ئازەربایجان، بووەکۆسپی بەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتی بەخۆماڵیکردن. بۆیە لەساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز)دالەناکاو ژمارەی قوتابخانەکان لەتەواوی ناوچەکانی ئەم کۆمارە زیادیکرد. ژمارەی کتێبەکانی خوێندن بەزمانی تورکی بڵاوبۆوەو ژمارەی خوێندکارانی تورک زۆربوو. کاتێک ئەم گۆڕانەبوو، کە شۆڕشە پرچۆشوخرۆشەکانی گەلانی جیاجیاو رووناکبیرانی گەلانی گەشبین، هەموو ئامانجەکان خوێندەوارکردنی هاوڵاتیانی نەخوێندەواری هاوڕەگەزی خۆیان و گەشەپێدانی کۆماربوو(١٩).

دەکرێت بەهاوتەریبی ئەم خێراکردنە لەپەروەردە، زیادبوونێکی خێرا لەئاستی خوێندەواری دانیشتوانی ئازەربایجان بەمشێوەیەی خوارەوەببینین: ئاستی خوێندن لەساڵی (١٨٩٧ز)دا (٩,٢٪)، لەساڵی (١٩٢٦ز)دا (٢٨,٢٪) و لەساڵی (١٩٣٩ز)دا (٨٢,٨٪) بوو(٢٠). بەگوێرەی دوازانیاری کۆتایی ساڵی (١٩٢٧ز)، زۆربەی قوتابخانە تەکنیکی و پیشەیەکان بە تورکی بوون، کە بە لیژانی تایبەتی پەروەردەدەکران(٢١). ئازەربایجان پشتگیری زۆربوونی ژمارەی خوێندکارانی تورکزمان و مامۆستای زانکۆی لەخوێندنی باڵاکرد. بەم پێیە، پێویستە کارمەندەکان لەڕوانگەی نەتەوەیی-زمانیەوە، تورک و تەواو شارەزای زمانی تورکی بن و بەئاشکرا پشتگیریان بکرێت. دەبوایە ئەم ئەندامانە بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان، لەبەشەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی مەشق ببینن(٢٢).

## پەروەردەکردنی کەمینە نەتەوەیەکانی کۆماری ئازەربایجان بەزمانی دایك

چالاکی پەروەردەیی و بەلۆکاڵیکردن، تایبەت نەبوو بەگەلانی هەڵگری ناونیشانی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها بەڵشەفیکەکان بەنیازبوون کادیرە لۆکاڵیەکانی کەمینە نەتەوەیەکانی کۆمارەکانیش پەروەردەبکەن و مافە کلتوریەکانیش بەم کەمینانەبدەن. پەروەردەکردنی نەتەوەی کەمینە بەزمانی دایک بۆخۆی بەشێکی جیانەکراوەبوو لەمافەکلتوریەکانیان. لەساڵی (١٩٢٠ز) دا، چەند مانگێک دوای پێکهێنانی حکومەتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان بنیادنرا. کۆمیسێری مەعارفی کۆمیسێرەکانی گەلی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان، دواتر (Aznarkompros) لەیەکەمین کۆنگرەی کرێکارانی رووناکبیرو رۆشنبیر، دووپاتیکردەوە: رژێمی نوێی سۆڤیەت بەنیازە زمان و ئەدەبی کەمینە نەتەوەکان بخاتەناو سیستمی پەروەردەو فێرکردنەوە(٢٣).

بەراورد بەحکومەتی ئیمپراتۆری قەیسەری، بەفەرمی ناسینی زمانە جیاوازەکان و دانانیان لەبەرنامەی پەروەردەی قوتابخانەکان، گۆڕانێکی بەرچاوبوو. ئەرمەنی و روسەکان لە ئازەربایجان، گەورەترین نەتەوەی کەمینەبوون،

هەواڵنامەی کتێب

هەرچەند کەمینەی دیکەی وەک (تالش، تات و کورد)یش هەبوون. زۆر زوو ژمارەی ناسنامە سەربەخۆکان زیادیکرد. لەساڵی (١٩٣٢ز)دا، (٢٨) بیست و هەشت گەل، یان کۆمەڵی نەژادی لە ئازەربایجان هەبوون، کە هەندێکیان وەک (یوداخ و خینالوگ)ەکان تەنها چەند سەد دانیشتوانێک بوون(٢٤).

لەساڵی (١٩٢٠ز)دا سیاسەتە پەروردەییەکانی سۆڤیەت، وەبرەوخستنی پۆلەکانی زمانی کەمینەکانی لەبەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکان، خستەناوکارنامەی کاری خۆیەوە. تەنانەت لەوکاتەدا بەشوێن ئامانجی گەورەترەوەبوون و بەنیازبوون بەبەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری کەمینە نەتەوەکان، خوێندنی سەرەتایی بەزمانی دایکیانبێت. یاسادانەرانی سۆڤیەت ئەم کارەیان بەدەرئەنجامی ئاسایی بەفەرمی ناسینی مافەکلتوری کەمینەکان لەقەڵەمدا، کە لەئیمپراتۆری روسیادا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا رووبەڕووی بارودۆخێکی ئاڵۆزبوونەوە. کەمینە نەتەوەییەکانی ئازەربایجان لەڕوانگەی ئاستی خوێندەواریەوە لێکجیابوون. بۆنمونە، گەلانی ئاستی خوێندەواربەرزتر، بریتیبوون لە: یەهودیەکان (٧٦,٩٪)، ئەڵمانیەکان (٧٣,٣٪) و سلاڤیەکانی خۆرهەلات، واتا (روسەکان، ئۆکرانیەکان و روسەسپیەکان)، کە (٦٢,٤٪)یان خوێندەواربوون. کۆمەڵەی دووەم، کە ئاستی خوێندەواریان مامناوەندبوو، وەک تاتارەکانی ۆڵگا (٤٤,٣٪)، گورجیەکان (٣٧,١٪) و ئەرمەنیەکان (٢٤,٥٪). کۆمەڵەی سێیەم، نزمترین ئاستی خوێندەواری وەک: یەهودیەچیانشینەکان (١٥,٢٪) و تورکەکان (٨,٦٪)(٢٥). زمانی هەندێک لەنەتەوەکان (کورد، تاتار، ئاوارەو تالش)ەکان فۆرمی نووسراویان نەبوو. جگەلەوە، شێوەزاریان جیاوازبوو، بەشێوەیەک هەندێکجار ئەم جیاوازیی شێوەزارە لەپەیوەندی پتەوی نێوان سەربەهەمان گروپی زمانی-نەتەوەیی لەناوچە جۆراوجۆرەکان بەربەستبوو. پسپۆڕان و زمانناسان ناچاربوون بۆ داهێنانی زمانێکی نووسیاریی هاوچەشن، فێری ئەمشێوەزارە جیاوازانەبن. هەرچۆنێکبێت، پێویستە لەناوشێوەزارە جیاوازەکانی زمانێک، یەکێکیان وەک فۆڕمی نووسیاری ئەو زمانە هەڵبژێرن، ئەلفبایەک و دەستوری رێزمانی بنووسرێت و فەرهەنگێکی زاراوەناسی بەئامانجی لەئاست پێداویستیەکانی کۆمەڵگاو ئابوری نوێ ئامادەبکرێت. پێویستە، پاشان تەواوی دانیشتوان بەدەستەبەرکردنی پەروەردەی بنەڕەتی بەزمانی نووسینی هاوچەشن خوێندەواربن و بەگەشبینیەوە بەئامانجی بوونیان بەهەڵسوڕاوانی کارا لەگەشەپێدانی وڵات، پێویستە بتوانن بەپەروەردەی پیشەیی خۆیانبگەن. ئەگەرچی لەهەندێک بارودۆخدا، هێشتاش زمانی خوێندن لەم قۆناخەی دوایی پرسێکبوو. سەرئەنجام، پێویستە تەواوی ئەم قۆناخانە هاوتەریب بەخێرایی سەرسامکەری یەکەمین و دووەمینی بەرنامەی (٥) پێنج ساڵەی گەشەپێدان و بەپیشەسازیکردنی سالانی (١٩٢٩-١٩٣٧ز) پراکتیکبکرێت. ئەم بەرنامانە ئامانجی دوور لەبەدیهاتنبوون، بەتایبەت دروستکردنی زمانێکی ستاندارد بۆ کۆمەڵە گچکەکانی زمانی-نەژادی، کە لەشوێنە دوورەکان و دوور لەجۆشوخرۆشی کۆمەڵگای مۆدێرن دەژیان و بەشێوەزاری جیای زمانێکی تایبەتی دەدوان، کە کوردەکان بەرچاوترین ئەو کۆمەڵانەبوون(٢٦). لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵشەفیکەکان سووربوون لەسەرپەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتەو لەڕاستیدا

هۆکاری سیاسی جیاوازیان بۆ پەیڕەوکردنی هەبوو. یەک: حکومەتی سۆڤیەت ڕازیبوو، کە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خوێندەوار، یەکەم هەنگاوی گۆڕینی گوندنشینانی نیوە خێڵەکی کوردە بۆ هاوڵاتیانی مۆدێرن. بەهەمانشێوە، کە لەبەشەکانی دیکەی کۆماری سۆڤیەت ڕوویدابوو. بەڕێوەبەرانی ناوچەیی سۆڤیەت، کە پەیڕەویان لەسیاسەتی بەمۆدێرنکردنی نێوان کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمینیا دەکرد، بەگژدابونەریتی باوی وەک دوژمنایەتی خوێناوی (کالیم/ kalym) بەهۆی بووکەوە، هاوسەرگیری خوار تەمەنی یاسایی، توندوتیژی دژی ژنان و دژایەتیکردنی جدی ئازادی ژناندا دەچوونەوە(٢٧).

بەپێچەوانەی ئەم سیاسەتە فەرمیە، کێشەکانی ئازادی ژنانی کورد، ڕێگری لەفرەهاوسەری و ڕەدوکەوتنی کچان بۆ هاوسەرگیری، بۆ ڕێکخراوی ژنانی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ئامانجی دوور لەبەدیهاتن بوو(٢٨). هەرگیز کوردەکان لەڕوانگەی حکومەتی سۆڤیەتەوە لەڕیزی شارنشین، یان کرێکاری کارگەنەبوون، بتوانن کلتورێکی پرۆلیتاریایی کوردی بنیادبنێن. پێش بەسۆسیالیستیکردنی زەویەکان، هەتاڕادەیەک تەواوی خێڵەکوردیەکان، ژیانی نیوە خێڵەکیان هەبوو(٢٩). هاوینان دەچوونەچیاکانی زەنگەزور لەکۆماری سۆڤیەتی سۆسیالیستی ئەرمینیا(٣٠). لەڕووی دەسەڵاتدارانەوە، ئەم ژیانە سوننەتی، گوندنشینی، خێڵەکی و نیوە خێڵەکی، پاشماوەی دەرەبەگایەتی بوو، کە دەبوایە لەیەکێتی سۆڤیەت نەمێنێت. بۆیە (ئەلێکساندەر شاخسواریان)، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئەرمینیا لەکۆبوونەوەی وەفدی کورددا وتی: «حکومەتی سۆڤیەت گۆڕهەڵکەنی فیودالیزمی کورد بووە»(٣١).

هەنگاوی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرژیانە، بەدواداچوونی بەرنامەیەکی فراوانی خوێندەوارکردن دەستنیشانکرا، ئەم بەرنامەیە بەزمانی دایک ئاسانتر پراکتیکدەکرا. لەڕوانگەی ئینتەرناسیۆنالیستی ڕژێمی سۆڤیەتەوە، سەرکردە ناسیۆنالیستەکان (یەکسانیەکان) لە ئازەربایجان، (مەنشەفیکەکان) لە گورجستان و (داشناکەکان) لە ئەرمینیا، لەلایەک دەیانەویست حکومەت-نەتەوەگەلێک بنیادبنێن و لەلاکەی دیکە، لەهەمان دۆخدا داواکاری کەمینەی نەتەوەیی ناوکۆمارەکانیان نادیدەبگرن(٣٢).

هەوڵی حکومەتی سۆڤیەت لەپێدانی مافی کەمینە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بێگوێدانە پێگەو شوێنی ئەم کەمینانە، سوک و ئاسان ئەم سیاسەتەیان دەکردە بڵقی سەرئاو. بەدەربڕینێکی دیکە، سەرکەوتن لەبەرەوپێشبردنی سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکان، ئاماژەیەک لەسەرکەوتن لەڕووبەڕووبوونەوە بەهەردوو ناسیۆنالیزمی ڕوس و نەتەوەکانی هەڵگری ناونیشانبوو. بەمشێوەیە حکومەت فۆکسی خستەسەر ناسنامەی نەتەوەیی تورکی ئازەربایجانی، لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی ڕوسی و هاوکاتیش ناسنامەی کەمینە نەتەوەییەکانی ئازەربایجانیشی لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی تورکی بەهێزکرد، هەروەها چاوەڕواندەکرا دابینکردنی مافەکلتوریەکان ڕێبگرێت لەسەرهەڵدانی دوژمنایەتی کەمینەی نەتەوەیی لەگەڵ نەتەوەی هەڵگری ناونیشانی هەرکۆمارێک و لەکەمینە جیاجیاکاندا ئاشتی و سەقامگیری بێنێتەکایەوە(٣٣).

بۆنمونە، وایاندەزانی بەپێدانی مافەکلتوریەکان بە کوردەکان، دژایەتی کوردەکان بەرامبەر زۆربەی

هەواڵنامەی کتێب

تورکی ئازەربایجان نامێنێت. بەڵشەفیکەکان ناچاربوون بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێکردنەوەی خویان، ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکە بپارێزن و ئەمە ئەرکێکی سەختبوو. لەساڵی (١٩٠٥ز)دا لەئەنجامی بەریەککەوتنی نەتەوەیی-ئایینی، بەردەوامی نێوان موسڵمانی تورکزمان و ئەرمەنیەکان، تەواوی ناوچەکە لەگرێژنەچووەو کەلێنێکی قوڵ کەوتەنێوان کۆمەڵە جیاجیاکانەوە. کوردەکانیش لەم بگرەوبەردەیەدا ئازاریان دیتووە، بەتایبەت کوردە ئێزدیەکان، کە لەڕەوتی جوڵانی سوپای عوسمانی بەرەو خۆرهەڵات لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩١٩ز)دا پەلاماریاندرا. پەلاماری ئەرمەنیەکان بۆسەر کوردەکانی کۆماری ئەرمینیا، ناچاریانکردن پەنابەرنەبەر ئێران و تورکیا. زۆربەیان دوای بەجێهێشتنی تورکیاو ئێران لەساڵی (١٩٢٦ز) دا لەشوێنی نیشتەجێبوونی ئاپۆرای کوردەکان لەباکوری وڵاتی دەورەدراوی نەخچەوان نیشتەجێبوون(٣٤).

هێشتا یادەوەری خوێناوی رابردووی نزیک، بەتەواوی لەبیرخەڵک نەچووبۆوە، ئەم بارودۆخە لەڕوانگەی بەڵشەفیکەکانەوە زۆر نەخوازراوبوو. لەڕاستیدا سەرکردە جیاجیاکانی بەڵشەفیک، جەختیان لەئاشتی و سەقامگیری نێوان نەتەوەکانی ناوچەکە دەکردەوە(٣٥). قەفقاس دوای دوو دەیەی سەرەتای سەدەی بیستەم، کە ببووە قوربانی پاکتاوی نەتەوەیی، کوشتن و دوورخرانەوە جۆراوجۆرەکان، کەوتبووە ئاستانەی ئاشتبوونەوەیەکی بەڵشەفیکی(٣٦).

دابینکەری مافەکلتوری و پەروەردەیی بنەڕەتی بۆ هەرناسنامەیەکی دیاریکراو، بەبەدیهێنەری ئاشتی و سەقامگیری لەناوچەکە دادەنرا.

سەرئەنجام، حزب بەهۆی بوونی کۆمەڵەی نەژادی-زمانی کوردی ناوچەکەو دابەشبوونیان بەسەر وڵاتانی تورکیا، ئێران، ئێراق و سوریا، پەرۆشی بۆ بڵاوبوونەوەی زمان و کلتوری کوردی زیاتربوو. رژێمی سۆڤیەت ئەم بارودۆخەی بەچاوی دەرفەتێک بینی، کە لەم وڵاتانەدا پیشانی کەمینە خزمەکان بدات، سۆسیالیزم بەدژایەتیکردنی سەرکوتکردن و هاوجۆرسازی کەمینەکان، چۆن پشتیوانی کلتورو زمانیانی کردوە. هێشتا لەوسەردەمەدا سۆڤیەت نیگەرانی ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕشی خێڵەکی کوردی بەپاڵپشتی ئینگلیز بوو، بەمەش سۆڤیەتیەکان هۆکارگەلێکیان بۆ نیگەرانبوون هەبوو. لەساڵی (١٩٢٥ز)دا شۆڕشێکیان بەسەرکردایەتی سەرکردەی ئایینی کورد (شێخ سەعیدی پیران) بەشێوەیەکی جدی، بووە هەڕەشە بۆ حکومەتی تورکیاو لەکاتێکدا بوو تورکیاو بەریتانیا گفتوگۆیان بوو دەربارەی سنورەکان، کە شانشینی تورکیای لەنێوان دوو رووباری سەرپەرشتیاری ئینگلیز جیادەکردەوە. هەرچەند هێزەکانی تورکیا توانیان شۆڕشەکە سەرکوتبکەن، بەڵام بارودۆخی نوێ توانای گفتوگۆی تورکیای بەرەو لاوازیی برد. بەریتانیا توانی ویلایەتی موسڵی عوسمانی بخاتەسەر شانشینی ژێرهەژمونی خۆیەوە. شێخ سەعید لە یەکێتی سۆڤیەت بەبەکرێگیراوی ئیمپریالیزم لەقەڵەمدرا(٣٧).

لەیەکێک لەکۆبوونەوەکاندا، وێڕای بیرهێنانەوەی هاوکاری بانگەشەکراوی نێوان ئیمپریالیستی ئینگلیزی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی و کوردەکانی دەرەوە، (ئەلێکساندەر شاخسواریان) دوپاتیکردەوە: «کوردی سۆڤیەتی ئەرمینیا لە (٥) پێنج ساڵی رابردوو فێری زۆر شتبوو، زۆر باش ئاگاداری جیاوازی سیاسەتی میللەتانی

حکومەتی سۆڤیەت و سیاسەتی شەڕانگێزانەی ئیمپریالیزم بوو»(٣٨).

بەکورتی، پابەندبوون بە سۆڤیەت، کە بۆ دابینکردنی مافی کلتوری کوردەکان هەوڵدەدات، لەفریودان بەهۆی وادەی شەڕانگێزانەی فاکتەرە ئینگلیزیەکان باشتربوو. کاتێک ئازەربایجان لەساڵی (١٩٢٠ز)دا لەسیستمی سۆڤیەتدا یەکخرا، کۆمیسێری پەروەردەکردنی گەلی کۆماری ئازەربایجان(Aznarkompros) بەتەواوی بەرپرسی پەروەردەکردنی تێکڕای دانیشتوان، لەوانە کەمینە نەتەوەیەکان بوو(٣٩). لەساڵی (١٩٢١ز)دا بەشی کەمینە نەتەوەکان لەم کۆمیسێرەدا، بەئامانجی ئەنجامدانی هەموو چالاکیە کلتوری-پەروەردەییەکان لەناوکەمینە نەتەوەییەکانی ئەم کۆمارە کرایەوە(٤٠). زمانی پەروەردەیی لەوناوچانەی کەمینە نەتەوەییەکانی تێدادەژیان، بەگوێرەی بەرژەوەندی باوک و دایک و زمانی ڕۆژانەی ماڵەوەیان دیاریدەکرا(٤١)، هەرچەند شێوازی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە زۆر خاوبوو. لەئەیلولی (١٩٢٥ز)دا بەشی کەمینە نەتەوەییەکان لەئەنجومەنی کەمینە نەتەوەییەکان (SNM)ی هەمان کۆمیسێردا، دووبارە ڕێکخرایەوە. ئەم ئەنجومەنە بۆ هاوئاهەنگکردنی چالاکیەکانی بواری فێرکردنی زمانی کەمینەکان دامەزرا(٤٢).

ئەنجومەنی کەمینە نەتەوەیەکان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی خوێندن بەزمانی کەمینەکان، بەهاوکاریی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی حکومەتی ئەنجومەنی ئازەربایجان (AZGIZ) هەنگاوینا(٤٣). وەک لەسەرەتادا، پرسی پەیوەند بەکەمینە نەتەوەییەکان لەچوارچێوەی کۆمارێکی ناوخۆیی، یان یەکێتیەکەوە جێیدەگرت، باشتربوو، چونکە کتێبەکانی خوێندن بەزمانی دایکیان چاپدەکرد. ئەنجومەنی کەمینە نەتەوەییەکانی ئازەربایجان بۆ دەستکەوتنی کتێبی پێویست بەزمانی کەمینە نەتەوەییەکانی ئەم کۆمارە، پەیوەندی بەئەنجومەنی نەتەوەیی (ئەرمینیا، گورجستان، قەفقاسی باکور، کریمیا، تاتارستان و ئۆزبەکستان) و ئەنجومەنی کەمینە نەتەوەییەکانی ناوەندی لە مۆسکۆ کرد(٤٤). ئەم ئامانجە لەوڵاتەکانی ئەرمینیا، گورجستان و روسیا تیواربوو. ئەمان لەهاوئاهەنگی بەردەوام لەگەڵ هاوڕێکانیان لە تفلیس، قەیرەوان و مۆسکۆ، بۆ ئامادەکردنی کتێبی خوێندن بەزمانی دایک سەردانیاندەکردن و ئەو مامۆستایانەیان دادەمەزراند، دەیانتوانی لەم پۆلانەدا بەزمانی کەمینەکان وانەبڵێنەوە(٤٥).

بۆنمونە، لە ئەرمینیا ئامانج ناردنی کتێبی خوێندن بەزمانی تورکی بۆ تورکەکانی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئەرمینیاو وەرگرتنی کتێبەکانی خوێندن بەزمانی ئەرمەنی بۆ کەمینەی ئەرمەنی ئازەربایجان بوو(٤٦). لەساڵەکانی (١٩٢٦-١٩٢٧ز)دا کتێبگەلێکیان بۆ یەهودیەچیانشینەکان بڵاوکردەوەو داوای کتێبیان لە ئۆزبەکستان کرد بۆ قوتابخانەکانی ئێران. کتێبەکانی خوێندن بەزمانەکانی ئەڵمانی و تاتاری وۆلگا بوو، لەکۆمارەکانی ئەڵمانیاو تاتارستانی ناوفدراسیۆنی روسیاوە دەهێنران(٤٧).

کۆمیتەی ناوچەیی قەفقازی باکور(٤٨) لە روستف، ناوەندێکی دابینکردنی پێداویستییەکانی پەروەردەیی و کلتوری بەزمانەکانی یۆنان بۆ کەمینە یۆنانیەکانی زمانی پەرتوبڵاو لەشانشینی گورجستان، ئازەربایجان و ئەرمینیا بوو(٤٩). لەدەرئەنجامی ئەم هەوڵانە، وردەوردە کتێبی

خوێندن و مامۆستا بۆ پۆلەکانی روسی، ئەرمەنی، ئەڵمانی و تاتاری ۆڵگا زیاتربوو(٥٠). بەرنامەی ئەنجومەنی کەمینە نەتەوەییەکان بەزیادکردنی بەشی کەمینە نەتەوەییەکان لەقوتابخانەی (٧) حەوت ساڵەو تەخنیکۆمیەکان (دامەزراوەی پەروەردەی پیشەیی)، لەناوگەلە جیاجیاکاندا بڵاوبۆوە(٥١). بەکورتی، سۆڤیەت پەروەردەی بنەڕەتی کەمینە نەتەوەییەکان، لەوانە کوردەکان، بەزمانی دایکیان بەهۆکارگەلی سیاسیی بەپێویستزانی. خوێندن بەزمانی دایکی کەمینە گەورەکان، کە لەبەشەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت کۆماری تایبەتی خۆیان هەبوو، بەشێوەیەکی بەرچاو لەساڵی (١٩٢٠ز دا باشبوو.

## واقیعیەت

روونکردنەوەکانی سەرەوە دەڵێن: کوردەکانیش لەساڵی (١٩٢٠ز)دا پێشکەوتنی جێگاسەرنجیان لەخوێندن بەزمانی دایکیان بەخۆوەدیتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، پەروەردەی بنەڕەتی و بڵاوکردنەوەی کتێبی کوردی هەتا ساڵی (١٩٣١ز)، وەک بەرنامەیەکی بەدینەهاتوو مایەوە. فاکتەرە ئابوریەکانی بەدیهێنەری سیاسەتی کەمینەکانی سۆڤیەتیان لەبارودۆخی بابەتیدا سنوردارکرد. لەنیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٢٠ز دا، کوردەکان لەخۆراک و پێداویستیەکانی دیکە بێبەشبوون(٥٢). بۆنمونە لەساڵی (١٩٢٤ز)دا نزیکەی (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار کوردی دانیشتوی کوردستانی سوور بەهۆی قاتوقڕی ناوخۆییەوە بەکاتی پەنایان بردەبەر ناگۆرنۆکەرەباخ(٥٣). نەبوونی رێگای شاخاوی و سیستمی گواستنەوە، کێشەیەکی دیکەی زەقبوو(٥٤). نەخۆشی پەتا بڵاوببۆوەو تەندروستی لەتەواوی بوارەکانی ژیانی رۆژانەدا نەبوو، لەهەمووی گرنگتر هەتاڕادەیەک بناخەی پەروەردە بەتەواوی هەستپێنەکراوبوو. ئاستی خوێندەواری لەناوچە کوردنشینەکان نزیکەی سفربوو، زمانی کوردی لەناو کوردەخوێندەوارەکان رووبەکی نەرێنی هەبوو. ئاستی خوێندەواری لەناو کوردەکان زۆر نزمبوو. بەگوێرەی راپۆرتێکی ئازەربایجان لەساڵی (١٩٣١ز)دا لەناوتەواوی کوردەکان تەنها (٤,٣٪) خوێندەواربوون، کە لەقوتابخانەی روسی-تورکی خوێندبوویان(٥٥). بەگوێرەی راپۆرتی پۆلیسێکی نهێنی سۆڤیەت لەساڵی (١٩٣١ز دا، لەناوچە سنوریەکانی ئێران-ئازەربایجان، ئاستی نەخوێندەواری لەئاستی باڵای (٩٥,٩٩٪) بوو. ئاستی نەخوێندەواری لەناوچەکانی کوردو تاڵشەکان/ لەنکران و باشوری ناگۆرنۆکەرەباخ بەگشتی نەخوێندەواربوون(٥٦). کەمینەی خوێندەوار پێیان شەرمبوو بەزمانی کوردی بدوێن. دەرچوانی ئەم قوتابخانانە بەوپەڕی بێزاریەوە دوان بەکوردیان رەتدەکردەوە(٥٧). زۆربەی روناکبیرانی کورد، زمانی کوردیان بەشێوەزاری شاخاوی زمانی فارسی دادەنا، کە ئەلفبای نەبوو، بەبێکەڵکیان بۆ گەشەکردنی کلتوری میلەتی خۆیان دەزانی. ئەلفبای کوردی پیتی ئەلفبای سەربەخۆی نەبوو بۆ دەنگە سەرەکیەکانی زمانی کوردی. لەساڵی (١٩٢٠ز دا بوونی ئەلفبای کوردی وەک ئەرکێکی زۆر گرنگ سپێردرابە پسپۆڕان و بەهەنگاوێکی زەروری بۆ سەرکەوتن لەبەگژداچوونەوەی نەخوێندەواریی سەیریکرا. لەساڵی (١٩٢١ز)دا ئاگوپ قازاریان (لازۆ)ی کوردناسی ئەرمەنی، بەگوێرەی خەتی ئەرمەنی ئەلفبایەکی ئامادەکرد. زمانی ئەرمەنی هاوشانی زمانی عەرەبی لەبەڵگە فەرمیەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی سودی

لێوەرگیرا. زۆربەی نوخبە عوسمانیەکان، ئەرمەنی-تورکیان دەخوێندو لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەم زۆربەی کتێبە تورکیەکان بەخەتی ئەرمەنی چاپکرابوون. بەمەش زۆربەی ئەندامانی حزب رازیبوون خەتی کوردی بۆ زمانی کوردی تەواوبکەن، بەڵام بەگشتی ئەم ئەلفبایە قبوڵنەکرا. کاربەدەستێکی فەرمی لەکۆبوونەوەی حزبی کۆمۆنیست لەساڵی (١٩٢٦ز)دا، ئاوها باسی چارەسەری پێویستی وردەوردەی پەیوەند بەم زمانانەی ئەدەب و ئەلفبایان نەبوو وەک کوردی، کرد: «کۆمیسێری مەعاریفی گەلی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئەرمینیا، کە پاشان پێی وتراوە کۆمیسێری پەروەردەی گەلی ئەرمینیا (Aznarkompros)، ئەلفبایەکی بۆ کوردەکان ئامادەکرد، هەرچەند ئێستا تەنها کەسێک، واتا ئەو کەسەی ئامادەی کردوە، تێیدەگات. پێویستە پێش هەموو شتێک ئەڵقەگەلێک لەتاکە خوێندەوارو کارزانەکان پێکبهێنرێت، فێری ئەم ئەلفبایەبن و بەوەرگێڕانی ئەدەبی چیرۆک لەزمانەکانی دیکەوە رادەیەک لەبەرهەمی ئەدەبی، کتێبی خوێندن، بەرنامەی ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستی، ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیست و یاسا ئامادەبکەن. بەمشێوەیە، ئەم هەنگاوانە جۆرێک کەشی کلتوری دەرەخسێنێ و رێخۆشکەردەبێت بۆ بنیادنانی قوتابخانەکان بەم ئەلفبایە. بەدرێژایی (١٠-١٥) ساڵ، ئێمە دەکەوینە باروودۆخێکەوە بتوانین رووناکبیرانی کورد هانبدەین سود لەم ئەلفبایە وەربگرن و مافی خۆمانە باسی بەنیشتمانیکردنی بێبەربەستی ئەم قوتابخانانە بکەین»(٥٨).

هەژمونی زۆری تورکەکان بەسەر کوردەکان لە ئازەربایجان، پرسێکی دیکەی هێنایەگۆڕ، لەدەرئەنجامی بەرنامەی هەژمونی تورکی، دوو ئاماری جیاواز دەربارەی کوردەکان لەم سەردەمەدا خراوەتەڕوو. ژمارەی بەرزتر پشتبەستوو بەڕەچەڵەک و ژمارەی نزمتر، پشتبەستوو بەزمانی ئاخاوتنی کوردەکان. بەگوێرەی ئاماری ساڵی (١٩٢٦ز)، ژمارەی کوردەکان لە کوردستانی سەربە ئازەربایجان (٣٧,١٨٢) سی و حەوت هەزارو سەدو هەشتاو دوو کەس لە (٧٢,٢٪) لەدانیشتوانی دەوڵەتەکان بوون و تەنها (٣,١٢٣) سێ هەزارو سەدو بیست و سێ کەسیان بەلەبەرچاوگرتنی نەخچەوان بەزمانی کوردی دواون(٥٩). کوردەکانی ناوچەی نەخچەوانی ئازەربایجان لەساڵی (١٩٢٥ز)دا نزیکەی بە (٣,٠٠٠) سێ هەزار کەس راگەیەنرابوون(٦٠). لەساڵی (١٩٢٩ز)دا تەنها (١٧,٨٪) لەکوردەکان (٧,٣٥٥) حەوت هەزارو سێسەدو پەنجاو پێنج کەس لە (٤١,١٩٣) چل و یەک هەزارو سەدو نەوەدو سێ کەس دەیانتوانی بەزمانی دایک بدوێن. لەگەڵ ئەوەشدا، راپۆرتی ساڵی (١٩٣١ز) سەرووی سەد دەردەخات و مەزەندە دەکات (١٢,٠٠٠) دوازدە هەزار کەس لە (٤٢,٢١٦) چل و دوو هەزارو دووسەدو شازدە کەس لە کوردەکان بەزمانی دایک دواون. ئاماری ساڵی (١٩٣٦ز) دەریدەخات، ژمارەی قسەکەران بەزمانی کوردی لەناو کوردەکان لەوڕادەیە کەمتربوو نزیکەی (٥-٦) پێنج بۆ شەش هەزار کەس، کە لەڕاپۆرتی (١٩٣١ز)دا هاتبوو(٦١).

ئەم ژمارەیە پیشانی دەدات زۆربەی کوردەکانی ئازەربایجان لەڕووی زمانەوە تورکزمان، یان لانیکەم، دوو زمانەبوون. لەساڵی (١٩٣١ز)دا گروپێکی (٥) پێنج کەسی شارەزا بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر (بۆکشپان)، بۆ لێکۆڵینەوە لە کوردەکانی ئازەربایجان نێردرا(٦٢). هەرگیز نەدەکرا بۆکشپان بەناسیۆنالیستێکی تورک

هەواڵنامەی کتێب

دابنرێت. باسی هاوسەرگیریی زۆرباوی نێوان نەتەوەکان و بڵاوبوونەوەی زمانی تورکی لەناوچە کوردیەکان کرد(٦٣). ئەو کوردانەی تورکیان نەدەزانی، یان لەشوێنێکی گچکەی دوورەدەستی شاخاوی دوور لەبازاڕی شاری شوشێ و ناوەندی پیشەسازی نیشتەجێبوون، یان ئەندامانی ژنی کۆمەڵگایەکبوون، هیچ پەیوەندیەکیان بە تورکزمانەکانەوە نەبوو(٦٤). پرۆسەی بەڕێوەبردنی تورکی، کوردەکانی ئازەربایجان زۆر پێش دامەزراندنی حکومەتی سۆڤیەت لەم ناوچەیە دەستیپێکردبوو. راپۆرتەکانی ئیمپراتۆریەتی روسیا وەک تاتاریزەکردن باسی ئەم دیاردەیان کردوە، چونکە پێیدەوترا: (حکومەتی ئیمپراتۆری تەواوی خەڵکانی تورکی ناوچەی تاتار). تورکەکان هەر کوردەکانیان بەڕێوەنەدەبرد، بەڵکو لەڕاستیدا پێش سەردەمی حکومەتی سۆڤیەت، برێکی زۆر موسڵمانی دیکە، لەوانە (تالش و تساخور/ساخور)یان بەڕێوەبردبوو. لێکچوویی لەئاییندا، دابونەریت، شێوازی ژیان و مێژوو، هۆکاربوو پرۆسەی هاوچەشنی سەردەمی پێش سۆڤیەت، رەوتی ئاسایی خۆی ببڕێت(٦٥)، هەروەها حکومەتی سۆڤیەت دەیویست پەروەردەی بنەڕەتی بەزمانی کوردی بەهۆی بڵاوبوونەوەی زمانی نووسینی کوردی هاوچەشن دورستبکات، دەبوایە زۆربەی کوردەکانی ئازەربایجان فێری کوردی بکەن. هاوجۆری زمانی کوردی بەپرسێکی جدی مایەوە، دەستبەجێ لە ئەرمینیا دوای بڵاوبوونەوەی ئەلفبا، چەندین کتێب بەزمانی کوردی بڵاوبۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمینیا، بەهۆی جیاوازی شێوەزارەکانیان، نەیاندەتوانی پەیوەندی ببەستن. ناکۆکی زمانی کەوتبووە ژێرکاریگەری پلەی جیاوازی بەڕێوەبردنی تورکی نێوان کوردەکان، کە لەناوچەی جوگرافی جیاجیادا دەژیان. تورکی ئازەربایجانی لە ئازەربایجان کاریگەری بەهێزی بەسەرزمانی کوردیەوە هەبوو، لەکاتێکدا لە ئەرمینیا وانەبوو. دوو شێوەزاری ناوچەیی کوردی ئازەربایجان، یەکێکیان لە لاچین و کەلبەجارو ئەوی دیکەشیان نەخچەوانی، کە لەناوچەی نەخچەوان قسەی پێدەکرێت، بەشێوەیەکی جێگاسەرنج لێکجیابوون. کاریگەری زمانی تورکی بەسەروشەکان و دەنگەکوردیەکان لەشوێنی جیاجیا جیاوازبوو. بەگوێرەی ئەنجامی پەخشنامەی وەفدی نێردراو بەسەرپەرشتی بۆکشپان لەساڵی (١٩٣١ز)دا، ئەم کاریگەریە بەرێژەی (٢٥٪) لەنێوان شێوەزارە جیاجیاکانی کورد جیاوازی دروستکرد(٦٦).

### سێ گروپ لە بۆرۆکراسی ئازەربایجاندا

سەرەڕای کۆسپەباسکراوەکان، کەلێنی نێوان حزب و بۆرۆکراسی حکومەت لە ئازەربایجانیش لەسەرجێبەجێکردنی سیاسەتی کەمینەی نەتەوەیی سۆڤیەت، کاریگەری هەبوو. دەکرێت لەم چوارچێوەیەدا (٣) سێ کۆمەڵەی جیاواز لەکۆمیسێری مەعاریفی گەلی کۆماری ئازەربایجان(Aznarkompros) و حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دیاریبکەین. ئینتەرناسیۆنالیستەکان دەیانویست بەربەهەرجۆرە شەڕفرۆشی نەتەوەیی، یان نیشتمانی بگرن و بەوپێیە دەیانویست پشتگیری تێکڕای ناسنامەی نەتەوەیی-زمانی بکەن. ئامادەی بەفەرمی ناسین و پاڵپشتی هەرجۆرەجیاوازیی نەتەوەیی-زمانی لەکۆماربوون و دەیانویست بەخێراکردنی بەشێک لەفۆرمۆلەبوونی ئەم شوناسەنەتەوەییانە لەڕێگای پشتگیریکردن

لەشێوەزاری ناوخۆیی و گۆڕینیان بۆ زمانی نەتەوەیی، ئەلفبایەک و دەستوری ڕێزمانی سیستماتیک بۆ زمانەکانی نەبوونی نووسین ئاسایی بکات، پاڵپشتی دارایی بۆ وەرگێڕان و پەروەردە تەرخانبکەن و فەرهەنگی پێویستی وشەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەمشێوەزارە بەنرخانە، بەڵام فەرامۆشکراوانە، ئامادەبکەن. لەوباوەڕەدابوون بەئامادەکردنی فەرهەنگێکی نیشتمانی ڕەسەن بۆ تێکڕای تاکەکان، دەتوانن پێش بەسەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و بگرەوبەردەی نەتەوەیی بگرن. ڕووناکبیرانی ناوخۆ لەکەمینەی نەتەوەیی-زمانی ناوچەکە سەربەم گروپەبوون و دەستباری ئەم هەوڵانەیان دەگرت. وایاندەزانی چالاکی کۆمیسێری پەروەردەیی گەلی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان بەخێرایی کیسەڵ دەڕوات و هەرگیز جێگای ڕەزامەندی نابێت(٦٧).

بەڵگەیاندەهێنایەوە بەوەی ئیمپراتۆرە داگیرکاریەکانی ڕوسیا، عوسمانی و ئێرانی، نەیانهێشتووە ئەم زمانانە گەشەبکەن. بەوپێیە ئەگەر حکومەتی سۆڤیەت لە باکۆ پەیڕەوی لەسیاسەتی پتەوو بارودۆخی خوازراوی لەباردەکرد، دەکرا زمانی شوانێک بەخێرایی چاوەڕواننەکراو ببێتەزمانی بەڕێوەبەرێک، یان تەکنۆکراتێک. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کات بوونی کۆمەڵەی زۆر گچکەو گۆشەگیر، یان بەگشتیبوون بەزمانی تورک، کێشەبوون. لەکۆبوونەوەیەکی کەمینەی نەتەوەیی ساڵی (١٩٣١ز)دا، عیساخانیانی ئەرمەنی باسی ئەوەیکردوە، کە سەرۆکی هەردوو دامەزراوەی بەشی کەمینە نەتەوەییەکانی کۆمیتەی جێبەجێکردنی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان و کۆمیتەی نەتەوەکانی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان بووە. عیساخانیان دەربارەی پرسەکانی پەیوەند بەوکۆمەڵە گچکانەو گۆشەگیر لێوەی بەسکاڵاکردەوەو وەک دوو نمونەی دیاریکراو ئاماژەیان بەدانیشتوانی کەمی ئۆدی و کوردەکانی بوونە تورک کردوە. لەیەکێک لەکۆبوونەوەکانی (وارتاشن)، ئەندامێکی حزب وتی: «دەبوایە کتێبێک بەزمانی ئۆدی چاپبکرێت». ئەم ئەندامە، ژمێریارێکی شارەزابوو، بەڵام ئێمە پێش چاپکردنی کتێب بەزمانی ئۆدی، پێویستمان بە (٢,٠٠٠) دوو هەزار کەس، نووسینی ئەلفباو نووسەرە. ئەوکاتە من وتم: «تەنها (٢,٠٠٠) دوو هەزار کەس هەیە لەم زمانە دەگەن. ئەمە زمانێکی مردوە». بۆنمونە، کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە کوباتلی کوردستانی سوور، یان لەزابوخی زێدی کوردەکان، پێکەنیناویە، چونکە زۆر پێشتر زمانی خۆیان لەدەستداوە. ئەگەر هێشتا نەتەوەیەک زمانی خۆی دەپارێزێت، یان بەهۆکاری جیاجیاوە لەدەستیداوە، مانای وانیە دەبێت ئێمە ئەو زمانە بدۆزینەوەو زیندوویبکەینەوە(٦٨).

دووەمین کۆمەڵە، کە بەگشتی دەکرێت بەکۆمەڵەی لایەنگری ڕوسیا بناسێنرێن، پشتگیریان لەهەژمونی زمانی ڕوسی بەسەرزمانی کەمینەکاندەکرد، ڕوسەکانی لایەنگری ناسیۆنالیستی لەم کۆمەڵانەدابوون، کە گاڵتەیان بەهەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی کلتورو زمانی کەمینە نەتەوەیەکان دەهات. باوەڕیانوابوو، دەکرێت پشتگیریکردن لەجیاوازی کلتوری و زمانی ناسنامەی نێوان کەمینەکان بەهێزبکات، کە ئەو کارە دەبێتەکێشەو گرفت بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. لەڕاستیدا لەڕوانگەی ئەم گروپەوە، پرس، هاوجۆربوونبوو، کە نیوەی

تەواوی ئازادببوو دەبوایە دەستی پێکردبایەوە. ئەوان لەپاساوهێنانەوە بۆ لێڕوانینی خۆیان، ئاماژەیان بەپاشەکشەی کارەساتباری ئیمپراتۆری قەیسەری و ناوچەیەک کە بەدەست تورکیاو رۆمانیەکانەوە مایەوە، سەربەخۆیی فنلەندا، وڵاتانی باڵتیک و پۆڵەندا دەکرد. بەگوێرەی فۆرمۆلی (ڤلادیمێر لینین) رووی ئەم کۆمۆنیستانەی روس دەڕووشا، لەوانەبوو لەژێر ئەمڕوەدا شۆڤێنیستێکی گەورەی روس ببینی. بیروباوەڕی ئەم بۆرۆکراتانەی لایەنگری روسیا پەرچکردنەوەیەک لەبیروبۆچوونەکانی بەشێک لەکۆمەڵگابوو. ناسیۆنالیزم، موحافزکاری ئایینی و شۆڤینیزمی نەتەوەی گەورە، هێشتا لەناوبەشگەلێک لە روسەکانی ئازەربایجاندا هەبوو. بەتایبەت ئەم لایەنگیریکردنە لەگوندو گوندەکانی تاقمی ئەرتەدۆکسی وەک ملوکانەکان توندبوون(٦٩).

هەرچەند کردنەوەی پۆلەکانی زمانی تورکی بەئەرک راگەیەنرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پۆلانە لەزۆربەی قوتابخانەکانی روسیا بەنازەروری دیاریکران و هەرگیزنەکرانەوە(٧٠). هەندێک لە بەڵشەفیکەکانی ئینتەرناسیۆنالیست سەربەم کۆمەڵانەی لایەنگیری روسیا بوون و بەسەرنجدان بەعەقڵانیەتی ئابوری، پشتگیریان لەبرەوپێدان و زاڵبوونی زمانی روسی دەکرد. کلتوری روسی لەناوسنورەکانی یەکێتی جەماوەری سۆسیالیستی سۆڤیەت باڵاترین ئاستی پێشکەوتنی هەبوو، روسی زمانی هاوبەشی زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. کۆمەڵەی لایەنگری روسیا، باوەڕیانوابوو ئەگەرچی وڵاتێکی سۆسیالیستی رێدەدا تەواوی کلتورو زمانەکان بێ هیچ فشارو کۆسپێک گەشەبکەن، بەڵام سەرئەنجام لەکلتوری گەورەدا دەتوێنەوە. لەڕوانگەیانەوە رووکردنەپێشکەوتووترین زمان، کلتوری پرۆلیتاریایی بوو. بەوپێیە ئەگەر ئەڵمانیا لەجەرگەی فدراسیۆنێکی سۆسیالیستدابێت، ئەڵمانیا دەبووە زمانی روسی ئەم دەوڵەتە(٧١). هەرچەند هیچ ئاماژەیەک لەڕوودانی شۆڕشی ئەڵمانی، فەڕەنسی، یان بەریتانی بەرچاوناکەوێت، کە لەوانەبوو شوێنی روسیاو باڵادەستی کلتوری و زمانەکەی بگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەجیاتی (١٠٠) سەد ساڵ پشوودرێژی، دەستی بەتواناو کاتی سنوردارەوەگرتووەو سەرکەوتنی کلتوری پێشکەوتوتری روس رادەگەیەنێت. بۆنمونە، (سیمین دیمانشتین)، کەسایەتی بەناوبانگی ئینتەرناسیۆنالیست لەکۆمیسێری نەتەوەکانی گەلی یەکێتی سۆڤیەت (نارکومناتس)، کۆمیسێری گەلی نەتەوەکان لە مۆسکۆ، دژی پشتگیریکردنی کلتورو زمانی کەمینە نەتەوەییەکان بوو. دژایەتیکردنەکەی لەڕوانگەی ئینتەرناسیۆنالیستیەوەبوو. ئەم ئینتەرناسیۆنالیستانەی لایەنگری روسیا لەوباوەڕەدابوون مەترسی شۆڤینیزمی گەورەی روسی نەمابوو، چیدی ناسیۆنالیزمی روسی ناتوانێت شوناسەکانی دیکە هاوجۆربکات. کەوایە باسکردنی زمان و کلتورەنەتەوەییەکان پێویست نیەو تەنها دەستەگەری نەتەوەییەکان پتەودەکات و زیاتر یەکێتی نێودەوڵەتی لاوازدەکات(٧٢). بێجگەلەوە، ئەم ئینتەرناسیۆنالیستانە دەترسان کۆمەڵە ناسیۆنالیستەکانی ناوخۆ شۆڕشی بەڵشەفیکەکان بقۆزنەوە. بەمشێوەیە، (ئەناتۆلی لوناچارسکی) کۆمیسێری بەناوبانگی کۆمیسێری مەعاریفی گەلی یەکێتی سۆڤیەت لە مۆسکۆش، پشتیگیری لەپەروەردەیەکی هاوئاهەنگ و سەنتراڵ لەتەواوی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت

دەکرد(٧٣).
لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە ئاساننەبوو دەستنیشانیبکەی شۆڤێنیستی روس، یان بەڵشەفیکەکانی کردەخوازی لایەنگری سیاسەتی پێشینەدان بە روسیایان دەکرد. لەڕاستیدا لەوانەیە هەندێک لەئینتەرناسیۆنالیستەکان لەناخەوە ناسیۆنالیستی روسی بووبن، کە وەک هۆکاری پەیوەندی چینی پرۆلیتاریای نێودەوڵەتی پشتگیریان لەزمانی روسی دەکرد. لینین زۆر پێشتر، هۆشداری دەربارەی ئەم ناسیۆنالیزمە نهێنیە دابوو، پێشتر لەکۆنگرەی هەشتەمی حزب لەڕۆژی (١٨-١٩١٩/٣/٢٣ز) دا نیگەرانی خۆی دەربڕیبوو، «ئەگەر هەندێک لەکۆمۆنیستەکان بڕوشێنیت، شۆڤێنستە گەورەکانی روسیا دەبینیت»(٧٤).
کۆمەڵەی تورکخوازەکان، دواکۆمەڵەی ناوحزب و بۆرۆکراسی حکومەت بوون. ئەم کۆمەڵەیە خۆی لەنێوان دووبەرەی لایەنگریکردنی روس و کەمینەکاندا دۆزیەوە. لەلایەک هەوڵیاندەدا بەڵگەهێنانەوەکانی کۆمەڵەی لایەنگریکردنی روس رەتبکەنەوەو لەلاکەی دیکە، بەرهەڵستی سیاسەتەکانی کەمینەی نەتەوەیی بکەن، چونکە لەوباوەڕەدابوون ئەم سیاسەتانە شوناس و کلتوری تورکی زاڵ لە ئازەربایجان پەلکێشی ئاڵنگاری دەکەن، هەروەها جەختیان دەکردەوە توانای ئێستا زۆر بەئەستەم بۆ پشتگیریکردن لەسۆزی هەرکەمینەیەک بەسە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ناسنامەی زمانی و کلتوری دواکەوتوو گچکەی ناوزۆربەی تورکەکانی ئازەربایجان. پشتگیریکردنی سیاسەتی خوێندنی کەمینە نەتەوەییەکان، کێشەی زۆربوو. فەرمانگەی کاروباری کۆماری و حزب بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پرۆسەکانی بەخۆماڵیکردن، پێویستی بەپەروەردەکردنی کادیربوو، چونکە بەردەوام لەژێرفشاری پێویستبوون بەهێزێکی مەشقپێکراوی تورکدا بوو. هەم کەرەسەو پێداویستی کەم و هەم تەنانەت بۆ خوێندکارانی تورک، هەمیشە بەردەست نەبوو، تەنانەت هەرچەند ژمارەی قوتابخانەو مامۆستا ساڵانە بەخێرایی زیادی دەکرد، بەڵام چۆنایەتی خوێندن و بەرهەمی نووسراو واکەمبوو، کە زیاتر لەدەیەیەکی دواتر قەیران بەردەوامبوو. هەتا ئاستێکی زۆر ساڵانە کۆمیسێر لەبەرنامەکانی دروستکردنی قوتابخانەکان دواکەوتووبوو بینای قوتابخانەکان سەرەڕای تێپەڕبوونی (٩) نۆ ساڵ لەدامەزراندنی حکومەتی سۆڤیەت، هێشتا وەک پێویست باش نەبوون. هەندێکیان کتێبخانە، تەختەڕەش، مێزی نووسین، سیستمەکانی گەرمی، یان تەنانەت پەنجەرەکانی بێ شوشە بوون. هەندێک لەقوتابخانەکان بۆ بەرەوپێشبردنی وانەکان، دۆلاب، مێز، مێزی نووسین، کورسی، کاتژمێر، گەرمپێو، نەخشەی جوگرافیا، هێماو تۆپی زەوی وەک پێویستیان نەبوو. قوتابخانەی گوندەکان ناوەندی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەگوازراوەکانی وەک تەراخوما بوون. زۆربەی قوتابخانە سەرەتایەکان کەوتبوونە لاپەڕی گوندەکان. کێشەکانی دیکە، ئەمە راستیەکبوو کە نیوەی مامۆستاکان لەقوتابخانەی جێ متمانە نەیانخوێندبوو تەنها لە (١٨٪)ی خوێندکارەکان کچ بوون(٧٥).
سەرەڕای ئەم بارودۆخەدڵتەزێنە، کۆمەڵەی لایەنگری تورک، پشتگیریکردنی کەمینەکانیان بەوەهەمی پەتی، یان تەنانەت بەپیلان دژی ناسنامەی تورکی لەقەڵەمدەدا. بەوتەی یەکێک لەنوێنەرانی کۆمەڵەی لایەنگری تورک،

هەواڵنامەی کتێب

زمانی تورکی هەژمونی بەسەرزمانەکانی لەبرەوکەوتووی (تات، تالش، لەزگی، کوردی و هتد)دا زیاتربوو(٧٦). بێگومان کۆمەڵەکانی لایەنگری روس و لایەنگری تورک، ناکۆکبوون. عیساخانیان لەوتەکەی خۆیدا نمونەیەکی سەرسامهێنەری بۆ هەردوو کۆمەڵەکەی لایەنگری روس و لایەنگری تورک هێناوەتەوە. سەرئەنجام لەکۆبوونەوەکەدا کرێکارێکی گەنج هەستاو وتی: «مردن بۆ تارو کەمانچە، بژی میوزیکی ئەوروپی روسیا». هاوڕێیەکی دیکەی کە لەتەنیشتی دانیشتبوو پێیوت: «پێموایە، ساز لەزورنا خۆشەویستترنیە»(٧٧).

ئامانجی هاوبەشی کۆمەڵەکانی روسخوازو تورکخواز، بەرگرتن لەجێبەجێکردنی سیاسەتی کەمینە نەتەوەکان بوو. بەوتەی عیساخانیان، فەرمانگەی پلاندانان، داکۆکی لەکۆمیسێری پەروەردەکردنی گەلی کۆماری ئازەربایجان دەکرد لەبەرامبەر سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکانی حزب. هەتا ساڵی رابردوو (١٩٣٠ز)، ئیدارەی پلاندانانی ئێمە تەنها (٣) سێ نەتەوەی تورک، روس و ئەرمەنی دەناسی و هیچ نەتەوەیەکی دیکەی نەدەناسی. بۆرۆکراتێک لەکۆمیسێری پەروەردەدا هەبوو، کاتێک پێیانوت: پێویستە ئەم کارانە بۆ نەتەوەکانی دیکە بکەی، وەڵامی دایەوە: «بەڵام ئەوە بێمانایە، ناکرێت ئەم کارەبکرێت». وەک ئەوەیە پێداویستی یەهودیەچیانشینەکان، تالشەکان و هتدیش لەبەرنامەی بەرهەمهێناندا پلانی بۆ دابنرێت(٧٨). عیساخانیان دەربارەی روونکردنەوەی بۆرۆکراتەکەی کۆمیسێری پەروەردە وتی: «بەپێچەوانەی سیاسەتەکانی یەکێتی سۆڤیەت و کارنامەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، بۆرۆکراتەکانی کۆمیسێری پەروەردە نەیاندەهێشت زمانی کوردی پێشبکەوێت، چونکە بەنازەروریان دەزانی»(٧٩).

حوزەیرانی ساڵی (١٩٣١ز) لەکۆنفرانسی کەمینە نەتەوەییەکان لە باکۆ، (ئەلیاسف)ی سەرپەرشتیاری پێشتری پەروەردەی گشتی لە کوردستانی سوور، ناڕەزایی دژی نمونەی ئەلفبای کوردی لە ئازەربایجان دەربڕی و بیرئامادەبوانی هێنایەوە، (٧) حەوت ساڵ پێش ئەوەی کۆمیتەی بەلاتینیکردنی خەتی تورکی پشتبەستوو بەخەتی لاتینی چالاکانە کارەکانی پێشبخات، ئەلفبایەکی کوردی بەخەتی لاتینی نووسراوە. گروپەکەی لە سەر یەکەمین ئەلفباو کتێبی ئەلفبای کوردی کاریکردوەو لەساڵی (١٩٢٤ز)دا دوانمونەی تەواوبووی پرۆژەکەی بۆ کۆمیسێری پەروەردە ناردوە. ئەلیاسف بەردەوام بوو: لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە هیچ پێشوازیەک لەئەلفباو کتێبی ئەلفبای کوردی نەکراو رێک فەرامۆشکرا. پرسی زمانی نووسینی کوردی بەکاتی لەم شوێنەدا وەستا(٨٠). پرۆفیسۆر بوکشپانیش سکاڵادەکات کە کۆمیسێری پەروەردەی ئازەربایجان رێگری لەبەئەنجامگەیشتنی چالاکیەکانی پەروەردەو کلتوری زمانی کەمینەکان کردوە. بەڵگەی هێنایەوە: ناسیۆنالیزمی ناوخۆ (تورکی-ئازەربایجانی) دوای رووخانی رژێمی ناسیۆنالیستی یەکسانی لەنیسانی (١٩٢٠ز) دا بەتەواوی ریشەکێش نەکرا. بەپێچەوانەوە، بەوتەی ئەو لەساڵی (١٩٢٠ز)دا نوێنەرانی ناسیۆنالیزمی ناوخۆیی (کۆمەڵەی تورکخواز)، هەوڵیاندا کەمینە نەتەوەییەکانی ئازەربایجان بەسودوەرگرتن لەستراکچەری کارگێڕی سۆڤیەت، مەحاڵ بێت(٨١). سەرئەنجام کاتێک لەساڵانی (١٩٢٢-١٩٢٣ز)دا دامەزراندنی دەوڵەتی

کوردی خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوە، کۆمەڵەی ئینتەرناسیۆنالیست پشتگیریان لەشانشینێکی خۆسەری کرد، هاوشێوەی ئەرمەنیەکانی ناگۆرنۆکەرەباخ، ئەمە لەکاتێکدابوو کۆمەڵەی لایەنگری روس و لایەنگری تورک بەتوندی دژی ئەم بڕیارەبوون. بۆیە کۆمیتەی دیاریکردنی سنورو شانشینی ئەم ناوچانە دەربارەی تاکەچارەسەرێک نەگەیشتنە ئەنجام. لەکۆتایدا، هەرچەند کوردستانی سووریان بەناونیشانی نەتەوەیی دامەزراند، بەڵام ئەم هەرێمە هیچ بڕاردەیەکی سەربەخۆی لە باکۆ نەبوو. سەرەڕای ئەوەی لەساڵی (١٩٢٠ز)دا، کۆمەڵێک ئاستەنگی زۆر لەبەردەم چارەسەرکردنی کێشەکانبوو، دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت لە قەفقاس چەندان لیژنەی لێکۆڵینەوەیان بۆ ناسینی ناسنامەی کلتوری ناوخۆیی، بۆ ناوچە کوردیەکان ڕێکخست(٨٢).

پەروەردەی بنەڕەتی و پەرەپێدانی کلتوری بەزمانی کوردی، تەنها وەک پێشنیازێک لەسەرتەختەی وێنەکێشان مایەوە. لەساڵی خوێندنی (١٩٢٩-١٩٣٠ز)دا ڕێچکەی پەروەردەکردنی خوێندکارانی کورد لە (٤٠,١٪) بوو، کە لەقوتابخانە تورکی زمانەکان دەیاخوێند(٨٣). ئاستی خوێندن لەناوچە شاخاویەدوورەکان بەشیوەیەکی جێگاسەرنج زۆر نزمتربوو. لەساڵی (١٩٣٠ز)دا، کاتێک دەوڵەتی کوردستان لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکانی دیکەی سۆڤیەت هەڵوەشایەوە، تەنانەت کتێبێکی خوێندن بەزمانی کوردی لە ئازەربایجان نەبوو، بۆئەوەی خوێندنی قوتابخانە بنەڕەتیەکان بەزمانی کوردی بێت. لەساڵی (١٩٣٠ز)دا حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، خوێندنی سەرەتایی زۆرەملێی بەزمانەکانی دایکی تێکڕای گەلانی

ئازەربایجانی وەک ئەرکێک بۆ کۆمیسێری پەروەردەی گەلی ئازەربایجانی ناساند، کە دەبوایە لەساڵی خوێندنی (١٩٢٩-١٩٣٠ز)دا جێبەجێبکرێت(٨٤).

ئەم داواکاریەی خوێندن بەزمانی کەمینەکان دەرئەنجامی فشاری دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی (١٩٢٩-١٩٣٠ز)دابوو(٨٥). لەئەنجامی ئەم بڕیارە، چالاکی جدی دەربارەی پەروەردەی بنەڕەتی، ژمارەی زمانە ناوخۆییەکان وەک مەرجێکی پەروەردەیی زیادیکرد(٨٦). ئەنجومەنێکی زانستی لەکۆمیسێری پەروەردە دامەزرا، کە دەبوایە بەمیتۆدی چالاکی پەروەردەیی کەمینەکاندا بچێتەوە(٨٧). ئۆرگانی حکومەت و حزب، هەردووک دەیانویست خوێندن بەزمانی کەمینەکانیان بەرەوپێشبەرن. ئەنجومەنی کۆمیسێری گەلی کۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئازەربایجان، بەدەرکردنی ڕاگەیەنراوێک جەختی لەلاوازی پەروەردە بەزمانە ناوخۆییەکانی کەمینەکانی لەڕووی کلتوریەوە دواکەوتوو هەروەک (تاتەکان، کوردەکان، ئاوارەکان و لەزگیەکان) کردەوە. ڕاگەیەنراوەکە بڕیاریدەدا، پێویستە کادیری بارهێنان و خوێندن بۆ کەمینە نەتەوەییەکان ئامادەبکرێت. بەمەبەستی پەروەردەکردنی کادیرەکانی پەروەردەو خوێندنی پێویست، دەبوایە بەشەکانی (لەزگی، تاتی، ئاوارە، تالش و کوردی) لەدامەزراوەکانی پەروەردەو خویندنی ناوچەکانی ئەم کەمینانەی تێدانیشتەجێبێ، پێکبێت(٨٨).

حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دوای ساڵێک درێژەی بەجەختکردنەوە لەم بابەتەدا، دوابڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حزبی کۆمۆنیست لەساڵی (١٩٣٢ز)دا خوازیاری

هەوارنامەی کتێب

لەڕەگوڕیشەهەڵکەندنی نەخوێندەواری و توندکردنی چالاکیەکانی پەروەردەکردنی کەمینە نەتەوەییەکان بەزمانەکانی دایکیان بوو(٨٩). دوای هەفتەیەک، ئۆرگانە ناوەندیەکانی مۆسکۆ، داوایان لەکۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت کرد، دەقەکان و ڕێسا یاسایەزەروریەکان بەزمانی کەمینەکان وەربگێڕن. جگەلەوە، مۆسکۆ داوای لەپایەختی کۆمارەکان کرد لەنووسینەکانیاندا زمانی ناوچەیی (شوێنی نیشتەجێبوون) ی کەمینە نەتەوەییەکان بەکاربهێنن و جەختیکردەوە لەبەکارهێنانی زمانی کۆماری هەڵگری ناونیشان، یان روسی دووربکەونەوە. سەرئەنجام، کۆمیتەی ناوەندی کۆماری فدراتیۆی سۆسیالیستی کۆماری سۆڤیەتی ئەودیوو قەفقاس، کە هەتا هەڵوەشانەوەی لەساڵی (١٩٣٦ز)دا، ستراکچەرێکی لێکجیاو سەروو (کۆمارییەکان) ئازەربایجان، ئەرمینیاو گورجستان بوو، هەروەها جەختیکردەوە ئەم سێ کۆمارە پەروەردەی بنەڕەتی خۆیان باشتربکەن(٩٠).

ساڵی (١٩٢٠ز)، ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ لەیەکەم هەنگاوی، بەهاوکاری کۆمیسێری پەروەردەی گەلی ئەرمینیا لە یەریڤان، لەهەمانساڵدا ئەلفبایەکی کوردی لەسەربنەمای خەتی لاتینی ئامادەکرد. دوای نووسینی ئەم ئەلفبایەی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەودیوو قەفقاس ناچاربوون کتێبی خوێندن و کتێبی دیکە بەزمانی کوردی بڵاوبکەنەوە. لەحوزەیرانی (١٩٣١ز) دا، کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، لەگەڵ بەشی پڕوپاگەندەی کلتوری ئەم حزبەو کۆمیسێری پەروەردەی گەلی ئازەربایجان، کۆنفرانسێکی کەمینەی نەتەوەییان بۆ جەختکردنەوە لەگرنگی سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکان و باسی جێبەجێکردنی لە باکۆ بەست. دوای کۆنفرانسەکە، کۆمیسێری پەروەردەو دامەزراوەی زانستی-لێکۆڵەرەوەیی حکومەتی ئازەربایجان (AGNII)، دەستەی پێشتر وتراوی پرۆفیسۆر بۆکشپانی باردنی بۆ ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی سووری پێشوو نەخچەوان رێکخست. ئامانجی ئەم دەستەیە شەفافکردنی جیاوازیەکانی نێوان زمانی کوردی کوردەکانی ئازەربایجان و کوردەکانی ئەرمینیا بوو هەڵسەنگاندنی دەکرێت بەبەکارهێنانی زمانێکی نووسینی هاوبەش، کتێب بۆ خوێندن دابینبکەی، یان نەخێر، ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دەستەیە لەکتێبێکدا بڵاوکرایەوە(٩١).

کۆنفرانس لەساڵی (١٩٣١ز)دا کۆمەڵە ئەرکێکی بۆ کۆمیسێری پەروەردەی گەلی ئازەربایجان دیاریکرد، کە جێبەجێیانبکات. بەمەبستی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە، هەنگاوی زیاتر بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندنی بنەڕەتی کەمینە نەتەوەییەکان لەوانە کوردەکان بەزمانی خۆیان نرا. لەساڵی خوێندنی (١٩٣٣-١٩٣٤ز)دا یەکەمین پۆلەکانی قوتابخانەو ناوەندەکانی سەرەتایی خوێندەواری بۆ پەرەپێدانی خوێندن بەزمانی کوردی دەستپێکرد.

لەساڵی (١٩٣١ز)دا پۆلەکانی هاوینی لەقوتابخانەی دواناوەندی خوێندن و پەروەردەی شوشێ بەمەبەستی پەروەردەکردنی مامۆستایانی کورد لەڕووی وتنەوەی وانەکان بەزمانی کوردی دامەزرا. بەشێکی کوردی لەهەمان قوتابخانەی دواناوەندی کرایەوەو هەتا ساڵی (١٩٣٣ز) سێ کتێبی خوێندن بەزمانی کوردی بڵاوکرایەوە(٩٢). لەساڵی (١٩٣٣ز)دا، دەستەیەکی لێکۆڵینەوەی

دیکە ڕێکخرا، ئەمجارەیان کۆمیتەی توێژەرەوانی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ناوەندی یەکێتی جەماوەری سۆسیالیستی سۆڤیەت، کۆمەڵێک پسپۆڕی بەسەرپەرشتی (ئارەبی شەمۆ ١٨٩٧-١٩٧٨ز)، کە کوردیکی شۆڕشگێڕی بەڵشەفیک لەساڵی (١٩١٧ز)داو نووسەرو کوردناسی داهاتووگەش لەدامەزراوەی ئەدیبان و مێژووی لینینگراد، ڕەوانەی ناوچەی کوردنشین کرا. ئامانجی ئەم دەستەیە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردەکانی ئەرمینیا، گورجستان و ئازەربایجان و لێکۆڵینەوە لەهێنانەدی زمانێکی نووسینی کوردی بوو، کە کوردەکانی سەرانسەری یەکێتی سۆڤیەتی سۆسیالیستی تێبگەن و پێیبدوێن(٩٣).

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرکەم ئەم هەوڵانە سەرکەوتووبوون، کتێبەکانی خوێندنی کوردی لەسالانی (١٩٣٤-١٩٣٦ز)دا بەپچڕپچڕی لەساڵی (١٩٣٥ز)دا، بڵاوکرانەوە، بەڵام لەساڵی (١٩٣٦ز) دا کتێبەکانی خوێندن تەنها بۆ پۆلی یەکەم و دووەم هەبوو(٩٤). زۆربەی مامۆستایان بەشی کوردی قوتابخانەی دواناوەندی پەروەردەو خوێندنی شوشەیان تەواوکردبوو. لەم قوتابخانە دواناوەندیە جگە لەزمان و ئەدەبی کوردی، تەواوی وانەکان بەزمانی ئازەربایجانی دەخوێندران، ئەدەبی کوردی نەدەخوێندرا، چونکە ئەم بەشە هیچ کتێبێکی خوێندنی بەکوردی نەبوو. مامۆستایان لەم بەشەدا تەنها هەوڵیاندەدا بەدرێژایی کاتژمێرەکانی قوتابخانە، دەقەئەدەبیەکانی نووسەرانی روس، یان ئازەربایجانی وەک (پۆشکین، لۆرمۆنتۆڤ، سەمەد ورغون و سابیر) بۆسەر زمانی کوردی وەربگێڕن. دیارە ئەم وەرگێڕدراوەنە وەک پێویست وەڵامی زانیاری ئەدەبی خوێندکارانی نەدەدایەوە. لەڕاستیدا زۆربەی خوێندکاران دوای (٣) سێ ساڵ خوێندن، هێشتا نەخوێندەواربوون. ئاستی توانای مامۆستاکان زۆر نزم و زیاتر کتێبی خوێندنی کوردی بەئاسانی بەردەستنەبوو. سەرەڕای ئەوانە، هەموو ناوچەو خێڵەکان لەشێوەزاری دیاریکراو بۆ شێوەی نووسین نەدەگەیشتن. هێشتا هەتا دروستبوونی زمانێکی ستاندارد ڕێگایەکی دوورو درێژ لەپێشبوو. ڕاستە لەساڵی (١٩٣٨ز)دا خوێندنی سەرەتایی هەندێک قوتابخانە بەزمانی کوردی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی ئەم قوتابخانانە زۆر سنورداربوو. لە (١٢) دوازدە قوتابخانەی کوردی تەنها (٨٠٨) هەشتسەدو هەشت خوێندکار هەبوو زمانی کوردی تەنها هەتا پۆلەکانی سێیەم و چوارەم زمانی خوێندنبوو(٩٥).

سەرئەنجام ئەم خاڵەشی بۆ زیادکرا، کە ئەم ئاستە نەخوازراوەی پێشکەوتنە سنوردارنەبوو بە ئازەربایجان. هەرچەند کۆمەڵێک کتێب لە ئەرمینیا بەزمانی کوردی بڵاوکرابۆوە، سودوەرگرتن لەم بەرهەمانە سنوردار بە ئەرمینیا، گورجستان و نەخچەوان بوو. ئەگەر جیاوازی ناوچەیی شێوەزارەکان بەیەکێک لەهۆکارەکانی ئەم بارودۆخە بزانین، هۆیەکەی دیکە ئەوەبوو زۆربەی کوردەکان لەشێوەی نووسینی ئاڵۆزی زمانی کوردی نەدەگەیشتن. لەساڵی (١٩٣٤ز)دا کێشەکانی پەیوەند بەدروستکردنی زمانێکی ئەدەبی و ئەدەبیاتی کوردی و پەیوەندیان بە کوردەکانی ئەوسەری سنورەکانی سۆڤیەت لەکۆنفرانسێک لە یەریڤان، لەکۆماری سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئەرمینیا، خرایە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە. هەروەک بڕیارنامەی کۆنفرانس ڕایگەیاند: نەبوونی زمانی یەکگرتوو، ڕێزمانی ستاندارد، فەرهەنگۆک

و راستنووسین، پرسی جدیبوون و دەبوایە چارەسەربکرابان(٩٦).

## ئەنجامگیری

سیاسەتێکی ئاڵۆز دەربارەی کوردەکانی ئازەربایجان گیرایەبەر، کە هەم کەوتە بەردەم سیاسەتی بەمۆدێرنکردنی یەکێتی سۆڤیەت و هەم سیاسەتی نەتەوەکانی یەکێتی سۆڤیەت. خوێندن و بەگژداچوونەوەی نەخوێندەواری، هەردوو کۆمەڵی تورک و ناتورکی دەگرتەوە. شوناسە ناتورکەکان، یان کەمینەکانی نەتەوەیی بەفەرمی بۆ پەرەپێدانی زمان و کلتورەکەیان هاندران و کۆمەڵە کادیرێکیان بۆ حکومەتی نوێی سۆڤیەت پەروەردەکرد. سیاسەتی بەخۆماڵیکردن پێویستی بەکادیری ناوخۆیی لەتەواوی شوناسەکان، بەبێ هیچ ریزپەڕو جیاکاریەکبوو. ئاشکرابوو ئەگەر بەشێک لەم بەرنامانەی پەرەپێدانی خێرایە نادیدەدەگیرا، کۆمەڵگا پێش نەدەکەوت. لەساڵەکانی (١٩٢٠-١٩٣٠ز)دا، حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لەئاستی کۆماری و حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت لەئاستی سەرانسەری سۆڤیەت، وەک کوردەکان بانگەشەیان بۆ پەروەردەی سەرەتایی و پەرەپێدانی کلتوری زمانەکانی دایکی کەمینە نەتەوەییەکان کرد. جگەلەوە، بەدرێژایی ساڵەکانی (١٩٢٣-١٩٣٠ز) کوردستانی سوورو ناوچەی کوردستان دامەزران. لەگەڵ ئەوەشدا نەبڕیارنامەی حزبی و نە راگەیاندنی (کوردستانی سوور) لەدەیەی یەکەمی حکومەتی سۆڤیەت لە ئازەربایجان، هیچ کامیان، هیچ ئەنجامێکیان بۆ کوردەکان دیارنەبوو. تەنها دوای زنجیرەیەک جوڵەی نوێ لەسەرانسەری سۆڤیەت لەپەیوەند بەکەمینە نەتەوەییەکان لەساڵانی (١٩٣٠-١٩٣١ز)دا بوو، کە هەرچەند یەکەم دەرئەنجامی لەپێوەرێکی گچکەدادەرکەوت.

ئەگەر جێبەجێکردنی سیاسەتی کەمینە نەتەوەییەکان سەرکەوتوونەبوو، بەرنامەو سیاسەتەکانی سەرانسەری سۆڤیەت یەکلایەنی پرسەکەبوون، پێویستە بارودۆخی بابەتی لە ئازەربایجان وەک لایەنێکی گرنگی دیکەی پرسەکە سەیربکرێت. بوونی بابەتی واتایی، کە جێبەجێکردنی سەرکەوتوانەی سیاسەتی کەمینەکانی سۆڤیەت و پرۆسەی بەمۆدێرنکردنیانی سنورداردەکرد. بۆنمونە، جێگای سەرسوڕمان نیە، کە لە (٥) پێنج ساڵی یەکەمی حکومەتی سۆڤیەت، هیچ کارێکی جدی پەروەردە، یان چالاکیەکلتوریەکان بەزمانی کوردی نەبوون، چونکە ئیدارەی خۆماڵی ناچاربوو جارێکی دیکە رووبەڕووی پرسی ژیانیتری وەک قاتوقڕی ناوچەیی ببێتەوە، کە بۆ چەندین ساڵ درێژەی کێشا. ناکۆکی شێوەزارەکان بەهۆی شاخاویبوونی ناوچەکەو ئاستە نائاساییەکانی نزمی خوێندەواری و بارودۆخی ئابوری و لەهەموان گرنگتر لەوانەیە شێوەی ژیانی رەشماڵنشینیان بووبێت، کە کاری پەروەردەو فێرکردنی ئەستەمدەکرد. ئەم بارودۆخە، دەبووە کۆسپی بەردەم جێبەجێکردنی سەرکەوتوانەی سیاسەتی کەمینەکان. سەرئەنجام کۆمەڵەی نەیاری ناوحزبی کۆمۆنیست ناوخۆو بۆرۆکراسی حکومەت لە ئازەربایجان دەبوونەبەربەستی بەردەم جێبەجێکردنی سیاسەتی فەرمی. بەشێوەیەکی دیاریکراو هیچ کام لەهەرێم و پاشان ناوچەی کوردستان وەک سیاسەتی راگەیەنراوی کەمینە نەتەوەییەکانی سۆڤیەت، هاوکاریی پێشکەوتنی خوێندن بەزمانی کوردییان نەکرد. ئەم بارودۆخە

نیشانەی ئەوەیە ئامادەبوونی مۆسکۆ لەکۆماری ئازەربایجان، بەئامادەبوونی باکۆ لەشانشینی خۆی، هەمیشە بەدەسەڵات و هەمەگیرنەبوو. سەرەڕای قوڵبوونەوە لەسەرنمونەی روسیا، یان بەراوردکردنی کۆمارێکی سۆڤیەت وەک نمونە (ئۆکراینا)، بەکۆمارێکی دیکە، هەمیشە ناتوانێت دەستباربێت بۆ تێگەیشتن لەناوچەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها نمونەی کوردی پیشانی دەدات تەنها لەئاستەکانی سەرانسەری، کۆماری و ناوچەیی دەتوانین لەسیاسەتەکانی کەمینەی سۆڤیەت بگەین، چونکە کادیرەکان، هەنگاوەکان، بارودۆخ و ململانێی ئایدۆلۆژیەکان لەئاستەکانی کۆماری و ناوخۆیی، جێبەجێکردنی بەرنامەی فەرمی ئاسانکردوە، یان دوایخستووە.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

1. D. Muller, "The Kurds of Soviet Azerbaijan. 1920 – 91." Central Asian Survey 19, no1 (2000): 41-7.
2. Alexander Beninese and Chantal Lemercier-Quelquejay, Islam in the Soviet Union (London, 1967), 130.2.
3. Stephen Blank, The sorcerer Apprentice, Stalin as Commissar of Nationalities, 1917-1924 (West-port, CT, 1994), 138.
4. T. Martin the Affirmative Action Empire: Nations and and Nationalism in the Soviet Union, 1923-1939 (Ithaca, NY, 2001).
5. (Uezd) زاراوەیەکی لاوەکی روسیە لەخوار کۆمەڵەیەکی ئاستی ناوچەیی کارگێڕی ناوسنورەکانی پارێزگاکانی ئیمپراتۆری. ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن ئیمپراتۆری روسیاو ساڵانی سەرەتا یەکێتی سۆڤیەت بەکارهێنرا. (Okrug) یش زاراوەیەکی کارگێڕی سەرەکییە لەئاستی ناوچەیی بەپێچەوانەی یوزد، کە لاوەکی بوو، کە شانشینی فراوانتر لە (Uezd)ی لەخۆدەگرت.
6. بەپێچەوانەی ئاگایی ئەمڕۆ لەشوناسێکی تایبەتی ئێزدیان، ئەم گروپە لەساڵی (1920ز)دا بەبەشێک لەدانیشتوانی کوردی یەکێتی سۆڤیەت دادەنـران. دانیشتوانی کوردی ئێزدی لە ئەرمەنستان لەهەرێمی (Uezd، لنیناکان/ گومری و چەمبارین) بوون. بەگوێرەی ئاماری ساڵی (1924ز)، ئاماری دانیشتوانی ئێزدی (15-20) پازدە هەتا بیست هەزار کەس بوو. بەڕێزپەڕی (3) سێ گوند، هەموویان ژیانی نیوە هۆزایەتیان هەبوو ڕێژەی خوێندەواری نێوانیان (1%)یەک بوو.

Partabota sredi ezidov," Zaria Vostoka, Jyne" 25, 1924, 4, "Ezidaskaia Derevnia," Zaria Derevnia, April 8, 1925, 4, ,Zak Soveshchanie po rabote sredi natsmen, Shinstv," Zaria Votsoka, July 2, 1626.3.

7. A. Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy, Lachin, Kel „badzary, Nakhkari (Baku, 1966), 21, Tat, iana Aristova, Kurdy zakavkaz,ia: Istoriko – etnograficheskii ocherk (Moscow, 1966), 21, 37-9.
8. Cherkez Bakaev, Lazyk azerbaidzhanskikh kurdov (Moscow, 1965), 6.
9. Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurddy, 10; Bakaev, lazyk, 6.
10. Iz poezdki v Kurdistan„, Zaria Vostoka„, September 12, 1925,3.
11. Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy, 50-51.
12. Muller, "The Kurds" 53.
13. Zaria Vostoka, Junw 2, 1930. „Obrazovan Kurdistanskii okrug„13.
14. Azerbaycan Republikasi prezidntinin Islar Idaresinin siyasi partiydar va idtimai harakatlar Dovlat Arxivi [bereafter ARPIISPIHAD] (fond) 1–(opis) 74- (delo) 408, "protocol of politburo of the AKP(b), no. 101," Jabuary 2, 1936. the newspaper Sovetskii Kurdistan (Soviet Kurdistan) continued to be published unti 1960. See Chekez Bakaef, lazyk azerbaidzharuyskikh Kurdov (Moscow, 1965), 7.
15. Azerbaycan Republikasi Dovlat Arxivi [The State Archive of the Republic of Azerbaycan] (hereafter ARDA) (fond) 57-2 (listi) 228– (delo) 1- (opis)-5, 31 (1921).
16. 57 ARDA-1-864-2 (1931). On the

Turkic course: Itogi vypolneniia Pervogo Piatiletnego Plana razvitiia narodnogo khoziaistva ZSFSR (Tbilisi, 1934), 185, .November 1938 .131 1294--1-ARDA 57

L.A. Grenoble, Language Policy in the .17 .sovieat Union (Dordrecht, 2003), 124

Rossiiskii gosudarstveuntyi arkhiv sotsil .18 ‘no-politicheskoi istorii [Russian State Archive of Socio-political History] (hereafter RGASPI) (fond) 558- (opis) 1 –(delo) after October 10, 1920; .6/2195-(listy) 1 ,6-32 ,29/26-23-715-112-RGASPI 17 -59-69-September 30, 1925; RGASPI 17 not ,236-256-114-and RGASPI 17 55/27 -1-later than October .19 1931; ARDA 57 .June 23, 1929 ,5/1-697

Itogi vypolneniia pervogo piatiletnego, .19 .184

age range 94-These figures cover the 9 .20 Itogi veseoitanio perepisi naseleniia 1959 goda Azerbaidzhanskaia SSR (Moscow, .1963), 43

21. لەساڵی (1924-1925ز)دا لەسەدی تورکزمانان بۆ هەموو خوێندکارەکان بەمشێوەیەبوو: لەخوێندنگا پیشەییە-تەکنیکیەکان، (497) چوارسەدو نەوەدو حەوت لە (652) شەشسەدو پەنجاو دوو خوێندکار، لەخوێندنگا کشتوکاڵیەکان، (168) سەدو شەست و هەشت لە (299) دووسەدو نەوەدو نۆ خوێندکار، لەخوێندنگا پیشەسازی-کشتوکاڵیەکان، تێکڕای (587) پێنجسەدو هەشتاو حەوت خوێندکار تورکزمان بوون، لەخوێندنگا پەروەردەو خوێندنەکان (پەروەردەکردنی مامۆستا)، تێکڕای (1,704) هەزارو حەوتسەدو چوار خوێندکار تورک بوون. لەهەموو خوێندنگاکانی ئازەربایجان (3,517) سێ هەزارو پێنجسەدو حەڤدە خوێندکار لەکۆی (5,006) پێنج هەزارو شەش خوێندکار تورک بوون. لەساڵی (1925-1926ز) لەخوێندنگاکانی پیشەیی-تەکنیکی (644) شەشسەدو چل و چوار خوێندکار لەکۆی (833) هەشتسەدو سی و سێ کەس، لەخوێندنگا کشتوکاڵیەکان، (226) دووسەدو بیست و شەش لە (485) چوارسەدو هەشتاو پێنج خوێندکار، لەخوێندنگا کشتوکاڵیە-پیشەییەکان، (646) شەشسەدو چل و شەش لە (685) شەشسەدو هەشتاو پێنج خوێندکارو لەخوێندنگا پەروەردەو خوێندنەکان، (1,796) هەزارو حەوتسەدو نەوەدو شەش کەس لەکۆی (1,998) هەزارو نۆسەدو نەوەدو هەشت خوێندکارو لەخوێندنگا دەرمانسازیەکان، (53) پەنجاو سێ لە (66) شەست و شەش خوێندکار تورک بوون. لەهەموو قوتابخانەکانی ئازەربایجان لەساڵی (1925-1926ز)دا (4,057) هەزارو پەنجاو حەوت خوێندکار لەکۆی (5,979) پێنج هەزارو نۆسەدو حەفتاو نۆ خوێندکار تورک بوون. ئەرشیفی حکومەتی کۆماری ئازەربایجان ببینە: 1. 456-56 (1926). لەساڵی (1927ز)دا لەسەدی خوێندکارانی خوێندنگاکان کە تورکی تەنها زمانی خوێندن لەهەموویاندابوو، دەربارەی هەموو خوێندنگاکان کە ئازەربایجان بریتی بوو لەخوێندنگا کشتوکاڵیەکان، (816) هەشتسەدو شازدە لە (1,625) هەزارو شەشسەدو بیست و پێنج، لەخوێندنگا پیشەیی-تەکنیکیەکان، (896) هەشتسەدو نەوەدو شەش لە (1,126) هەزارو سەدو بیست و شەش، لەخوێندنگا دەرمانسازیەکان، (296) دووسەدو نەوەدو شەش لە (575) پێنجسەدو حەفتاو پێنج، لەخوێندنگاکانی پەروەردەو خوێندن، (2,178) دوو هەزارو سەدو حەفتاو هەشت لە (2,373) دوو هەزارو سێسەدو حەفتاو سێ خوێندکار تورک بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەها پێویستە ئەوەبیربهێنینەوە، کە لەهەندێک ناوچە لەبەشەکانی وەک کۆمەڵایەتی-ئابوری، یان هونەری، خوێندکارانی روسیزمان زۆرینەبوون و ئەمە تەنها ئەو قوتابخانانەبوون، کە روسزمانان زۆرینەبوون. بڕوانە ئەرشیفی حکومەتی ئازەربایجان: 57-1-422-20، (1927/12/15).

April 20, ,54 ,56 ,55-414-1-ARDA 57 .22 .1927

Communist, no. 64,September 30, 1920; .23 .no. 66, October 11, 1920

زمانی خوێندن لەوناوچانەی کە کەمینە نەتەوەییەکانی تێدادەژیان، بەگوێرەی ئارەزووی باوک و دایکی خوێندکاران و هەروەها بەگوێرەی زمانی ئاخاوتن، کە لەماڵەکانیاندا پێیدەدوان، دیاریدەکرا. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ:

Resolution of the 3rd session of the 5th” convocation of AzTsik on the general primary education May 29, “in sobranie Uzakonenii .AzSSR (Baku, 1928), 9: 173

These lists changed in timw. For a list .24 -1002-1-Produced in 1932 see: ARDA 57 August 20, 1932. For changing list of ,71 nationalities at the Making of the soviet

Union (Ithaca, NY, 2005), chapters 3 and 6.

25. لێرەدا مەبەست لە تورکەکانی ژێردەستەی عوسمانی پێشوو، یان ئەو تورکزمانانەیە، کە زمانی رەسەنیان زیاتر لەوەی لە تورکی ئازەربایجانی نزیکبێت، لە تورکی ئەناتۆلی نزیکتربوو. ئەرشیفی حکومەتی کۆماری ئازەربایجان: (57 ARDA-1-777-59، (1929/3/21)، ئەرشیفی حکومەتی کۆماری ئازەربایجان: 57-1--777 161 (1929).

26. 1 ARPIISPIHAD 61-83-14 (1936).

سنورەکانی نێوان زمان و شێوەزار بەهۆی ژمارەیەک فاکتەری زمانی و نازمانی لێکجیادەبێتەوەو ئەوە کارێکی زۆرسەختە. گرنویل، سیاسەتی زمانی، ل20.

27. ئەم بابەتانە لەکۆبوونەوە ناوخۆیەکانی حیزب لەلایەن بەرپرسانی حزبەوە دەخرانەڕوو. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ:

Shamilev. "Sredi Ezidov," Zaria Vostoka, June 14, 1924,3.

بۆ رەچاوکردنی راپۆرتێک لە یەکێتی سۆڤیەت کە هەموو کۆمارەکانی خۆرهەڵات و لەوانە ئازەربایجان بخاتەبەرباس و لێکۆڵینەوەوە بڕوانە:

78 RGASPI-6—86-71/83, October 15, 1935.

17 RGASPI-114-734-91/105, Deesember 11, 1935.

28. "Vce Takzhe," Zaria Vostoka, November 25, 1935, 4: "sredi rabotnits 1 krest ianok bol she vinmaniia kurdianke, "Zaria Vostoka, Januery 6, 1926,4.

29. Bukshpan. Azerbaidzzhanskie Kurdy, 11.

30. "Eilagi: of nashikh spetsial nykh Korrespondentov" Zaria Vostoka,August 2,1925,5.

31. "Soveshchanie Kurdskogo aktiva," Zaria Vostoka, April 22, 1926, 3.

32. پێویست بەگوتن ناکات، کە هەمیشە بەمشێوەیە بووە. بۆنمونە، حکومەتی نیشتمانی ئازەربایجان لەساڵی (1919ز)دا چەندین یەکەی سوارەی سەربازی کوردی دژی ئەرمەنیەکان رێکخست و لەئەکادیمی سەربازی باکۆ بەشێکی کوردی بۆ پێگەیاندنی (20) بیست کادیر کردەوە. بڕوانە بۆکشپان، کوردەکانی ئازەربایجان، ل69، هەروەها مۆلەر، کوردەکان، ل45-46.

33. 17 RGASPI-114-256-237, not later October 19, 1931; "Orebote sredi natsmen shinsty (post- anovlenie ZAKK raikoma VK-P(b)," Zaria Vostoka, July 13, 1926, 3.

34. Bushpan, Azerbaidzzhanskie Kurdy, 67.

35. V. M. Molotov, "Rech,tov. V. M. Molotova na prime delegatsii trudiashchikhsiia Sovetskoi Armenii", 30 Dekabria 1935 goda, Pravda, January 6, 1936, 3.

لاورنتی بریا، سەرۆکی فدراسیۆنی سۆسیالیستی سۆڤیەتی ئەودیووی قەفقاس، هەمیشە جەختی لەم برایەتیەدەکردەوە. ئەو هەمیشە جەختی دەکردەوە کە برایەتی ئەم (3) سێ نەتەوەیە (ئازەربایجانی، ئەرمەنی و گورجیەکان)، مەرجی پێویستبوون بۆ گەشەکردنی ناوچەیی. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ:

I. Beria, pobeda leninsko-stalinskoi natsional noi politiki (Tbilisi, 1936), I. Beriia, Navaia Konstitutsiia SSR I Zakavkazskaia Federatsiia ((Tbilisi, 1936), I. Beriia, Edinaia sem narodov (Tbilisi, 1937).

36. دوژمنایەتی نێوان ئەندامانی ئەرمەنی و ئازەربایجانی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان کۆسپێکی گەورە بوو:

17 RGASPI-84-75-38/43 (before February 11, 1992); V. Shklovsky and R. Sheldon, "The End of the Caucasian Front," Russian Review 27, no 1 (Januery 1968). 17-68; A.I. Alstead, The Azerbaijani Turks: Power and Identity under Russian Rule (Stanford, CA, 1992-44). 39.

37. Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy; 91.

38. "Soveshchanie Kurdskogo aktiva," Zaria Vostoka, April 22, 1926, 3.

39. لەساڵی (190ز) کۆمیسێری گەلی نەتەوەکان (Narkommnats) لە مۆسکۆ، پێشتر رۆڵی خۆی لەچالاکیەپەروەردەیەکان لەدەستدابوو. گرنوبل، سیاستی زمانی، ل38.

40. 57 ARDA-1-222-2 (1921).

41. Resolution of the 3rd session of the 5th convocation of AzTsIk on the general primary education, May 29, 1928, Sobranie Uzakonenii AzSSr ARDA 57- 9: 173.

42. Bulletin ofitsial nykh rasporiazdenii I soobshebii Narkomprosa azerbaidzhanskoi

-SSR (Baku, 1926), 1:8, March 6, ARDA 57
.20ob, December 8, 1927 ,20 ,6-452-1

.43 ARDA 57-1-453-197, March 15, 1927.

.44 ARDA 57-1-453-125, August 23, 1927.

45 . ARDA 57-1-228-215, December 9, 1922.

.46 ARDA 57-1-664-1928, June 12, 4ob.

47. کۆمیتەی ناوچەیی (Kriakom) لەئاستی باڵاتر لەکۆمیتەی پارێزگای، یان هەرێمیدایە. (و.ف).

.48 ARDA 57-1-452-2, December 28,1926, Greek language was also modified in 1927, ARDA 57 see-1-453-115, 119. January 1, 1927.

.49 ARDA 57-1-453-197, March 15, 1927, ARDA 57-1-777-1929, March 21, 56ob.

.50 ARDA 57-1-453-197, March 15, 1927, ARDA 57-1-452-17,7,8,9, December 8, 1927.

.51 47, "Muller, "The Kursd-8.

.52 "Zaria" po uezdam Azerbaidzhana," Vostoka, April 25. 1924, 3.

.53 Zaria Vostoka, April 12, 1925,1.

.54 ARDA 57--1 864-12, 13 (1931).

.55 17 RGASPI-114-265-236, 242-3, October 7, 1931.

.56 ARDA 57--1 864-12, 13 (1931).

.57 "Retch t. Vaaganiana Zaria Vostoka, june 9, 1926, 3.

.58 Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy; 61.58.

.59 "Zaria" Sredi nakhichevanskikh Kurdov," Vostoka, February 4, 1925,3.

.60 ARPIISPIHDA 1—1—4-83-37, October 28, 1936.

.61 Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy; 5-4.

.62 Ibid., 72-4.

.63 ARDA 57--1 -864 115, 116, February 15, 1931.

64. بۆ ئاگاداربوون لەبەڕێوەبردنی تورکی تالشەکان پێش حکومەتی سۆڤیەت بگەڕێوە بۆ:
ARPIISPIHDA 1—14/83/30, 31,33, October 28, 1936.

بێجگەلەوە، بۆ ئاگاداربوون لەراپۆرتی وەفدی حکومەتی سۆڤیەت بروانە:
B.v. Miller, "predvaritel nyi Otchet o Poizdke v Talysh Letom 1925g (Baku, 1926), 4-5.

بۆ ئاگاداربوون لەبەڕێوەبردنی تورکی کوردەکان پێش حکومەتی سۆڤیەت بروانە:
42,"Muller, "The Kursd-5, ARDA 57-1-777-54, March 21, 1929, ARDA 57-1-864-115, 116, Bukshpan, February 15, 1931; Azerbaidzhanskie Kurdy; 16, 72-4, ARPIISPIHDA 1--14 83-37, October 28, 1936.

بۆ ئاگاداربوون لەبەڕێوەبردنی تورکی تساخورەکان بڕوانە:
ARDA 57-1-777-54, March 21, 1929.

.65 ARPIISPIHDA 1--14 83/42, December 1, 1931. ARPIISPIHDA 1--14 83-37, October 28, 1936; Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy; 65,67.

.66 ARDA 57-1-864-125, February 15, 1931.

.67 The case of Khakass in RSFSR is a concurring example, see F Hirsch, "Toward an Empire on Nations: Border – Making and the Formation of Soviet National Identities," Russian Review .67 no 2 (2000): 212,213.

.68 ARDA 57-1--864 118, 119, Februery 15, 1931.

وارتاشن: ناوچەیەک بوو کە ئۆدیەکانی تێدانیشتەجێبوون. ئەمڕۆ ئەم ناوچەیە پێیدەڵێن: ئۆگوز .(Oguz) لەڕاستیدا کوردەکان تەنها گروپی نەتەوەیی-زمانی نەبوون، کە لەڕووداوە مێژووییەکانی رابردوو زمانی رەسەنیان لەدەستدابوو. ئەرمینی و یۆنانیە گۆشەگیرەکانی دانیشتووی گورجستانیش هەمان کارەساتی هاوشێوەیان هەبوو:
ARDA 57-1-873-8, April 29, 1932.

.69 ARDA 57-1-864-135(1931).

بەرگریکردنی دانیشتوانی روس لەبەرامبەر بەرنامەکانی بەخۆماڵیکردن و تەنانەت بۆچوونی ناسیۆنالیستی سنوردار بەنەتەوەی رەسەن بۆ ئازەربایجان نەبوو. وەک نمونە لەپەیوەند بە قۆزاقەکان، بگەڕێوە بۆ:
Matt Payne, "The Forge of the Kazakh proletariat? The Turk sib, Nativization, and

Industrialization during Stalin First Five-Year plan," in A State of Nations. Empire and Nation – Making in the Age of Lenin and Stalin, ed R. Suny and T. Martin (Oxford .52-2001), 223

70. 57 ARDA-1-864-5 (1931).

71. Robert Service, Stalin: A Biography .(London, 2005),78

72. Jeremy Smith, The Bolsheviks and the 1917 -National Question, 1923 (London,) .147-1999), 146

73. Biank, Thw Sorcerer as Apptentic.113

74. کۆمەڵێک بەرهەمی هەڵبژاردەی لینین، بەرگی 29، مۆسکۆ، چاپ وبلاوکردنەوەی پرۆگراس، (1974)، ل194.

75. بڕوانە وتەکانی قۆلیافی کۆمیسێری مەعاریفی ئازەربایجان لەکۆنگرەی شەشەمی سەرانسەری وڵاتان دەربارەی بیناسازی کلتوری کۆماری.

54ob, March 21, 1929. April-777-1-ARDA 57 .6, 1929, Communist, no 81, April 9, 1929

76. M.G Vyliyev (Bakharly), Azerbaidzhan (Fiziko-geograficheskii, etnogreficheskii,) etnogreficheskii I ekonomocheskii 76 ocherk, (Baku, 1921), 50; cited by Bukshpan, Azerbaidzhan.

77. 57 ARDA-1-864-120, February 15, .1931

تارو زورناو کەمانچە، ئامێری میوزیکی ناوخۆیین.

78. 57 ARDA-1-864-122, February 15, 1931.

79. 57 ARDA-1-864-124, February 15, 1931.

80. Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy; 77.

81. Ibid, 75-77.

82. یەکەم لیژنەی نێردراو بەسەرۆکایەتی جی. چارسین، توێژەرێکی پرسی نەتەوەیی لە تفلیس لەساڵی (1924ز) دابوو:

G, Churning, "Azerbaidzhanskie Kurdy" Izvestiia Azerbaidzhanskogo istorki-;16-Azerbaidzhanskogo institute 3 (1925): 1 E. pchelina, "Po Kurdistanskomu uezdu Azerbaidzhan," sovetskaia etnogreficheskiia V. Sysoev. "Kurdistan," ;21-4 (1932): 108 Izvestiia Azerbaidzhanskogo Komiteta Okmitita okhrany pamiatnikov stariny;

V. Sysoev, :44-iskusstva I prirody 3 (1927): 25 "Lachin", Izvestiia Azerbaidzhanskogo Komiteta Okmitita okhrany pamiatnikov .53-stariny, iskusstva I prirody 3 (1927). 45

83. 57 ARDA-1-864-12, 13, (1931).

84. بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، دەربارەی خوێندنی سەرتاسەری لەکۆمارەکەدا.

August 28, 1930; Bakinskii Raochii, no 201, August 28, 1930.

85. بۆ ئاگاداربوون لەم زنجیرە جوڵەیە لەساڵەکانی (1929-1930ز)داو ئاکام و دەرئەنجامەخراپەکانی بڕوانە:

Terry Martin, The Affirmative Action Empire: Nations and Nationalism in the Soviet Union, 1923-1939 (Ithaca, NY, 2001), 163-65.

86. بڕیارنامەی کۆنگرەی سەرتاسەری ئەنجومەنەکانی ئازەربایجان لەپەیوەند بەڕاپۆرتی کۆمیسێری خوێندنی خەڵکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت دەربارەی جێبەجێکردنی زۆرەملێی گشتی خوێندنی سەرەتایی لە ئازەربایجان، (16ی شوبات)Sobranie uzakonebii 1931: 378: 20, (Baku, 1931) Az SSR.

87. 57 ARDA-1-878-12, (1931).

88. Sobranie Uzakonenii Az SSR (Baku, 1931), 38: 607: bakinskii Rabochii no 243 and 244, October 18-19, 1931.

89. بڕیارنامەی کۆنگرەی نۆیەمی حزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دەربارەی راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی ئەم حزبە، باکینسکی رابوچی (کرێکاری باکۆ) ژمارە 28، شوباتی 1932.

90. 57 ARDA-1-873-9/6, February 29, 1932.

91. Bukshpan, Azerbaidzhanskie Kurdy.

92. Ibid, 82.

93. Izuchenie Kul tury Kurdov", Zaria" Vostoka, August 11, 1933, 4.

94. 1 ARPIISPIHDA--14 83/77(1936); 1 ARPIISPIHDA--14 7-122, (1937).

95. 57 ARDA-1-129-94/96 (spring 1938).

96. Basili Nikitin, Les Kurdes: Etude Sociologique et Historique (Paris, 1925), 287-92.

# بەنیشتیمانی کردنی نەوت و گاز:

## سەرەتایەك بۆڕزگاری کوردو کوردستان



سەردار پشدەری

نەوت و گاز دوو کانزای بەنرخی جیهانن و لە هەندێ شوێنی دنیا چەند سەرچاوەیەک وەک کانی نەوتەکە هاتۆتە دەرەوەو بەچیاکاندا هاتۆتە خوارەوە، بەتایبەتی لە کوردستانی گەورە کە ئازربایجانیش دەگرێتەوە.

پێشتر دوور لە بەدیهاتنی تەکنۆلۆجیا، بەشێک لەو خەڵکانەی لە کانیەنەوتیەکانەوە نزیک بوون، ئەو نەوتە رەشەیان بەکاردەهێنابۆخۆگەرم کردنەوەوروناکی، دەسەڵاتدارانیش سودیان لێوەردەگرت ولە شەڕەکاندا بەکاریان دەهێنا،



بەڵام لە ناوەراستی ساڵانی ١٨٥٠ بەدواوە بایەخێکی جیهانی پەیدا کردو بەشێوەیەکی زانستی بیری بۆ هەڵکەنراو بەشێوەیەکی زیاتر دەرهێنراو دەست کرا بە خاوێن کردنەوەو بەش بەش کردنی لە رێگەی کوڵاندنی نەوتەکەوە، لەسەرەتادا بایەخ بە نەوتی سپی درا کە بەکار دەهات بۆ روناکی ماڵان و دەرەوە بەشێک لە کارگە بچوکەکان.





لەدوای ئەوەوە چەند بەشێکی تازەیان تێدا دۆزیەوە وەک گازۆلین، کەئەوەش زیاتر بەکار دەهات بۆ بەکارهێنانی کارگەکان، دەتوانرێ بگوترێ کە نەوت بوو بەهۆی بەرەو پێش چونی دنیاو کارگەکان و کەمکردنەوەی داربرین بۆ سوتەمەنی و خۆ گەرمکردنەوەی کۆمەڵگا.

بەدوای بەرەو پێش بردنی زانستی نەوت و دروست کردنی ئامێری تازە بۆ هەڵکەندن و پاڵاوتن، وڵاتە دەسەڵاتدارەکانی دنیا، کەوتنە بیرکردنەوە بۆ داگیرکردنی ناوچە نەوتاویەکانی دنیا، بەتایبەتی نەوتی کوردستانی گەورەو بەشێک لە روسیا، تەماحی دەرهێنانی نەوت لەدنیادا، بوو بەهۆی هەڵگیرسانی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم و هەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی و بەدیهاتنی دەسەڵاتی ئەمەریکا وەک دەسەڵاتدارێکی گەورەی تازە.

لە ساڵانی ١٨٠٠ دا تا ١٩٠٠، ئەو سەد ساڵە هەر سێ وڵاتی بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمان، گەورەترین زلهێزی دنیا بوون و بۆنی نەوت تەماحی فراوان بونیانی بۆ دروست کردن و کەوتنە بیری داگیرکاری تازە، بەتایبەتی بەریتانیاو فەرەنسا.

لەبەر ئەوەی کوردستانی گەورە خاوەن نەوتێکی زۆرەو لەژێر دەستی عوسمانی سەفەویەکان دابوو، بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانەکان، ئەندازیارەکانی خۆیان لەبەرگی جۆراو جۆر دا دەنارده کوردستان بۆ دیاری کردنی شوێنە نەوتاویەکان، دوای دیاری کردن بیریان کە هەڵوەشاندنی هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و صەفەوی کردەوە، لەسەرەتادا بە پیلان دانان و کودەتا، توانیان ئیمپراتۆری صەفەوی هەڵبوەشێنن و قەوارەکەی بچوک بکەنەوە بۆ دەوڵەتێکی بچوکی وەک ئێران.

لە کۆتایی ساڵی ١٨٠٠ دا، بەریتانیا و فەرەنسا کەوتنە خۆ بۆ هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، شەریف حوسەینی مەکەیان بەکار هێنا بۆ هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆری عوسمانی و






لەپاڵ ئەویشدا، لەرێگای هەڵگیرساندنی شەر هیزو لەشکریان بەکار هێناو جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بوو، توانیان ئیمپراتۆری عوسمانی هەڵبوەشێنن و دەست بەسەر کوردستانی گەورەو نەوتەکەی دا بگرن.

کوردی بێ هۆشیش بێ خەبەرو نەزان بوو لە سیاسەت و تەماحی نەوت، هەر خەریکی پاراستنی دینی ئیسلام و دەرویشی بوو، ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کوردستان دابەش بکەن بە پێنج بەش بۆ داگیرکردنی نەوتی کوردستانی گەورە.

لێرەو دەکرێ هۆکاری ژێردەستەیی هەزاران ساڵی کورد بگێرینەوە بۆ ئەوەی بەدرێژایی مێژوو کوردەکان خۆیان دابەش کردوە، بەشە زۆرەکەی هەر خەریکی باخەڵ پرکردن و خۆ بەخێو کردنن، بەشێکی کەمیش بەهەستی نەتەوەییەوە خۆی دەکاتە سوتەمەنی بۆ رزگاری نەتەوەکەی هەریەکەی بە جۆرێک.

ئەوانەی خاوەن هەستێکی نەتەوەیین، شەورۆژ لەبیر کردنەوەدان بۆ رزگاری نەتەوەکەیان، ئەوەش منی هاندا کە چەکێکی تازە بەکار بهێنم بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، کە ئەوەش چەکی ئابووری و نەوتە.

دێتەبیرم تەمەنم پێنج ساڵ بوو، لە ساڵی ١٩٥٣، باوکم هەموومانی برد بۆ کەرکوک بۆ ماڵی خزمێکمان، ئێوارەیەک ئێمەیان برد بۆ دەشتی بابەگوورگوور، ئەوکاتە زۆرینەی ئەو ناوچە چۆل بوو و لەزۆر شوێن ئاگر لە ئەرزی رووت بەربووبو، لە هەر شوێنێک ئەرزەکەت بجولاندبایە و ئاگرت لێ نزیک بکردبایە، یەکسەر ئاگری دەگرت، بێجگە لە ئێمە خەلکێکی زۆری تریشی لێبوو و گوێم لێبوو هەموو لایەک باسی نەوت و گازیان دەکرد کە لەو ناوچەیە هەیە، لێرەوە گوێی منیش زرینگایەوە بەباسی نەوتو گاز.

بێجگە لەوەش، لەدەورانی لاویەتی و شۆڕشگێریم دا لە ساڵانی شەستەکان، رۆژنامەو رادوێکان بەردەوام باسی نەوت و سیاسەتی نەوتیان دەکرد، کە من نەوتی کوردستانم دەدیت کە وەک کانیاو بەچیاکاندا دەهاتە خوارەوە، کاتێک گوێم لەرادوێ بچکۆلەکەم دەگرت کە باسی سیاسەتی نەوتی دەکردو بەچاوی خۆشم جۆگەلەی نەوتی کوردستانم دەدی کە بەچیاکاندا دەهاتە خوارەوە، سەرسام دەبووم لە بێبەشی کورد لە سیاسەتی نەوت دا، لێرەشەوە نەوت لەناو مێشکی مندا ئاگری خۆی هەڵکردو

پاڵی پێوەنام بۆ خوێندنەوەی کتێبە نەوتیەکان و سیاسەتی نەوت، لەناو کتێبە نەوتیەکاندا ئەوە نیشان درابوو، نەتەوە بە ئاگاکان زووتر بایەخی نەوتیان زانی و خۆیان پێ رزگار کردو وڵاتی خۆیان پێ دروست کرد، کوردی بەدبەختیش خەریکی شێخ و دەرویشی و باخەڵ پڕکردن بوون.

بۆم دەرکەوت ئەگەر کوردیش لەو کاتەدا زانایانە بکەوتبایە مەلەوانی لەگۆمی سیاسەتی نەوتدا، دەیانتوانی نەوتی کوردستان بکەنە چەکی رزگاری کوردستان.

لەناوەراستی هەشتاکاند لە لەندەن، تەلەفزوێنی BBC ، بابەتێکی گرنگی باس کرد لەسەر شێوەی پانۆراما، کە چۆن شێخەکانی ئیمارات توانیان یەک بگرن و بەنەوتی وڵاتەکەیان وڵاتێک لەبیابانێکی بێ ئاوەوە بکەنە ئەو ئیماراتەی ئەمڕۆ.

بەرنامەکە وای باس کرد: کە ئەندازیارێکی



House of Lords

From: The Rt Hon Lord Ennals
House of Lords, London SW1

Re: Sardar Pishdare

I have known Sardar Pishdare for several years. I am deeply involved in the problems of the Kurds in northern Iraq and have inaugurated an All Party Group of Peers and Members of Parliament to support the Kurdish cause. Sardar Pishdare is a man widely known in Kurdistan and with bold plans for the development of oil fields which can be used for the benefit of his people. He is not a man who seeks profit for himself but only for his people. He is a stalwart fighter for the cause and he deserves all possible support in his struggle to enable his fellow Kurds in northern Iraq to develop their resources and to make them less dependent on the Iraqi government.

Lord Ennals
9th November 1994

هاوس ئۆف لۆردز

لە: The Rt Hon Lord Ennals House of Lords، لەندەن SW1


ڕێ: سەردار پشدەرە

چەند ساڵێکە سەردار پشدەر دەناسم. من بە قووڵی تێوەگلانم لە کێشەکانی کورد لە باکوری عێراق و گروپێکی سەرتاسەری هاوتا و ئەندامانی پەرلەمانم بۆ پشتیوانی لە دۆزی کورد دەستبەکار کردووە. سەردار پشدەر پیاوێکە لە کوردستان بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسراوە و پلانی بوێرانەی هەیە بۆ پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان کە بتوانرێت بۆ بەرژەوەندی گەلەکەی کەڵک وەربگیرێت. پیاوێک نییە بۆ خۆی بەدوای قازانجدا بگەڕێت بەڵکو تەنها بۆ گەلەکەی. ئەو خەباتگێڕێکی سەرسەختە بۆ ئەو دۆسیەیە و شایەنی هەموو پشتیوانییەکی مومکینە لە خەباتی خۆیدا بۆ ئەوەی هاو کوردەکانی لە باکوری عێراق بتوانن پەرە بە سەرچاوەکانیان بدەن و کەمتر پشت بە حکومەتی عێراق ببەستن.

1

لۆرد ئیناڵز ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤

United Nation Approve for Sardar Pishdare to open the Kurdish Oil Wells and he did in the end of 1991, but Barzani and Talabani Teak over the Sardar Pishdare project by the sport of Saddam Husain and Iran and Turkey, they try to smuggle Kurdish Oil sins that time up to know, they become a bilinear but the minority of the kurd is under the low level live.






ئاگری نەورۆز بە گڕی نەوتی کوردستان لە ١٩٩٢

میسری بەناوی (الفاید) کە لەبەریتانیا خوێندنی تەواو کردبوو، بەپشتیوانی هێزی ژێرپەردەی بەریتانیا، پڕۆژەیەکی بۆ دەستکاری کردنی نەوتی ئیمارات دروست کرد، ڕۆیشت شێخەکانی ئیماراتی بینی و پڕۆژەکەی بۆ ڕوون کردنەوە، ئەوانیش زۆر زانایانە گوێیان بۆ گرت و دەستخۆشیان لێکردو ئازادیان کرد بۆ دەستکاری کردنی نەوتی ئیمارات، الفایدی ئەندازیاریش زۆر زانایانە بە پشتیوانی هێزی ژێر پەردەی بەریتانیا، کەوتە دەرهێنان و بەبازار گەیاندنی نەوتی ئیمارات و ئەو بیابانەی ئیماراتی کرد بەو ئیمارات و دوبەی ئەمڕۆ.

ئەو بەرنامە تەلەفزوێنیە، بۆ من بوو بە زانکۆیەک بۆ فێربوون لە چۆنیەتی دەستکاری نەوتی کوردستان بۆ ڕزگاری نەتەوەکەم، قسەم لەگەڵ هێزی پاش پەردەی بەریتانیاو ئەمەریکا کردو لە دەرفەتی کۆڕەوەکەدا لە١٩٩١ دا کەوتمە خۆ و پڕۆژەیەکم بۆ دروست کردو بەپشتیوانی هەردوو وڵاتی بەریتانیاو ئەمەریکا دەنگی پڕۆژەی نەوتی کوردستانم بەگوێی دنیا دادا، بەدۆستەکانم گووت با لەنەتەوە یەکگرتوەکانەوە دەست پێ بکەین، ئەوانیش منیان بردە ناو نەتەوە یەکگرتوەکان و نامەی نەتەوە یەکگرتوەکانیان بۆ وەرگرتم، منیش نەترسانە قۆڵم لێ هەڵکردو گەرامەوە بۆ کوردستان، بە پشتیوانی ئەندازیارانی ناخۆو بێگانە، نەوتی کوردستانم دەرهێناو بەدنیام ناساند.

جیاوازی لە نێوان شێخەکانی ئیمارات و شێخە کوردەکان لەوەدابوو، کە شێخە ئیماراتیەکان، الفایدیان ئازاد کردو دەستیان نەبەست، بەڵام شێخە کوردەکان بەپێچەوانەی ئەوانەوە دەستی منیان بەست و پڕۆژەکەیان بۆ خۆیان داگیر کردو منیان لەوڵات بەدەر ناو نەوتی کوردستانیان بەم ڕۆژەی ئەمڕۆ گەیان کە تاڵانفرۆش کراو کورد لەسەریشی قەرزدار بۆوە.



# سروتی هاوڕێیەتی

## ڕامانێک لە مێژووی هاوڕێیەتی



د. کامەران محەمەد

بوون و چەمک

دیارە لە کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، زۆر و کەم قسە لەسەر چەمکی (هاوڕێیەتی) کراوە، بەڵام ئایا لەنێو کایەی مێژوونووسیدا زاراوەیەکمان هەیە بەناوی (مێژووی هاوڕێیەتیی) ەوە؟ ئەگەر هەیە چی دەگرێتەوە و گرنگترین تایبەتمەندیی و میتۆدی ئەو کایە مێژوونووسییە چین؟

ئەگەر لەنێو مێژوونووسییدا مێژوویەک بۆ ململانێ و ناکۆکیی و تەنانەت جەنگەکانیش لە ئارادابن، ئەوا بۆ نابێت مێژوویەک بۆ هاوڕێیەتی هەبێت؟

بەدڵنیاییەوە مێژوویەک بۆ هاوڕێیەتی هەیە و لێکۆڵینەوە لەوە دەکات، کە چۆن (چەمک) و (جوڵە) و (ڕۆڵی کۆمەڵایەتی) هاوڕێیەتی بە تێپەڕبوونی کات پەرەی سەندووە. واتە ئەم بوارە لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن هاوڕێیەتی لە قۆناغ و کەلتوورە مێژووییە جیاوازەکاندا پەی پێبراوە و بەهای بۆ دانراوە و گوزارشتی لێکراوە.

بۆیە مێژووی هاوڕێیەتی (گۆڕان)ی سروشتی پەیوەندییە کەسییەکان بە درێژایی مێژوو لەخۆدەگرێت. دواتر لەوە ڕادەمێنێت کە چۆن هاوڕێیەتییەکان لە ژێر کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی و سیاسی و ئابوورییەکاندا دروست بوون.

لەو سەربەنەوە هاوڕێیەتی یەکێکە لەو پەیوەندییە مرۆییە (بەردەوام) و (بەهادار)انەی بەدرێژایی مێژوو زۆرترین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. واتە هەر لە تێرامانە فەلسەفییەکانی یۆنانی کۆنەوە تا پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانی سەردەمی مۆدێرن، چەمک و مومارەسە هاوڕێیەتییەکان شانبەشانی گۆڕانکارییە کۆمەڵگەییەکان پەرەی سەندووە.

هەواڵنامەی کتێب

## مێژوو

مێژووی هاوڕێیەتی وەک بوارێکی نێو کایەی مێژوونووسیی تا ئەندازەیەک نوێیە، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکـەوت. لە کاتێکدا هاوڕێیەتی بۆ چەندین سەدە بابەتێکی گرنگی نێو ئەدەب و فەلسەفە و پسپۆڕییەکانی دیکە بوو، بەڵام تا ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابـردوو، مێژوونووسان بەشێوەیەکی میتۆدیی وەک بواریکی جیامەندی نێو توێژینەوە مێژووییەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاوڕێیەتی نەکرد.

لەحەفتا و هەشتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا گرنگیدانە ئەکادیمییەکان بە (مـێژووی سۆز) و (ژیانی تایبەتیی) زەمینەی بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاوڕێیەتی خۆشکرد. مێژوونووسانێکی وەک (فیلیپ ئـاریس) و (لـۆرێنس سـتۆن) لە (پـەرەسـەندنی خـێزان) و (منداڵێتی) و (ژیانی تایبەت)یان کۆڵییەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەرگـایـان بۆ لێکۆڵینەوەیەکی وردتـر لەسەر هاوڕێیەتی کردەوە.

دواتـر لـە هـەشـتـاکـانی سـەدەی ڕابـردوودا و سـەرهـەڵـدانـی (مـێـژووی کـۆمـەڵایـەتـی) و (مایکرۆمێژوو)، مێژوونووسانی هان دا، کە لە ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کەسییەکان وردتر ڕابمێنن، لەوانەش هاوڕێیەتی. لەم قۆناغەدا ژمارەیەکی بەرچاو توێژینەوە بەرهەم هاتن، کە لێکۆڵینەوەیان لە چۆنییەتی کارکردنی هاوڕێیەتی لە چیوە مێژووییە جیاوازەکاندا دەکرد.

هەروەها لەدەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە بەرهەمێکی گرنگی وەک (هاوڕێیەتی: مێژوو) کە لەلایەن (باربارا کەین و ئەوانی دیکە)وە بڵاوکرایەوە، ئەم کتێبە تێڕوانینێکی گشتی دەربارەی مێژووی هاوڕێیەتی لە سەردەمی کۆنەوە تا سەردەمی مۆدێرنی خستووەتەڕوو، هاوکات شێوە و واتا جۆراوجۆرەکانی لە کەلتوور و ماوە مێژووییە جیاوازەکاندا ئاشکرا کردووە.

هەروەها بڵاوکردنەوەی کتێبی (هاوڕێیەتی لە جیهانی کلاسیکدا) لە نووسینی دەیڤید کۆنستان لە ساڵی (١٩٩٧) دا، بە بەرەوپێشچوونێکی تری ئەو بـوارە دادەنرێت، کۆنستان لەم کتێبەیدا بە وردیی هەڵوێستەی لەسەر (سروشتی هاوڕێیەتی) لە یۆنان و ڕۆمی کۆندا کرد، هاوکات ڕەهەندە ئاکاریی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئاشکراکرد.

پـاشـان لـە سـەدەی بیست و یـەکدا بـوارەکـە زیـاتـر گـەشـەی کـرد، لـەسـەربـەنـی یەکێتی زانستە مرۆڤایەتییەکان و فرە میتۆدیی نێوان زانستەکانەوە، توێژەران بە نامە و یاداشت و بیرەوەریی و بەڵگەنامە کەسییەکان ئاشنابوون، بۆیە لێرەوە پەییان بە پەرەسەندنی پێوەر و هەڵسەکەوتەکانی هاوڕێیەتی بە تێپەڕبوونی کات برد. بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی کتێبی (گۆڕینی هاوڕێیەتی ئەمریکی) لە نووسینی ڕیچارد گۆدبیر لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، بە نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بوارە دادەنرێت، کە تێیدا باسی گۆڕانی هاوڕێیەتی لە ماوەی کۆلۆنیالیزمدا تا ئیستای کرد، ئەمیش بە تیشک خستنەسەر کاریگەریی گۆڕانی پێوەرە کۆمەڵایەتیی و بەها کەلتوورییەکان.

دواتر بڵاوکردنەوەی کتێبی (هاوڕێیەتی و سیاسەت لە فـەرەنـسـای دوای شـۆڕش)دا لـەلایـەن سـارا هۆرۆڤیتز لە ساڵی (٢٠١٣)دا، لەم بوارەدا کارێکی گرنگ بوو، کە تێیدا بە وردیی لە ڕۆڵی هاوڕێیەتی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی فەرەنسای دوای شۆڕشی کۆڵیوەتەوە، هاوکات جەختی لەسەر گرنگییەکەی لە داڕشتنی هاوپەیمانێتییە سیاسیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کردووەتەوە.

لەبەر ئەوە ئەم بەرهەمانە بۆ چەسپاندنی کایەکە

یارمەتیدەر بوون. هاوکات زۆرجار تێڕوانینە مێژوویی، کۆمەڵناسیی، ئەنترۆپۆلۆژیی و دەروونناسییەکانیان تێکەڵ دەکرد، بۆ ئەوەی دیدێکی هەمەچەشن بۆ هاوڕێیەتی پێشکەش بکەن.

## پەرەسەندن

لە یۆنانی کۆندا هاوڕێیەتی یان (فیلیا)، لایەنێکی بنەڕەتی هەردوو ژیانی کەسیی و سیاسی بوو. فەیلەسوفانێکی وەک سۆکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ بە شێوەیەکی فراوان لەبارەی هاوڕێیەتییەوە نووسیویانە و وەک پێکهاتەیەکی گرنگی ژیانێکی باش سەیریان کردووە. دیالۆگەکانی ئەفلاتون بەتایبەتی (لیسیس) و (فایدرۆس)، لە سروشتی هاوڕێیەتیدا قووڵ بوونەتەوە و کاریگەرییە ڕەوشتیی و کۆمەڵایەتییەکانی پشکنیوە.

ئەرستۆش لە کتێبی (ئاکاری نیکۆماخی)دا زیاتر لەو بابەتە دووا، کە تێیدا سێ جۆر هاوڕێیەتی دەستنیشانکرد: کە بریتیبوون لە هاوڕێیەتی لەسەر بنەمای (سوود) و (چێژ) و (فەزیلەت). ئەو هاوڕێیەتییەی لەسەر فەزیلەت دامەزرابوو، کە بە ڕێزگرتن و سەرسامبوون بە یەکتر جیادەکرایەوە، بە باڵاترین شێوەی هاوڕێیەتی دادەنرێت. ئەم تێڕوانینە کۆنانە جەخت لەسەر ئەو گرنگییە قووڵە دەکەنەوە، کە لە سەردەمی کلاسیکدا بۆ هاوڕێیەتی لە ئارادابووە.

دواتر لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، زۆرجار هاوڕێیەتی لە ڕێگەی ڕێورەسم و ئاهەنگەکانەوە بە فەرمی پێک دەهێنرا، ئەمەش ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە دروستکردنی هاوپەیمانی سیاسی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەگێڕا. بۆیە چەمکی هاوڕێیەتی لە پەیکەرە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ناوەند (مرکز)یی بوو، کە هاوڕێیەتی دەیتوانی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان دروست و بەهێز بکات. بۆ نموونە هاوڕێیەتی نێوان (تۆماس بێکێت) و شا هێنری دووەم، ئاڵۆزییە سیاسی و کەسییەکانی هاوڕێیەتی سەدەکانی ناوەڕاست ئاشکرا دەکات. پەیوەندی نێوانیان کە وەک (هاوپەیمانێکی نزیک) دەستیپێکرد، دواجار بووە هۆی کوژرانی بێکت.

لە سەردەمی ڕێنێسانسیشدا بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی جەختی لەسەر بەهای هاوڕێیەتی وەک ئامرازێک بۆ گەشەکردنی کەسیی و هزریی کردەوە. مرۆڤگەرانێکی وەک (ئیراسموس) و (تۆماس مۆر) هاوڕێیەتی قووڵیان لەنێو خۆیاندا پاراست، ئەوەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بەرهەم و هزرەکانیان هەبوو. نامەنووسییەکانیان بەڕوونی ئەو کاریگەرییە قووڵەی هاوڕێیەتی لەسەر بەشدارییە فەلسەفی و ئەدەبییەکانیان ئاشکرا دەکات.

ڕۆشنگەریی تێڕوانینی نوێی بۆ هاوڕێیەتی هێنایە ئاراوە، فەیلەسوفێکی وەک (دەیڤید هیوم) ئابووری ناسێکی وەک (ئادەم سمیس) گرنگییە ئاکاریی و کۆمەڵایەتییەکەیان ئاشکراکرد. (وتارەکان)ی هیوم و (تیۆری هەستە ئاکارییەکان)ی سمیس، باس لەوە دەکەن، کە چۆن هاوڕێیەتی لە گەشەپێدانی ئاکاریی و وابەستەبوونی کۆمەڵایەتیدا پشکداریی دەکات. هەروەها نامە و پەیوەندییە کەسییەکانیان ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە چۆن هاوڕێیەتییەکەیان فەلسەفەکانیانی پێکهێناوە.

دواتر ڕۆمانتیک زیاتر چەمکی هاوڕێیەتی بەهێزکرد، لەم قۆناغەدا زیاتر جەخت لەسەر سۆزداریی و پەیوەندی کەسیی کرایەوە. زۆرجار لە نێو ئەدەب و هونەردا ئاهەنگ بۆ هاوڕێیەتی دەگێڕدرا، کە تیشکیان دەخستە سەر ڕۆڵەکەی لە بەدیهێنانی (ئەمەکداریی کەسیی) و (دەربڕینی داهێنەرانە)دا.

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا سروشتی هاوڕێیەتی زیاتر کەسیی و کەمتر فەرمی بووە. هاتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری بەرچاویان بەسەر چۆنێتی (پاراستن) و (تێگەیشتن)ی هاوڕێیەتییەتیدا هێناوە. پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرام و...تاد ڕێگە بە خەڵک دەدەن، لە مەودا فراوانەکاندا پەیوەندی بکەن، واتە سەرلەنوێ سنوورەکانی هاوڕێیەتی پێناسە دەکەنەوە.

سەردەمی دیجیتاڵی (ئاڵنگاریی) و (دەرفەت)ی نوێی بۆ هاوڕێیەتی هێناوەتە ئاراوە. لە کاتێکدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگە بە پەیوەندی بەردەوام دەدەن، بەڵام پرسیار لەبارەی قووڵیی و ڕەسەنایەتی ئەم پەیوەندییە دیجیتاڵیانەش دەوروژێنن. چەمکی (هاوڕێیەتی مەجازی) مشتومڕی زانایان و کۆمەڵناسانی لەبارەی کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا لەسەر پەیوەندییەکانی مرۆڤ دروستکردووە.

## میتۆد

یەکێک لەو پرسیارە گرنگانەی کە لە کاتی توێژینەوەی مێژووی هاوڕێیەتیدا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەوەیە کە بە چ میتۆدێک دەتوانرێت لەم مێژووە بکۆڵرێتەوە، دیارە هەروەک چۆن هاوڕێیەتی بابەتی لقێکی دیاریکراوی زانستە مرۆڤایەتییەکان نیە، دەشێت لە یەک کاتدا کۆمەلناس و دەروونناس و مرۆڤناس و ..تاد لێیبکۆڵنەوە، ئەوا بەهەمانشیوە دەکرێت مێژوونووسیش بۆ توێژینەوەی مێژووی هاوڕێیەتی سوود لە تەواوی میتۆدی لقە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان ببینێت، لێرەدا چەند ئاماژەیەکی کورت پێشکەش دەکەین:

١ ) توێژینەوە ئەرشیفییەکان: ئەرشیفەکان گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی توێژینەوە مێژووییەکانن، سودوەرگرتن لەو میتۆدە مێژووییە گرنگانەی کە شەن و کەوی ئەو گەنجینانەیان پێدەکریت، لە بنەڕەت و دەستپێکەکانی ئەو میتۆدانەن، بۆ نموونە بەکارهێنانی نامە و یاداشت و بیرەوەریی و کەرەستەی ئەرشیفی تر بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە دەربارەی هاوڕێیەتی لە مێژوودا. واتە توێژینەوەی ئەرشیفی دەتوانێت چیرۆک و ئەزموونە کەسییەکان ئاشکرا بکات و ڕۆشنایی بخاتە سەر سروشتی هاوڕێیەتی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا.

٢ ) میتۆدەکانی کۆمەڵناسیی: مێژوونووسان دەتوانن بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مێژووی هاوڕێیەتی ئەو میتۆدانە بەکاربهێنن، کە کۆمەڵناسان بەکاریان دینن، ئەویش بۆ لێکۆڵینەوە لە (بونیاد) و (پێوەر)ە کۆمەڵایەتییەکان، هەتا بزانین چۆن هاوڕێیەتییان دارشتووە. ئەم میتۆدانە دەتوانن ئەوە ئاشکرا بکەن، کە چۆن هاوڕێیەتییەکان لەناو پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چوارچێوە کەلتوورییە جیاوازەکاندا کاریان کردووە.

٣ ) میتۆدە ئەترۆپۆلۆجییەکان: بەهەمان شێوازی میتۆدەکانی کۆمەڵناسان، مێژوونووسان دەتوانن میتۆدەکانی کایەی ئەنترۆپۆلۆجی بۆ تێگەیشتن لە هاوڕێیەتی بەکاربهینن، بۆ نموونە بەراوردکردنی هاوڕێیەتی لە نێو تەواوی کەلتوور و قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا. ڕەنگە مرۆڤناسەکان لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی پێکهێنانی هاوڕێیەتی و پاراستنی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بکەن، ئەمەش لەیەک کاتدا دیدێکی گشتی و تایبەتیمان سەبارەت بە دروستبوونی هاوڕێیەتی لەنێو کەلتوورە جیاوازەکاندا لە زەمینە مێژووییەکاندا بۆ دروست دەکات.

٤ ) شیکاریی ئەدەبی: پشکنینی دەقە مێژووییەکان

و ئەدەب و نامەنووسیی کەسیی، بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی هەستکردن و وەسفکردنی هاورێیەتی، بۆ نموونە شیکردنەوەی نامەکانی نێوان رۆشنبیرانی سەردەمی رێنێسانس (وەک ئاماژەی بۆ کرا) دەتوانێت تێروانینێک بۆ هاورێیەتییەکانیان و کاریگەرییان لەسەر بەرهەمەکانیان پێشکەش بکات.

٥ ) توێژینەوە ژیاننامەییەکان: ئاوڕدانەوە لە ژیان و پە یوەندیی کەسایەتییە مێژووییەکان، بۆ تێگە یشتن لە رۆڵی هاورێیەتی لە ژیانی تاکەکەسیی و گشتییاندا. زۆرجار ژیاننامەی کەسایەتییە دیارەکان تیشک دەخاتە سەر هاورێیەتییان و کاریگەرییان لەسەر دەستکەوتەکانیان.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین مێژوونووسان بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاورێیەتی، سەرچاوەی جۆراوجۆر و هاوکات میتۆدەکانی (مێژووی کۆمەڵایەتی) و (مایکرۆمێژوو) و (مێژووی کەلتووریی) و میتۆدە جیاوزەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ شیکردنەوەی ئەم سەرچاوانە بەکاردەهێنن.

## تایبەتمەندییەکان

دیارە تێگەیشتن لە هاورێیەتی و مێژووەکەی کارێکی رووکەشیی و ئاسان نییە، بەڵکو دەکرێت لە چەندەها گۆشە و لایەنی جیاوازەوە هەوڵی ئاشکراکردنی بدرێت، بۆیە لێرەدا و لە میانەی چەند خاڵێکدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی دیاریکراوی ئەو کایە گرنگە:

١ ) پەرەسەندنی پیوەرە کۆمەڵایەتییەکان: دەبێت مێژوونووس ئەوە بزانێت، کە چاوەڕوانی و پیوەرەکانی هاورێیەتی بە تێپەڕبوونی کات گۆڕاون. لە یۆنانی کۆندا هاورێیەتی وەک زەرورەتێکی بنەڕەتی بۆ ژیانێکی فازیلە لێیدەڕوانرا، لە کاتێکدا لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆ هاوپەیمانییە سیاسییەکان گرنگ بوو، لە سەردەمی ئێستاشدا هاورێیەتی زیاتر کەسییە و کەمتر فەرمییە.

٢ ) جیاوازییە کەلتوورییەکان: توێژەران لێکۆڵینەوە لەوە دەکەن، کە چۆن پێوەر و هەڵسوکەوتەکانی هاورێیەتی لە تەواوی کەلتوور و قۆناغە مێژووییەکاندا جیاوازن، ئەمەش گوزارشت لە هەمەجۆریی لە (تێگەیشتن) و (دەربڕین)ی هاورێیەتیدا دەکات. واتە کەلتوورە جیاوازەکان تێگەیشتن و مومارەسەی جیامەندی خۆیان بۆ هاورێیەتیی هەیە. بۆ نموونە چەمکی (گوانشی guanxi) لە کەلتوری چینییدا جەخت لەسەر گرنگی وابەستە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییە بەرامبەرەکان دەکاتەوە، ئەوەش جیاوازە لە چەمکە تاکگەراییە خۆرئاواییەکان سەبارەت بە هاورێیەتی.

٣ ) کاریگەریی پەیکەرە کۆمەڵایەتییەکان: (پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان)، (رۆڵی رەگەزیی) و (جیاوازی چینایەتی) کاریگەرییان لەسەر هاورێیەتی هەیە. بۆ نموونە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بەزۆریی هاورێیەتی سنووری کۆمەڵایەتی نەدەبەزاند، لە کاتێکدا لە سەردەمی رێنێسانسدا هاورێیەتی هزریی بزوێنەری بزووتنەوەی مرۆڤگەرایی بوو.

٤ ) دەربڕینەکانی هاورێیەتی: هاورێیەتی لە رێگەی زمان، ئەدەب، هونەر و مومارەسە کۆمەڵایەتییەکانەوە خۆی نمایش دەکات. لە دەربڕینە شیعرییەکانی هاورێیەتی لە ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و رێنێسانسەوە تا دەگاتە نوێکردنەوەی بار و تویتەکانی سەردەمی مۆدێرن، واتە ئەو شێوازانەی کە مرۆڤەکان (گوزارشت) و (پارێزگاری) لە هاورێیەتی پێدەکەن،

هەولێرنامەی کتێب

بەدرێژایی سەردەمەکان پەرەی سەندووە.

٥ ) هاورێیەتی و سیاسەت: بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵی هاورێیەتی لە هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان و جوڵەی هێزدا بابەتێکی دووبارەبووەوەیە. لە یۆنانی کۆن هاورێیەتی سیاسی بۆ حوکمڕانی پێویست بوو، لە کاتێکدا لە سەردەمی ڕێنێسانسدا هاورێیەتی هزریی کاریگەری لەسەر هزری فەلسەفی و سیاسی (وەک پێشتر باسکرا) هەبوو.

٦ ) سروشتی فرە پسپۆڕێتی: توێژینەوە لە مێژووی هاورێیەتی سوود لە مێژوو، کۆمەڵناسیی، ئەنترۆپۆلۆژیی، دەروونناسیی، و ئەدەب وەردەگرێت، هەموو ئەمانە بەرێژەی جیاواز تێگەیشتنێکی گشتگیر لە چۆنێتی پەرەسەندنی هاورێیەتی دروست دەکەن.

٧) کاریگەریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان: ئەم بوارە لەوە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە گەورەکان کاریگەرییان لەسەر شێوازەکانی هاورێیەتی جێهێشتووە. بۆ نموونە کاریگەریی شارنشینی و پیشەسازیی و پەیوەندی دیجیتاڵی لەسەر هاورێیەتی.

بەمشیوەیە مێژووی هاورێیەتی (سروشتی ئاڵۆز) و (پەرەسەندنی پەیوەندییە مرۆییەکان) ئاشکرا دەکات. بە پشکنینی هاورێیەتییەکان لە ڕێگەی هاوێنەی مێژوویی جۆراوجۆرەوە، تێگەیشتنێکی قووڵتر بەدەست دەهێنین، کە چۆن هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و سیاسییەکان کارلێکەکانمان پێکدەهێنن. لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاورێیەتی جەخت لەسەر گرنگی (نەمریی) ئەم پەیوەندیانە دەکاتەوە و تێڕوانینێکی بەهادار لەبارەی دۆخی مرۆڤایەتیەوە پێشکەش دەکات. جا چ لە ڕێگەی مشتومڕە فەلسەفیەکانی یۆنانی کۆنەوە بێت یان پەیوەندییە دیجیتاڵییەکانی سەردەمی مۆدێرن، ئەوا هاورێیەتی بەردەوام ڕۆڵێکی زیندو لە ژیانماندا دەگێڕێت، کە وەڵامدانەوەی پێویستی مرۆڤە بۆ پەیوەندی و هاورێیەتی.

سەرچاوەکان

1. Wayne C. Booth: The Company We Keep: An Ethics of Friendship, University of California Press, Berkeley, CA,1st edition, 1988.
2. Barbara Caine: Friendship: A History, Equinox Publishing, London, UK, 1st edition, 2009.
3. Neera Kapur Badhwar (Editor): Friendship: A Philosophical Reader, Cornell University Press, Ithaca, NY, 1st edition, 1993.
4. Liz Spencer and Ray Pahl: Rethinking Friendship: Hidden Solidarities Today, Princeton University Press, Princeton, NJ, 1st edition, 2006.
5. Richard Godbeer: The Overflowing of Friendship: Love Between Men and the Creation of the American Republic, Johns Hopkins University Press, Baltimore, MD, 1st edition, 2009.
6. A. C. Grayling: Friendship, Yale University Press, New Haven, CT, 1st edition, 2013.
7. Maurice Blanchot: Friendship, Stanford University Press, Stanford, CA, 1st edition, 1997.
8. Liz McInnes: Friendship: A Study in Theological Ethics, Routledge, London, UK, 1st edition, 2008.
9. Vernon L. Provencal: Sophocles Philoctetes and the Great Soul Robbery, Oxford University Press, Oxford, UK, 1st edition, 2009.
10. Janet Finch: Family Obligations and Social Change, Polity Press, Cambridge, UK, 1st edition, 1989.

# بۆچی کورد ناتوانێت یەکبگرێت؟



د. کامەران مەنتك

ئایا کورد نەتەوەیەکی خۆ خۆرو خائینە لەگەڵ یەکتر بۆیە ناتوانێت یەکگرێت، ئایا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا لەقۆناغی دەرەبەگایەتی دایەو نەگەیشتۆتە ئاستی نەتەوە بۆیە ناتوانێت یەکگرێت، ئەمانەو زۆر شتی تر دەربارەی یەکنەگرتن وپەرتەوازەیی کوردان دەگوترێت، کە بەشی هەرە زۆری ئەو گوتنانە لەچوارچێوەی شەڕێکی دەروونیدایەو لەپێناو نەهێشتنی متمانەو تێکشکاندنی ئیرادەی مرۆڤی کورد بەڕێوە دەچێت! ئەی کەواتە کورد بۆچی یەکناگرێت وهۆکاری یەکنەگرتنی کوردان لە کوێدایە؟

لەراستیدا یەکگرتن دروشم نییە وبەرزبکرێتەوە، وەک لەناو کوردا باوەو هەموو باسی یەکگرتن دەکەن وخەونی پێوە دەبینن، کەچی ناتوانن یەکگرن، بەڵکو یەکگرتن پێویستی بەکۆمەڵێک دامودەزگای نیشتمانی ونەتەوەیی هەیە، کە پێویستە بەشێوەیەکی سیستەماتیک کار لەسەر ئەو یەکگرتنە بکات، ئەو دەزگایانەش پێویستیان بەزەمینەو ژێرخانێکی یەکگرتوو هەیە، لەسەر زەمینەیەکی نایەکگرتوو ناتوانرێت یەکگرتن بهێنرێتە دی، کەواتە هۆکاری سەرەکی یەکنەگرتنی کورد نەتەوەیی نییە، بەڵکو ئەو زەمینەیە، کە کوردی لەسەر نیشتەجێیە، بە واتایەکی تر پەرتەوازەیی کورد پەرتەوازەییەکی جیۆستراتیژییە، کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافی، یاخود وەک هەرێمێکی جوگرافی یەکگرتوو نەماوەتەوە تاوەکو بتوانرێت یەکێتییەکی نەتەوەیی لەسەر دروست بکرێت، کاتێک وڵاتێک دەبێتە زەمینەی ململانێیەکی

هەواڵنامەی کتێب

جیهانی و بەرژەوەندی زلهێزەکان لەسەریدا ئۆقرە دەگرێت، ئەوە بەگوێرەی ئەو هاوسەنگی هێزەی دێتە ئارا، پارچە پارچە دەبێت وهەر پارچەی رەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی هێزێکی جیاواز دەبێت، بەواتایەکی تر، یەکپارچەیی خاک لەرووی سیاسی وپاساییەوە لەت دەبێت وبەمەش کۆسپێکی گەورە بۆ یەکگرتن دروست دەبێت.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری نەخشەی سیاسی ودابەش بوونی هێزە کوردییەکان بکەین، دەبینین لەسەر ئەو بنەمایە دابەش بوون، هەر هێزێک کەوتۆتە ناوچەیەکی هەژموونی جیاوازەوە، ئەو جیاوازییە، کە جیاوازی نێوان هێزەکان قووڵتر دەکاتەوە وریگە نادات یەکگرتن دروست بێت، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت، کە بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزو هەژموونکارەکان لەمەدا دەبێت، بۆ نمونە لەکاتی شەڕی داعشدا، رێگە درا هێزەکانی پێشمەرگە، تەنانەت بەناو خاکی تورکیاشدا بچێتە کۆبانێ ولەپاڵ شەڕڤانەکانی رۆژئاوا لە کۆبانێ بجەنگێت، دواتریش کاتێک بەرژەوەندی زلهێزەکان لەمەدا نەما، هەر دوای شەڕی باغۆزو شەڕی موسڵ، تورکیا پەلاماری رۆژئاوای کوردستانی داو ئێراقیش پەلاماری کەرکوک وئەو ناوچانەی دا، کە نەدەکەوتنە ژێر هێڵی ٣٦. بۆیە ئەگەر بمانەوێت یەکێتییەک بۆ کوردان دروست بکەین، دەبێت واز لەو شیکردنەوە ناتەندروستانە بێنین، کە هۆکاری پەرتەوازەیی و یەکنەگرتن دەگەڕێنێتەوە بۆ ناتەبایی وکەموکوڕی دەروونی لای مرۆڤی کورد، بەڵکو دەبێت لەو روانگە جیۆستراتیژییە واقعییەوە کار لەسەر یەکگرتن بکرێت، کە باسمان کرد، دیارە ئەمەش پێویستی بە دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی ونەتەوەیی تۆکمەو بەرفروان هەیە.



# سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێراق لەسەر گۆڕینی دیموگرافیای پارێزگای کەرکوك



نووسینی:
پ. د. کەیوان ئازاد ئەنوەر

زانستی ئامار: (ئامار) واتە کۆمەڵە ژمارە و داتایەک، کە دیوێکی زانستی بە ژیانی دەوڵەت و کۆمەڵگا و خێزان و تاکەکانی سەر زەوی دەبەخشێت. ئەو زانستەی ڕووە نهێنی و شاراوەکانی ڕابردوو و تەنانەت ئێستاش دەخاتەڕوو. ئەوەش بە مەبەستی واڵاکردنی دەروازەکانی ئێستا بەڕووی ئایندەدا.

زانستی ئامار لە خزمەتی زانستی مێژوودا: یەکێک لەو خزمەتە گەورانەی زانستی ئامار بە یەکێک لە بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی کردووە (مێژوو)ەوە. دیارە ئەوەش لەسەر ئەو ڕاستییەی، کە هەمیشە ئامارەکان بوونە بەهێزترین بەڵگەنامە و سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو بۆ زۆربەی هەرە زۆری ڕووداو و بەسەرهات و دەساوەردەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.


زانستی ئامار و مێژووی کەرکوک: یەکێک لەو لایەنانەی مێژوو و لە نێویشیاندا مێژووی کورد، کە ئەم زانستە خزمەتێکی گەورەی پێکردووە (مێژووی ئاماری نەتەوەکانە لە پارێزگای کەرکوک). ئەو زانستەی بەهۆیانەوە ڕووی ڕاستی ژمارە و هێزی نەتەوەکانی ئەو شارەی نزیک بە سەدەیەک خستۆتەڕوو. ئەمەو نابێت ئەوەش لە یاد بکەین، کە مێژووی زیاتر لە هەشتا ساڵی شاری (کەرکوک) و سنووری ناوچەکەی لە سەردەمی ڕژێمی پادشایەتی (١٩٢١-١٩٥٨ز) و سەردەمی کۆماری، تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس (١٩٥٨-٢٠٠٣ز) دەریانخستووە، کە ڕژێمە سەردەستەکانی عێراق ستەمێکی گەورەیان لە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو پارێزگایە

هەواڵنامەی کتێب

بە گشتی و شاری کەرکوک بە تایبەتی کردووە. دیارترین نموونەش چەند ئامارێکە، کە ڕووی لەسەر ئەو ڕاستیانە لابردووە. لەم ڕووەوە ئامارێکی (کۆمەڵی نەتەوەکان-عصبە الامم)، کە ساڵی (١٩٢٥ز) بۆ شاری (کەرکوک) و دەوروبەریان ئەنجامی داوە، ڕێژەی (کورد)ی لەو شارە بە (٤٢,٥٪) دیاریکردووە، لەکاتێکدا ڕێژەی عەرەبەکانی بە(٣١,٩٪) و ڕێژەی تورکمانەکانی بە (٣٣,٤٪) و کلدوئاسوری بە (٢,٢٪) داناوە(١). بەمەش دەردەکەوێت، کە تا ساڵی (١٩٢٥ز) ژمارەی کورد نزیک بە هێندە و نیوی هەریەک لە عەرەب و تورکمانەکان بووە. خودی ئەو ئامارەش ئەگەرچی هەڵەی تێدا کراوە، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی پێی هەستاوە، کە (کۆمەڵی نەتەوەکان) بووە لەو کاتەدا.

ئەمەو لە لایەکی ترەوە کاتێک ئینگلیزەکان وویستیان پشتیوانی بۆ پادشایەتی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) لە عێراق کۆبکەنەوە، هەوڵیاندا ڕای بەشێک لە دانیشتوانی چەند شار و شارۆچەکەیەکی هەر (سی) ویلایەتی (بەغداد، موسڵ، بەسرە) وەربگرن. لەم بوارەشدا دوای ڕاپرسییەکیان لە شاری کەرکوک و دەوروبەری، گەیشتنە ئەوەی، کە لە کۆی (٢٨٥٠) دەنگدەر تەنیا (٦٤) کەس دەنگیان بەو کەسایەتییە عەرەبییە حیجازییە داوە، تا ببێتە پادشای عێراق. لە کاتێکدا (٢٧٨٦) کەس دەنگیان بۆ (فەیسەڵ) نەداوە. تەنانەت لە شارۆچەکەکانی (پردێ و داقوق و مەلحە و شوان) لە کۆی (١٨٨٦٣) دەنگدەر، یەک کەس دەنگی پێ نەدا(٢). ئەوەش ئەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی، کە ئەگەر هەموو کوردەکانی لیوای کەرکوک نەبووبن، ئەوا بەشی هەرە زۆریان پادشایەتی ئەو کەسایەتییە عەرەبییە حیجازییەیان ڕەتکردۆتەوە. ئەو وەڵامەش لەو ڕاستییە بەدەر نەبووە، کە کوردەکانی سنووری ئەو لیوایە خۆیان بە عێراقی یان هاوڵاتی سەر بە لیوای بەغداد نەزانیووە، تا دەنگ بە کەسێک بدەن، خەڵکی وڵات و خاکی خۆیان نەبێت.

کاتێکیش دێنە سەر ئاماری ساڵی (١٩٥٧ز)،



کەرکوک




کە تاکە ئاماری باوەڕپێکراوی سەردەمی ڕژێمی پادشایەتی بووە، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە کۆی (١٢٠٤٠٢) کەسی کۆی ژمارەی دانیشتوانی شارەکە، ژمارەی کورد لە خودی شارەکە (٤٠٠٤٧) کەس، واتە بە ڕێژەی (٣٣,٣٦٪) بووە، بەڵام لە قەزا و ناحییەکانی سەر بە لیوای کەرکوک لە کۆی (٣٠٢٠٩٢) کەس، (١٤٧٥٤٦) کەسی کورد بوون، واتە بە ڕێژەی (٥٤,٩٦٪) کورد بووە. بەمەش لەسەر ئاستی لیواکە ژمارەی کورد (١٨٧٥٩٣) کەس و بە ڕێژەی (٤٨,٢٤٪) بووە. لەکاتێکدا ژمارەی عەرەبەکان لە ناو شار (٢٧١٢٧) کەس و بە ڕێژەی (٢٢,٥٣٪) بوو. لە قەزاو ناحییەکانیش ژمارەکەیان (٨٢٤٩٢) کەس و بە ڕێژەی (٣٠,٧٣٪) بووە. بەمەش کۆی گشتی عەرەبەکانی لیواکە (١٠٩٦٢٠) کەس و بە ڕێژەی (٢٩,١٨٪) بووە. هەرچی ژمارەی تورکمانەکانە لە ناو شارەکە (٤٥٣٠٦) کەس و بە ڕێژەی (٣٧,٦٢٪) بووە، بەڵام لە قەزا و ناحییەکانی (٣٧٠٦٥) کەس بە ڕێژەی (١٤,١٨٪) بووە. لێرەوەش کۆی تورکمانەکانی ئەو لیوایە (٨٣٣٧١) کەس و بە ڕێژەی (٢١,١٤) بووە. سەبارەت بە کلدوئاشورییەکانیش ژمارەیان لە ناو شارەکە (١٥٠٩) کەس و بە ڕێژەی (١,٢٥٪) و لە قەزا و ناحییەکانیش (٩٦) کەس و بە ڕێژەی (٠,٠٣٪) بووە. بەمەش کۆی ئەوان لە سەرجەم لیواکە (١٦٠٥) کەس و بە ڕێژەی (٠,٤١٪) بووە(٣).

کاتێکیش دێنە سەر ئاماری ساڵی (١٩٧٧ز)، کە ئامارێکی دیاری بەرفراوانی مێژووی هاوچەرخی عێراق بووە، لە کۆی (٤٩٢٦١٥) کەسی کۆی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک، ژمارەی کورد لە سەرجەم پارێزگاکە (١٨٥٢٦٣) کەس و بە ڕێژەی (٣٧,٦٪) بووە. لەکاتێکدا ژمارەی عەرەبەکان (٢١٨٧٥٥) کەس و بە ڕێژەی (٤٤,٤٪) بووە. هەرچی ژمارەی تورکمانەکانە (٨٠٣٤٧) کەس و بە ڕێژەی (١٦,٣٪) بووە. ئەمەو ژمارەی کلدوئاشورییەکانیش (٨٢٥٠) کەس و بە ڕێژەی (١,٧٪) بووە(٤). بەمەش کۆی ئەوان لە سەرجەم پارێزگاکە (١٦٠٥) کەس بە ڕێژەی (٠,٤١٪) بووە

لەم ئامارانەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە ڕێژەی کورد لە شاری (کەرکوک) و دەوروبەری لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٥٧ز) ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەڵام لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧-١٩٧٧ز) بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیووە. هەرچی ڕێژەی نەتەوەکانی ترە، جگە لە عەرەب ڕووی لە کەمبوون کردووە. هەروەها ئەو شوێنانەی دژایەتی کوردی تێدا

کراوە و هەوڵی کەمبوونەوەی دراوە (کۆمپانیای نەوتی کەرکوک) بووە، کە بە (کۆمپانیای نەوتی باکوور) ناسراوە. ئەوەش وەک کۆمپانیایەکی هەستیار و گرنگی ئابووری، کە دەسەلات بوونی کوردی بە مەترسی بۆی زانیووە. لەم بارەوە دابەزینی ڕێژەی کورد لە ساڵی (١٩٥٧ز)ەوە بۆ (٢٠٠٥ز) بە ڕێژەی (٩٥٪) دابەزیووە. وەک ئەوەی لە ساڵی (١٩٥٨ز) واتە ساڵێک دوای سەرژمێرییەکەی (١٩٥٧ز)، ڕێژەی کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە (٣٨٪) بووە. ئەم ڕێژەیەش بۆ ساڵی (١٩٧٥ز) واتە (دوو) ساڵ بەر سەر ژمێرییەکەی (١٩٧٧ز) بۆتە (٩٪) و لە ساڵی (١٩٨٢ز) واتە (پێنج) ساڵ دوای سەرژمێرییەکەی (١٩٧٧ز) بۆتە (٥٪). ئەمەو لە ساڵی (١٩٨٨ز) بۆتە (٣٪) و لە ساڵی (١٩٩٥ز) بۆتە (٢٪) و لە ساڵی (٢٠٠٠ز) بۆتە (١٪)، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و لە ساڵی (٢٠٠٥ز) ئەو ڕێژەیە بۆ (٥٪) بەرز بۆتەوە. بە پێچەوانەی کوردەوە ڕێژەی عەرەبەکان لە ساڵی (١٩٥٨ز) لە (١٪) بۆتە (٥١٪) لە ساڵی (١٩٧٥ز). لە ساڵی (١٩٨٢ز)ش بۆ (٦٣٪) بەرز بۆتەوە. لەکاتێکدا لە ساڵی (١٩٨٨ز) بۆتە (٦٥٪) و لە ساڵی (١٩٩٥ز) بۆتە (٧٠٪) و لە ساڵی (٢٠٠٠ز) بۆتە (٧٣٪). لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٠٥ز) بۆ (٦٩٪) نزم بۆتەوە. هەرچی ڕێژەی تورکمانەکانە لە ساڵی (١٩٥٨ز) نزیکەی (١٦٪) بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٥ز) بۆ (٢٢٪) بەرز بۆتەوە. هەرچی لە ساڵی (١٩٨٨ز)ە، بۆ (٢١٪) و لە ساڵی (١٩٩٥ز) بۆ (١٩٪) و دابەزیووە، کە تا ساڵی (٢٠٠٥ز) لەو ڕێژەیەدا ماوەتەوە(٥). لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە هیچ نەتەوەیەک لە عێراقدا هێندەی نەتەوەی کورد ستەمی لێنەکراوە، بۆیە مافی خۆیەتی ڕای گشتی ناوخۆیی و دەرەکی لە ئاستیدا بێتە وەڵام.

لە نێو ئەو ئامار و تۆمارە مێژووییانەشەوە دەگەینە ئەوەی، کە هەموو هێز و دەسەڵاتدارە عێراقییەکان لە ماوەی (٨٢) ساڵدا لە هەوڵی ئەوەدا بووبن، مۆرکی نەتەوایەتی و نیشتمانی پارێزگای (کەرکوک) بگۆڕن و لە خاکی نیشتمانی ڕەسەنی خۆی، کە کوردستانە دای ببڕن، ئاسان نییە، بە چەند ساڵێکی دی وەک خۆی لێبکەنەوە. وەک ئەوەی ئەگەر ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق بکەینە پێوەر، کە لە ڕاپرسی (٣١ی کانوونی دووەمی٢٠٠٥ز)دا دەنگی لەسەر درا و نزیک بە (٧٥٪) عێراقییەکان قبوڵیان کرد، ئەوا هەڵەیەکی گەورە بوو بەو پێکهاتە و عەقلییەتەی تاکی عێراقی لەسەر بنیاتنراوە، بە (دوو) ساڵ، قەرەبووی (٨٢) ساڵی ستەم و گۆڕینی باری دیموگرافیای ئەو پارێزگایە بکەینەوە. ئەوەش دوای پشتبەستن بە برگەی سێیەمی ماددەی (١٤٠)، کە تەنیا (دوو) ساڵی بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە و گەڕانەوەی دۆخی کەرکوک بۆ بەر لە گۆڕینی دیموگرافیاکەی داناوە. دیارە ئەگەرچی هیچ یەک لەو پلان و نەخشانە نەیانتوانیووە ڕووی ڕاستی ئەو ئامارانە بگۆڕن و چەواشەی بکەن، بەڵام لەبەرچاوگرتنی ماوەی پیادەکردنی ئەو پیلان و سیاسەتە دوژمنکارانەیەی دەرحەق بەو پارێزگایە و دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کراوە، تا ئێستاش کوردبوون و کوردستانیبوونی شار و پارێزگاکە زیندووە. لەکاتێکدا تاکە پشتیوانی کورد لەو پارێزگایە ڕەسەنییەتی ئەو لە شار و پارێزگاکە بووە، لەپاڵ ئەو بەڵگەنامە و ئامار و سەرژمێرییانەی مێژووی عێراق، کە پەراوێزخستنی ئەستەمە.

سیاسەتی دەسەڵاتدارانی ئێراق لە پارێزگای

کەرکوک چیمان پێ دەڵێت؟ کاتێک دەمانەوێت شیکارێکی زانستی بۆسیاسەتی ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عێراق لە پارێزگای کەرکوک و دانیشتوانە ڕەسەنەکەی بکەین، دەگەینە ئەوەی، کە ئەو سیاسەتانە سەرباری ئەوەی هەستی نیشتمانپەروەری و پابەندبوونی کوردی بە کەرکوکە بەهێزتر کرد، بەڵام زیانی بە پێکهاتەی کورد گەیاند. هەر ئەوەش وای لە زۆربەی هەرە زۆری کەسایەتی و نووسەر و مێژوونووس و توێژەرانی کورد هەوڵ و نووسینەکانیان بۆ (کوردستانیبوونی کەرکوک) تەرخان بکەن، چونکە (کەرکوک) ئەو شارە کوردستانی و خاوەن مێژووە ڕەسەن و کۆنەیە، کە لە لایەک گیرۆدەی ململانێیەکی بێ ئەنجام بووە. لە لایەکی ترەوە چەندین نازناوی پێوە لکێنراوە و کراوەتە دروشمی سیاسی هەموو ئەوانەی خەوی خاوەندارێتی پێوە دەبینن. پرسیاری سەرەکی ئەم باسەش ئەوەیە، کە بۆ ئەو ماددەیە هەڵەی لەگەڵ کەرکوک و کێشە ڕەواکەیدا کرد؟ یان بۆ لە کاتی خۆیدا و بگرە دوای (حەوت) ساڵ لە تەمەنی هەر جێبەجێ نەکرا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بە ڕووکار سادە و بە ناوەڕۆک ئاڵۆزدە دەبێت بڵێین، کە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-٢٠٠٣ز) و بە هەموو دارابیە زۆرەی لەبەر دەستیاندا بوو، تەنیا توانیان (١٧٪)ی باری دیموگرافی کورد لەو شارە بگۆڕن، ئایا دوای (حەوت) ساڵ لە دەرچوونی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەی عێراق، قەرەبووی تەنیا ئەو (١٧٪) دەکرێتەوە؟ بێگومان لە سادەترین وەڵامدا نەخێر. کەواتە دەبێت بگەینە ئەوەی، (کەرکوک) بە ژمارەی ئەو ڕێکەتنامە و ماددانەی تێشکیان خرایە سەر ناگەرێتەوە، چونکە هەموو ڕووداو ئەزموونەکان سەلماندویانە، کە دەسەڵاتدارانی بەغداد دەستبەرداری کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی تر نابن، ئەگەر لەسەری زیاد نەکەن! ئەوەش بەو بەڵگانەی، کە بەر لە ساڵی (١٩٥٨ز) کوردی ئەم بەشەی کوردستان، کێشەی شارەکانی (کەرکوک و مەخموور و شیخان و شەنگار و دوزخورماتوو و پردێ.... تاد) نەبوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٤ز) بەدواوە، نەک هەر کەرکوکمان نایە بان، بەڵکو شارەکانی (خانەقین و توزخورماتوو و تازەخورماتوو و ئاکرێ و شەنگار...تاد)یشی هاتەسەر! لە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری(١٩٩١ز)یش شارەکانی (مەخموور و شێخان...تاد)یشی چووە سەر!

هەروەها مێژوو سەلماندوویەتی، کە کارکردن بۆ کەرکوک و ئەو ناوچانەی خەون بە سەربەخۆیی و گەڕاندنەوە بە کوردستانەوە دەبینن، تەنیا بە بیر و هەوڵی سەرکردەکانی کورد و خەباتی پارتیزانی دەستەبەر نابێت، بەڵکو گەڕانەوەی بۆ لای ئاکادیمی و ڕۆشنبیران و ئەو کەسانە پێویستە، کە بەرژەوەندی حیزبی و ماددی بەری چاوی نەگرتوون. لەم بوارەشدا دەکرێت هەمووان بۆ کەرکوک سوود لەو ئەزموونەی (تیۆدۆ هیرتزل) دامەزرێنەری بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر خاکی فەلەستین وەربگرین، کە لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە و دەنووسێت "جارێکیان لە شوێنی کارەکەم بۆ ماڵەوە دەگەڕامەوە، سەیرم کرد خێزانەکەم سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردنی ئێوارەیە. ڕووم تێکردوو و پێم ووت: ئەوە خەریک چیت؟ لە وەڵامدا پێی ووتم:خواردنی ئێوارە ئامادە دەکەم. پێم ووت: چیمان بۆ ئامادە دەکەیت؟ لە وەڵامدا ووتی: کاڵباس. ووتم: بە

چییەوە؟ لە وەڵامدا ووتی: بە سەموون و تەماتە و خەیارەوە. پێم ووتەوە: ئەی کامیان بۆ سبەینێ خراپ نابێت؟ ژنەکەم کە تا ئەو ساتە گوێی لە قسەی وەها نەبوو بوو، بە سەرسامییەوە ڕووی تێکردەمەوە و ووتی: مەبەست چییە؟ ووتم: هەروا حەز دەکەم بزانم. لە وەڵامدا ووتی: کاڵباسەکە خراپ نابێت، بەڵام تەماتە و خەیارەکە تا سبەینێ سیس دەبن، بەڵام نەمزانی ئەم پرسیارە سەیر و سەمەرانە چییە ئەمڕۆ تۆ دەیانکەیت؟ لە وەڵامدا پێم ووت: ژنەکە کەواتە ئەمشەو کاڵباسەکە بە سەموونەوە دەخوێن و بۆ سبەینێ بۆ نیوەڕۆش تەماتە و خەیارەکە. خێزانەکەم، کە تا ئەو ساتە وەختە سەرسامی وەهام پێوە نەدیبوو، پێی ووتم: پیاوەکە ئیمڕۆ باش نایتە بەرچاوم، ئەتوانم بزانم بۆ؟ لە وەڵامدا پێم ووت: ئافرەت ئەی نازانی ئێمەی جووەکانی جیهان لە (ڕێکخراوی زایۆنیزم) بڕیارمانداوە بۆ لەمەو دوا لە خەرجییەکانی خۆمان بگێڕینەوە و لەو سندوقەدا پاشەکەوتی بکەین، کە بۆ یارمەتیدانی گەڕانەوەی جوولەکەکانی جیهان بۆ سەر خاکی فەلەستین دامانناوە؟ کەواتە بەو پارەیەی سبەینێ بۆ خواردنی نیوەڕۆ خەرجی دەکەین، دەیخەینە ناو ئەو سندوقە، تا بەهۆی ئەو پارە کۆکراوانەوە، بتوانین خێزانە جووەکانی سەرتاسەری جیهان لە فەلەستیندا کۆبکەینەوە. ژنەکەم، کە تێگەیشت مەبەستم چییە سەرێکی لەقاند و ووتی: کەواتە بۆ ئەوەیە زۆر باشە، ئەمشەو کاڵباسەکە بە سەموونەوە دەخوێن و سبەینێ تەماتە و خەیارەکە''. لەو ئەزموونەشەوە ئایا ئێمەی کورد ڕۆژانە پارە زیادەکانمان کۆدەکەینەوە، تا بە هەموو پارە کۆکراوەکان بەرگری لە ناسنامەی کەرکوک و هەموو ئەو خێزانانە بکەین، کە هۆکاری پاراستنی

به کوردی مانەوەی پارێزگای کەرکوکن؟

سەرچاوەکان

ا.بە زمانی کوردی:

١. د.جزا تۆفیق تالیب: بایەخی جیۆقۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ١٩٩٩ز.
٢. گۆران، خسرو: بوونی کورد لە پارێزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٨)، ساڵی دووەم، ١٩٩٨ز.
٣. کۆچیرا، کریس: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، سلێمانی- هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، ٢٠٠٣ز.
ب.بە زمانی عەرەبی:
١. اسسرد، فرید: المساله الكرديه بعد قانون اداره الدوله العراقيه، الطبعة الاولى، السليمانيه- اقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٤م.
٢. د.خليل اسماعيل محمد: مؤشرات التعريب و التهجير فى اقليم كردستان العراق، الطبعة الثالثة، اربيل-اقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٢م.
ت.بەڵگەنامە:
١. ئامارێکی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە ساڵی (٢٠٠٥ز).

پەراوێز:

١ . خسرو گۆران: بوونی کورد لە پاریزگای موسڵ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٨)، ساڵی دووەم، ١٩٩٨، ل٨.

٢ . بۆ ئەم مەبەستە، بڕوانە: (کریس کۆچیرا: کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، وەرگیڕانی: حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، سلیمانی-هەریمی کوردستانی عیراق-عیراق، ٢٠٠٣ز، ل٩٢.

٣ . فريد اسسرد: المساله الكرديه بعد قانون اداره الدوله العراقيه، الگبعه الاولى، السليمانيه- اقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٤م، صص٢١٢-٢١٣.

٤ . د.جزا تۆفیق تالیب: بایەخی جیۆقۆلەتیکی دانیشتوانی هەریمی کوردستانی عیراق، چاپی یەکەم، سلیمانی، هەریمی کوردستانی عیراق-عیراق، ١٩٩٩ز، ل٢٣٣، د.خليل اسماعيل محمد: مؤشرات التعريب و التهجير فى اقليم كردستان العراق، الگبعه الپالپه، اربيل-اقليم كردستان العراق، العراق، ٢٠٠٢م، ص١٦.

٥ . ئاماریکی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە ساڵی (٢٠٠٥ز).

# دەردە کورد و پەندی مێژوویی



د. حسێن محەمەد عەزیز

هەواڵنامەی کتێب

لە ئەم وتارەدا، لەسەر لاوازی هەستی نەتەوەیی، ناکۆکی، دووبەرەکی، ناپاکی و خۆخۆری کورد، لە هێندێ سەردەمی جیاوازی مێژووی کورددا، سێ نموونە دێنمەوە. لە کۆتایشدا، دید و بۆچوونی خۆم دەردەبڕم.

### نموونەی یەکەم

(شەرەفخانی بەتلیسی ١٥٤٣-١٦٠٤) لە (شەرەفنامە ١٥٩٧)دا بۆمان دەگێڕێتەوە، گوایە کاتێ بەشی هەرە زۆری (کوردستان)، لەبندەسی ئیمپراتۆریای (عوسمانی)دا بوو، سوڵتان (سەلیم) والیەکی بۆ نێوچە کوردنشینەکان ناردووە، بەڵام خەڵکەکە پەسەندیان نەکردووە و سوڵتانیش زۆر تووڕەبووە. لەبەرئەوە ویستوویەتی، هێزێکی گەورەیان بۆ بنێرێ و نێوچەکەیان وێرانکەن.

شالیارێکی ژیری هەبووە، گوتوویەتی: گەورەم! کوردەکان گەلێکی ئازان، گەر لەگەڵیان بجەنگین، زۆرمان لێ دەکوژن. باشتروایە، ڕێیانبدەین، لەنێوخۆیاندا والیەک هەڵبژێرن. سوڵتان قسەی شالیارەکەی پەسەندکردووە. پاشان فرمانێکی دەرکردووە، سەرۆک تیرە و هۆزە کوردەکان، لەنێوخۆیاندا ڕێککەون و والیەک هەڵبژێرن.

بەڵام سەرۆک تیرە و هۆزە کوردەکان، لەنێوخۆیاندا ڕێک نەکەوتوون و کەسیان دانیان بە ئەوی دیکەدا نەناوە، تا والیەکی کورد دانێن. لەبەرئەوە پەلاماری یەکدیان داوە، گەلێکیان لە یەکدی کوشتووە. ئیدی لەتاواندا، هێندێ کوردی ناسراو و دڵسۆز، بۆئەوەی خوێنی پتر نەڕژێ، پەنایان بۆ سوڵتان بردووە و داوایان لێ کردووە، فریایانکەوێ، ئەگینا شارەکەیان وێراندەبێ!

سوڵتانیش والیەکی توورکی بۆ ناردوون، ئیدی کۆتایی بە جەنگی نێوخۆی نێوان تیرە و هۆزە کوردەکان هاتووە، هەمووشیان سەریان بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی شۆڕکردووە. کەچی خۆیان نەیانتوانیوە، لەنێوخۆیاندا ڕێککەون و پیاوێکی باش هەڵبژێرن، هەموو پێکەوە وەک برا، بە هێمنی و ئاشتی بژین. لەبری ئەوە سەربەرزییان بە سەرشۆڕی، سەربەستیشیان بە ژێردەستی گۆڕیوەتەوە!

ئاخر ئەوەتەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، دووگوێیان لێ ڕواوە، هەروا بوون. بۆیە (٦) هەزار ساڵە، لە ئەم نێوچەیەدا دەژین، هیچمان بە هیچ نەکردووە، تا لەسەر ئەم ڕێوشوێنە خراپەش بەردەوامبین، هەرگیز هیچ بە هیچ ناکەین. چونکە چۆن کفتە لە لم درووست ناکرێ، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیش، لە لم درووستکراون و لە قووڕ درووست نەکراون، بۆیە پێکەوە نانووسێن!

ئەم پەندە مێژووییەش ناکۆکی، دووبەرەکی و ناپاکییەکانی، مێژووی هاوچەرخی هەردوو باڵەکەی (جەلالیی) و (مەلایی) باشووری (کوردستان)م بیردەخاتەوە، چونکە قۆناغەکانی ناپاکی (١٩٦٦-١٩٧٠، ٣١. ٨. ١٩٩٦ و ١٦. ١٠. ٢٠١٧)، هێشتا هەر هەڵاوی لێ هەڵدەسێ و لە بیرەوەری نیشتمانپەروەراندا، کاڵ نەبوونەتەوە!

### نموونەی دووەم

لە کاتی جەنگی (عێراق – ئێران)دا، ڕۆژێ (سەددام حوسێن)، سەر لە تیرە و هۆزە عەرەبەکانی نێوچەی پارێزگەی (عەمارە) دەدا. ماوەیەک قسەیان بۆ دەکا و پاشان دەڵێ: کێ پرسیارێ یا داواکارییەکی هەیە؟

سەرۆک هۆزێ دەڵێ: گەورەم، تۆ (فەوجی سووک)ت، بۆ کوردەکان کردووەتەوە، ئەی بۆچی بۆ ئێمەی ناکەیتەوە؟!

سەددام: ئاخر ئەوان ئازان و زۆر بە دڵوکوڵەوە دەجەنگن.

سەرۆک هۆز: قوربان ئێمەش ئازا و دڵسۆزین.

سەددام: ئەو پیاوەی لە تەنیشتەوە دانیشتووە، کێیە؟

سەرۆک هۆز: برامە.

(سەددام) بە یەکێ لە سەربازەکانی دەڵێ: ئەو کلاشینکۆفەی بەرێ.

بە سەرۆک هۆزەکەشی دەڵێ: فەرموو براکەی خۆت بکوژە.

سەرۆک هۆز: گەورەم داوای لێبووردن دەکەم، من ناتوانم، برای خۆم بکوژم؟

سەددام: ئاخر کوردەکان بۆیە ئازان، چونکە بۆ پارە، برای خۆیان دەکوژن!

بەڕاستی، هەر سەرانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، ئێمەیان باش ناسیوە، بۆیە بە ئەو شێوەیە،



هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردووین. ئاخر ناکۆکی و دووبەرەکی، نێوان ڕیزەکانی گەل، هەڵپەی سەرانی پارتەکانی (کوردستان) بۆ پارە و دەسەڵات، هەر لە کۆنەوە تا ئەوڕۆ دەردەکورد بوون، ئەگینا دوای (١٠٠) ساڵ خەبات و خوێنڕشتن، ئەوەی ئەوڕۆ لە باشووری (کوردستان) ڕوودەدا، ناوبینێن چی؟!!

## نموونەی سێیەم

(ستێفان هێمسلی لۆنگریک ١٨٩٣-١٩٧٩)، مێژوونووس و فەرماندەی لیوای پایەبەرزی بەنێوبانگی (بریتانیا)، سەبارەت بە ناکۆکی، دووبەرەکی و جەنگی نێوخۆی کورد گوتوویەتی: (گەر میرەکانی بابان، بە ئەو جۆرە لەنێوخۆیاندا تێک نەچوونایە، بە چەکی عوسمانییەکان و فارسەکان، ڕۆڵەکانی کوردیان لەناونەبردایە، میرنشینەکەیان هەر دەما، پەرەیدەسەند و بەهێزتریش دەبوو. ئەوسا توورک و ئێرانیش، لێیان دەسڵەمینەوە.

خۆ گەر بهاتایە، لەگەڵ ئەردەڵانییەکان یەکیانبگرتایە و میرنشینەکانی دیکەی کوردیان، لەگەڵ بوونایە، ئەوانەی کوردستانی گەورە، کە سەربەخۆییەکی تەواویان هەبوو، لە ئەم یەکگرتنە، دەوڵەتێکی کوردییان پێکدەهێنا، کە نە بە زەمین و نە بە ژمارە، لە ئێران یا عوسمانییەکان، کەمتر نەدەبوون. بەڵام تەماع و چاوبڕینە جێگا، لەنێو میرەکانی کورددا و شەڕی ئایینی نێوان سوونّە و شیعە ... ئەمانە گەورەترین هۆ بوون، بۆ سەرنەگرتن و فەوتانی سەربەخۆیی کورد.)

## ئەنجام

پرسیارەکە لیرەدا ئەوەیە: ئایا ئێستە، دوای پتر لە سەدەونیویّ لە ڕوخانی دەسەڵاتی ئەو میرنشینانە، چی لە باسەکە گۆڕاوە؟!! لە وەڵامدا، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم: ئێستەش لە ئەو بارەیەوە، زۆر شتی گرنگ نەگۆڕاوە. چونکە لەبری ئەو میرنشینانە، چەن پارتێکی ڕامیاری لە (کوردستان) دامەزراون، لەبری ئەو میرانەش، چەن بنەماڵەیەکی نویّ پەیدابوون، جێی ئەوانیان گرتووەتەوە، وەک میرەکانی (بابان) هەڵسوکەوتدەکەن و لەنێوخۆیاندا ڕێک ناکەون، بە پیلانی هەردوو دەوڵەتی داگیرکەری (توورکیا) و (ئێران)یش، لە یەکدی بەربوون. ئایا ئەمە دەردەکورد نییە؟!!

ئەریّ ئەم گاڵتەجاریی و کارەساتە مێژووییە، کەی کۆتاییدیّ؟!! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، سەرکردایەتی پارتەکانی (کوردستان)، هۆشیّ بەبەرخۆیاندا بێننەوە، بیریّ لە باری نالەباری کورد بکەنەوە، ڕەوشی نەتەوەیی و ڕامیاری نیشتمانەکەیان لەبەرچاوبگرن؟!!

ئاخر، گەر دوای ئەو هەموو ئەزموونە تاڵانە، کاتی ئەوە نەهاتبیّ، پەندیّ لە مێژووی لەخوێنهەڵکێشراوی کورد وەرگرن، ئایا باشتر نییە، واز لە کورد بێنن، چیدیکە بە ناوی مافەکانی کوردەوە، ڕۆڵەکانی کورد بەکوشتبدەن؟!! ئایا شەرمەزارنابن، دوای ئەم هەموو جەنگە چەپەڵە کوردکوژییە، دوای ئەم هەموو دووبەرەکی و ناپاکییە، دوای ئەم هەموو تاڵان و بڕۆیە، باسی کوردایەتی بکەن؟!! هەق وایە، جارێکی دیکە، ڕەخنە لە سەرکردە کۆنەکانی کورد نەگرن و بێدەنگ بن، سەری لووتی خۆیان ڕەشکەن و (کوردستان) بەجێبێڵن!

١٨. ٧. ٢٠٢٤

# بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال و ڕای پێچەوانە



هۆمەر محەمەد

یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان، بەرەبەیانی ٣٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦، سەدام حسێن گەورە دیکتاتۆری عێراق لە سێدارەدرا، ئەو پیاوەی ئێستا (رقهەستاوەکان) ڕەحمەتی بۆدەنێرن، بەرپرس و تاوانباری کوشتنی سەدان هەزار مرۆڤی کوردە، هێشتا دۆسیێ لێپێچینەوە لە تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال، لە دادگادا بەردەوام بوو، هیچ بڕیارێکی یەکلایی کەرەوەی لە بارەوە نەدرابوو، دۆسیێی هەڵەبجەش نەچووبووە بەردەم دادگاو هەر لە لێکۆڵینەوەدا بوو، بە بۆنەی لە سێدارەدانی سەدامەوە نامەی دەیان دۆست و خۆشەویستم بۆ دەهاتن، کە خۆشحاڵی و پیرۆزباییان دەکرد. هەندێک لەنامەکان کۆپی یەکتربوون و نوسیبویان پیرۆزبێت «لە گەلی کورد» ! بەخەیاڵی ئەوان منیش بەم سیاسەت و دڵرەقییەی شیعەکان کەوتوومەتە هەڵپەڕکێ .. هەندێکیان بە وەڵامدانەوەم توشی شۆک دەبوون، کە بۆیانم دەنوسی « پیرۆزبایی چی و سەرکەوتنی چی ؟ ئەمە بەسوک تەماشاکردنی دادگاو خوێنی ئەو هەموو مرۆڤانەیە، کە لە هەڵەبجە بە کیمیایی کوژران و لە ئەنفالدا بەکۆمەڵکوژران و بێ سەروشوێنکران ! بەداخەوە لەناو ئەوهاوڕێ و دۆستانەدا کەسایەتی رۆشنبیری تێدابوو بەسەرسوڕمانەوە دەیپرسی چۆن وادەڵێی واتا پێتخۆش نییە سەدام لەسێدارە دراوە ؟ ئەوانیش ناهەق نەبوون، چونکە ئەو هاوڕێ و دۆستە ئازیزانەم تەنها دیوێکی چیرۆکەکەیان دەدی و دیوەکەی تریان بەلاوە گرنگ نەبوو.

ئەوان نەیاندەزانی ئامادەبوونی سەدام لە قەفەزی دادگادا لە دۆسیێکانی هەڵەبجەو ئەنفالدا چەندە گرنگە، بەڵکو ئەوەی بەلایانەوە بەهای هەبوو تۆڵەکردنەوەو ئەو تۆزە چێژە کاتیە بوو، هەرچەندە دەشیانزانی چێژی خۆشییەکەیان هەروا چەند رۆژێکەو تێدەپەڕێ..! بە دڵنیایی خەڵکیش ناهەقی نەبوو، چونکە لە ماوەی

دەسەڵاتداریتی کوردیدا، ئەوەی فەرامۆشکرابوو شکۆی مرۆڤ مرۆڤسازی و کلتورسازی و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بوو.

لە بیرمە رۆژێکی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٠٦ بوو لەگەڵ سەرنوسەری رۆژنامەیەکی پڕفرۆشدا لەبارەی ئەنفال و دادگاکەیدا لە گفتوگۆدابووین، ئەوسا دەنگێکی نەشاز بە کلتوری کوردی داوای دەکرد عەلی حەسەن مەجید بهێنن بۆ هەڵەبجەو لەوێ لە سێدارەی بدەن، ئەو بەدەستکەوتی دەزانی و منیش بەدۆڕانم لێکدەدایەوە بۆیە دژی ئەو دەنگانە بووم و دەربارەیانم دەنوسی، لە میانەی گفتوگۆکەماندا لێمپرسی :

– ئەگەر لە نێوان بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال و لە سێدارەدانی عەلی حەسەن مەجیدو سەدامدا یەکێکیان هەڵبژێری ؟ تۆکامیان هەڵدەبژێری ..؟

– بێگومان لە سێدارەدانی ئەوان.

– بۆچی ؟

– با جارێ ئەو دکتاتۆرانەمان لەکۆڵ ببنەوە، سبەی نەوەی داهاتوو تاوانەکانیان بە جینۆساید دەناسێنێ !

بێگومان ئەگەر ئەمە ئاستی تێگەیشتنی رۆشنبیرێک بێت، ئەوا ئاستی شەقام و خەڵکی ئاسایی وێرانترە، بۆیە وای بۆ دەچم ئەگەر راپرسی بکرایە لەسەر بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال و لەسێدارەدانی تاوانبارەکانیاندا ئەوا زۆرینە بێ یەک و دوو دەنگیان بە لە سێدارەدان دەدا. بەڵام ئەگەر ئەوە بژاردەیەک بوایە لەنێوان لەسێدارە نەدان و بەجێنۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەدا ئەوا منیش بێ سێ ودوو کردن بەجێنۆساید ناساندنم هەڵدەبژارد.

ئەوەی نرخ و بەهای گران دەداتە هۆڵۆکۆست، ژمارەی قوربانیەکانی نین، بەڵکو جەختی جووەکانە لەسەر نرخ و واتای هۆڵۆکۆست کە ئامادەنیە، بەنرخی کەم بیخاتە سەودای سیاسیەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نرخ و پێگەی جوو لە روی سیاسی ونێودەوڵەتییەوە کەم نەبێت. هیچ سەرسوڕمانی ناوێ کەوا بە تێپەڕینی کات، واتای گەورەترو نرخی زۆرتر دەدەن بە هۆڵۆکۆست و بەجوو، کەچی بەپێچەوانەوە بە تێپەرینی کات ئەنفال و هەڵەبجە زیاتر لە یاد دەچنەوەو تاوانەکە بچوکتردەکەنەوە.

ئێستا لە دوای ئەم هەموو شکستە سیاسیەی دەسەڵاتدارانی باشور، کوردەکان دەبێت تێبگەن بەرێوشوێنی ئەواندا نەچنەوە، ئەوەی بە فریامان دەکەوێت چەک نییە، بەڵکو کلتورە، ئەوەی دەبێتە هۆی مانەوەمان تیرامان و رەگەزە گرنگەکانی کولتورە زمان و هونەرو حیکمەتی مانەوەیە، نەک بەگورگان خواردکردنی میللەتێک بەناوی شۆرشەوەو شۆڕشیش نەبێ ..! شۆرش بەبێ فەرهەنگ و کلتور جگەلە یاخی بوونێکی وێرانکار هیچی تر نییە. هەر بزووتنەوەیەک ئایدیای بونیاتنانی تاک و کۆمەڵگەی لەسەردا نەبوو، ژینگەدۆستی و دادپەروەری و شکۆمەندی کۆمەڵگەو تاکی هوشیار ئامانجی نەبوو، جگەلە سەرگەردانی و ماڵوێرانی هیچی لەهەگبەدا نیەو پەرێزیشی لەوانیدی خاوێنتر نابێت. هەروەک لەرابوردودا بزوتنەوەی بەناو رزگاری نیشتمانی هەمیشە دونیابینیەکەی وابووە، هەتا ڕووبەری گۆڕستانەکانمان فروانتربن سەربەرزترین ! لەکاتێکدا پێچەوانەکەی ڕاستە، هەتا ژیان دۆست بین و یەکتریمان خۆشتربوێ، لە ئازادی نزیکترین، هەتا روبەری ئاوەدانیەکانمان زیاتر و گۆرستانەکانمان کەمتربن دەنگ وسەنگ ورەنگمان بڵندترو قورسترو سەنگین ترە.

هەواڵنامەی کتێب

# خەونێک لە پەخشاننامەیەکدا !؟



ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف

شوێن ناو دارستانێکی نیمچە ئازادی باشووری نیشتیمان بوو،کە دوور بوو لە چاوی درۆنەکان،و خاڵی بوو لە درۆی پۆپۆلیستە سیاسیەکان ،لە نێو دەنگی باڵندەکان و هاژەی ئاودا،لەخەیاڵدانی ئازارەکانی خەڵکی بەشمەینەت و گەلێکی پەژموردەو سوێی خاکێکی لەت لەت کراوە،لە بیرکردنەوەیەکی ناخ هەژێنی قوڵدا،ناوە ناوە دەنگ و نوزەی ماندوو لە ئاهێکی ساردەوە،بە بۆنی هەموو ڕەنگەکان و لەسەرەتای وەرزەکان و سەرەتای هەموو شۆڕشەکان تا سەرەتای ڕاپەڕینە چەماوەرییەکان،وەک هاودەرد و هاوخەمییەک ئەهاتن و نەئەبیستران،دەنگە ڕەنگاڵەیەکان لەسۆزی نیشتیمان و خەمی مرۆڤبوونەوە،هاوڕاو ئاوێتەی خەم و خۆزگە بوون،کە کەی و چۆن هەڕەشە و مەترسیەکانی نیشتیمان دەگۆڕدرێن بە دەرفەت،بە نموونە لەکایەی سیاسەتدا،بۆ یەکڕیزی وتەبایی وکاری پێکەوەی نیشتیمانی،لەحیزبایەتیدا بۆ دیموکراتی و یەکترقبوڵکردن، لەکایەی کۆمەڵایەتیدا بۆ بەخۆداچوونەوەو هەڵکشان بەرەو لوتکەبوونی کەسایەتی تاک و کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر،لەکارگێڕیدا بۆ بووژانەوە و گەشەکردن وچەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبوون و هاونیشتیمانیبوون،لە ئابووریدا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان ودەستەبەری خۆشگوزەرانیە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، لەیاسادا بۆ وەک یەکی بوون و بەکردارکردنی سەروەرێتی یاسا، ئای نیشتیمان لە ئیستادا ڕەونەقی تۆ هەر لە خەون و خەیاڵی کەمینەیەکی ڕۆشنبیری نیشتیمانی و ڕۆشنفکری مرۆڤویستدا



سەنگ و پێگەی ماوە،ئای نیشتیمان چۆن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ،بەقین و بۆغزی داگیرکەران،وبە تیری ڕەشی سالارێتیە ناوخۆییەکان زامەکانت پڕ سوێ کراو دەکرێ، لەبۆنی خوێن و نائەخلاقبوونی داگیرکەران وحیزبایەتی ناوخۆشدا ئابڕوییان بردی ،کاتێک لە خەون و خەیاڵ و بە حەقیقەتیش ئەدوێین،هەمووان هەر لە تاکە بەشمەینەتەکانی نیشتیمانەوە تا خوڵقێنەرانی ئەم ڕەوشە شێوێنراوە سەپێنراوە،دەڵێین تەنها بەسیستەمداری نیشتیمانیبوون، دادوەرێتی کۆمەڵایەتی، بنەبڕکردنی گەندەڵی،پلاندانان بۆ ئاشتی و ئاوەدانی،بنیادنان و پێشخستن، ڕاستگۆیی لەیەکترقبوڵکردندا، جێگیربوونی دیموکراسی و وازهێنانی لە چەواشەکاریەکان ، شکۆ بۆ شکۆدار بوونی خەڵک و خاک دەگەڕێتەوە ،ئای لەگەڵ ئازارەکانی نیشتیماندا،چ خەوێکی قوڵ بوو،لە ساردبوونی دەمەو ئێوارەیەکی پایزدا،دەنگ و نوزەی مانوو نەماو ،منی هیلاکیش بە ئاگاهاتمەوە،نەک لە خەودا،بەئاگایش وەک پیشەی خەمی ڕۆژانە،دیسانەوە لە ئازارە پڕ سوێکانی نیشتیمانەوە دەیلێمەوە،بلێی کەی بێ ئەو خەونەی من و هاوخەمانم بێتەدی و لە ڕاستگۆی و وەفا و ئومێد و متمانەدا،ئاهێک بە بەری نیشتیماندا بێتەوە و هەمووان لە ژێر سایەی یەک ئاڵای نیشتیمانیدا شکۆمان پارێزراوبێت.

# بێئاکامی کۆنفرانسە پەروەردەییەکان



رەووف محەمەد ئالانی

ساڵانە یان چەند ساڵ جارێک بەمەبەستی چاککردن و گۆڕانکاری، وەزارەتی پەروەردە، کۆنفرانس ئەنجام دەدات.

دیارە ئەنجامدانی ئەمجۆرە کۆنفرانسانە، تێچووی پێویستی گەرەکە، من وەک پەروەردەکار و چاودێرێکی پرۆسەی پەروەردە، بەدواداچوون و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای پرۆسەی پەروەردە، هەمیشە قسە و بۆچوونی خۆمم دوور لە ئایدۆلۆژیا و بیری تەسک بە هەستکردنی بەرپرسیارێتی و بەزمانی رەخنەی بونیاتنەر و بێ هیچ ڕەچاو کردنێکی بەرژەوەندی تایبەت، ئەوەی درکم پێکردبێت دەرمبڕیوە و سەرنجی خۆم لەسەرداوە، لەهەموو کۆڕو کۆبونەوە تایبەتەکانیش ئاماژەم بۆ کردوون، تا دانیشتن و باسکردنی گرفتەکانی پەروەردە لەگەڵ بەڕێزان وەزیری پەروەردە و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە، لە و کۆڕو سیمینارانەش کە بەشداریم کردووە، ئەمانەم دوپاتکردۆتەوە.

کێشەی پرۆسەی پەروەردەی ئەم هەرێمە ساڵ بەساڵ کەڵەکە دەبێت و چارەسەرکردنیان دەبێتە ئەستەم، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارە سەرەکییەی کە مەبەست لەبەستنی کۆنفرانس چارەسەری بنەڕەتی کوالیتی پرۆسەکە نیە، ئەوەندەی مەبەستە دڵی هەندێ کەس ڕازی بکرێت و بەدڵی ئەوان چەرخەکە بسوڕێ.

لەم هەرێمەی ئێمە ئەوانەی خەمی پرۆسەکەیانە و خواستیانە بەرەو ئاقار وئاراستەیەکی دروستی ببەن، بەردەوام دەنووسن و پرۆژەیان هەیە بۆ باشترکردن و چارەسەری گرفتەکان، بەڵام وەک نەریت و خووی باوی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەموو کات خراونەتە گۆشەی پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی ڕاو بۆچوونەکانیان، ئەوەش لەبەر ئەوەی هەندێ کەس خۆیان دەکەنە خاوەنی هەموو کارەکان و ناهێڵن ئەوکەسانە بگەنە ئەو شوێنانەی کە مەبەستە پەیامەکانیان بگەیەنن.

دەپرسم ئەم کۆنفرانسانە، کێ تەوەر و بابەتەکان دیاری دەکات و بەکام بنەمای زانستی و پەروەردەیی ڕێکدەخرێن؟

ئایا ئەوانەی بەشداردەبن لەو کۆنفرانسانە، جگە لەو کەسانەی خۆیان مەبەستیانە، پرس بە شارەزایان و پسپۆڕان و نوسەرانی بواری پەروەردە و بەتایبەت ئەوانەی بە بیری پەروەردەی ڕەخنەگرانەوە



کۆنفرانسی پەروەردەیی

بیرۆکەیان هەیە، بانگکراوون؟
جگە لەوانەی خۆیان گەرەکیانە چیبکەن بۆ خۆیان و کێ قسەی باشیان لەسەر دەکات، کێ بانهێشت دەکەن؟
بە بۆچوونی بەندە تا بیر لە بونیادنانی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ نەکەینەوە و ئاراستەکان لەم قۆرخکاریە نەگۆڕدرێن، بۆ خزمەتی گشتی پرۆسە و پرسی پەروەردە لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکاریەک بەدینایەت.
پێم وایە ئەوەی دەگوزەرێ لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، خەمەکە قورستر دەکات و نادادی لە پرسەکەدا زیادتر دەکات و کوالیتی خوێندن دێنێتە خوارتر.
هەندێک لەوانەی بەشداری کۆنفرانسەکان دەکەن جگە لە ووتە تێچینی نەگونجاوی پەروەردەیی کە ویست و بەرژەوەندی خۆیان و هاورێکانیان دەخەنەڕوو، هیچ خەمێکی تریان نیە، بەوێنەی بەشداریان لە کۆڕوسیمینارەکاندا ئەنجامی دەدەن.
بۆچی وەزارەت پێش وادەی دەستپێکی کۆنفرانسەکان، داوا لە نوسەران و شارازایان و خەمخۆرانی پرۆسەی پەروەردە ناکات، بیرۆکە و پرۆژەکانیان بنێرن بۆ لایەنی پەیوەندیدارتا بخرێنە بەرنامەی کاری کۆنفرانسەکانەوە؟
دیارە بۆ ئەوە ناکرێت جونکە دەستەی خەمخۆری تایبەتی و بەرژەوەندخواز لەو کاتەدا ڕۆڵیان نامێنێت و پێیان ناکرێت هەر خۆیان بن.

کاتێ ستاندارەکان جێبەجێ دەکرێن و قوتابخانە بەباشی ئەنجامیان دەدات کە پێوەرەکان زانستی و پەروەردەیی هاوچەرخ بن لە هەموو بوارەکاندا نەک هەرەمەکی و دوور لە بەهای پەروەردەیی سەردەمیانە بن.
تا بە هەموو لایەن و بەشەکاندا نەچینەوە، ڕۆڵ بۆ پەروەردە نەگێڕینەوە، هەر ناوێک دابنێین بۆ ئەوانەی هەڵسەنگاندن بۆ قوتابخانە و خوێندنگەکان دەکەن، ناویان سەپەرشتیار بێت یان هاورێی ڕەخنەگر، هیچ ناگۆڕێت، پێویستە پرۆسەی پەروەردە بکرێتە پەروەردەیەکی ڕەخنەگرانە، نەک قبوڵنەکردنی ڕەخنە، وەک ئەوەی ئێستای ناو سیستمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.
کاتێ هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستایان دروست و شیاو دەبێت، ئەوان کەموکورتیان نەبێت لە هیچ روویەکەوە، نەک سێ مانگ موچەی نەدەیتێ و بژێوی تاڵ بکەی و سێ کەس هەڵسەنگەندنی بۆ بکات.
کاتێ متمانە نەبوو هیچ دڵنیاییەکی جۆری ناتوانێ ڕۆڵبگێرێت، پێم سەیرە دەیانەوێت لەهەر خوێندنگەیەک مامۆستایەک بکەنە بەرپرسی دڵنیایی جۆری، ئەی بۆ کار ناکەن ئەو بەرپرسیارێتیە گشتگیربێت بۆ هەموو مامۆستایان هەستێکی جیانەکراوەی پەروەردەییانە، تا کوالیتی پرۆسەکە باشبکرێت، بەڵام لەوەی ئێستادا بێ هیوایی زیاد دەبێت، لەوانەیە یەکێک بەوکارە هەستێ، تایبەتمەندی و هەڵبژاردەی تاقم و دەستە و گرووپێکی نائاگا ئاراستەی بکەن، وەک چۆن دەستیان گرتووە بەسەر هەموو قوتابخانەکان و خوێندنگەکاندا.
ئەم جۆرە کۆنفرانسانە پێویستن، بەڵام دەکرێ بەرنامەرێژی باش بکرێت و کەسانی شارەزا و خەمخۆر پرۆژە و توێژینەوەکانیان بخەنە ڕوو، نەک هەربۆ کۆبوونەوەی وێنە گرتن و پاوانخوازی بێت، لەخۆرانیە شاعیری بەهەڵوێست عەبدوڵا پەشێو دەڵێ:

**هەتا پرتەقاڵ و مۆزو سێو مابن**
**کۆبوونەوەکان قەت تەواو نابن.**

# ئەندازیارە بێدەنگەکانی شارستانێتی

## (ئاشکراکردنی ڕۆڵی داهێنەرانەی ژن)



ڕاز ئەسعەد (توێژەری بواری مێژووی ژن)

زۆربەی ئەو تێکست و بابەتانەی باس لە ژن دەکەن، بەجۆرێک گوزارشت لە پرسی ژن و مێژووی ژن دەکەن وەک ئەوەی ژن بەشێکی دابڕاوبێت لە کۆمەڵگە و بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێت تا ڕۆڵێکی ڕووکەشانەی چنگ بکەوێت یان پێی ببەخشرێت، لەم ڕووەشەوە دەکرێت بڵێین بەشێوەیەکی گشتی ناوەندە زانستیەکان و مێژووی فەرمی دەستەوستانە لە ئاست گرنگیدان و گێڕانەوەی ڕۆڵی بنیادنەرانەی ژن لە دروستکردنی مێژوودا.

کاتێک لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە دەبینین بە درێژایی مێژووی سەرد و گێڕانەوە جیاوازەکان و تا دەرکەوتنی میتۆدە زانستی و نوێیەکانیش، ڕۆڵی ژن بە جۆرێکی ترسناک بەرەوە پاش گەڕێندراوەتەوە و شاردراوەتەوە، نەهێڵدراوە وەک خۆی دەربکەوێت، بەڵکو هەمیشە ویستوویانە لە سێبەری پیاودا وەک ئامرازێکی یاریدەدەر دەریبخەن، پەراوێزخستنەکانیش گەیشتوونەتە ئاستێک کە ناتوانرێت تەنها بە خوێندنەوەیەکی سادە شرۆڤە بکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە ئەگەر بمانەوێت لە بنەڕەتی مێژوو تێبگەین، پێویستە سەرەتا لە کارەکتەری سەرەکی خولقێنەری مێژوو تێبگەین، کە ژنە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر مێژوو بەرهەمی نێوان ئێستا و ڕابردوو بێت، ئەوا ژن بزوێنەری سەرەتاکانی بزووتنەوەی مێژووە، بەم پێیە هەر لە سەرەتاوە ژن وەک پیاو، نەک وەک یارمەتیدەری پیاو، بەدیهێنەری مێژوو بووە و ئەرکەکانی لەگەڵدا دابەشکردووە، لە زۆر شوێنیشدا پێشیکەوتووە، لە باشترین



**ئەندازیارە بێ دەنگەکانی شارستانی**

نموونەشدا کارەکتەری سەرەکی نیشتەجێبوون ژنە(١)، کە گرنگترین فاکتەری دروستبوونی شارستانیەت بووە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە بە تێڕامان و گەڕان بە نێو لاپەڕەکانی مێژوودا دەگەینە ئەو ڕاستیەی ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی بۆ نزیکەی یەک ملیۆن ساڵ پێش زایین و مێژووی کشتوکاڵیش بۆ (٢٥) هەزار ساڵ پێش زایین بگەڕێتەوە(٢)، ئەوا ژن بە دۆزەرەوەی کشتوکاڵ دادەنرێت، دۆزینەوەی کشتوکاڵیش بونیادنانی کردەی شارستانیەتە، هەر بۆیە ناتوانین لە شارستانیەت بەرەو پێشچوونەکان تێبگەین، تا لە خولقینەری شارستانیەت تێنەگەین، ئا لێرەوە بەرپرسیارێتی ژن لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت کە لە ئاستێکی باڵای دانەبڕاودا بووە و زۆر کاتیش ڕۆڵی پێشەنگایەتی بۆ پیاوان گێڕاوە، چونکە ئەو کاتەی پیاو شاخ و کێوەکانی بە دوای نێچیردا تەی کردووە، ژن لە ئەشکەوتە ماڵەکەیدا بەرپرسی یەکەمی ژیانی منداڵان و شێوازی گوزەرانکردنیان بووە، لە هەمانکاتدا بەرپرس بووە لە خۆشکردنی پێستەی ئاژەڵان و بەکارهێنانیان بۆ جلوبەرگ و ڕاخەر و پێخەف، واتە یەکەمین تەونکەر و دووروومانکەر بووە، هەر ئەویش قاپوقاخی لە گڵێنە دروستکردووە و لە ئەنجامی تێڕامانی زۆرەوە گەڕاوە بۆ ڕووەکە شیاو بۆ خواردن و هەوڵی ڕوواندنی داوە، کاتێکیش بێجووی ئاژەڵەکانیان ڕاوکردووە، هەر ژن بیری لەوە کردۆتەوە بە خێویان بکات و دواتر سوودیان لێببینێت، لە هەمانکاتدا ڕووەکە سوود بەخشەکانی دۆزیوەتەوە و فێری چۆنیەتی بەکارهێنانانیان بووە لە چارەسەرکردنی نەخۆشیەکاندا، هەر بۆیە ژن یەکەمین پزیشکیش بوو، پاشان خانووی بونیادناوە و بناغەی یەکەمین ماڵ و گوندی دارشتووە، هەر ژن مەشخەڵی ئاگری داگیرساندووە و یەکەم پارێزەر و پاسەوانی نهێنیەکان بووە، بەن دۆزینەوانەش کۆمەڵگای مرۆڤی لە کۆمەڵگەی ڕاوکردنەوە گواستەوە بۆ کۆمەڵگەی بەرهەمهێنانی خۆراک و کشتوکاڵ و شارستانی(٣)، هەر بۆیە هەریەک لە (ئەی بۆلدینگ، گۆردۆن چایلد .....تاد) دەڵێن کە جوتیاری داهێنانی ژنە(٤)، بەمەش ژن، پیاوی لە چیا و کێوەکانەوە هێناوەتە خوارەوە و فێری نیشتەجێبوون و مەدەنیەتی کردووە، بەجۆرێک دەڵێن: ( ژن کەم کەم پیاویشی کردۆتە یەکێک لە ئاژەڵە ماڵیەکانی پێڕستی خۆی، فێری هونەری تێکەڵاوبوونی کردووە)(٥)، چونکە پیاو خەریکی ڕاوکردن بووە بە چیاکانەوە، هەربۆیە بەشی زۆری بەرەوپێشچوونە ئابوورییەکان بە دەستی ژن ڕەخسێنراوە نەک بە دەستی پیاو.

کەواتە هەر لە سەرەتاوە ژن بە پێی ڕوئیا و دنیابینی خۆی گوڕوتینی بە ڕووداوە مێژووییەکانداوە، لەگەڵ دەرکەوتن و دەستپێکی ئایینە ئاسمانیەکانیشدا ژن پێگە و ڕەوتی کاریگەری خۆی هەبووە، بۆ نموونە سارا دەبێتە یەکەم پێگە و پارێزەری ئیبراهیم، تا پەیامی یەکتاپەرستی تەتەڵە بکات. لە ئایینی مەسیحیشدا لەڕێگەی ژنێکەوە ڕۆحی ئیلاهی لەسەر زەویدا بەرجەستە دەبێت و هەناوی مەریەم دەبێتە کێڵگەی سروشبەخشی ئیلاهی و یەکەم

سەدای ئاسمان لەوێوە بە گوێی مرۆڤایەتیدا دەدرێت، ژنێک دەبێتە ژێنگەی چەکەرەکردنی یەکتاپەرستی . لە هەمانکاتدا ڕۆڵی ئاسیای ژنی فیرعەون لە پاراستنی ژیانی پێغەمبەر موسادا لە دەستی فیرعەون نادیدە ناکرێت. لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیشدا گەورەترین پێگە بە ژن ڕەوا بینراوە، یەکەم کەس بڕوا بە پەیامی محەمەد دەهێنێت خەدیجەی خێزانیەتی و دەبێتە یەکەم و کاریگەرترین پاڵپشتی پەیامبەر، لە هەمانکاتدا کاتێک قورئان کۆدەکرێتەوە کار بەو نوسخەیە دەکرێت کە لەلای عائیشە پارێزراو بوو.

ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین ساڵانە لە ئەنجامدانی فەریزەی حەجیشدا لە بەجێهێنانی ڕوکنی سەفا و مەڕوادا بە ڕۆڵی دایکێک ئاشنا دەبین کە لە پێناو پاراستی کۆرپەکەیدا پەنا بۆ سەفا و مەڕوا دەبات، ساڵانە ئەم ڕوکنەی شوێن پێی ژنێک لە حەجدا بەردەوامی هەیە.

لە سەرجەم ئایینە زەمینەکانیشدا زۆرینەی خوداوەندەکان لە جەستەی ژندا ڕۆحی ئیلاهی بەرجەستە دەکەن.

ئەو ڕاستییە مێژووییانە و چەندین نموونەی دیکە شرۆڤەی ڕۆڵی بکەری ژن دەکەن لە مێژوودا، بەڵام ئەم ڕۆڵە گرنگەی ژن نادیدە گیراوە، ڕۆڵی ژن بە شاراوەیی هێڵدراوەتەوە، لە جیهانی ئەمڕۆشدا ئەم ڕۆڵە بە تەواوی ونکراوە، هەرچەندە زۆرترین لایەن باس لە ڕۆڵی ژن دەکەن و وا دەردەخەن پاڵپشتن، بەڵام زۆرینەیان کار بۆ ئەوە دەکەن کە هاوکارێکی پیاوە و دەبێت پیاو بە چاوی بە زەییەوە لێیبڕوانێت و شوێنێکی لە کۆمەڵگادا پێببەخشێت، بیریان چۆتەوە ئەو کۆمەڵگایە لە سەرەتاوە داهێنانەکانی ژن بونیادی ناوە.

ئەگەرچی لە ئێستادا ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار و دەسەڵاتدان، بەڵام نەیانتوانیوە ڕۆڵێکی ژنانە ببینن، هەر بۆیە لە سەرتاسەری جیهاندا هێشتا ژن خاوەن بڕیار نییە، لە هەر جێگایەک ژنێک لە پێگەی بڕیاردانیدا بێت ئەوە لە ژنایەتی شۆردراوەتەوە بووە بە پیاو(٦)، چونکە لە ڕاستیدا نەیانتوانیوە ئیدارەدانێکی ژنانە بەرجەستە بکەن و لە زۆر کاتدا نواندنی پیاوانیان کردووە.

ناوەندە ئەکادیمیەکانیش لەم پەراوێزخستنە بێبەش نەبوون، بە جۆرێک ئەوەندەی ژن وەک ناونیشانێکی سەردەمیانە بۆ نمایش و خۆدەرخستن بەکارهێنراوە، نیو ئەوەندە بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی بکەری نییە بۆ ژن لە شوێن و پێگە مێژوویی خۆیدا، بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕۆڵە و جیاکردنەوە چەمکەکانی پەیوەندیدار بە ژنەوە، پێویستە سەرلەبەری مێژوو جارێکی دیکە بخرێتەوە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەکان و بنووسرێنەوە، تا لە ڕیشەوە ڕوانینەکان بگۆڕدرێن، نەک هەر هی پیاوان، بەڵکو لەسەرەتاوە دەبێت خودی ژنان هۆشیار بکرێنەوە و بزانن ژن ئەگەر لە پێش پیاوەوە نەبێت ئەوا بە دڵنیاییەوە هیچی لەو کەمتر نییە.

١-ئاندرێ میشێل، بزوتنەوەی ژنان (فێمێنیزم)، و: خالید عەلیزادە ،چ١، چاپخانەی بینایی ، ٢٠١٥، سلێمانی ، ل ٢١
٢-کامەران محەمەد و ڕاز ئەسعەد ، ژن و بزوتنەوەی مێژوو، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٢، سلێمانی ، ل ١٧
٣-فیراس سەواح ، نهێنی عەشتار خواوەندێتیی مێینە و ڕەچەڵەکی ئاین و ئەفسانە، و: ئیبراهیم فەتاح ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠١٠ ، سلێمانی، ل ٤٨-٤٩
٤-ئاندرێ میشێل، بزوتنەوەی ژنان (فێمێنیزم)........، ل ٢٢
٥-ویل دۆرانت، ژن، پیاو ئاکاری سێکسی لە لانکەی شارستانییەتەکاندا، و: دڵشاد خۆشناو، چ٢، چاپخانەی یاد ، ٢٠١١، سلێمانی ، ل ٢١
٥-دارا مەحمود، پیاوسالاریی لە نێوان ئایدۆلۆژیا و دەسەڵاتدا، بێ شوێنی چاپ ، ٢٠٢٣، ل ٢٤

# ئاسۆی ژن و تێکۆشانی کۆمەڵگەیی



شیرین تاهیر - نوسەرو توێژەر

هەواڵنامەی کتێب

بە گشتی ژنـان لەهـەمـوو جـۆرە ژینگەیەکی نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، لە ڕێیی تێکۆشانەوە؛ بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجە ستراتیژیەکانیان، هەوڵیانداوە ئەکتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و بنچینەیی لە پەیوەندییەکانی نێـوان هــەردوو ڕەگــەز بـگــۆڕن، بـە تایبەتی یـەکسـانی ڕەگــەزیــی، هـەڵـبـەت لـە هـەنـدێک ڕەوتەکانی مێینیزمدا؛ پەڕگیری و فیکری توند و لادان هەبووە.

بەشێکیشیان ناکۆکی نێوان دوو ڕەگەزەکەیان قوڵتر کـردۆتــەوە، چونکە ژنــان لـە هەندێک کۆمەڵگەدا ویستوویانە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئایین و زمـان و ڕۆشنبیریی و مێژوو بکەن.

ژنان لە زۆربـەی کۆمەڵگەکاندا بە پێی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خوێندنەوە و بەرنامەی جیـاوازییـان هـەبـووە، لێـرەدا ئـەگـەر بـاس لە خەباتی ژنی کورد بکەین ڕەوتی فیکری ژنی کورد بەسـەر چەند فیکرێکدا دابەش بووە، چونکە لە بنچینەدا کێشەکە ڕووی لە دوو بوونەوەری جیاوازە(نێر و مێ) هەریەکەیان جیهان و ژیان و چارەنووسی تایبەت بەخۆی هەیە، هەموو ئەو کێشانەی پێشتر لە نێوان نێر و مێ دا هەبووە، لەمڕۆدا کێشەی قوڵتر و بنچینەیی دیکە هەیە.

ئایدیۆلۆژیای بەرەوپێشچووی سەرمایەداری جیهانی، تێڕامان و بەرژەوەندییەکانی لەڕووی سیاسی و ناسیۆنالیستی و ئایینی و کۆمەڵایەتی

لە هەموو لایەنێکەوە لە ناو ژیانی کۆمەڵگەکاندا دەیخوێنینەوە. لە نموونەی ئەوانە: پێشکەوتنی تەکنۆزانستی(تێکەڵکردنی مرۆڤ و ئامێر) و نیولیبرالیزمی ئابووری (بازاڕی ئازاد و بەکاڵاکردنی تاک) ئەم دیاردانە لەسەردەمی ئیمرۆدا حەقیقەتی سیاسی و ئابووری و بەرکەوتنی مرۆڤە بە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی پیاوسالاری سەرمایەداری.

ئەگەر وەک زیندە سیاسەتێکی گونجاو لە تێکۆشانی کۆمەڵگەییدا یەکسانی و یونیڤێرساڵی فەلەکی گرنگ بێت؛ ئەوا لە تێکۆشانی ژناندا بەهەمان شێوە ئازادیی وەک حەقیقەتێک لە ئامانجدا وەک ئاسۆیەک لە تێکۆشاندا بۆی دەڕوانن و هەنگاوی بۆ دەنێین، بەگشتی پێویستە ژن لە تێڕوانینی بوونگەرایانەی بۆ ئازادی، وەک کێشەیەکی بونیادی بیخاتەڕوو، بەشێوەیەک کە ئازادیی بوونگەرایانەی ژن بە سروشتی لە ڕووانگەی حەقیقەتی فەلسەفی و پەیڕەوی تێگەیشتن لە سیاسەتی شوناس و نەژاد و ئایین گرنگترە، ئەم تێگەیشتنە لەلای زۆربەی ژنان درەوشاوە و چەسپیو نییە، بەگشتی وەک مرۆڤ لەهەناوی سروشتدا بەرجەستەین بەڵام لە واقیعدا لە ڕۆحی تێنەگەیشتن لەخۆمان دەژین، بۆیە دەبینین بەردەوام ناکۆکی و ململانێی بێدەرئەنجام لەنێوان ڕەوتەکانی تێکۆشانی ژناندا هەیە. ئەم فۆرمی ناکۆکیە لە ئایدیای تێکۆشان و ئاڕاستە فەلسەفیەکانی تێکۆشان، بەردەوام ژنان ڕووبەڕووی ڕەخنە دەکاتەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە ژنان هیچ پارادایمیکیان نییە! دیارە ژنان لە سەراپای جیهان؛ تێکۆشانیان بە فەلسەفەیەکی فێمنیزمیەوە بەستۆتەوە و دوای بونیادگەرایی فێمنیزمەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ و دابڕاو لە ئایدیۆلۆژیا سیاسیەکانی وەک (سۆسیالیزم و لیبراڵی و ڕادیکاڵی و ...هتد) تیۆری تایبەتیان دارشتووەو کاریان لەسەر کردووە. ئەگەرچی بە گشتی دیموکراسی وەک هەڵبژاردە و خەونی کۆمەڵگەکان لەناوخۆدا بۆتە خۆرێک، بەڵام بۆ ژنان هێشتا تێڕوانین لە دیموکراسی، هێندەی بیروبۆچوونێک بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی ئازادیی گرنگ نییە، بەرژەوەندی و ڕایەڵە سیاسی و ئابووریەکانی سەرمایەداری ئەوەندە تەمومژاویی و چڕ و بەناویەکدا چووە؛ دەپەرژێتە سەر شێواندن و لێتێگەیشتن لە شوناس و ژینگە و تاک.



ئەم ئالۆزییە لە ململانێ نێوان سیستمی جیهانی سەرمایەداری و مۆدێرنیتەی دیموکراسی لەلایەک و دادپەروەری نێوان مرۆڤەکان لەلایەکی تر وایکردووە؛ فێمنیستەکان و ژنانی نێو بزاڤی فێمنیزمی زیاتر لە دۆخی ژیان و ململانێ و کێشەکانیان وردببنەوە. لەمرۆدا ژنان لە جیهاندا ئەگەرچی لە هەوڵی داکۆکیکردنە لە یەکسانی جێندەری؛ بەڵام لە پراکتیکدا سەکۆی تەکنۆلۆژیای نوێ بۆ تێکۆشان بەکاردەهێنن، واتە کارلێک و خواستەکانیان لەجێیەکی ترەوە تیهەڵکێشی کۆمەڵگە دەکەن و رای گشتی بۆ خواستەکانیان بەدیدەهێنن.

بێگومان ئەوە بەشێکە لە ڕوانینی گشتی بۆ تێکۆشانی ژنان، بەڵام سەبارەت بە تێکۆشانی ژنان لە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان و کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست؛ کە کۆمەڵگەی کوردی بەشێکە لەم کۆمەڵگایانە، فۆرم و ئەکتی تێکۆشانیان جیاوازە، ئێمە وەک ژنی کورد، بەشێوەیەکی ڕێژەیی باسی یەکسانی گشتی و ئازادی گشتی دەکەین. هەڵبەت تێکۆشانی ژنی کورد لە هەریەکە لە پارچەکانی کوردستان کە سنوورەکانمان جیاکراوەتەوە بە هۆی داگیرکارییەوە؛ تێکۆشانەکانیشمان جیاوازە، هەریەکە لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووری جیاوازەوە مشتومر و لێکدانەوە بۆ دۆخی ژن دەکات، واتە جۆرێک لە دیارکردن و سنووردارکردن بۆ تێڕوانینە نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزییەکە هەیە.

لە باکوری کوردستان، خەباتی ژنی کورد لە رووی مەیدانی و پراکتیزەکردنەوە گەیشتۆتە ترۆپک، هەر لەسەرەتاوە پارادایمی ئاپۆیی، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی و گەیشتن بە حەقیقەتی بوونگەرایی ئازادانە کاری لەسەر هەردوو ڕەگەزەکە بە بێ جیاوازی کردووە.

لە خۆرئاوا بەوپەڕی متمانەوە بەکردەیی ژنان-ڕۆڵی دیار و کاریگەرییان هەیە لە دامەزراوە و بەڕێوەبردنی بەشە حوکمڕانییەکەیاندا، وەک تێگەیشتن لە چەمکی دیموکراسی... حەقیقەتێک لە پانتایی سیاسی ئەواندا چەسپیووە. ئەگەر بەردەوام بین لە باسی تێکۆشانی ئێستایی ژنی کورد، وەک چۆن باسمان لە ژنانی باکوور و خۆرئاوا کرد؛ دەبێت بەشداری ژنانی خۆرهەڵاتی کوردستانیش بخەینەڕوو، ڕاستیەکی سەرنج ڕاکێش هەیە لەسەر ژنانی خۆرهەڵات، ئەوان لە خەباتدا؛ لە پێش ژنانی هەموو بەشەکانی ترەوەن، هەرچەندە ئەوان بەدابڕاوی وەک ڕەگەزی ژن تێنەکۆشاون، بەڵکو بە کردەیی هاوشانی ڕەگەزەکەی تر لە ڕیزی تێکۆشانی خەباتی ناسیۆنالیستی و سۆسیالیستیدا بوون. لەدوای شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» لێرەدا ژن؛ تێکۆشان و ململانێکەی بەتەواوی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، هۆکاری شۆڕشی ژینا؛ بەڵگەی ڕاستین بۆ داگیرسان، بۆ وەستانەوە و داواکردنی جۆرێک لە ئازادی ڕاستەقینەی ژن، شۆڕشەکە دەلالەت بوو لە ڕەتکردنەوەی ملکەچبوون، ئەم سەرەتایە دەرخەری بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە وئامرازێک بوو بۆ تەقینەوەی جەماوەری، ئەگەرچی ئەم شۆڕشە لەپاڵ هیچ شۆڕشێکی تێکەڵ بە فیکری ناسیۆنالیستی و سۆسیالیستیدا نەبوو؛ بەڵام هەموو خەڵکی گرتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەم شۆڕشە دەستنیشان بکەین بە شۆڕشێکی ڕەگەزیی؛ ڕەگەزی ژن بەرامبەر بە فیکری پیاوگەرایی مەزهەبی. لەم شۆڕشەدا هیچ باڵاییەکی ڕەگەزی بەرامبەر کە(پیاوە) فەرز نەکرا بەسەر بارودۆخەکە و پێشەوایەتیەکاندا، بەڵام دواجار ملکەچنەکردن

بۆ سیستمی چەوسێنەر و داگیرکەر، لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت؛ بەڵگەیە لەسەرپێداگری و خاڵی کۆتایی لەبارەی ئازادیەوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات؛ بەگشتی خواستی پێداگریی هەیە سەبارەت بەسیاسەتی ڕزگاری.

لەبەشی باشووریشدا ژنان دابەشبوون بەسەر کۆمەڵێک ڕێکخراوی تایبەت بەژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لێرە بەمانا کار لەسەر دیموکراسی ناکارێ و هەموو ڕۆژێک واقیعێکی تاڵ دەبیستین و ترسمان لە ئایدیای تۆقاندن و توندوتیژییەکانی بەرامبەربە ژنان هەیە، چونکە تێکۆشانی ژنانی کورد لە باشوور پێویستی بە مەرجاندن هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، بۆیە نەیتوانیووە سەرچاوەکانی تیکۆشان دیاری بکات و خاوەنداریێتی لە شۆڕشێکی تایبەت بەژن بکات، هەرچەندە سەرەتای تێکۆشانی ژنان لە باشوور لە ڕیزی تێکۆشانی حیزبە چەپەکاندا بۆ ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستاش ڕەهەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژن لە باشوور جۆرێک لە تێکخزان و ئاوێتە بوون لەگەڵ فیکری تێکۆشانی ناسیۆنالیستی و ئایینی و سۆسیالیستی بەسەردا زاڵە. لە هیچ شوێنێکی ئێرە ئاڕاستەیەکی بنچینەیی و حەقیقی بۆ تێکۆشانێکی ئازادانە بوونی نییە، خەمی ژنان لە باشوور لەچوارچێوەی ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان و بەهێزکردنی توانای پەرەپێدانی ژنانە، بۆ نموونە: ڕێکخراوەکان لەڕێی سێکتەر و گروپی هەماهەنگی(GBV-Gender Based Violence) بە گروپ کاری هاوبەش دەکەن وهەوڵی نەهێشتن و خۆپارێزی لە بەرامبەر هەموو توندوتیژییەکانی وەک؛ توندوتیژی (فیزیکی و سێکسی و دەروونی و ئابووری و سیاسی...هتد)دەدەن.

لەگەڵئەوەشدا لەکاتی بوونی هەر کیشەیەکی نوێدا، ژنان هاوپشتی زیاتری یەکدەبن و بە ئاڕاستەی جیاواز کاری خۆیاندەکەن، جیاواز لەوەش دەبێت هەمیشە زۆر پرسیار هەیە؛ دەبێ لە خۆمانی بکەین، ئێمە چۆن دەستپێبکەین و دەکرێ لەگەڵ کێدا هاوپشتی یەکبین؟ چونکە هاوپشتی لەگەڵ هاوڕەگەزەکەمان، لە خودی یەکسانی و ئازادیی لەگەڵ ڕەگەزەکەی دیکە گرنگترە، هەروەها دەکری لە خۆمان بپرسین؛ چۆن «ئاڕاستەیەکی فیکریی تایبەت» بەرهەمبهێنین و هاوپشتییەکانمان پێکەوە بخەینە خزمەتی مەسەلەی ئەو پارادایمەوە؟ ئەم پرسیارە دەشێ هەر ژنێکی وشیار خۆی لەبەردەمدا ڕووبەڕوو بکاتەوە، چونکە ژنان لە بەشێک لە کۆمەڵگە نەریتیە جیاوازەکاندا، کە ئێمە بەشێکین لەو کۆمەڵگایانە چەندین جار دەبنە ستەم دیدەی «ڕەگەز و ئایین» یاخود «ڕەگەز و نەتەوە» و «ڕەگەز و نەژاد» لەبەرئەوەی ژنان لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا بە دانەبڕاوی؛ یەکەمجار وەکو «مێینە» ڕووبەڕووی چەندان چەوساندەوەی یەکسانی ڕەگەزیی دەبنەوە و دواتر بەهۆی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و نەژادیشەوە جارێکی تر وەکو کائینێکی ژێردەستە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، بۆنموونە: ژنانی یەزیدی، ژنانی کوردی خۆرئاوا لە سوریا و ژنانی ئەفغانستان، ژنانی ڕەشپێست لە ئەمریکا... هتد. لەبەر ئەو هۆیەی پێشەوە و بەهۆی ئاڵۆزی ئەم بابەتە و بۆ وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوەش، ژنە ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا تیۆری مێینیزمی «یەکبڕگەرایی» (Inter sectionalism) یان بەرهەم هێنا، دواجار تێرمی «یەکبڕگەرایی»بەدواداچوونی

مێینیزمی گۆڕی، و ڕێگەی کردەوە هۆکارە جیاوازەکانی چەوساندنەوە و کاریگەرە جۆراوجۆرەکانی لەسەر هەر کۆمەڵەیەک؛ بە تایبەتی لەسەر ژنان، مشتومڕی زیاتری لەسەر بکرێ.

وەک ژنی کورد لەم بەشەدا ئەرکمانە بەدواداچوون بکەین بۆپارادایمێکی گونجاو و هەڵبژێرین بۆ تێکۆشان، هەرکات بمانەوێ لەبارەی گەشەکردنی خەباتی ژنی کوردەوە بدوێین، سەرەتا دەبێت باسی بابەتی «تیۆریی» بکەین؛ ئەوسا پراکتیزەی فیکرەکە بکەین، بۆ ئەمەش دەبێت لە تیۆریزەکردنی ئەو توندوتیژیانەوە دەست پێبکەین؛ کە بەرامبەر بە ژن دەکرێت، ئەوەندە بەس نییە ڕاستیەکانی دۆخی ژنان درک پێبکەین، بەڵکو ئەوەی گرنگە چ شتێک بە تەواوی جێگەی بایەخە بۆ گۆڕینی دۆخەکانی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان؟ لە هەر ڕەوشێکدا بێت، ئەوەی گرنگە، وەک گوزارەی نووسراو شتەکان ببنە دۆکۆمێنت و هەموو کێشەکان، لە بەشێکی بچوک و جوگرافیایەکی سنووردارەوە بپەڕنەوە بۆ چاوی هەموو جیهان. بەڵام لەبەرئەوەی کورد لە ڕووی فەلسەفی و فیکرییەوە؛ پێشینەیەکی بەهێزی تیۆریزەکردنی دەق و هیچ پرۆژەیەکی هاوچەرخی نییە، کەواتە بۆ ژنی کوردیش مانیفێست و داڕشتنەوەی هەر ئایدیایەکی ژنانە لە تیۆرێکی کامڵدا هەروا ئاسان نییە.

ئێستا ئەگەر سەیری کاری بزووتنەوەکانی ژنان بکەین، ئەمانە چالاک بوون لە کاری مەیدانی و مەدەنیدا، بەڵام تیۆرییان بەرهەم نەهێناوە، دەکرێ بڵێین: تاڕادەیەک پێگە و شوێنی ستراتیژی بزاڤەکانی ژنان ناوێکە نەیتوانیووە خاوەنداری لە دەقێکی تیۆریی چارەسەر و ئامادەکردنی ژنان و پەروەردە وشیارکردنەوەیاندا بکات. هێزی بزاڤەکان لە ئێستادا هێزێکی کەم وزە و کەمدەستە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کێشەی ژناندا، سەرجەمیان بە چۆنێتی کارکردن و چەندایەتیانەوە چاودێر و سەرپەرشتیاری هەموو حاڵەتەکان بوون، بەڵام نەیانتوانیووە لە ئاست گەشەی هێزی باڵاتری سیستمەکە و کلتووری پیاو سالارییەکەدا گەشە بە بنەمای تیۆری ژنانە و هێزی خۆیان بدەن، و ئەقڵی کۆمەڵگە لە ئاست چۆنێتی بیرکردنەوە بەرامبەر بە ژن بگۆڕن، ئەم کارە ئەکتێکە لە ناو پەیڕە و ئامانجی تێکۆشاندا جێگەی دەبێتەوە، ئەم جۆرە لە ریفۆرمی تێکۆشان، پێویستی بە فیکری قوڵ و دامەزراو هەیە، لەبەرئەوەی دنیای ژن- بۆتە دنیای (بەرخۆریی و بە کالاکراو) نەخشەی کێشە لەبنەهاتووەکانی ژن لە نەخشەی جیهان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەدەر نییە لە کێشەکانیتر، هاوشانی کێشە سیاسیەکان، پرانسیپی کاری تێکۆشانەکانی ژنان؛ لە مەودای سەرپەرشتیار و چاودێرەوە؛ دەبێت ببێتە لێپرسراوی چارەسەری کێشەکان بە پشتبەستن بە ڕێسا یاساییەکان و بەرزکردنەوەی داوای قەزایی و پشتگیری کردنی تەواوی ئەو کەیسانەی ژن تێیدا قوربانییە. ئەگەر پێشتر کارەکانیان دابەشکردبێ بەسەر ئەندامەکانیاندا ئەوا لە ئێستادا کاری وشیارکردنەوەی دەستەکۆیی دەوێت، لە ناوچە دوورەکاندا؛ وشیارکردنەوەی پیاو و ژن پێویستی بە پلانی زیاترە. گرنگە لە فەزای بەرەوپێشچوونی دیدی مۆدێرنەدا گوتارەکانیان؛ بەهێزتر بکەن، بە ڕادەیەک؛ خەباتی ژنان لە بەرامبەر تێگەیشتن و بیرکردنەوە لە قۆناغەکە هەڵبسەنگێنرێت.

# سینەما و ئەجندای سیاسی :
# کورد لەکوێی ئەو ڕوانینەدایە



پ. ی. د. دڵشاد مستەفا

سینەما وەک هونەرێکی نوێ و یەکێک لە بەرهەمەکانی سەردەمی مۆدێرن ، خاوەنی هێزێکی گەورەیە لە بەرهەمهێنانی جۆرێک لە مەعریفەی جیاواز وەک گوزارشت لە کەلتووری کۆمەڵگایەکی دیاریکراو کە بەرهەمی خودی چالاکییە کۆمەڵایەتی وکەلتوورییەکانی کۆمەڵگایە . بۆیە لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی مرۆییدا و بە سروشتی خۆی مەمەڵەی لەگەڵ هەموو ئەو گۆرانکاریانە کردوە کە هاتونەتە پێش . بۆیە بۆتە جێی بایەخی نێوەندە جیاوازەکان و بەگرنگییەوە لێیان روانیەوە ، چونکە سینەما هێزێکی گەیاندنی بەتاو و راستەخۆی هەیە زۆر بەزویی کاریگەرییەکانی لەسەر وەرگر دەردەکەون .

دوای ئەوەی زیاتر گرنگی پێدرا، گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هات لە ڕێگەی بەکارهێنانی وەک ئامرازێکی پەیوەندی پڕوپاگەندەیی بە ئامانجی گەیاندنی پەیامێک بە وەرگر کە لە ڕێگەیەوە ئایدۆلۆژیا بە ئەنقەست لەگەڵ سیاسەتدا تێکەڵ بوو. بۆ تێگەیشتن لەم هاوکێشە واتاسازییە لە نێوان ئەوەی ئایدیۆلۆژییە و ئەوەی سیاسییە، دەبێت لەوە وردبینەوە کە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە بە جۆرێکە سینەمایەک هەیە ئایدۆلۆژیا وەک شتێکی ناڕاستەوخۆ تێدا دەردەکەوێت لە بەرامبەر سینەمایەک هەیە ئایدۆلۆژیا لە فۆرمێکی پڕوپاگەندەییدا

دەردەکەوێت هاوکات چوارچێوەی سیاسیش جیاوازە لەناوەڕۆکی سیاسی.

هەڵبەتە مێژووی سینەما بێبەش نییە لەو شێوازی کارکردنانەی سینەما وەک ئامرازێکی پروپاگەندەیی بەکارهاتووە لەپشت بەکارهێنانیەوە ئەجندای سیاسی کاری خۆی کردوە . بۆ نموونە لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان ، ئەڵمانیا پێش دەسەڵاتی نازییەکان بە باشی سینەمای وەک پروپاگەندەیەکی جەنگی بەکاردەهێنا و دواتریش کە نازییەکان دەسەڵات دەگرنە دەست هێندەی تر هێزی وێنە لە بەدیهێنانی ئامانجە پروپاگەندەییەکاندا بایەخی پێدرا ، بە شێوەیەک هیتلەر لە کتێبی ( خەباتی من) دا دەنوسێت ( وێنە بە هەموو شێوەکانییەوە ، لەنێو ئەوانەدا فیلم ئاسۆی باشتریان لەبەردەمدایە ، لەکاتێکی کەمتردا و بەیەک پیاکێشان رەنگە بڵێم ، خەڵک بە نمایشێکی وێنەیی لە شتێک تێدەگەن کە پێویستی بە وزەیەکی زۆر و ماندووکەرە تالەرێی خوێندنەوەوە تێی بگەن ) ( Hitler, ١٩ :٥٢٦.

لەبەرامبەر ئەوەشدا لە ئەمریکا چارلی چاپلن ، سەرقاڵی هەندێک فیلمی پروپاگەندەیی بوو بۆ پشتیوانی سوپا و حکومەتی ئەمریکا لە وانە فیلمی (The Bond) وەک فیلمێکی پروپاگەندەی بۆ (Liberty Loan Drives) بەکاریهێنا ، ئەم دیاردەیە قەرزێک بوو هاوڵاتیان لە دۆخی کۆتایی جەنگی جیهانی دەیاندایە حکومەتی ئەمریکا بە بەڵێنی ئەوەی دواتر بە قازانجەوە وەریدەگرنەوە و پاشان لە ساڵی ١٩٤٠ چاپلن فیلمی دیکتاتۆری مەزنی دروستکرد وەک بەشێک لە رەخنەگران وادەبینن فیلمی دیکتاتۆری مەزن لوتکەی گوتاری مرۆییانەی چاپلنە و هەوڵێکە بۆ بەخشینی هێزێکی رەخنەیی بە سینەما ، واتە گواستنەوەی سینەمایە لە قۆناغی بەخشینی چێژێکی روتەوە بۆ قۆناغی ئاراستەکردنی پەیام یان بەرهەمهێنانی مانای قوڵتر و بەهێزتر لەوەی لەو رۆژگارەدا بۆ سینەما دەستنیشانکرابوو . چاپلن جۆرێکی تری لە سینەما پێشکەش کرد کە لەبەرهەمەکانی پێشوی ناچێت .

هاوکات لەگەڵ ئەم شێوازەدا پڕوپاگەندەی سۆڤێتی پشتیوانی لە دیدگای کۆمۆنیستی و شۆڕشی بەلشەفیکەکان دەکرد دژی دەسەڵاتی تزاری. و دزیکا ڤێرتۆڤ و سێرگی ئیزنیشتاین دیارترین سینەماکاری ڕووسی ئەو رۆژگارە بوون و سەرقاڵی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە بوون کە پشتیوانی هۆشیاری چینایەتیان دەکرد . لەو سەردەمەدا ئیزنیشتانین و فیلمە بێدەنگەکەی بە ناوی " کەشتی جەنگی پۆتێمکین» بە یەکێک لە گرنگترین سمبولەکانی سینەما لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت. لەم فیلمەدا سێرگی ئیزنیشتاین ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی تیمی کەشتی جەنگی ڕووسی پۆتێمکین لە ساڵی ١٩٠٥ لە دژی سەربازەکانی قەیسەر دەگێڕێتەوە. و باس لە شێوازی دڕندانەی مامەڵەی دەسەڵاتی قەیسەر دەکات لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی .

ئەم شێوازانە لە فیلم بە ئەجندای سیاسی و ئایدۆلۆجی ئاشکراوە کاری خۆیان کردوە و خۆیان لە پشت هیچ بەرنامەیەکی سیاسی نادیار






و پەیامی چەواشەکارییەوە حەشار نەداوە ، بۆیە لە نێو مێژووی سینەمادا پێگەیان دیارە و وەک فیلی پروپاگەندای سیاسی لێیان دەروانرێت . ئەی چی بەحاڵی دنیاکەی ئێمە ؟ ئاخۆ کورد لەبەردەم هەژموونی بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانەی بە ئەجندای سیساسییەوە دێنە نێو دنیاکەیەوە چی هەیە ؟ ئاخۆ توانستی شیکاری ئێمە لەبەردەم ئەو دیاردانەدا کاری جددی کردوە .

## سینەما و ئەجندا و دیدی کورد

یەکێک لە مەترسیترین دۆخەکانی تێنەگەیشتن لە هێزی وێنە تێدەپەڕێنین ، بەخشینەوەی نازناو و هەندێک تێبینی میدیایی لامسەلایی هێندەی تر دۆخی فیلمسازی لەنێوەندە پەشموردەکەی ئێمەدا وێران دەکەن . سینەما چەند دەتوانێت پەیامی ژیان دۆستی و جوانی و مرۆیی بەرهەمبهێنێت ، دەتوانێت تا سەر ئێسکیش وێران کەر بێت و ئەجندای خراپ لەهەناوی خۆیدا بگوێزێتەوە . بۆیە گەر هزر و هۆشیارییەکی وردتر ئەم دۆخە هەڵنەسەنگێنێت و ڕەنگرێژییەکی تر نەیەتە گۆڕێ ، خراپ و خراپتر دەبین .

وێنە لە بنەچەدا جۆرێکە لە هێما ، واتە هیچ کات ناتوانێت سەد دەرسەدی حەقیقەتی شتەکان بێت، بەڵکو ڕویەکی تری حەقیقەتە لە ڕێگەی گوزارشتکردن لەوەی لەبەردەمیدا دەگوزەرێ و هەوڵدەدات هەندێک دراوی هونەری و ڕەهەندی ئیستاتیکی دەربارەی ئەو واقیعە دەربخات کە لە چوارچێوەیەکدا پێشەکەشی بینەری دەکات . بەو شێوەیە وێنە لە نێوان حەقیقەت و وەهم ، ڕاستی و خڵەتاندن دا دەمێنێتەوەو زۆر هەوڵ دەدات هاوشێوەیەکی سەد دەرسەدی ژیان بێت ، بەڵام زۆرجار دەکەوێتە بەردەم ستراتیجی هەڵبژاردنی ئەوەی دەبێت ببینرێت ، یان ئەوەی ویستی هونەرمەندەکەیە لە پیشاندانادا یان فەرامۆشکردنی بەشێکی ئەو واقیعە . ئەوئارگومێنتە هەمیشەییە ودێرینەی هێشتا بە ئاکامی کۆتایی نەگەیشتوە .

کێشەکە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە بۆدریارد وەک مەترسی لە وێنەی بەرهەمهاتووی ئەم ڕۆژگارە دەڕوانێت و ئەو پێی وایە کە واقیع بەجۆرێک لە جۆرەکان لە پشت ئەو وێنەیەوە حەشاردراوە ، و هێز و هەژموونی ئەو وێنەیە زیادیکردووە کە وەک لاسایی کەرەوەی واقیع لێی دەڕوانرێت . ئەو وا دەبینێت لە سەردەمی هەژموونی وێنەدا دۆخێک هاتۆتە پێشەوە بە جۆرێک لە جیهانێکی پڕ لە وێنەی نارەسەندا دەژین . ئەم تێزەی بۆدریار ترسی دروست بوونی واقعێکی گریمان کراوە لە وێنەدا ، واقیعێک کە بەهەموو شێوەیەک دەیەوێت جێ بە واقیعە ڕاستەقینەکە لێژ بکات و جێی بگرێتەوە .ئەوسا هەرچیمان لەسینەما دا بەڕاستی و واقیع پیشان بدەن باوەڕی پێ دەکەین ، لێرەوە سینەما بە سانایی دەتوانێت مێژوو ، ئێستا و ئایندەمان بخاتە ژێر مەترسیەوە .. بۆیە ئەم دۆخە وریایی دەوێت ..

جان بۆدریارد وا دەبینێت کە وێنە مەترسیدارە و دەتوانێت دەستکاری بیرکردنەوە و ڕوانینمان

بۆ واقیع بکات ، چونکە وێنە لەم رۆژگارەدا لە دیدی بۆدریاردەوە ، ئیدی وابەستەی شتێکی دیاریکراوی نێو دنیای واقیعی نییە ، بەڵکو بە ئاسانی لەنێویدا دەبزوێت و باز بەسەر هەموو سنورەکانیدا دەدات ، لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان بە گشتی ئاگاداری سروشتی پیشەسازیانەی کەلتووری وێنەن نین ، کەواتە تەکنیکی بەرهەمهێنانی لایان ئاشنا نییە ، بەو پێیەی ئەو واقیعە جێگرەوەیە بی ئەوان ناوازەو ڕاستەقینەکەیە .

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بیست ساڵی ڕابردوو، دەتوانین سەرنج بدەین گۆڕانکاری زۆر لە شێوازی پڕوپاگەندەی سینەماییدا، چ لە ڕووی تەوەری کارەکەوە یان لە ڕووی گوتاری دەلالییەوە ، تەنانەت لە قووڵایی وێنەی سینەمایشدا. بەڵام هێشتا جۆرێک لە پەیوەست بوو بە جەنگ و ئاقارەکانیەوە وەک یەکێک لە ڕەوتەکانی بەکارهێنراوی بەربڵاو لە کولتوری سینەمایی ڕۆژئاوادا بەردەوامی هەیە .

ئەو فیلمانەی لەم رۆژگارەدا بەرهەم دێن توخمێکی جەوهەریمان پیشان دەدات لە دوورخستنەوەی سەرنجی خەڵک لەسەر پرسە کۆمەلایەتی و سیاسییە گرنگەکان و گۆڕانکارییەکانی رۆژگار ، لەبەرامبەردا دەستبژێرە سیاسی و ئابوورییەکان، بە هەناردەکردنی برێکی زۆر لە سەرقاڵکردن و زانیاری بێ بایەخ بیرکردنەوەی خەڵک بەشێوازێک داگیر دەکەن کە بەتەواوی سەرنجیان لەسەر ئەوەی دەگوزەرێت لادەچێت و سەرقاڵی هەندێک شتی دی دەبن کە بەشێک نییە لە جەوهەری ژیان.

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کاراکتەری سیاسی یان پۆپۆلیستی سیاسی دێن و دەست بۆ فیلم وەک میدیایەکی کاریگەر بۆ ڕەوانەکردنی پەیامێکی دیاریکراو لەرۆژگارێکی دیاریکراودا دەبەن ، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ خەڵکانێک دەبەن کە هۆشیاریان لەو ئاستەدا نییە بتوانن هەڵسەنگاندن بۆ لێکەوتەوەکانی بکەن . ئیدی دۆخێک دێتە پێشێ کە برین و ئازار و ئاریشەکانمان بۆ چەواشەکردنی مێژوو و قوربانییەکانمان بەکاردەبرێن و ئێمەش سانا لێی دەڕوانین و هیچ بەربەستێکمان لەبەردەم ئەو هانگاوە ترسناکەدا نییە .

کەواتە مەترسیەکە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بە سانایی دەست هەندێک کەس دەکەون بەبێ ئەوەی لەو یارییە سیاسییە تێبگەن دەکەونە نێوی و دەبنە ئامرازی دەستی ئەوانی دی ، ئەوانەی دەیانەوێت مێژوو و ئێستا و قوربانیدان و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بشێوێنن و بەرەو هەڵدێرێکمان ببەن کە بەسانیی خۆمان نەگرینەوە .

بۆیە لەبەردەم هێزی وێنەدا کوردەواری پێویستی بە هۆشیارییەکی جیاوازە بتوانێت لەو تەڵزگانەی بەرێتە دەرەوە کە هێزەکانی دی بۆیان ئامادەکردووە ئەو بەویستی خۆی و بە سۆزێکی زۆرەوە دەکەوێتە نێوی ، ئێمە هەرکەس بێت و باسی برینێکمان بۆ بکات دەرگاکانمانی بەسەردا واڵا دەکەین بەبێ ئەوەی لەوە وردبینەوە کە لێکەوتەی ئەو گوتارە چییە ، چی لەپشت ئەو وێنەیەوە کار دەکات و کامە ئەجندای سیاسی دەیەوێت بەکارمان بەرێت ؟ ئەمانە و رستێک پرسیاری گرنگتر کە دەبێت هۆشیاریمان لەسەر وێنە بباتە ئاستێکی باڵاتر .

سەرچاوە :

- Hitler, Adolf (1998) Mein Kampf. Ralph Manheim (Translator) , Harper.

هەوارنامەی کتێب

# حەمە جەزا؛ هونەرمەندی نەتەوەو نیشتمان: بەشێکی بیرەوەرییەکانی لە شارباژێڕدا



ئا: داناز عەبدولڕەحمان - سوید

هونەرمەند (حەمەجەزا) یەکێک لەو هونەرمەندە گۆرانبێژە بەناوبانگانەی سالآنێک لە شارباژێڕ پێشمەرگە بووەو ناوچەکە بۆتە شوێنی داڵدەدان و چەندین چالاکی پێشمەرگانەو لەگەڵیشیدا جوانی و دڵڕفێنی خاک و ئاوەکەی بوونەتە هەوێنی بەشێک لە ئاوازو گۆرانییەکانی، بۆخۆیشی ڕەچەڵەکێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ، هەربۆیە کاتێک بیرەوەرییەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بەناونیشانی (حەمەجەزا، هونەرمەندو پێشمەرگە) بڵاودەکاتەوە، بەشێکی بیرەوەرییەکانی تەرخان دەکات بۆ شارباژێڕو بەتایبەت گوندەکانی باراو و چنگیان و گورگەدەرو عازەبان و بزەینان ی سەر بە ناحیەی سیتەک.

ئاوات قارەمانی لەبارەی حەمەجەزاوە دەڵێت: لەساڵی ١٩٨٢ هاتین بۆ شارباژێڕ لە گوندی باراو، ئەو لەپێش منەوە گەیشتبووەجێ، کە سەیردەکەم خەریکە لە دروستکردنی خانوو تەواو دەبێت، خانووی بۆخۆی و بۆ من دروستکردبوو، هاوکاری خەڵکەکەو پێشمەرگەشی دەکرد لە دروستکردنی خانوو. بە حەمەجەزام وت کاکەحەمە کەرتێکمان هەیە، لەراستیدا لەڕووی چالاکی و ڕێکخستنەوە کزن، حەزدەکەم ئێوە ببنە بەرپرسی ئەو کەرتە، لەبەرئەوەی من لەو بڕوایەم کە دەتوانی کەرتەکە بخەیتەوە سەرپێ، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، حەمەجەزا پێی خۆش نەبوو، لەبەرئەوەی بەرپرسی کەرتەکەی لێ

زویر نەبێت، دوای ئەوە کردمان بە بە جێگری کەرت، ئەوەبوو کەرتەکە هەڵسایەوە سەرپێی، دەستیانکرد بە چالاکی و لەو ماوەیەدا چالاکییەکی سەرکەوتوویان لای گوندی قرگە ئەنجام داو لە ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان ئەو چالاکییەی کەرتی ٥ ی تیپی ٣٣ خوێندرایەوە. دوای ئەوە لە کەرتەکە نەماو لێی بێتاقەت بوو ئیدارەی لەگەڵیان نەکرد.

### سەرەتاش با ژیاننامەکەی بۆ خوێنەران بخەینەڕوو:

حەمەجەزا کوڕی حاجی عەلی بەگ ە کە بە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر ناسراون، لەبنەڕەتدا لەشاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتونەتە شارباژێرو سەرەتا لەگوندی (وێڵەدەر) ی شارباژێڕ نیشتەجێ بوون و دواتر چوونەتە سلێمانی. باوکی حەمەجەزا، حاجی عەلی بەگ کوڕی قادر بەگی عەلی بەگی بارام بەگی سلێمان بەگی بانەیە، واتە لە بەگزادەکانی بانەن و نەوەی بارام بەگن، باوکی بارام بەگ بە سلێمان بەگی مێشەرۆ بەناوبانگ بووە.

دایکی حەمەجەزای حاجی عەلی و دایکی باوکیشی (واتە هەردوو نەنکی حەمەجەزا) خەڵکی گوندی (وێڵەدەر)ی شارباژێڕن، کە دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی سلێمانییەوە.

حاجی عەلی بەگ لە کارو کاسبیدا ناوێکی دیارو بەناوبانگ بووەو ساڵانێکی زۆر لەناوبازاڕی شاری سلێمانی دوکانی هەبووەو هاوبەشی حاجی سەعیدە رەشی کونجرین و شێخ عەزیزی باراوی و کەریم شاقوڵی بووە.

حەمەجەزاش لە ٣ی شوباتی ١٩٤٩ لە کۆڵانی حەوشی گەورە ی کانێسکانی سلێمانی کە ئەوکات پێیان دەوت بازاڕە بچکۆلە هاتۆتەدنیاوە.



هونەرمەند (حەمەجەزا)

ساڵی ١٩٦٠ قۆناغی شەشەمی سەرەتایی تەواو دەکات. ساڵی ١٩٦٦ بووەتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول. ساڵی ١٩٦٧ ژیانی هاوسەری پێکهێناوە. چوار کچ و دوو کوڕی هەیە.

ساڵی ١٩٦٩ یەکەم گۆرانی خۆی لەگەڵ تیپی هونەرو وێژەی کوردی تۆمارکردووە کە گۆرانییەکی فۆلکلۆر بووە بەناوی لیۆت خوێنی گەشمە.

ساڵی ١٩٧٠ واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنێت و ڕوودەکاتە شاری هەولێرو تا ساڵی ١٩٧٥ زیاتر کاری لەسەر فۆلکلۆر و گۆرانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک کردووە.

لەساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٨١ بۆ حەمەجەزا قۆناغی گەشەکردن و دەرکەوتنی بوو بە هونەری شۆڕشگێڕی و شاکاری هونەری بەتایبەتی ئەو کاسێتانەی لەگەڵ هونەرمەند رزگار خۆشناو تۆماریکردوون، وەکو: عیشق و ئازادی، بوکی

ئـازادی، ناڵەی جودایی کە بەشێکیان شیعری مامۆستا هێمن بوون.
لەساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ.
حەمەجەزا لە شاخ بە دوو جۆر کاری دەکرد، دوو کاسێتی هەیە، یەکێکیان زۆر بەناوبانگە، کۆمەڵە شیعرێکە بەبێ مۆسیقا، ساڵی ١٩٨٣ لە گوندی باراو تۆماریکردووە. بەو ئامێرەی تۆمارکردنەی کە هەیبوو، سرووەدکان یەکیان شیعری شێرکۆ بێکەس (لە شەوێکدا)، هەروەها شیعری (پاکانە) کە شیعری (موزەفەر نواب) بوو، شەهید دڵشاد مەریوانی کردبووی بە کوردی.
لەگەڵ چەند شیعرێکی شەهیدی نەمر مەلا عەلی کە بە سـروود گوتونی و لـەدوای راپەڕینیش بەشێوەیەکی دی تۆماری کردوونەوە.
حەمەجەزا لەگەڵ تیپی شەهید کـارزان چەند بەرهەمێکی تۆمارکرد، وەکو: هۆ کاکی پێشمەرگە، مەڕۆ بابە مەڕۆ.
کە ئەم سرووەدەی ساڵی ١٩٩٠ لەشاری سەقز لەیادی هەڵەبجەو نەورۆزدا تۆمارکراوە. بەڵام مێژووی نوسین و ئاوازەکەی کۆنترەو بۆ خۆی چیرۆکێکی لەپشتەوەیە. ئەو کاتەی حەمەجەزا لە شارباژێڕ پێشمەرگە بووە، منداڵەکانی هەر رۆژەی لە ماڵێک بوون، رۆژێ لە ماڵی باپیرەیان، یان پوریانن و زۆر هەست بە بێزاری دەکەن. کچە گەورەکەی نامەیەکی بۆ دەنوسێت و دەڵێت: بابە ئێمە دەمانەوێت بێینە لای تۆ، بێزار بووین، یان تۆ وەرەوە تەسلیم بەوە، یان ئێمە دێینە لای تۆو دەبین بە پێشمەرگە. حەمەجەزا لەپشتی ئەو نامەیە ئەو شیعرەی بۆ دێت و دەینوسێت، کە شاکارێکی گەورەی هونەرییە، ئەمە کۆپلەیەکە لەو شیعرە، لە وەڵامی منداڵەکانیدا:


ئەڕۆم ئەڕۆم زویر مەبن وردیلەکانم
تا سەربەستی وەدەست دێنم بۆ کوردستانم
تاکو نەخشەی ئەم وڵاتە نەگۆڕینەوە
دڵنیابن رۆڵەکانم ناگەڕێینەوە

حـەمـەجـەزا لـە ئەنفالەکانداو لـە سـاڵی ١٩٨٨ ڕوودەکاتە شاری سەقزو تا ساڵی ١٩٩٠ لەوێ دەمێنێتەوە.
ساڵی ١٩٩٠ ڕوو لـە هـەنـدەران دەکـات و لە دانیمارک دەگیرسێتەوە. ماوەیەکی زۆر دوای راپەڕین بەیەکجاری دەگەڕێتەوە کوردستان و چەندین بەرهەمی تری جوان تۆمار دەکات، بەڵام بەداخەوە لە ١- ١٠ -٢٠١٠ کۆچی دواییکرد.

**بیرەوەرییەکانی لە شارباژێڕ:**

**لە دێی چۆخماخ پەیوەندی بە پێشمەرگەوە دەکات:**

سـاڵی ١٩٨١ دوای ئـەوەی کـە رزگـارم بوو لـە هـەمـوو مـەتـرسـی گـرتـن و شـادبـووم بە ناوچەیەکی ئازاد کە جگە لە پێشمەرگەو خەڵکی گوندە دڵسۆزەکان کەسی تری لێنەبوو. چووم بۆ دێی قزلەرو خواحافیزیم لەو بـرادەرە کرد کە ئەویش شۆفێری جێبەکە بوو. شەو لە قزلەر مامەوە، بۆ بەیانی کاک کەریم قزلەری وڵاخێکی بۆ گرتم و پێیوتم بەخوا زەحمەتە تۆ بتوانی سواری وڵاخ بیت، وایدەزانی ئەوەی بە کوڕی دێ دەکـرێ بە کـوڕی شـار ناکرێت. سـواری پشتی وڵاخەکە بووم و بەرێکەوتم بۆ گوندی چۆخـمـاخ، یەکەمجار کە چـوومـە گوندەکەوە دوو پێشمەرگەم بینی و یەکێکیان ناوی جوتیار بوو کە پێشتر لە سلێمانی بەرگدروو بـوو، لە کادیرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، ئەوی تر ناوی سالار بوو، ئەویش هەر کادیری (ی.ن.ک) بوو، ئەو کاتەی من باسی لێوە دەکەم تەنها هەرێم هەبوو، تیپ نەبوو، بەرپرسی هەرێم



هونەرمەند (حەمەجەزا)

لەو ناوچەیە شەهید جەمال عەلی باپیر بوو، کاتێ کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دوو پێشمەرگەیە، وتیان جەنابت دەناسین و منیش وتم: جەنابتان کێن؟ وتیان: ئێمە پێشمەرگەی هەرێمین لای کاک جەمال و وتیان ئەی جەنابت خێرە وا هاتووی. وتم وەڵڵا منیش هاتووم ببم بە پێشمەرگە وەکو ئێوە. پرسیاری ئەوەم لێکردن کە کاک جەمال لەکوێیەو دەمەوێ چاوم پێی بکەوێت. پێشتر من و کاک جەمال ئیش و کارمان پێکەوە کردبوو، چەندین نامەو شتمان لەنێواندا هەبوو، دەشیزانی من لە رێکخستنەکانی کۆمەڵە ئیش دەکەم. کە گەیشتمە لای کاک جەمال، دوای چاک و چۆنی یەکسەر ڕووی لە پێشمەرگەکان کردو وتی ئا ئەوەتە حەمەجەزا لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەیەو هەڤاڵی خۆشمەو زۆریش کابرایەکی بەجەرگ و قارەمانەو هاتووشە ناگەڕێتەوەو دەبێت بە پێشمەرگە، مادام جانتای پێیە. هاتە پێشەوەو پێشوازی لێکردم و ئەملاو لای ماچ کردم و چووین بۆ مزگەوتەکە، لەوکاتەدا دیار بوو دوو فڕۆکەی ئێرانی بەسەر ناوچەکەدا دەسوڕایەوەو بەتایبەت بەسەر چۆخماخ. بەهەرحاڵ لەگەڵ کاک جەمال دانیشتین، باسی شارمان کردو باسمان لە وەزعی رێکخستنەکانی ناوشار کرد، دیار بوو کاک جەمال تازە لە سوریا گەڕابۆوە، لەگەڵ کاک دانا ئەحمەد مەجید و کاک سەلاح چاوشین دەورەیان تەواو کردبوو، کاک دانا ئەحمەد ئەوکاتە بەرپرسی کەرتی رێکخستنی هەرێم بوو، دیار بوو چەند هەڤاڵێکی تریش لە دەرەوە گەڕابوونەوەو ئیش و کارەکانیان تەواوکردبوو، بەتایبەت خولی سەربازییان لە لوینان تەواو کردبوو، لەوانە کاک شۆڕش ئیسماعیل و حامید حاجی غالی و ئەسکەندەر ئاکرەیی و شەهید شاخەوان عەباس و کۆمەڵێک لە هاوڕێ و هەڤالانی تر هەمان دەورەیان دیبوو.بەهۆی ئەوەی کە کاک دانا لە زانکۆ لەگەڵ قادری برام بەیەکەوە دەیانخوێند، دیاربوو ئێمەی زۆر چاک دەناسی و زۆر رێزی لێدەگرتم، دواتر چووین لە ماڵێک تەوزیع بووین، لەگەڵ کاک دانا دانیشتین نانمان خواردو لەو ماڵە کاک جەبار فەرمانیش یادی بەخێر کە ئەو کاتە رابەر سیاسی هەرێم بوو، ئەویش لەوێ بوو. کاک جەبار ڕوویکردە من و وتی کاکە حەمە بەنیازی چی بکەیت، منیش وتم دەمەوێ بچم بۆ سەرکردایەتی. من سێ نامەم پێبوو. نامەیەکم پێبوو بۆ کاک نەوشیروان، یەکسەر سێ پێشمەرگەی بانگکرد، یەکێکیان ناوی سالح ماوەتی بوو (رەنگە سالح ژاژڵەیی بووبێت). کەوتینە رێ بە دوو شەوو ڕۆژ گەیشتینە سەرکردایەتی کە ئەو کاتە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ بوو.

### بەرەو شارباژێڕی تەخت و گوندی باراو:

پاش ماوەیەک ئەوەندەی پێنەچوو پێشمەرگەی ئازاو بوێر ئاوات قارەمانی یان نارد بۆ سەرپەرشتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە شارباژێڕ کە ئەوکاتە کاک شێخ وەهاب



گوندی باراوی شارباژێڕ


سەرپەرشتی ئەو بەشەی هەرێم ی ئەکرد، وابزانم کاک بەکری حاجی سەفەر بەرپرسی هەرێم بوو لەو ناوچەیە، دوای ئەوە بوو بە تیپ، کاک ئاوات قارەمانی بە سەرتیپ ڕەوانەی خوارەوە کراو بەڕاستی من زۆر ڕێزو خۆشەویستیم هەبوو بۆی، چونکە کاک ئاوات قارەمانی هەتا بڵێیت پیاوێکی دڵسۆزو پاک بوو، ئازاو قارەمان بوو، پێموت کاک ئاوات تۆ بچیت بۆ هەر شوێنێک من لەگەڵ تۆدا دێم، چونکە حەزم دەکرد بڕۆم بۆ خوارەوە، نزیکەی ساڵێک بوو نەچووبووم بۆ خوارەوەو بەڕاستی زۆر بێتاقەت ببووم و حەزم لە پێشمەرگایەتی و جەولەی ناو خەڵک بوو، چونکە بەڕاستی لەوێ هەر دانیشتن و خواردن بوو، واجب و شت نەبوو، تەنها واجبی وریایی هەبوو، بۆ ئەوەبوو ئەگەر هەواڵی هاتنی جاش و حکومەت هەبوایە خۆمان ئەبەست بۆ ئاگاداری ناوچەکە ئەبووین.

**خانو دروستکردن لە دێی باراو:**

لەگەڵ کاک ئاوات هاتینە خوارەوەو چووینە شارباژێڕو لەگەڵ کاک شێخ وەهاب بە نامە یەکترمان ئەناسی، ئیتر کە کاک شێخ وەهاب منی بینی زۆری پێخۆش بوو، پێشتر زۆر باسی ئازایەتییان دەکرد، منیش هەردەم موعجیبی پیاوی ئازا بووم. لەوێ لە شارباژێڕ باشتر یەکترمان ناسی و بووین بە هاوڕێ، تاکو ئێستاش ئەو هاوڕێیەتیەمان هەر ماوە، پێش ئەوەی کاک ئاوات بێت و بگاتە شارباژێڕ من چووم شوێنی خانوێکم دەستنیشان کرد لە گوندی باراو، ئەو شوێنە شوێنێکی کەلاوە بوو، پرسیارم کرد ئەو شوێنە شوێنی کێیە، وتیان بڕۆ چی لێ ئەکەی لێی بکە، دوای ئەوە مولازم عومەر ٨٠٠ دۆلاری بۆ سەرف کردم و وتی: ئێمە ئێستا تفەنگمان نیە بڕۆ لە خوارەوە تفەنگێک بکڕەو بیخەرە سەرشانت. من زۆر هەوڵمدا کە پارەکەم لێوەربگرێتەوەو وتم خۆم ئەیکڕم و پارەشم پێیە. وتی: پارەکە، پارەی شۆڕشە، تۆش مافی خۆتە تفەنگێکت هەبێت.

دوای ئەوە دەستمکرد بە دروستکردنی خانوو تا ئەو کاتەی کە کاک ئاوات هات سێ چوار چینی دیواریشم لێنابوو، کە کاک ئاوات هات، گوندی باراوی زۆری پێخۆش بوو، خەڵکی باراو لەڕاستیدا زۆر خزمەتی پێشمەرگەیان ئەکردو بەتەنگ ئێمەوە دەهاتن.

کاک عەباس هەبوو لە باراو دراوسێی من بوو، سێ چوار کوڕی هەبوو، کوڕەکانیشی وەک




هونەرمەند (حەمەجەزا) ١٩٨٣ باراو

خۆی ڕێک وپێک بوون و دوو براشی لە سلێمانی بوون. کاک عەباس بە عەباس باراوی مەشهور بوو. هەرچەندە وەسفی پیاوەتی ئەو پیاوە بکەیت کۆتایی نایەت، ئەوەندە ڕێک و پێک بوو، زۆر بەشەهامەت بوو، خۆشی پێشمەرگایەتی کردبوو، تا بڵێی نیشتمانپەروەر بوو.

باراو کۆمەڵێک خەڵکی باشی لێبوو، لەوانە: حاجی قادر، حاجی ڕەشید و هەموو شێخەکان پیاوی باش و ڕێکوپێک بوون، ئێمە هەر لەبەر باشی و چاکی خەڵکەکە، ئەم دێیەمان هەڵبژارد بوو.

دیار بوو کاک ئاوات بڕیاری ئەوەیدا کە ئەویش لەوێ خانوو دروستبکات، من پێم وت با خانووەکەی من تەواو بێت ئینجا خانوو بۆ تۆ دروست ئەکەین بە جوانترین شێوە. کاک ئاوات هەمیشە ئەگەڕا، هەر لە جەولەدا بوو، بۆ ئەوەی کەرتەکان بەسەر بکاتەوەو تیپەکە ڕێک بخات. ئەوەی لەیادم بێت، ئەوکاتە کەرتی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) هەبوو، دوای ئەوەی خانووەکەی من تەواو بوو، خانووشمان بۆ کاک ئاوات دروستکرد، ئینجا دوای ئەوە بارەگامان دروستکرد (بارەگای تیپ)، دێی باراو یەک کاتژمێرو نیو لە




هونەرمەند (حەمەجەزا)

سلێمانییەوە دوور بوو. کە لە دێی باراو دێیتە خوارەوە دێی شۆکێ لەبەردەمیدایە، لە شۆکێ بۆ کانی دڕکە و بۆ بزەینان و گورگەیەرو لەوێوە بۆ کانی ساردو ئەحماواو لەولاشەوە بۆ سیتەک و ئاڵەسیاو و بناویلەو شارستێن و وەڵانە. ئەو ناوچەیە پێیدەڵێن شارباژێڕ و جاروباریش ئەچووین بۆ جەولەکردن بۆ بەری مۆریاس، بۆ ئەوبەر لەنێوان جادەی بەرزنجە – سلێمانی. بەری ئەوبەر شیرەبەر و ئەوبەری بەرزنجەو عازەبان و کاژاو و وێڵەو مۆریاس و دێیەکانی تر کەوتوونەتە ئەوبەری جادە. بەرزنجە حکومەتی تیابوو، لەو ناوەماینەوە تاوەکو کۆتایی ١٩٨٣، تاکو گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت کرا، لە سەرەتای مفاوەزاتەکە جەنگی عێراق – ئێران زۆر بە توندی کەوتە ئەم ناوچەیە، تاکو بڵێیت وەزعەکە ناخۆش بوو، ئێمەی پێشمەرگە کەوتبووینە بەینی بەرداشی هەردوولاوە، جاروبار هەبوو تۆپە قورسەکان سەریان ئەکرد بۆ ناوچەکەی ئێمە.

**پێشوازی هێزی پارتی، لەسەر چەمی تەنکەبوار:**

ساڵی ١٩٨٢ هێشتا کاک وەهاب هەر لە شارباژێڕ بوو بۆ ئەوەی یارمەتی کاک ئاوات بدات لە ناوچەکە بۆ کاروباری پێشمەرگە وەک شارەزایەک لەو سنورە، کاک مستەفا چاوڕەش لەگەڵ شەهید بێستونی مەلا عومەری ڕەحمەتی ماڵەکانیان لە گوندی چنگیان بوو. هەر لەو کاتەدا ڕێککەوتنێکی ناوچەیی لەنێوان هەڤاڵانی پارتی و یەکێتی دا کرا، گەر هەڵەم نەکردبێ هێزێکی پارتی بە سەرپەرشتی کاک نادر هەورامی هاتە ناوچەکەو ئێمەش برشیاری ئەوەماندا کۆمەڵێک برادەر بۆ پێشوازییان بەرەو پیریان بچین، کاک مستەفا و کاک وەهاب و کاک ئاوات و شەهید بێستون و کاک شۆرش ئیسماعیل و کاک حەمەی



**هونەرمەند (حەمەجەزا)و گوڵزارخانی هاوسەری ١٩٦٩**

تەیب بە سواری دوو ئۆتۆمبێل کە یەکیان لای من بوو، بەرێکەوتین بۆ گوندی چاڵەخەزێنە، بەڵام لەسەر ئاوی تەنکەبوار تووشی هێزەکە بووین، مەبەستم ئەو هێزەی پارتییە کە نزیکەی ١٥٠ پێشمەرگە دەبوون، بەگەرمی پێشوازیمان لێکردن و زۆر خۆشحاڵ بووین کە کۆمەڵێک هاوڕێ و خۆشەویستی خۆمان لەنێو هێزەکەدا بوون، لەوانە: شەهید جەزای عەلی کاتب، شەهید غەفور باراوی و چەندانی تر، بۆ نیوەڕۆ لە ماڵی کاک مستەفا چاوڕەش خواردن ئامادەکرابوو، نانی نیوەڕۆمان پێکەوە خوارد. لەو دانیشتنەدا کاک نادر هەورامی چەند بەسەرهاتێکی خۆشی گێڕایەوە، کە هەمووی گوزارشتی لە برایەتی و تەبایی دەکرد، هەر لەو کاتەوە من کاک نادر هەورامی و چووە دڵەوەو خۆشم ویست، بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر بەرێکەوتین بۆ گوندی باراو، کە من ماڵم لەو گوندە بوو، داوەتێکی باشم بۆ ئەو هێزەی پارتی لە ماڵی خۆم بۆکردن. بەڕاستی نادر هەورامی پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو ئازای ناوچەی هەورامان بوو، دەبێ کورد شانازی پێوە بکات.

**بوونی بە جێگر کەرت لە تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ:**

ڕۆژێکیان کاک ئاوات بانگیکردم و پێیوتم کاکە حەمە جەنابت پێشمەرگەی کۆنی و ئەزمونیشت هەیە لە پێشمەرگایەتی، زۆرم پێخۆشە کە کەرتێکت بۆ بکەینەوە، منیش وەڵامم دایەوەو وتم من بەڕاستی کەرتم ناوێت، چونکە خەڵکانێک هەن لە من موستەحەق ترن، من پێم خۆشە ئەو شوێنە بۆ ئەوان بێت، چونکە من تازە هاتووم، هەرچەندە من پێشمەرگەی کۆنم و چەندین ساڵە پێشمەرگەم، بەڵام ئەو شۆڕشەی ئێستا خەڵکێکی زەحمەتکێشی تیایەو من بەهەقی نازانم ببم بە بەرپرسی کەرت، من زیاتر حەز دەکەم ببم بە بەرپرسی ئیدارە، چونکە لەخۆم ڕادەبینم کە هەموو جۆرە ئیدارەیەکی پێشمەرگە بکەم. وتی: کاکەحەمە، جەنابت هەموو شتێکیت. چیت پێباشە بۆت هەیە هەڵیبژێری، بەڵام من پێم خۆشە کە ببی بە بەرپرسی کەرتەکەی کاک عەلی ڕەشە جووتە، لەبەرئەوەی ئەو کەرتە تۆزێک سستە. بەڵام من دیسان پێشنیارەکەی کاک ئاواتم ڕەتکردەوەو پێم وت: کاک عەلی ڕەشە جووتە هاوڕێمەو کاک عومەری براشی لە شوێنی ئەو دانراوە، من وەک جێگر کەرت دەچم بۆسەر کەرتەکە، ئیتر کاک ئاواتم ڕازیکردو ڕەزامەندی دا لەسەر ئەوەی کە ببم بە جێگر کەرت، کەرتەکە ژمارەی تەواوی ٢١ – ٢٢ پێشمەرگە دەبوو. کەرتیش هەبوو ٣٠ پێشمەرگە دەبوو، هەشبوو ٤٠ پێشمەرگە دەبوو، هەشبوو ١٥ پێشمەرگە دەبوون، بووم بە جێگر کەرتی کاک عەلی ڕەشە جووتە. کەرتەکە ناوی کەرتی ٥ ی تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ بوو. ئەو هێرش و شەڕەی ئێران کردی، هێرشێکی زۆر گەورە بوو بۆ سەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە ویستی ناوچەکە پاک بکاتەوە. ئیتر دوای ئەوە بەئەمری سەرکردایەتی و بەڕێز مام جەلال هەموو کەرتەکان بەپەلەو بێ دواکەوتن گەڕانەوە سەرکردایەتی بۆ ناوزەنگ. ژمارەی

ئەوکاتەی پێشمەرگە ٢٠٠٠ پێشمەرگە دەبوو.

## دیداری هاوسەرەکەی لە دێی بزەینان:

بزەینان ئەو گوندە سەربەرزو کوردپەروەرە جێی حەوانەوەی ژن و منداڵی پێشمەرگە بووەو هەر خانەوادەیەکی پێشمەرگە ئەگەر بیویستایە چاوی بە کوڕو مێردو کەسوکاری بکەوێت، ئەوا لەو گوندە چاویان بەیەکتر دەکەوت و شاد دەبوونەوە بەیەکتر. ڕۆژێکیان خەپەی خێزانم لەگەڵ بەهمەن ی ژن برام و تەهای کوڕم هاتبوون چاویان بە من بکەوێت، ئەوەبوو شەو لە ماڵی شەهیدی قارەمان جەباری عەلی حەوێز بووین و شەوێکیش هەر لەو گوندە لە ماڵی عەلی ڕەشە جووتە ماینەوە. پێموایە ئەو گوندە زۆرترین کەسوکاری پێشمەرگەی ی. ن. ک لێبوو. ئەوەی ڕاستی بێت من هەموو کوردە بە قەرزاری گوندەکان دەزانم بەتایبەتی ئەو گوندە سەربەرزو تێکۆشەرە، چونکە شوێنی دیداری سەدان دایکە پێشمەرگە بووە کە ئەهاتن بۆ سەردانی کوڕەکانیان، هەرچییەک بۆ ئەم گوندانە بکرێ هێشتا کەمە، شیاوی هەموو خزمەتگوزارییەکن.

## خۆشەویستی و ڕێزی خەڵکی باراو:

ماڵم لە باراو بوو، تێکەڵاویمان لەگەڵ چەند ماڵێکی تێکۆشەری ئەم دێیە هەبوو. هەرچەندە خەڵکی باراو بەگشتی ئەوپەڕی ڕێزی تایبەتیان هەبوو لەدڵی من، چونکە من دوو ساڵ لەو گوندە خۆشەویستە لەگەڵ خەپەی هاوسەرم و منداڵەکانم لێی ژیاوم، من تەنها چەند ماڵێکم لەیادماوە، لەوانە ماڵی کاک عەباس باراوی و ماڵی حاجی ڕەشید و کاک ئەحمەد بیکەیسی و حاجی عەلی، خۆشترین ئەو یادەوەرییانەی کە لە یادەوەریم ماوەتەوە ئەو ڕۆژە خۆشانە بوو کە منداڵانی ناو گوند بەهاتوو هاواروو خۆشحاڵیەوە دەنگیان لێ بەرز دەبوەوەو دەیانوت: ئەرێ وەڵڵا ئۆتۆمبێلەکەی عومەرە کەرە هاتەوە، عومەرە کەرە شۆفێری ئۆتۆمبێلی کرێ بوو، کاسبی دەکرد، بەڵام هەرچەند بلێیت تێکۆشەر بوو، کوردپەروەر بوو. هەر پێویستییەکمان هەبوایە، ئەوا ئەو پیاوە بۆی جێبەجێ دەکردین، ئەو ڕۆژەی کە عومەرە کەرە بهاتایەوە، وەکو جەژن وابوو بەلای منەوە، هەموو شتێکی بۆ دەهێنام، ئێستاکەش ئەو وشەی سەرزاری منداڵانی ئەو گوندەم هەر لەیادماوە کە دەیانوت: ئەرێ وەڵڵا ئۆتۆمبێلەکەی عومەرە کەرە هاتەوە، هەموومان دەچووین بەپیرییەوەو لەخۆشییان زەردەخەنە لە لێومان دەباری.

## ئەبو سەلیم لە وڵاتی کوەیتەوە بۆ دێی باراو:

ساڵی ١٩٧٩ سەفەرێکی وڵاتی کوەیت م کرد لەگەڵ کاک محەمەد مەعسوم و و مامۆستا وریا ئەحمەد چووبوینە ماڵی تەلعەت گلی لە کوێت کە ئەندازیار بوو، ئەندامی کۆمەڵە بوو، لە ماڵی ئەو بەڕێزە ماینەوە زۆر کەس هاتن بۆ سەردانمان و یەکێک لەوانە کابرایەک بوو بەناوی ئەبو سەلیم، هات بۆ ئەوێ و یەکترمان ناسی و تەعاروفمان کرد. ساڵی ١٩٨٢ ئەبو سەلیم لە کوەیتەوە هات بۆ عێراق و سەردانی کوردستانی کردو هاتبووە سلێمانی، بە پرسیار لە سلێمانی گەڕابوو، بەکری برامی دۆزیبوەوەو تەکلیفی لێکردبوو کە هەر دەبێ بمگەیەنێتە لای کاک حەمەجەزا بەهەر شێوەیەک بێت. منیش ماڵەکەم لە گوندی باراو بوو، لەوکاتەدا من لە جەولەکردندا بووم، بروسکەم بۆکرا کە هاوڕێیەکی خۆشەویستت هاتووە بۆ لات و لە ماڵەوە لە باراو چاوەڕێت

دەکات، منیش زۆر بەپەلە گەڕامەوە بۆ باراو، کە سەیر دەکەم ئەبوسەلیم لەماڵەوە دانیشتووە، لەراستیدا زۆر کەیف خۆش و خۆشحاڵ بووم بە بینینی ئەبوسەلیم کە لەو دیارییانە تەسجیلێکی دەبل کاسێتی ئاخر مۆدێلی ئەوکات بوو، لەگەڵ سەعاتێکی ئاڵتون بۆ خێزانەکەم، لەگەڵ کۆمەڵێک پارچە قوماش و شتی تر، منیش بەرانێکم هەبوو لەناو ڕانەکەی گوندی باراو ڕەوانەم کرد کە بیهێننەوە، هێنایانەوەو دام بە کاک ئەحمەدی قەساب و سەری بڕی و دەستمکرد بە دروستکردنی کەباب و نیوەڕۆ خۆمان و پێشمەرگەکان تێرمان لەو کەبابە خوارد.
ئەبوسەلیم شەوو ڕۆژێک لەلای من مایەوە. کاتێکیش کە بەڕێمکرد بۆسەرجادەی ڕێگای دوکانیان و هەر لەو دۆڵەدا زیاتر لە چوار پێنج هەزار دیناری بەخشی بە خەستەخانەی شۆڕش و ئەو بارەگایانەی کە لەسەر ڕێگا بوون.

### دار بڕینەوە لە شەخسەکەی دێی شۆکێ:

گوندی شۆکی ئەو گوندە زۆر دوور نیە لە گوندی باراو، ڕۆژێکیان سەیرمکرد کەوا داری سوتاندنمان زۆر کەم بووەو خەریکە کۆتایی پێ بێ، پێشتر گوێم لەوە بوبوو کەوا دارەکەی سەر مەزاری شەخسەکەی گوندی شۆکێ وشکی کردووە، بەڵام کەس نەیدەوێرا دەستکاری دارەکە بکات و بیبڕێتەوەو بەکاری بهێنێت بۆ سوتاندن، منیش شەوێکیان ٣ پێشمەرگەم لەگەڵ خۆم بردو دارەکەم لەبن و بۆتەکەوە بڕییەوە، هەر بەو شەوە بارمان کردو هێنامانەوە بۆ باراو، سەیر ئەوەبوو ئاگری ئەو دارە هەر دەتوت مانگەو دەدرەوشێتەوە، دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبوو، بەو دارانە زستانمان بردەسەرو داری سەر مەزاری شەخسەکە بە فریام کەوت و لەسەرمای زستان نەجاتی داین.

### شەڕەکەی گوندی گێڵدەرە:

شەوێکیان درەنگانی شەو بوو لە گوندی گێڵدەرە بووین، لەناو مزگەوت و سەربانەکانی ئەو گوندە دابەش بوبوین، گوێمان لە تەقە بوو، تەقەکە زۆر بوو، جۆرەها چەک بەکاردەهات، خۆمان بەست و کۆبوینەوەو ئامادە بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو، برای بەڕێزو خۆشەویستم کاک ئاوات قارەمانی ڕایسپاردم کەوا بەدەنگ ئەو تەقانەوە بچم، منیش خۆم و ١٣ پێشمەرگەی هەڵبژاردەم لەگەڵ خۆمدا بردو ڕۆیشتین بەرەو شەقامی سلێمانی – بەرزنجە، لە ڕێگا زۆرمان تینوو بوو، هەورازێکی زۆر سەخت بوو، لە ڕێگا ئەومان دەست نەکەوت، ناچار دەستمان کرد بە خواردنی بەرسیلە، بەم بەرسیلە خواردنە تینویەتی زیاتر تەنگی پێمان هەڵچنی، کە دوای کاتژمێرو نیوێک ڕێگا گەیشتینە ناوچەی شەڕەکەو سەیرمانکرد کابرایەکی جاسوسیان بە سزای گەل و شۆڕش گەیاندووەو بەئەنقەست لەسەر شەقامی سلێمانی – بەرزنجە فڕێیان دابوو، هەم بۆ ئیستفزازی حکومەت، لەهەمانکاتیشدا بۆسەیان بۆ دوژمن دانابۆوەو بەشداری شەڕەکەشمان کرد، زەبرێکی باشمان لە دوژمن وەشاند، چەندین لاشەیان لێ بەجێما، جەیش و جاش پاشەکشەیان کردو هەڵهاتن، ئێمەش بێ زیان و بەسەربەرزی گەڕاینەوە بارەگاکانی خۆمان.

### کەریم خەمزەیی و خێزانەکەی لەدێی عازەبان:

گوندی عازەبان یەکێکە لەو گوندانەی لە شۆڕشەکانی گەلی کورد ڕۆڵی بەرچاو قارەمانانەیان هەبووە، خەڵکێکی تێکۆشەرو بەهەڵوێست بوون لە ڕۆژانی سەختی خەبات بە

سەرو ماڵی خۆیان بەشداری شۆڕشیان کردووەو جێی حەوانەوەی هێزی پێشمەرگە بووە، داڵدەی ماڵ و منداڵی داون. گوندی عازەبان چەندان یادەوەری و بەسەرهاتی خۆش و ناخۆشی منی لێ بەجێماوە. ڕۆژێکیان سەیردەکەم هونەرمەندی بەڕێز کەریم خەمزەیی لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلێکی جێب ەوە خۆیی و خێزانەکەی سوار بوون و تاپڕێک و جووتە کەوێکی لەناو قەفەزێک داناوە، ئەو دیمەنەم زۆر بەلاوە جوان و سەرنجراکیش بوو، لەهەمانکاتدا هەموو سەروەت و سامانی ئەو هونەرمەندە تەنها هەر ئەوە بوو، زۆر بەزەییم بەخۆم و ئەو هونەرمەندەدا هاتەوە، بەدیوێکی تر لەڕاستیدا زۆر دڵتەنگ بووم بەو دیمەنەو ڕوومکردە برای بەڕێزو خۆشەویستم شەهیدی کوردایەتی جەزای عەلی کاتب کە ئەو سەردەمە بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، پێم وت کاکە جەزا سەیری ئەو هونەرمەندە بێنازە دەکەیت کە سەروەت و سامانی پێکهاتووە لە تاپڕێک و دوو کەوو قەفەسێک، باشە بۆ دەبێت هونەرمەندی کورد ئاوا بێنازو بێدەرامەت بێت، کەچی گیانی خۆی و خێزانەکەی خستۆتە مەترسییەوەو بۆتە پێشمەرگەی ئەم خاک و نیشتمانە، هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێت. هەر لەو ڕۆژگارە سەختە بەکری مام حەمرا بەخۆی و بە کۆمەڵێک ئازوقەوە هاتبوو بۆ سەردانم بۆ گوندی عازەبان، لەڕاستیدا زۆر دڵی خۆش کردم ئەو ڕۆژە.

### یاغنیکێش و لێفە شڕەکەی دێی سەرخوار:

جارێک لەتیپی ٣٣ی سلێمانی بووم، ڕێمان کەوتە دێی (سەرخوار)، من و کاک ئاوات قارەمانی و شەهید سورکێو بەر ماڵێک کەوتین خۆشبەختانە برنج و شلەیان هەبوو ئەوکاتە بۆ ئێمە ئەم خواردنە زۆر دەگمەن و تاسوق بوو، وا ڕێکەوت برنجەکەی من لە قاپێکی پلاستیکی ئێرانیدا بوو، قاپەکە ساف و لوس بوو بۆ برنج زۆر ناخۆش بوو، هەر نەئەخورا لەسەری، بە ژنی ماڵەکەم گوت: پورێ، بەڵکو قاپێکی فافۆن یا یەغنییکێشێکم بۆ بێنی لەجیاتی ئەم قاپە، پیرێژنەکە چوو یەغنیکێشێکی کونی بۆ هێنام، بەڕاستی لەزەتم لە برنجەکە بینی، دوایی ویستمان بەرەو مزگەوت بڕۆین دوو بەتانی تازەیدا بە کاک ئاوات و کاک سورکێو کە نەدرابوو منیش یەک لێفەی شڕی کونکونی دامێ گوتم من جیاوازیم چییە، بۆ ئەم لێفە کونەم ئەدەیتێ. وتی: تۆ لە یەغنیکێشدا نان بخۆیت هەر ئەو لێفەیەشت قابیلە بۆ نوستن.

شێرکۆ بێکەسیش هەمان بەسەرهات لەزمانی حەمەجەزا بەمجۆرە دەگێڕێتەوە: لە ناوچەی شارباژێڕ پێشمەرگە بووم، تیپەکەمان لە یەکێ لەو گوندانەی ئەوێ، ئێوارە درەنگ لایداو دوو دووو سێ سێ دابەشبووین بەسەر ماڵەکاندا. من و پێشمەرگەیەکی تر بەرماڵێ کەوتین، وتمان دایەگیان چیت هەیە بیخۆین؟ ئەویش وتی: پیرخەنیلە! وتمان زۆرباشەو بەزیادبێ. دوایی من وتم: وەڵڵا دایەگیان ئەگەر یاغنی کێشێکت هەبێت من لەوەدا بەتێکوشین ئەیخۆم.

پیرێژنەکە قەیرێ داماو لەدوایدا وتی: ئەغنیکێش؟! ئەبێ بۆی بگەڕێم. ئیتر گەڕاوگەڕا تا دۆزییەوە. منیش وتم: خۆیەتی زۆرباشە. دوای ئەوەی نانمان خواردو سەرو چایشمان خواردەوە، هەستاینەسەر پێ و ئەوکاتە وابوو بەتانی یان لێفەت لە هەمان ماڵ وەرئەگرت و ئەچوییت بۆ مزگەوت. لەوێ ئەنوستی بۆ سبەینێ ئەتبردەوە. ئینجا وتمان: دە دایەگیان سەرو بەتانیمان بەرێ و ئەچین بۆ مزگەوت. داپیرە گەڕا گەڕاو بەتانییەکی تازەی دا بە هاوڕێکەم،

ئینجا دەستیبرد لێفەیەکی زۆر شڕو کۆنیشیدا بە من! تۆزێ بێدەنگ بووم و دوایی پێموت: باشە دایەگیان بۆ بەتانییەکەی ئەم وا تازەیەو لێفەکەی منیش وا شڕو کۆن؟ وەڵامیدایەوە: ڕاست ئەکەیت، بەڵام ئەوەی لە یاغنیکێشدا نان بخوا ئەبێ لێفەی وایش بدا بەخۆیدا!.

بەخاک سپاردنی تەرمی شەهیدێک لە گورگەدەر: هەرجارێک یادی گوندی گورگەدەر دەکەمەوە، خوێنی شەهیدی قارەمان شەهید فەخرەدین م بەبیر دێتەوە، ئەو قارەمانە لەڕاستیدا وێنەی کەم بوو لە چاونەترسی و بوێرییدا دەگمەن بوو، لەو گوندە تەرمی ئەو شەهیدەمان شت و کفن و دفنمان کرد، کەوا لە ڕەبایەکەی شیرەی بەرەی موۆریاس شەهید بوو، هەر لەو گوندەش بەخاکمان سپارد، لەو کات و ساتەدا باوکی شەهید فەخرەدین بەخۆی و بە کوڕێکی شانزە ساڵانەی گەیشتە گوندەکە، ئەو کوڕەی دواهەمین کوڕی بوو کە لە ژیاندا مابوو، بە شەهیدبوونی ئەو قارەمانە لەگەڵ دوو برای شەهیدی تری بوون بە سێهەمین شەهیدی ڕێی ڕزگاری کوردستان، کە باوکی شەهید فەخرەدین گەیشتە ناو گوندەکە سەیریکرد وا مەنجەڵی گەورە لەسەر ئاگرن، یەکسەر زانی کوڕە گەورەکەی شەهید بووە. ئیتر ئەوەبوو دەستمانکرد بە دڵنەوایی و ڕێزگرتن لەو باوکە شەهیدە، دوای ئەوە کەوتینە ئاخاوتن و وتی: من کوڕم بۆچییە گەر شەهید نەبێت لەپێناو ئەو خاکە پیرۆزەدا، ئێستاکەش هیچ شتێکی تر جگە لەو کوڕەم شک نابەم، ئەویشم هێناوە تفەنگەکەی فەخرەدین لەشان بکات و درێژە بە ڕێگاکەی ئەو بدات، من تاکو لە ژیان مابم ئەم دیمەنەم لەیاد ناچێت، بەتایبەت ئەو هەڵوێستەی باوکی شەهیدی قارەمان شەهید فەخرەدین، هەمیشە سەری ڕێز بۆ ئەو گەورە پیاوانەی گەلەکەم و ئەو باوک و دایکە شەهیدانە دادەنەوێنم.

## بەرێکەوت لە مردن دەربازیان بوو لە نزیک گورگەدەرو چنگیان:

ساڵی ١٩٨٢ کاتێک کاک قادری حاجی عەلی و کاک ئاوات عەبدولغەفور و کاک دانا ئەحمەد مەجید لە گوندی چنگیان بوون، دیار بوو خەریکی ئەوە بوون کە کۆنفرانسی مەحەلی ئەنجام بدەن، منیش بەرێکەوت لە گوندی چنگیان بووم، قادری برام وتی: کاکە حەمە، ئێمە بۆ نیوەڕۆ دێین بۆلای تۆ نان دەخۆین، من ماڵەکەم لە باراو بوو، منیش ئۆتۆمبێلەکەی خۆم دا بە کاک وەهاب و تویتایەکی فەلاحیم لێوەرگرت، سویچی پیکابەکەم دا بە کاک دانای ئەحمەد مەجید و وتم تۆ ئۆتۆمبیلەکە لێبخوڕە، قادری برام و کاک ئاوات لە پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکە سوار بوون، منیش لەگەڵ پێشمەرگەکان لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکە سوار بووین و کەوتینەڕێ تا گەیشتینە سەر تەختانی گورگەیەر، هەر ئەوەندەمان زانی لەناکاو لمۆزی لەناکاوی کۆپتەرێکی حەماڵمان حەربی بارهەڵگر لەو چەمە لێ پەیدابوو. بەخێرایی هەموو پێشمەرگەکان دابەزین و منیش بە مست دام لە قەمەرەکەو هاوارمکرد: رایگرە، دابەزن، کۆپتەرە) قادری برام لە پێشەوە دابەزی و کاک داناش ئۆتۆمبێلەکەی فڕاند بۆ ئەوەی خۆیی و ئۆتۆمبێلەکەی بگەیەنێتە ناو دەوەنەکان، من و کاک قادر هەردووکمان بەجێماین، کۆپتەرەکان بوون بە سێ کۆپتەر، زۆر نارەحەت بووین، شوێنمان دەست نەدەکەوت خۆمانی تێدا بشارینەوە، تەنها شوێنی دواکەوتنی تراکتۆر نەبێت کە زۆر قوڵی کردبوو، جێگای وا دیار بوو ژێری تراکتۆرەکە لە قوڕەکە خشابوو. لە شوێن تایەی تراکتۆر خۆمان پاڵخست، بۆ

ئەوەی خۆمان بپارێزین لە بۆردومانەکە، کۆپتەر وازی لێ نەهێناین، دوو کاتژمێر شەڕی لەگەڵدا کردین، لەوکاتەدا دوو ساروخی تێگرتین، ساروخەکان ئەوەندە بە تەوژم بوون، قۆپچەی کراسەکانمان لێببونەوەو هیچی پێوە نەمابوو، قایشی کلاشینکۆفەکەی منیشی قرتاند، هەرچەندە ئەو شوێنەی خۆمان تێدا حەشاردابوو جێگای تایەی تراکتۆرەکان بوو، پێی ڕازی بووین، لەبێ شوێنیان کردمان بە شوێن، بەڵام بۆ ئەو وەزعەی ئێمە باشترین شوێن بوو، ساروخەکان لەو قوڕەدا کاریگەری نەبوو، چونکە شوێنەکە خۆڵ بوو، ئەگەر بێت و بەردەڵان بوایە، نەجاتمان نەدەبوو، پارچە پارچە دەبووین، هاوارمکرد: قادر، ڕاکە خۆت بگەیەنە ناو دەوەنەکە، ئەویش ڕایکرد بەرەو دەوەنەکەو سەیریکرد من دواکەوتم، دووبارە قادر گەڕایەوە بۆلای من، دواکەوتنەکەی منیش لەبەر جامانەکەم بوو، لەبەر هێزو زەختی ساروخەکە جامانەکەی فڕێ دابوو، بۆ جامانەکەم دەگەڕام و هێنامەوە، کوردە ناموس ئەڵێ: پیاو جامانەی لێ بەجێ بمێنێ،، بەڵام جامانەیەک کۆپتەر خەریک بوو پارچە پارچەم بکات. هەراو هۆریام بوو قادر بڕۆ بۆناو دەوەنەکە. قادر گەڕایەوە، وایزانی من بریندار بووم. بۆیە دواکەوتووم. گەڕایەوە گوێی بە کۆپتەرەکان نەدا، بەهەر شێوەیەک گەیشتینە ژێر دەوەنەکان، بەڵام ڕاست و چەپ کۆپتەرەکان چەند جارێک بێبەزەییانە لەژێر دەوەنەکان دایان دەگرتین. لەژێر دەوەنێک کە نزیکی بۆردومانەکە بوو، قادری برام وتی: بەخوا ئەو کۆپتەرانە هەر دەمانکوژن. کۆپتەرەکان بوون بە شەش، قادرم ئاگادار کردەوەو وتم: کۆپتەرەکان بوون بە شەش، دەستم بۆ میلی تفەنگەکەم بردو قادر وتی: نەکەی تەقە بکەی، لولەی تفەنگەکەت پڕە لە زیخ و خۆڵ. قادری برام تەنها دەمانچەی پێبوو، لەو کاتەی کۆپتەرەکان خەریکی سوڕانەوە بوون، فرسەتێکم هێناو خێرا بەچەند چرکەیەک کلاشینکۆفەکەم هەڵوەشاندەوەو خێرا شیشەیەکم لێداو پاکم کردەوەو بەستمەوە. کۆپتەرەکان بە خەستی بۆردومانیان دەکردین. نزیک ئۆتۆمبێلەکە بووینەوە، کۆپتەرەکان ئۆتۆمبێلەکەیان نیشانە کردبوو، دەیانویست بیسوتێنن، تایەی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە گڕی تێبەر ببوو، وتم: قادر ئۆتۆمبێلەکە گڕی گرتووە، کە زانی ئۆتۆمبێلەکە گڕشی گرتووە. زۆر نیگەرانی جانتاکەی بوو، لەبەرئەوەی ئەنجامی هەموو کۆنفرانسی تێدابوو، دەمانچەیەکی زیادەشی پێبوو، ئەویش لەگەڵ جانتاکەی مابوو، من ویستم بچم بۆلای ئۆتۆمبێلەکەو شتومەکەکان بێنم، بەڵام قادر نەیهێشت و وتی: تۆ تەقەیان لێبکەو خۆم دەچم دەیانهێنم، من هەر تەقەم لێدەکردن و ئەویش گەیشتە لای ئۆتۆمبێلەکە، باش بوو جانتاکەو دەمانچەکەی هێنا، پێموت: تۆ یەکسەر بەرەو خوار بڕۆ، وا منیش هاتم. چەند هەنگاوێک لە ئۆتۆمبێلەکە دوورکەوتینەوە، سەیرمانکرد ئۆتۆمبێلەکە خۆی کڵپەی کردو ئاگری گرت، زۆر خەفەتم خوارد، خەفەتەکەم بۆ ئۆتۆمبێلەکە نەبوو، ئەوەندە، بەڵکو بۆ ئەوەبوو کە دوو ڕۆژ پێشتر دوو پارچە جگەرەی ڕۆژمەن و شوتییەکی گەورەم لە سلێمانی بۆ هاتبوو، ئەوانیش تیاچوون و فەوتان. کۆپتەرەکان ئەو ناوەیان بێزار کردبوو لەگەڵ بۆردومانکردنەکە.

**لە دێی کانی ساردەوە چوون بە هانایانەوە:**

خۆشبەختانە لە گوندی کانی ساردەوە شەهید خاڵە عەفان (عوسمانی قادر منەوەر) زۆر ئازایانە ئارپیجییەکی بە کۆپتەرەکانەوە نا، لەلایەکی تریشەوە کاک مستەفا چاوڕەش و کۆمەڵێک پێشمەرگە بە بی کەی سی و ژێرسە تەقەیان

دەکرد بۆ ئەوەی کۆپتەرەکان لەسەر سەرمان دووربخەنەوە، هەر ئەو ڕۆژە جیبەکەی سەمەد تەیب سوتا، کاک شۆڕش ئیسماعیل یش لەگەڵدا بوو، پێش وەخت لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزی بوو، ستروخێکیش بەر ئۆتۆمبێلەکەی من کەوتبوو، ساروخەکە لە دەرگای لای شۆفێری دابوو، لەو دیوی لای سەکن دەرچووبوو، هەر ئەو ڕۆژە ئۆتۆمبێلەکەی شەهیدی قارەمان جەبار عەلی حەوێزیش سوتا. بۆردومانەکە کۆتایی پێهات و هەموومان هیلاک ببووین، بەتایبەتی من و قادری برام لە مردن نەجاتمان بوو، گەڕاینەوە گورگەیەر. کەسمان ئۆتۆمبێلمان پێنەمابوو. کاتی ئۆتۆمبێلەکە خەڵکی گوندەکە بە دووربین سەیری بۆردومانەکەیان کردبوو، دڵنیابوون لەوەی کە شەهیدی زۆرمان هەبێت و بەتایبەت کە سەیری من و قادری برامیان کردبوو، لە دوورەوە ئێمەیان لەکاتی قەسفەکەدا ناسیبۆوەو وتبویان شەهید بوون و بە مجێوری مزگەوتەکەیان وتبوو: ئاو گورم بکەن، شەهیدی زۆریان هەیە. کە گەیشتینەوە گوندەکە خەڵکەکە سەیریان پێهات کە شەهیدمان نییەو من و قادریش لە ژیاندا ماوین و شەهید نەکراوین، تەنها چەند پێشمەرگەیەک وردە ساچمەیان بەرکەوتبوو، هەر ئەوەندە بریندارە سووکەمان هەبوو، هەموومان سەلامەت بووین، دوای ئەوە ئۆتۆمبێلێکمان پەیداکردو بەرەو گوندی باراو ڕۆیشتین. بەیانییەکەی زانیاریمان بۆهات لە چوارتاوە کەوا چەند سەربازێکی فیرار تەسلیم بوونەتەوەو وتویانە: ئێمە دەتوانین شوێنی ئۆتۆمبێلەکانتان پیشان بدەین و وتبویان دەزانین ئۆتۆمبێلەکان لەکوێن و لەکوێ و لەچ ناوچەیەکەوە هاتوچۆ دەکەن. کۆپتەرەکان ئەو ڕۆژە تەنها بۆ سوتاندنی ئۆتۆمبێلەکانی ئێمە هاتبوون، لەبەرئەوەی کاک وەهاب و شەهید بێستونی مەلا عومەر بەر لە چەند ڕۆژێک لەسەر ڕێگەی تەگەران کەمینێکیان دانابوو سێ چوار سەربازیان بە سزای گەل و شۆڕش گەیاندبوو، هەر لە تۆڵەی ئەو چالاکییەی ئەوان ئۆتۆمبێلەکانی ئێمەیان سوتاندو خەریک بوو چەندین پێشمەرگەشمان لێ شەهید بکەن.

دوای یەک دوو ڕۆژ قادری برام نەخۆش کەوت، تووشی گرانەتا بوو، شەهید د. کامیل سەرپەرشتی چارەسەرییەکەی دەکرد، هەموو ڕۆژێک دەهات چارەسەری بۆدەکرد، تاکو بە تەواوی هاتەوە سەرخۆی و چاک بووە، دوای ئەوە قادری برام و بەرپرسەکانی تر ڕۆیشتن بەرەو سەرکردایەتی و ئێمەش دەستمان کردەوە بە چالاکی خۆمان و باشتر لە جاران کەوتینەوە ڕێکخستنەوەی خۆمان و ئەو هێزەی کە لە ناوچەکەدا بوو.

**ئەو یادەوەرییانەی لە شارباژێڕ لەبیرناکرێن:**

چەند یادەوەرییەک هەن کە ناکرێت لەم یاداشتەدا پەراوێز بکرێن و لەبیر بچنەوە، لە شارباژێڕ کاتێک کەوا ماڵەکەم لە باراو بوو، ئەو گوندە کاتژمێرو نیوێک لە سلێمانییەوە دوورە، هەروەکو پێشتر باسمکردووە، ئەو ڕۆژانە پڕن لە یادگارو یادەوەری خۆش و ناخۆش، کە جارو بار دۆست و ڕەفیقەکانم ڕێگەیان دەکەوتە ئەو ناوچەیە، دەهاتن سەردانیان دەکردم و لەلام دەمانەوەو کاتێکی خۆش و کامەرانمان دەبردەسەر، یەکێ لەو هاوڕێ خۆشەویستانەی من حەمەی تەیب بوو کەوا هەر لە منداڵییەوە ڕەفیقایەتیمان هەبووەو دوکانەکەی باوکی لەگەڵ دوکانی باوکم دراوسێ بوون و بەتەمەن چەند ساڵێک لەمن منداڵتر بوو، ئەو کاتەی کە دەهات بۆ سەردانم بۆ باراو دەیوت کاکە حەمە وا دەڕۆم

قەلێک دەکرم، بەڵام یەک تکای برایانەم هەیە، کاتی سەربڕینی قەلەکە هەوڵبدە ملی قەلەکە زۆر لەسەرەوە ببڕی، بۆ ئەوەی ملەکەی درێژ بێت و کاتی کوڵان من تەنها ئەو ملەم دەوێت، ئەویتر بە کەیفی خۆتان، چی لێدەکەن بیکەن، دیارە یەکێ لە ئارەزووەکانی ئەو پیاوە لە خواردنی گۆشتی قەلدا، تەنها حەزی لە ملەکەی بوو، بەڵام درێژتر بوایە.

حەمەی تەیب لە خێزانێکی کوردپەروەرو خاوەن هەڵوێستی بەرزی کوردایەتی بوون، لە حەفتاکاندا برایەکی بەدەستی رژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ لە سێدارە دراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەخۆی و بە ئاسۆی برای هەردووکیان یەکێ چاوێکیان لەدەستداوە لەکاتی شەڕو پێکدادان و نەبەردی رۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگایەتی.

حەمەی تەیب ئامر کەرتی ٣ ی تیپی شارباژێڕ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی مەجلیس خۆش و قسەخۆش و خوێن شیرین بوو.

کاک شۆڕش ئیسماعیلیش ئامر کەرت بوو، جارجار دەهات بۆ سەردانم، کاتێ کە دەگەیشت دەیوت هاتووم برنجێکی کوردی دەستی دایکی تەها (خەپەخان) بخۆم، ئەویش هەر لەو رەفیق و دۆستە خۆشەویستانەم بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ و دۆستی نزیکی خۆم لە ناوچەکەدا، وەکو کاک وەهاب و شەهید نامیق حەمە چەتە و شەهید عوسمانی قادر منەوەر ناسراو بە خاڵە عەفان و کاک رەفعەت مەلا و کاک کەمال عەلی و جەباری عەلی حەوێز و ئەوانە هەموویان وەکو رەفیق و دراوسێی یەکتر بووین لە سلێمانی و هەروەها پێکەوە پێشمەرگەی سەنگەرو هەمیشە پێکەوە بووین، بەڵام یادەوەریەکیتر هەیە کە داخێکی زۆر گەورەی خستە دڵمەوە کاتی خۆی و ئێستاش کە هەرگیز لەیادی ناکەم، ئەویش لەدەستدانی برای خۆشەویست و بەڕێزو هاوسەنگەرم د. کامل بوو، کە برای شەهید شێخ مەحمودە.

**دکتۆر کامیل لە باراو پزیشکێکی شارەزا:**

د. کامیل بەکارەساتێکی دڵتەزێن گیانی خۆی لەدەستدا، هەواڵی مەرگی دکتۆر دەنگی دایەوەو سەرتاپای ئەو ناوچەیە نیگەرانی ئەو کارەساتە بوون، لێوەشاوەیی و ئازایەتی و پیاوەتی ئەو قارەمانە بێ ئەندازە بوو، بۆیە خۆشەویستی ناوچەکەو پێشمەرگە بوو.

د. کامیل یاریدەدەری پزیشک بوو، بەڵام دوو ئەوەندەی دکتۆرێک شارەزاتر بوو، بەخۆڕایی خزمەتی خەڵکی نەخۆش و بریندارو گەورەو بچووک و ژن و پیاوی دەکرد، بەبێ ئەوەی کە یەک قڕوش لە هیچ کەس وەربگرێت و بەبێ بەرامبەر.

ڕووداوێکی ئەو سەردەمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نە من و نە خەڵکی ناوچەکەو نە هێزی پێشمەرگە لەیادمان ناچێت، ئەویشیان رۆژێکیان یەکێ لە پێشمەرگەکانی ئەو ناوچەیە کە زۆر منداڵکار دەبێت، تووشی جەڵتەی دڵ دەبێ، بۆ ماوەی چەند چرکەیەک دڵی لە لێدان وەستا، بەڵام زوو بە زوو گەیانرایە لای د. کامیل و بیری لەوە کردەوە، کە هیچ رێگەچارەیەک نەماوە بۆ ئەوەی بتوانێ خزمەتی پێبکات، تەنها زیرەکی خۆی و بیر لە جۆرە چارەسەرکردنێک بکاتەوە، ئەویش ئەوەبوو د. کامیل هەڵسا بە لێدانی شیرینقەیەک لە سنگی، لە شوێنی دڵی نەخۆشەکەو وتی خەڵکینە ئێوە هەمووتان شاهید بن کەوا من ئەو کارە ئەکەم لەسەر بەرپرسیارییەتی خۆم و ئەگەر مرد، من بەرپرسم لە مردنەکەی.

د. کامیل ئەو کارەی لەبەرئەوە ئەنجامدا، دەیزانی

کەوا ئەو پێشمەرگەیە دواساتی ژیانیەنی و بۆ ئـەوەی ئەگەرێک پەیدا بێت بۆ گەڕانـەوەی ترپەکانی دڵی ئەو پێشمەرگەیە.

لەو کاتەدا پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس، ئەو پێشمەرگەیە سـواری ئۆتۆمبێلیکی دەکـات و بـەرەو سلێمانی دەکەوێتـەڕێ و دەچێتە لای دکتۆرێکی نـاوداری شاری سلێمانی، دیارە کە بەخت یـاوەری هـەردوو پێشمەرگەکە بووەو دکتۆرەکە کابرایەکی کوردپەروەرو پیاو دەبێت و رووداوەکاتە پێشمەرگەکەو دەڵێ تەنها ئەوەندەم لە تۆ دەوێ، پێم بڵێ کێ بیری لەوە کردەوە کەوا ئەو شرینقەیە لەو شوێنە بدات، ئەویش دەڵێ: د. کامیل دەڵێ بەڕاستی شارەزایەو دکتۆرێکی زۆر باشە، هەروەها وتبووی ئێوە دکتۆری وا باشتان هەیە بتوانێ ئەو جۆرە دەرزیانە بوەشێنێ کەواتە کێشەی بێ دکتۆریتان نییە؟ ئەویش وتبووی ئـەوەی ئەو دەرزیـەی وەشـاندووە، دکتۆر نیە، معاون توبییە بەو کارە هەڵساوە. دکتۆرەکەش وتبووی من چەندین ساڵە دکتۆری دەکەم، بەڵام زۆر بەترسەوە ئەو دەرزیانە دەتوانم بوەشێنم، لەگەڵ ئەوەی کە ئەزمونێکی زۆریشم هەیە لەو بوارەدا. دوای سێ ڕۆژ ئەو پێشمەرگەیە بەپێی خۆی هاتەوە ناوچەکەو خۆشبەختانە ئێستاش لەژیاندا ماوە.

د. کامیل لە خەستەخانەی باراو وەکو معاون توبی کـاری دەکـرد، پەیوەندییەکی خـۆش و باشمان هـەبوو، هیچ کات بەبێ من ئیدارەی نەدەکرد، هەر لەبەرئەوەی کە زیاد لە پێویست خۆشەویست بـوو بـەلای منـەوە، شـەوو ڕۆژ خزمەتی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەی دەکرد، بیست و چوار کاتژمێر نەیدەزانی ماندووبوون چییە، ئـەو کەڵەپیاوە کـوردپـەروەرە هەمیشە لەیادمە، سڵاو لە گیانی پاک و پیرۆزی.

### هەندێ هاوڕێ لەبیر ناکرێن:

چەند هاوڕێ و خۆشەویستی تر هەن کە هەرگیز لەیادیان ناکەم لە ڕۆژانی پێشمەرگایەتی، لەوانە: سەردار حاجی قادر ناسراوە بە سەرداری قالە بەراز کە پیاوێکی قسەخۆش و ئازاو نەترس بوو، هەروەها شەهید جەلالی حەمەی محەو بەختیاری برای، ئەو کۆمەڵە پێشمەرگەیەی کەوا یاوەرو هاوڕێی شەهید بوون لە ناوچەی دۆڵە ڕووت جاروبار دەهاتن بۆ سەردانی ئێمە، یادگاری و بیرەوەریمان بەیەکەوە زۆر زۆرەو هەروەها لەو پێشمەرگانەی کە لە یادیان ناکەم شەهید سورکێو و شەهید بەختیار حاجی فارس و شەهید عەلی شینەو شەهید جەزای کەوێ و شەهید وەستا عەتاو کۆمەڵێک لەو هەڤاڵانەی کە لەگەڵمدا بوون، زۆر بەداخەوە ناوی هەموویانم لەیاد نەماوەو داوای لێبوردنیان لێدەکەم، چەند پێشمەرگەیەکی تریش لەو پێشمەرگە چاونەترسانە کە ئەوانیش لە ناوچەکەدا بوون، وەک شامیل شەل و شەهید مەحمودی حەمەجان کە بەخزمایەتی دەگاتەوە بنەماڵەی ئێمەو یەکێک بـوو لـەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە پەیوەندی هەبوو بە جموجوڵی نـاوشـارو لەنزیکەوە دەمنـاسـی، لەنـاو شـاری سلێمانی نزیک تووی مەلیک شەهیدکرا، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی هەر هەموویان.

### لە ئاڵەسیاوەوە بۆ شەڕی قڕگە:

لەساڵی ١٩٨٣ ڕۆژێکیان هەر سێ کەرتەکەی تیپی ٢٣ ی مەڵبەندی سلێمانی و کەرتی پێنج کە کاک عەلی رشەشید ئامرکەرتمان بوو بە عەلە ڕەشە جووتە ناسرابوو، کەرتی دوو کاک جەبار عەلی حەوێز ئامر کەرت بوو، کەرتی سێ کە شەهیدی قارەمـان شەهید نامیق ئامرکەرتی بـوو، هەر

سێ کەرتەکە هێزێکی هاوبەشمان پێکهێنابوو، ژمارەمان ٣٥ پێشمەرگە دەبوو، هەواڵی ئەوەشمان پێگەیشتبوو کە وەزیرێکی گەورەی رژێم لە بەغداوە هاتووە بۆ شاری سلێمانی، ئێمەش پیلانی ئەوەمان بۆ دانابوو بچین بۆناو شاری سلێمانی بەئومێدی ئەوەی کە دەستێک لە دوژمن بوەشێنین، پێشمەرگەکانی ی.ن.ک هەردەم ئامادەبوون لە هەموو هەلومەرجێک دوژمن تەڵقین بدەن و گورزی کوشندەیان لێ بوەشێنن. ئەو قسەیە بە بەردەوام دەیڵێمەوە، چونکە ڕاستییەکەو نکوڵی لێ ناکرێ. بڕیارماندا ئەو فرسەتە لەدەست نەدەین و گورزێک لە دوژمن بوەشێنین، بەڕێکەوتین لەنزیک کانی گەورە لە دوکانیان لە ئۆتۆمبێل دابەزین و بە پێ کەوتینەڕێ. وەسف ناکرێت کە دڵمان چەند خۆش بوو، ئەمشەو شاری سلێمانی لە دوژمنان دەکەین بە دۆزەخ، دڵی ڕێکخستنەکانی خۆمان و خەڵکە بەشەرەفەکەی شاری سلێمانی خۆش دەکەین. لەپڕ ڕەبایەکانی جاش و جەیشی پشت گوندی وێڵەیەر دایانگرتینە بەر دۆشکەو تەقەیەکی زۆریان لێکردین. بەهەرحاڵ بەبێ زەرەرو زیان نەجاتمان بوو، پەڕینەوە ئەوبەری شەقامەکەی دوکانیان و بە چەمی هەراسان دا سەرکەوتین. بەڕاستی هەورازێکی زۆر ناخۆش بوو، هەناسەبڕکێی پێکردبووین، سەرکەوتین تا گەیشتینە ئاوی دۆڵەکان کە لەپشت گوندی وێڵەیەر ەوە هەڵدەقوڵا، زۆر بێتاقەت ببووین، لەوێ پشویەکماندا، دووبارە کەوتینەوەڕێ و گەیشتینە ناو گوندی وێڵەیەر.

### لە وێڵەدەرەوە بەرەو سلێمانی:

بەبێ پشوودان بەڕێکەوتین بەرەو شاری سلێمانی. کاتژمێر ٤ ی ئێوارە بوو گەیشتینە قرگە. کە هەر نیو کاتژمێر لە وێڵەیەرەوە دوور بوو، لەوێ لاماندا و کۆبونەوەیەکمان کرد، من و کەمال عەلی ڕەشید کە جێگری شەهید جەبار عەلی حەوێز بوو، لەگەڵ شەهید نامیق و عەلی ڕەشید نەخشەی ئەوەمان دانا کە لەناو شاردا چۆن دابەش ببین، تاکو چۆن و بەچ شێوەیەک سەرکەوتن بەدەست بهێنین، کاتێک بینیمان سەرداری حاجی قادر مەرگەیی ناسرا بوو بە سەرداری قالە بەراز کە زۆر بەخێرایی دەهاتە خوارەوە، بەلای ئێمەدا هات و وتی فریا بکەون وا بە سەدان جاش دامەزراون و هەروا بە ئۆتۆمبێل دەیانگوازنەوە بۆ ئەم ناوە. ئێمە فریای هیچ نەکەوتین، شەڕ دەستیپێکرد، شەڕێکی زۆر توند، سەدان جاش بە چاکترین چەکی سوک و قورس. ئێمە تەنها ٣٥ پێشمەرگەو دوو گولە ئار بی جی، بەڵام لەنێوانماندا جیاوازییەکی گەورە هەبوو لەڕووی ناوەڕۆکەوە. ئەوان جاش و خۆفرۆش بەرامبەر بە گەل و نیشتمان، ئێمەش پێشمەرگەی گیان لەسەردەست بۆ خاک و نیشتمان، بوو بە تەقەو شەڕ دامەزرا، شەڕێکی زۆر سەخت. ئەو پێشمەرگانەی کە نزیکی من بوون شەهید عەلی شینە و ئەنوەری حەلاو و سەرداری حاجی قادرو شەهید نامیق بوون، سەیری هێزی بەرامبەرم کرد، بۆئەوەی چۆنیەتی دابەش بوون و دامەزرانەکەیان ببینم، بەهەر شێوەیەک بێت ڕەچاوی بەرەکە بکەم، بەڵام بینیم کۆمەڵێک جاش و خۆفرۆش، ژمارەیان پێشبینی نەدەکرا، بەکۆمەڵ مۆڵیان دابوو، بەمێشکمدا هات شەڕەکە ئێستاکە پێویستی بە بەکارهێنانی ئاربی جی هەیە، ئاربی جیەکەش لەلای شەهید نامیق بوو. شەهید نامیق پێشمەرگەی کەرتی ئێمە بوو، هاوارمکرد: کوا نامیق؟ نامیق لەکوێیە؟ نامیق هاتو وتی تەنها ٢ گولە ئاربی جیمان هەیە. گولەی ئاربی جی زۆر

خۆشەویست و بەنرخ بوو، بەئاسانی دەستمان نەدەکەوت. دوای ئەوەی ئاربی جی یەکمان نا بەناویان، هاواریان لێ هەڵسا، بەڵام ئەوان سێ گولە ئار بی جی یان بەئێمەوە نا، چەند هەنگاوێک لەپێش من گڕیگرت، منیش تەکانێکمدایە بەرخۆم و لە ئاگرەکە دوورکەوتمەوە، لە شەهید نامیق وابوو، من یان بریندار بووم یان شەهیدکراوم و هاواریکرد: فریای حەمەجەزا بکەون. شەهیدی قارەمان عەلی شینەی ڕەوانـەی لای من کرد، منیش ئەوکات هەڵسامەوەو جێگای خۆم گۆڕی، شەهید عەلی شینە وتی: کاکە حەمە خۆ بریندار نیت. وتم: نەخێر. لەوکاتەدا بیرم لەوە دەکردەوەو کە ئەگەر کۆپتەرێک بهاتبایەسەرمان چی دەبوو؟ بەڵام ئێمەو جاشەکان بەجۆرێک تێکەڵ بەیەکتر ببوین، زەحمەت بوو کۆپتەر بیتوانیایە لەیەکتر جیای بکردینایەوە. نارەحەتی ئێمە لەوەبوو دوو گولە ئاربی جی مان لابـوو، ئەویش یەکێکمان تـەقـانـدبـوو، یەکێکیشمان پێمـابـوو. شەویش درێژەی هەبوو، دنیاش بەرەو تاریکی دەچوو، تاریکیش لە بەرژەوەندی ئێمە بوو. بڕیارماندا وردە وردە دەستبکەین بە کشانەوە، لێرەدا دەمەوێ باسی ئازایەتی و قارەمانیەتی شەهید ڕەزای حـەمـەشـەریـف بـکـەم کـە لـە گـونـدی وێڵەیەرەوە بەڕێکەوتبوو، کە زانیبووی شەڕەکە زۆر سەختەو بیریشی لەوە کردبۆوە دەبێت ئاوو فیشەکمان فریا بخات، تەمەنی کاکەڕەزاش ١٣ ساڵان بوو. کە گەیشتە لامان چوار دەبە ئاوو یەک تورەکە فیشەکی لەکۆڵ کردبوو. بەداخەوە ئەو قارەمانە دوای ڕاپەڕین بوو بە پێشمەرگەو شەهیدکرا. بەهەرحاڵ خۆشبەختانە لەم شەڕەدا بەبێ زەرەرو زیان گەڕاینەوە وێڵەیەر و لەوێ چووینەوە گوندی ئاڵەسیاو کە ئۆتۆمبێلەکەمان لەوێ بەجێهێشتبوو، سـواری ئۆتۆمبێلەکانمان بووین و هەر ئەو شەوە بەڕێکەوتین و چووینە گوندی گەڕەدێ.

**لە شارباژێڕەوە بۆ قزلەر:**

ساڵی ١٩٨٢ کاتێک لـە شـاربـاژێڕ پێشمەرگە بـووم، سەرکردایەتی داوای لە هێزەکان کرد بێنە سـەرکـردایـەتـی، تیپەکەی ئێمەش بـەدەم بانگەوازەکەی سەرکردایەتییەوە چوو، زۆربەی تیپەکان لەوێ کۆببوینەوە، شەهیدی سـەرکـردە مامەڕیشە کە فەرماندەی کەرتی چواری جەباری بوو، لەسەرکردایەتی بۆ یەکەمجار لەنزیکەوە یەکترمان ناسی و دیـار بـوو مامەڕیشـە زۆر بەهیوای ئەوەبوو کە من ببینێت، بەڵێنی پێدام کە سەردانمان بکات، بەڵام بەداخەوە دواتر شەهید بوو.

کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ مفاوەزاتەکە دەستی پێکرد، مـن یـەکـسـەر هـاتـم بـۆ دووڵـــەڕووت، بـۆ ئەو شوێنەی کە یەکەمجار چووم بۆ قزلەر، هاتمە قزلەر کە گەڕامەوە ئـەوێ، ناوچەکە هەمووی وێـران کـرابـوو، تێک چووبـوو، شارباژێڕ کەم کەمە کەرتی پێشمەرگەی تیابوو.

سەرچاوە:


١- حـەمـەجـەزا، هـونـەرمـەنـدو پێشمەرگە، عەبدوڵڵا عوسمان عەلی، ٢٠٠٩

٢- گۆڤاری سلێمانی، ژمارە ٩٨ کانونی یەکەمی ٢٠٠٨

٣- نوسین بـە ئـاوی خۆڵەمێش، بـیـرەوەری شێرکۆ بێکەس،٢٠١٣

٤- زانیارییەکانی کاک حەمەی میرزا فەتاح.

٥- گۆڤاری ئاوێنەکان

٦- گۆڤاری دیوان، ژمارە: ١٩ ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٢

٧- پەیجی وێنە کۆنەکانی شارباژێڕ لە فەیسبوک.

# مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ

## چالاکی تیپە شانۆییەکان لە شاربازێڕدا



ئا: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

هەواڵنامەی کتێب

بەرلەوەی شانۆی هاوچەرخ یان نمونەی شانۆی رۆژئاوایی لە کوردستاندا بڵاوبێتەوە، کورد چەندین شانۆیی میللی هەبووە. هونەری تەماشاکردن و پیشاندان هونەرێکی دێرین و باوی کوردانە.

وەختی خۆی لە مزگەوتەکان، بەتایبەتی زستانان فەقێکانی شەوانی سێشەممان و هەینی، کە کاتی حەسانەوەیان بوو، لە حوجرە خۆیان بە یاریی و تەمسیلی ماقووڵ و سەیر دەخافڵاند. یاخود لەکاتی ئیجازەدانی فەقێکان، هەندێ نمایشیان پێشکەش دەکرد، وەک شانۆی مامۆستاو فەقێ، وەستاو شاگرد، باوک و کوڕ، بەرگی خۆیان گۆڕیوە تا نەیانناسنەوە، تەمسیلی شوان و گورگ یان کردووە، لاسایی زۆر حەیواناتیان کردۆتەوە، یاخود

من وەک بۆیان گێڕاومەتەوە باپیرم، مەلا عەبدوڵڵای گەڵاڵە لەسەردەمی فەقێیەتی لە حوجرەی مەلا محەمەدی رەئیس لە گەڵاڵە، لەساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا چەند جارێک وەک ئەکتەر بەشداری لەو شانۆ نمایشانەدا کردووە. تا جارێکیان ڕۆڵی پزیشکی بینیوەو چەند فەقێیەکیش ڕۆڵی نەخۆشیان بینیوە. کە ئەمانە بە سەرچاوەیەکی گرنگی شانۆی میللیمان لەقەڵەم دەدرێن.

بۆشانۆی هاوچەرخ دوو کەسایەتی شاربازێڕی دەقی شانۆییان نوسیوە، یەکەمیان: پیرەمێرد، لە ساڵانی سییەکاندا کە شانۆییەکەشی لەسەر کەسایەتییەکی شاربازێڕی بووە، بەناوی شانۆیی مەحمود ئاغای شیوەکەڵ کە ڕووداویکی راستەقینە بووەو لەساڵی ١٩٣٦ لەلایەن قوتابیانی

کۆمەڵی زانستییەوە لە شوێنی ئۆتێلی گەل پێشکەشکراوە.
دواجار ساڵی ١٩٤٢ ئەم شانۆییە دەکات بە کتێب و لە ٣٨ لاپەڕەدا لە چاپخانەی ژین لە سلێمانی چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.
دووەمیان: نوسەرو رووناکبیرەکانی تر کە ئەویش مامۆستا ئەبوبەکر هەوری (أ.ب.هەوری) کە لە ساڵی ١٩٤٣ دا کتێبی شانۆنامەی دڵداری و پەیمانپەروەری شەش پەردەیە لە بیست لاپەڕەدا، لە چاپخانەی مەعاریف ی بەغدا لەچاپدراوە.
ئەگەر سەرنج لە مێژووی شانۆ بدەین لەشارێکی وەک سلێمانی کە پێشەنگی شارە کوردییەکانە لەبواری هونەرو شانۆدا، یەکەم شانۆ کە پێشکەشکراوە لەساڵی ١٩٢٥ بووەو هەتا ساڵی ١٩٤٨ کە سەرەتای دەستپێکی شانۆیە لەشارۆچکەی چوارتاو شارباژێڕدا، تەنیا شەش شانۆ لە سلێمانی پێشکەشکراوە کە ئەوانیش بریتی بوون لە شانۆگەرییەکانی (عیلم و جەهل- ١٩٢٦، نیرۆن- ١٩٢٧، ئینسان ئەوەی ئەچێنێ ئەیدورێتەوە - ١٩٣٠، دایک- ١٩٣٠، دڵداری و پەیمان پەروەری - ١٩٣٣. سەربازی ئازا، مەم



شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر - قوتابخانەی دەشتێ کارێزە ١٩٨٥



کارێزە ١٩٨٥

و زین- ١٩٣٥). پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە شانۆگەری دڵداری و پەیمان پەروەری یەکەم تێکستی شانۆگەری کوردی بووەو پاشان لە چاپخانەی مەعاریف لە بەغدا وەک کتێبێک چاپکراوەو پاشان لەساڵی ١٩٥٥ لەلایەن قوتابیانی شاری سلێمانیەوە پێشکەشکراوەتەوە، لە نوسینی مامۆستا ( أ. ب. هەوری) بووە، کە ئەویش هەر شارباژێڕی بووەو خەڵکی سیتەک بووە. کەواتە هێشتا شانۆ بەتەواوی بەخەڵکی سلێمانی و خەڵکی شارە گەورەکانی تری کوردستان ئاشنا نەبووە، کە لە شارباژێڕدا بزاوتی شانۆیی هەبووە. لەبەرئەوە تەنیا دوای ١٢ ساڵ بزاوتی شانۆیی لە سلێمانی لە شارباژێڕدا شانۆ پێشکەش بکرێت ئەمە بۆخۆی سەروەرییەکی گەورەیەو نیشانەی بەرزی ئاستی رۆشنبیری خەڵکەکەیەتی.
شانۆگەری لە شارباژێڕدا هاوشان لەگەڵ شارێکی گەورەی وەک سلێمانی وشارەکانی تری عێراق دەستی پێکردوە، هەروەک دەشزانین سەرەتا شانۆگەری لە قوتابخانەکانەوە دەستی پێکردووە، یەکەمین شانۆگەری لە ساڵی «١٩٣٩» لە چوارتا بەناوی (فریاکەوتنی سەرەتایی) بوو کە لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەی چوارتای بنەڕەتییەوە

بەڵام ئێمە لێرە ئاماژەمان پێ نەکردبن، بەڵکو هەوڵمانداوە ئەو شانۆگەرییانە باس بکەین کە بینەرێکی زۆریان هەبووەو پێشکەشکردنەکەیان دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبووە.

## شانۆگەری (فریاکەوتنی سەرەتایی) لە قەزای چوارتا، ١٥-٤- ١٩٣٩:

بەپێی وێنەیەک کە لێرەشدا بڵاوی دەکەینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە یەکەمین کاری شانۆیی لە شارباژێڕدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٩ کاتێک مامۆستا عەبدولواحید نوری نوسەری ناسراوی کورد بووە یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی چوارتا، هەوڵیداوە وەک پەروەردەکارێک لەڕێی نمایشی پەروەردەیی و کۆمەڵێک چالاکییەوە قوتابیان و خەڵک هۆشیار بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەهاوکاری مامۆستایانی هاوڕێی کۆمەڵێک لە قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی چوارتا بۆ کارێکی شانۆیی ئامادە دەکات و کە کاکەی فەللاح یەکێک بووە لە قوتابیە بەشدارەکانی ئەو شانۆییەو تەمەنی هەر ١٠ ساڵ بووە. لە ڕێکەوتی ١٥ – ٥- ١٩٣٩ شانۆگەرییەک بەناوی (فریاکەوتنی سەرەتایی) کە پەیامێکی پەروەردەیی و هۆشیاری تەندروستی لەپشتەوە بووە، لە کۆبونەوەیەکی



شانۆگەریەک لە چوارتا ساڵی حەفتاکان - کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی-بەشی چوارتا



شانۆگەریەک لە چوارتا ساڵی حەفتاکان - کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی-بەشی چوارتا

پێشکەشکراوە، پەیامێکی پەروەردەیی و هۆشیاری تەندروستی لەپشتەوە بووە، ئەوەش بەسەرەتای شانۆ دادەنرێت لە شارباژێڕدا کە بەشێوەیەکی فەرمی ئەنجامدرابێت.

هەر بەهۆی ئەو بزوتنەوە شانۆیەش لەناوچەکەدا کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٠ دا لقێکی خۆی لە چوارتا کردەوە، کە تاکە لقی ئەو کۆمەڵەیە بوو لە کوردستان و جگە لە شارباژێڕ لەهیچ شوێنێکی تر لقی نەبوو، ئەمەش گوڕو تینێکی زیاتری بەو بزاوتە شانۆییە بەخشی لە ناوچەکەداو چەندین شانۆگەری جوان پێشکەش بە خەڵک کرا. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوەش لە ناوچە ئازادکراوەکانی ژێردەستی شۆڕشدا چەندین تیپ و گروپی شانۆیی دروست بوون و چەندین شانۆگەریش لە گوندەکانی شارباژێڕ پێشکەش کران، ئەمە سەرباری ئەوەی دوای ڕاپەڕینیش چەند هەوڵێکی تر هەبوون، بەڵام بەداخەوە بەردەوام نەبوون. ئێمە لێرەدا ئاماژەمان بەمێژووی سەرهەڵدانی شانۆ داوە لە شارباژێڕو هەروەها ئاماژەمان بە هەموو ئەو تیپە شانۆییانە داوە کە لە شارباژێڕدا دامەزراون یاخود شانۆگەرییان پێشکەشکردووە. ڕەنگە زۆر شانۆگەری هەبووبێت کە لە بۆنەو چالاکی قوتابخانەکانی شارباژێڕدا پێشکەش کرابن،

قوتابخانەکەدا پێشکەش بە خەڵک و قوتابیان دەکرێت، کە ئەمەش بەسەرەتای کاری شانۆیی دادەنرێت لە شارباژێڕدا کە بەشێوەیەکی فەرمی ئەنجامدرابێت.

بەسەرهاتی نێو نمایشەکەش بەپێی ئەووینەیەیبەردەستمان بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

١- شەمسە رەشید عەلی قەترەی چاو دەکاتە چاوی براکەی نوری رەشید عەلی .

٢- فەخریە حاجی بەهجەت دەستی حەمەی بابلی ناسراو بە کاکەی فەلاح ی شاعیر ئەپێچێت

٣- ئەوەی سەروپێچی کوردی بەسەرەوەیەو شوشەکەی بە دەستەوەیە، نەسرین عەبدالواحید نوری کە کچی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەو هاوسەری مامۆستا مەحمود خەزنەدارە .

٤- حەپسە رەشید عەلی لۆکەکەی بەدەستەوەیە خوشکی نوری رەشید ە.

٥- ئەو کچەی سەروملی ئەو کوڕە دەپێچێت ناوی سورەیا صدیق القادری کورەکەش ناوی محسین عبدالرزاق ە.

٦- ئەو کچەی بە پێوەیە لۆکەکەی بەدەستەوەیە شوکریە عەبدولڕەحمان خوشکی جەلال عەبدولڕەحمان ە.

شانۆگەری (قوربانییەک لە رێی داوێن پاکیدا) لە قەزای چوارتا، ساڵی ١٩٤٨:

ساڵی ١٩٤٨ هونەرمەند قادر خەلیلی برای هونەرمەند تەها خەلیل ر شانۆگەری بوو بەناوی (قوربانییەک لە رێی داوێن پاکیدا) بوو کە هەر خۆی ئامادەکارو دەرهێنەری شانۆگەرییەکە بوو. لە شوێنی ماڵی کاکەڕەشدا ئەنجامدراو خانوەکە لەسەر دەستوری کۆنی سنە دروستکرابوو. پێشتریش لە بۆنەکاندا چالاکی هونەری هەر



شانۆگەریەک لە چوارتا ساڵی حەفتاکان - کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی-بەشی چوارتا

هەبووە، سدیق چوارتایی لەمبارەیەوە دەنوسێت: ساڵی ١٩٤٨ -١٩٤٩ مامۆستایەکی نیشتمانپەروەر لە سلێمانییەوە نێردرا بۆ چوارتا، دوو برای لەگەڵدا بوو، کە ئەوانیش یاسین خەلیل و تەها خەلیل بوو، مامۆستای خولێخۆشبوو شانۆگەرییەکی نوسی لە قوتابخانەی سەرەتایی شارۆچکەی چوارتا، شانۆگەرییەکەش بەناوی (لەپێناوی داوێن پاکیدا) بوو، شانۆگەرییەکە کوێخای گوندێک دوو کچ و دوو کوڕی هەبوو، شوانێک و قاوەچییەکی هەبوو. کوێخا کە نەخۆشبوو وەسیەتی ئەکرد کە من ئەمرم، ئاگاتان لە گوڵەکانم بێت، مەبەستی لە کچەکانی بوو. من لەو شانۆگەرییەدا ناوم مام عەلی قاوەچی کوێخا بووم و ئەو کاتە لە قوتابخانە کچمان لەگەڵدا نەبوو، بۆیە کوڕ رۆڵی کچی دەبینی لە شانۆگەرییەکەدا. پاشان مەولود عیزەت کە رۆڵی بلەی شوانی دەبینی نەیئەزانی شمشاڵ لێبدات، فەرەج دەروێش لە ژوورێکی کەدا شمشاڵی لێ ئەدا.

ئەکتەرەکانی بەشداربووی شانۆگەرییەکە کە زۆربەیان قوتابی پۆلی پێنجەم و شەشەم بوون جگە لە تەها خەلیل قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتایی بوو، کە ئەم ناوانای خوارەوە بوون:

١- حەمەساڵح کاتب - کوێخای گوند .

٢- یاسین خەلیل- کوڕی کوێخا.

٣- عومەری خاڵە عەلی - نازەنین ی کچی کوێخا.

٤- فەرەج محەمەد حاجی ئەمین- نازداری کچی کوێخا.

٥- سدیقی حاجی قادر - مام عەلی قاوەچی.

٦- تەها خەلیل - قوتابییەکی هەژار.

٧- مەولود عیزەت وەلی- بلەی شوان.

٨- فەرەج دەروێش- شمشاڵژەن.

قادر خەلیل نوسەری شانۆگەرییەکە بوو. داهاتی شانۆگەرییەکەش بۆ قوتابییە هەژارەکانی قوتابخانەکە بوو، کە بلیت (٥٠) فلس بوو، زۆربەی دانیشتوانی چوارتا هاتبوون و شانۆگەرییەکە لە ناوچەکەدا دەنگی دایەوە.

ساڵانی دوای ئەوەش چەند شانۆگەرییەکی تر پێشکەشکراوەو وەک مامۆستا قادری حاجی عەزیز ئەڵێت: عەبدولحەمید کە برین پێچی خەستەخانەی چوارتا بوو لە شانۆگەرییەکی کۆمیدیدا ڕۆڵی بینیوە. لەگەڵ چەند کەسێکی تردا، کە بەداخەوە ناویانم بیرنەماوە. دوای ئەمە چەند شانۆگەرییەک هەروا بە خۆرسک لە چوارتادا پێشکەشکراوە، لەوانە: نەخۆشەکەی شارەزوور، قوتابی تەمەڵ، ئەحمەد بەگی کۆماسی و خۆم بەخۆم کرد.

## شانۆگەری (دڵداری و پەیمانپەروەری) لە قەزای چوارتا، ساڵی ١٩٥٥:

ساڵی ١٩٥٥ مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی چوارتای کوڕان کە ئەو سەردەمە مامۆستا ئەحمەد سەعید مەولود بەڕێوەبەری قوتابخانەی چوارتا بووە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە سەرپەرشتیکردنی چالاکی هەمەجۆرو شانۆگەرییەکاندا تیپێکی شانۆیی لە قوتابیانی قوتابخانەکە دروستکردووەو شانۆگەری (دڵداری



شانۆگەری دەریا لە قوتابخانەی سیوەیل کەناروێ ١٩٨٢

و پەیمانپەروەری)ی مۆلێر کە مامۆستا ( أ. ب. هەوری) تەرجەمەی کردبوو، پێشکەشکردووە، کە بە وتەی مامۆستا قادری حاجی عەزیز: مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین دەرهێنەری شانۆییەکە بووەو ئەو شانۆگەرییە سەرکەوتنێکی باشی بەدەستهێناو لە چوارتاو سلێمانیدا دەنگیدایەوە، لە گوندەکانی دەوروبەری چوارتاوە ئەهاتن بۆ سەیرکردنی.

١- محەمەدی مەلا ڕەسوڵ لە ڕۆڵی میردا.

٢- ئازاد قادر مستەفا، لە ڕۆڵی بارام بەگدا.

٣- عارف ڕەشید ئیبراهیم، لە ڕۆڵی شێرکۆدا.

٤- عەلی عەبدوڵڵا عەزیز، لە ڕۆڵی نازەنین دا.

٥- ئیسماعیل ئیبراهیم محەمەد، لە ڕۆڵی باوک کوژراودا (یەکەم).

٦- دەشتی بایز عەزیز، لە ڕۆڵی باوک کوژراودا (دووەم).

٧- عوسمان ڕەسوڵ (عوسمانی کوێخا ئەحمەد) لە ڕۆڵی پیاوی میردا.

٨- عومەر عەبدوڵڵا، لە ڕۆڵی یاساوڵدا.

جگە لەوەش هەر لەو ساڵەدا لەسەرداوای ئەحمەد سەعید مەولود کە داواکارییەکی پێشکەشی مەعاریف ی سلێمانی کردبوو بۆ خەرجکردنی بڕی ٥٠٠ دینار بۆ دروستکردنی شانۆیەک لەناو هۆڵی قوتابخانەی چوارتادا، داواکارییەکەی

سەریگرتوو شانۆیەکی خنجیلانەیان پێدروستکرد لەگەڵ ئەم شانۆگەرییەدا چەند ئۆپەریتێک لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەی کچانی چوارتاوە خرایەڕوو هەر بەڕێزیان سەرپەرشتی ئەو چالاکیانەیان دەکرد.

هاوکات لەگەڵ ئەم شانۆگەرییەدا چەند ئۆپەرێت و نمایشنامەیەکی کۆمیدی پێشکەشکران.

لەوانە: ئۆپەرێتی گوڵ کە ئەکتەرەکانی ئەمانە بوون: نەسرین ئەحمەد میرزا، لە ڕۆڵی باخەواندا.

چرۆ ئەحمەد سەعید، لە ڕۆڵی نێرگزدا.

ناسک کەریم حەداد، لە ڕۆڵی مێخەکدا.

کچێکی تریش لە ڕۆڵی گوڵەباخدا، بەداخەوە ناوەکەیمان نەزانی.

هەروەها شانۆگەری کۆمیدی (نەخۆشەکەی شارەزوور) پێشکەشکرا، کە ئەم ئەکتەرانە ڕۆڵیان بینیوە:

ڕەئوف فەتاح باپیر، لە ڕۆڵی پزیشکدا.

حەسەن محەمەد لە ڕۆڵی نەخۆشدا.

شانۆگەرییەکی تری کۆمیدی بەناونیشانی (قوتابی تەمەڵ) کە ئەکتەرەکانی ئەمانە بوون:

ڕەئوف فەتاح باپیر، لە ڕۆڵی مامۆستادا.

ئیسماعیل عەباس ئەختەر، لە ڕۆڵی قوتابی دواکەوتوودا.

شانۆگەری ئەحمەد بەگی کۆماسی لە قەزای چوارتا،ساڵی ١٩٥٦:

هەروەها لەساڵی ١٩٥٦-١٩٥٧ دا شانۆگەری ئەحمەد بەگی کۆماسی پێشکەشکرا، ئەکتەرەکانیشی ئەمانە بوون:

ئازادی شێخ قادر شێخ مستەفا، لە ڕۆڵی ئەحمەد بەگی کۆماسیدا.

عەلی عەبدوڵلا عەزیز لە ڕۆڵی لەیلدا.

عوسمان ڕەسوڵ ناسراو بە عوسمانی کوێخا ئەحمەد، لە ڕۆڵی کەسوکاری ئەحمەد بەگدا، لەگەڵ چەند ئەکتەرێکی تر کە ناوەکانیانمان نەزانی.

هەموو ئەم چالاکیانەش هی قوتابیانی قوتابخانەی سەرەتایی چوارتای کوڕان بوو کە ئەو سەردەمە مامۆستا ئەحمەد سەعید مەولود بەڕێوەبەری قوتابخانەی چوارتا بووە، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە سەرپەرشتیکردنی چالاکی هەمەجۆرو شانۆگەرییەکاندا تیپێکی شانۆیی لە قوتابیانی قوتابخانەکە دروستکردبوو.

## شانۆگەری (خۆم بەخۆمم کرد) لە قەزای چوارتا، ساڵی ١٩٦١:

کاتێک مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم لە ١-٩-١٩٦١ دا دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی چوارتای کوڕان و لەپاڵ کاری مامۆستایەتیدا پەرەی بە بزاڤی هونەری و شانۆیش داوەو توانیویەتی شانۆگەری (خۆم بە خۆمم کرد) لەلایەن کۆمەڵێک لە قوتابیانی قوتابخانەکەوە پێشکەش بکات، کە دەقی شانۆییەکە هی شانۆکاری عەرەب: شەهاب القصب ەو مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم دەرهێنەری شانۆییەکە بووەو مامۆستا فوئاد محەمەد ئەمین یاریدەدەری بووە لەو دەرهێنانەدا، میکاژەکەشی هونەرمەند ئازاد شەوقی ئەنجامیداوەو بۆ ئەو مەبەستە



**تیپی شانۆیی گورگەدەر ١٩٩٧/٣/٢١**

چۆتە چوارتا.

هونەرمەند عەبدولستار شارباژێڕی کە ئەو سەردەمە قوتابی قوتابخانەی چوارتا بووە، ئەڵێت: هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم دا، مامۆستا فوئاد محەمەد ئەمین ی ئەکتەری ڕووخۆش و کۆمیدی لە چوارتا بوو. بەردەوام بە جوڵە کۆمیدی و قسەخۆشەکانی پۆلەکانی پڕ دەکرد لە قاقای پێکەنین و هەر ئەویش تۆوی خۆشەویستی شانۆی لەدڵماندا ڕواند. هەر ئەو خۆشەویستییەی ئەوسای خوێندکاران بۆ شانۆو نواندن وایکرد، لەساڵی ١٩٧٠ زاینی تیپی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی شارباژێڕ دابمەزرێنین.

ئیتر بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە، جموجوڵی هونەری وەستاو لە ٣٠-٨-١٩٦٢ پۆلیسخانەی چوارتا گیراو کەوتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوە تا ساڵی ١٩٧٠.

تیپی شانۆی شۆڕش لە قەزای چوارتا، ساڵی ١٩٧٠:

لەدوای بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لە شارۆچکەی چوارتا کە لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوو، تیپێکی شانۆیی دروستبوو بەناوی تیپی شانۆی شۆڕش کە سەر بە لیژنەی ناوچەی چوارتای (پ.د.ک) بوو، ئەو



نمایشی شانۆ لە قوتابخانەی سەرەتایی چوارتا ١٩٣٩

تیپە لە زۆربەی بۆنەکانداو بەتایبەتی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و زیاتریش لە جەژنەکانی نەورۆزدا شانۆگەرییان ئامادە ئەکردو پێشکەشیان ئەکرد، بەتایبەتی کاوەی ئاسنگەر کە ببوە نەریتێک و لەرۆژی نەورۆزدا لەزۆر شوێنی کوردستاندا پێشکەش ئەکراو لێرەدا وەک نمونەیەک باس لە پێشکەشکردنی شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر ئەکەین کە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٢ دا بە چاودێری (ل.ن.ش) کە لە ڕاڕەوی پشتەوەی قوتابخانەی چوارتای سەرەتاییدا پێشکەشکراو دانیشتوان و بینەرانیش لە گۆرەپانی بەردەم ئەو ڕاڕەوەدا دانیشتبوون و سەیری شانۆگەرییەکەیان ئەکرد، بینەرێکی زۆریش لە کیژان و ئافرەتان بە جلی ئاڵاو واڵای کوردییەوە قەدپاڵی شاخەکەی سەرقەڵات ی بەرامبەر بە قوتابخانەکەیان ڕازاندبۆوەو لەتەک منداڵان و مێرمنداڵاندا سەیری گشت چالاکی و شانۆگەرییەکەیان ئەکرد کە لە ڕاڕەوە کراوەکەی قوتابخانەکەدا نمایش ئەکرا.

ئەوانەی لەو شانۆگەرییەدا بەشداربوون، ئەمانە بوون:

وەستا ئەحمەدی بەرگدروو، لە ڕۆڵی زوحاکدا.

غەریب عەزیز قادر، لە ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەردا.

مامۆستا ئەحمەدی سناعە، لە ڕۆڵی وەزیری دەستەڕاستدا.

عارفی حەمەبچکۆل، لە ڕۆڵی وەزیری دەستەچەپدا.

شەهید بەهادین ی زاوای خەلیفە حسێن لە ڕۆڵی پاسەواندا.

شەهید بەهادین ی زاوای شێخ محێدین لە ڕۆڵی پاسەواندا.

کەریم مەحمود، ئەکتەر.

عەلی عەبدوڵڵا عەزیز بە دەنگە خۆشەکەی

هەواڵنامەی کتێب


شانۆگەریەک لە گورگەدەر ١٩٨٤

ئاهەنگەکەی گەمتر کردبوو. قادر مستەفا ماوەتی ئاهەنگێڕو بێژەری شیعرەکان بوو.

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێک منداڵی زیتەڵی ئەوکاتە گەلێک کاری جوانیان لەگەڵ ئەو ئەکتەرانەدا ئەنجام ئەدا وەک لادانی پەردەی شانۆو باوەشێنکردنی زوحاک و وتنی سروود، کە بریتی بوون لەمانە:

تاهیر حەمە کەتیرە، بەکر غەریب، کاوە کەریم ئەفەندی، تاهیری وەستا ئەحمەدی بەرگدروو، کاوە موحسین ڕەزا.

بەڵام بەداخەوە ئەم تیپە تەمەنی کورت بوو، بەهۆی بارودۆخی ئەو سەردەمەوە بەردەوام نەبوو.

تیپی شانۆی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کورد، لقی چوارتا، ساڵی ١٩٧٠:

ساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵێک لاوی بەهرەمەند کە خوێندکار بوون لە قوتابخانەی چوارتای سەرەتایی بەبۆنەی یادی نەورۆزەوە ئاهەنگێکیان لە هۆڵی قوتابخانەی ناوبراو سازکرد بە ئامادەبوونی تیپی مۆسیقای سلێمانی و هونەرمەندان (سەلاح مەجید، عوسمان عەلی، عومەر چاوشین) لەو ئاهەنگەدا شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) یان نمایشکرد، مۆسیقاو گۆرانیش بەدەنگی هونەرمەندان سەلاح مەجیدو عوسمان عەلی ئاوێتەی شانۆگەرییەکە کرا. کە بووە جێگەی خۆشحاڵی و ڕەزامەندی ئامادەبووان. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە عەبدوڵڵا وەستا ڕەشید پێشنیاری کرد کە بەشی چوارتای کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی بکرێتەوە، هونەرمەندان پێیان باش بوو، یاداشتێکیان ئاڕاستەی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی سلێمانی کرد بۆ پەسەندکردنی، کە لەم کەسانە پێکهاتبوون:

١- عەبدوڵڵا ڕەشید ئەحمەد سەرۆکی کۆمەڵەکە.
٢- بەرزان قادر میرە، ئەندام و لێپرسراوی کاری نواندن.
٣- بەکر حاجی عەزیز، ئەندام.
٤- جەمال محێدین، ئەندام.
٥- عەبدوڵڵا مەحمود قادر، ئەندام.
٦- میقداد مستەفا، ئەندام.
٧- یاسین محەمەد عەزیز، ئەندام.
٨- حەمەئەمین عەبدوڵڵا ڕەش، ئەندام.
٩- عەبدولولحید محەمەد مارف، ئەندام.
١٠- عەباس ڕەشید ئەحمەد، ئەندام.
١١- عیزەت بیانەیی، ئەندام.
١٢- مەحمود ئەحمەد دەروێش، ئەندام.
١٣- فەرهاد محەمەد شێخ ئەحمەد، ئەندام.
١٤- قادر کەریم عەبدوڵڵا، ئەندام.
١٥- عەبدولستار تۆفیق قادر شارباژێڕی، ئەندام.
١٦- بەکر غەریب عەزیز، ئەندام.
١٧- خالید حاجی مەحمود، ئەندام.
١٨- نەجمەدین قادر، ئەندام.
١٩- ئاسۆس غەفور، ئەندام.
٢٠- هادی سەید عەلی، ئەندام.
٢١- کەمال محەمەد ڕەشید، ئەندام.
٢٢- جەزا محێدین عەبدوڵڵا ، ئەندام.

مامۆستا قادری حاجی عەزیز ناوی چەند کەسێکی تری هێناوە کە ئەندام بوون، بەڵام لەو لیستەی کاک عەبدوڵڵای وەستا ڕەشید دا نیە،



شانۆگەری کێشەی شانۆ دەرهێنانی حیکمەت هندی ١٩٨٤ گورگەدەر

وەک: مەحمود ئەحمەد کەریم، محەمەد ئەحمەد کەریم، واحید محەمەد مارف.

ئەم ئەندامانە لە شانۆگەرییەکاندا وەک ئەکتەر ڕۆڵیان ئەبینی و لەگەڵیشیاندا دوو منداڵ بەناوەکانی: قادر کەریم و عەباس ڕەشید دەوریان ئەبینی. هەروەها نابێت هەوڵ و ماندووبوونی مامۆستا محەمەد ڕەحیم ڕەمەزان لەیاد بکەین کە خۆی لە چوارتا مامۆستا بوو، هاریکاری چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵەیەی دەکرد.

دوای ڕەزامەندی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی سلێمانی، بەشی چوارتا کرایەوە. خانویەکی مارف ئاغای خمانێ یان کردە بارەگای کۆمەڵەکەیان و مۆریان دروستکردو دەستیانکرد بە چالاکییە هونەرییەکان. وەک دەستپێک و خۆناساندنی کۆمەڵەکە، ئاهەنگێکی سوکەڵەیان بەبۆنەی کردنەوەی بارەگاکەیانەوە سازکردو لەو ئاهەنگەدا ئەم بەڕێزانە ئامادەبوون: نوری وەشتی، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی. هونەرمەند تەها خەلیل. هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان. لەو ئاهەنگەدا دوو دەقی شانۆیی کۆمیدی بەناونیشانی (عەیادەو دکتۆر، مەلاو شمشاڵ و ڕێبوار) ئامادەکراو پرۆڤەی لەسەر کرا بۆ شانۆ، لە هۆڵی چوارتا لە پاش پیراڵک بۆ ماوەی دوو ڕۆژ نمایشکراو بینەرێکی زۆری هەبووە. زۆربەی ئەو نمایش و شانۆگەرییانەش مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان پێوە دیار بوو، چونکە هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئەو سەردەمەو ڕەنگدانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و نەبوونی ئازادی بوو.

پاشان بارەگای کۆمەڵە کرایەوەو بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٧١ یش لەسەر داوای قائیمقام دوو شانۆگەری ئامادەکران بەناونیشانی: چاڵی جەرگی پیرێژن، کە باسی ڕەشبگیری و ونکردنی گەنجانی کوردی دەکرد. لەگەڵ شانۆگەری بڕیارو ئەنجام. بەڵام مامۆستا قادر ئەنوسێ: شانۆگەری چاڵی جەرگی پیرێژن لە نوسینی مامۆستا حسین عارف، بەبۆنەی ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٢ پێشکەشکرا.

هەروەها لە جەژنی قوربانی ساڵی ١٩٧٢ شدا دوو شانۆییان ئامادەکرد بۆ نمایش و ئامێری دەنگی شانۆگەریەکەش هونەرمەند تەها خەلیل ئامادەی کردووە. بلیتی تەماشاکردنی شانۆگەرییەکەیان بە مۆری کۆمەڵەوە ئامادەکردو بەنرخی ٥٠٠ فلس و ١٠٠ فلس دەیانفرۆشت. ئەمەش داهاتێکی باشی بۆ کۆمەڵەکە پەیداکرد. لێپرسراوی بەشی شانۆی کۆمەڵەکە بەرزان قادر میرە بوو.

جگە لەوەش چەندین شانۆگەری تریان پێشکەشکردووە، وەک: هەڵەی دکتۆر، باوکی پول پەرست، ئەو کچە مارەیی هاتووە، کاوەو زووحاک.

لەساڵی ١٩٧٣ شدا تیپەکە دوو شانۆگەری پێشکەشکردووە، کە ئەمانە بوون:

شانۆگەری (کارەساتەکانی ڕۆژی ئەیلول) بۆ بیرەوەری کارەساتی شەشی ئەیلول.

شانۆگەری شەش پەنجایی، کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٣ دا وەک شانۆییەک پرۆڤەیان تێداکرد، کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی – مەڵبەندی سلێمانی بڕیار بوو بیبەنە تەلەفزیۆنی کەرکوک

بە مەبەستی پەخشکردنی، بەڵام بەهۆی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ ئەو کارە ئەنجام نەدرا.

## تیپی شانۆی قوتابخانەی سەرەتایی ماوەت، لە شارۆچکەی ماوەت، ساڵی ١٩٧٣:

ساڵی ١٩٧٣ مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی ماوەت ی سەرەتایی کە ئەو سەردەمە مامۆستا عەبدولعەزیم ماوەتی بەڕێوەبەرو مامۆستا قادر عەلی ماوەتی یاریدەدەری قوتابخانەکە بوون، تیپێکی شانۆییان لە قوتابیانی قوتابخانەکە دروستکردبوو. لەوانە: سەعید محەمەد ئەمین قامیشی، بایز حسین بایز ژاژڵەیی، سابیر حەسەن، کەمال عەزیز، و کۆمەڵێک قوتابی تر کە بەداخەوە ناوەکانمان نەزانی.

مامۆستا حەمەسەعید محەمەد ئەمین وەک ئەکتەرێکی سەرەکی شانۆییەکە ئەڵێت: من قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی سەرەتایی ماوەت، لەگەڵ مامۆستاو قوتابیەکانی هاوڕێمدا، بەبۆنەی یادی بەیانی ١١ ی ئازارەوە لەبەردەمی قوتابخانەو مەرکەزو یانەکە شانۆیەکمان بە تەختە ڕەش و ڕەحلە و کومبار دروستکرد و کورسییەکی زۆر بۆ خەڵک و بینەر دانرابوو. خەڵکێکی زۆری ماوەت ئامادەی بینینی شانۆییەکە بوون. یەکەم شانۆگەرییان




تیپی شانۆی مناڵانی گورگەدەر ١٩٨٨

بەناونیشانی پیاوێکی زۆر خۆر بوو، دەقەکە پیاوێکی زۆر خۆر کە دە کفتەی بە دوو نوردو نانەوە خواردووەو لەبرساندا ئاگای لەخۆی نەمابوو قابلەمەکەشی خواردووەو تووشی ئازاری گەدە بووەو چووەتە لای پزیشک و پزیشکیش بە نەشتەرگەری مەنجەڵەکەشی دەرکردووەو هەڵیداوەتە ناو جەماوەر و پزیشکەکەش دەڵێ خەڵکینە تەماشاکەن قابلەمەکەشی. کە ئەم قوتابیانە ئەکتەر بوون: سەعید محەمەد ئەمین سەعید، دەوری پیاوی زۆرخۆر، سابیر حەسەن مارف ماوەتی وەک پزیشک، ئاسۆ عەزیز و کەمال عەزیز مەحمود ماوەتی و عومەر مەجید شوانی وەکو یاریدەدەری پزیشک.

شانۆگەری دووەم بەناونیشانی (جو جو) کە دەرهێنەرەکەی قوتابی بایز حسین بایز بوو.

دەقێکی کۆمیدی بوو، مامۆستا حەمەسەعید محەمەد ئەمین وەک ئەکتەرێکی سەرەکی شانۆییەکە ئەڵێت: پیاوێکی هەژەلی کە بایز حسێن ڕۆڵی دەبینی وەکو شێت وابوو، هەر کە پرسیارت لێدەکرد، دەیوت: جوجو. هەروەها پیاوێکی تر کە زۆر چڵکن و پڕ لە ئەسپێ بوو. کە قوتابی حەمەسەعید محەمەد ئەمین ڕۆڵی پیاوێکی چڵکن و پڕ لە ئەسپێم دەنواند و جلێکی چڵکنم لەبەرکردبوو خۆم ئەخوراندو بۆقێکی زیندووم لە باخەڵدا بوو. لەناو خەڵکەکەوە شەهیدی سەرکردە مامۆستا غەفور ژاژڵەیی کە ئەوسا بەڕێوەبەری ناوەندی ماوەت بوو، وتی: خاڵە، ئەوە چییە؟ خۆت دەخورێنی؟ گروێ بووی. منیش وتم: مامۆستا ئەسپێکانم زۆر گەورەن. ئەسپێیەکت بۆ هەڵبدەم. وتی: ئادەی. منیش دەستبەجێ بۆقەکەم هەڵدایە ناو خەڵکەکەوەو وتم ئەوە ئەسپێکانمە. هەرچی ژن و مندال بوو ڕایدەکردو لەترسا

بوو بە قیژەو هاوار. بەڕاستی چالاکییەکی زۆر دڵخۆشکەرە بوو، خەڵکەکە زۆریان پێخۆش بوو زۆر هانیان داین. دوای تەواوبوونی چەند دیارییەکیان پێشکەشکردم.

لەساڵی ١٩٧٤ یشدا لە جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٤ دا ئاهەنگێک سازکرا لە هۆڵی قوتابخانەی سەرەتایی ماوەت. کە تیایدا شانۆگەری کاوەی ئاسنگەرو زوحاک پێشکەشکرا. کە بایز حسین بایز و عەزیز ماوەتی دەرهێنەری شانۆییەکە بوون، کە هەردووکیان قوتابی سێیەمی ناوەندی بوون. ئەکتەرەکانیش هەر لە قوتابیانی ناوەندی ماوەت بوون. بەم شێوەیە:

جەمال ساڵح قادر قوتابی پۆلی سێیەمی ناوەندی، ڕۆڵی زوحاکی دەبینی.

سەعید محەمەد ئەمین سەعید قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو، ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەری دەبینی.

حەمید ئیبراهیم حەسەن، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو، باوەشێنی زوحاکی دەکرد.

سالار مستەفا عەزیز، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی، باوەشێنی زوحاکی دەکرد.

جەمال مستەفا ئیبراهیم قوتابی سەرەتایی، باوەشێنی زوحاکی دەکرد.

ئەبوبەکر حسێن ئەحمەد ناسراو بە بەکر سەرباز کە قوتابی ناوەندی بوو، ڕۆڵی یاساوڵی دەبینی.

کەمال عەزیز مەحمود، قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی، ڕۆڵی یاساوڵی دووەمی دەبینی.


لە شانۆگەرییەکەدا کاتێ کاوەی ئاسنگەر هێرش دەکاتەسەر زوحاک، بە چەکوشی ئاسن لەمێزەکە دەداو بەخێرایی دەیگۆڕێ بە چەکوشی ئیسفەنجی ڕەنگ ئاسن. براکەی کاک جەمال زوحاک بوو وتبووی بەخوا براکەمی کوشت و مامۆستا حەمیدیش لەسەر شانۆکە بەربوەوەو دەستێکی شکا.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە هەر لەساڵی حەفتاکاندا شانۆگەری تر پێشکەش کراوە کە شەهید ئەبوبەکر ئەحمەد و دلێر ماوەتی تیایدا بەشداربوون.

## شانۆگەری (ئاغا و مسکێن) لە گوندی کوڕەداوێ، ساڵی ١٩٧٤:

لە خوێندنی ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ قوتابیانی قوتابخانەی کوڕەداوێ بەشداری چالاکییەکانی قوتابخانەیان کردووەو مامۆستا عەبدولعەزیز مستەفا کە ڕێکخەری چالاکییەکان بووە، دەقێکی شانۆیی نوسیبوو بەناونیشانی (ئاغاو مسکێن) کە لە ڕابردوودا کارو چالاکی لەو جۆرە نە لە خوێندنگەو نە لە دەرەوەی خوێندنگە نەبووە، بە ڕووداوێکی خۆش و ناوازە باس دەکرێت و ئەو ئاهەنگ و شانۆگەرییە بە گەورەترین چالاکی ناو خوێندنگە دەژمێردرێت و ئەگەرچی بریار بوو لە نەورۆزدا لە دەرەوە ئەم چالاکیانە پێشکەش بکرێن، بەڵام بەهۆی بەفربارینەوە ناچار لەناو بینای قوتابخانەدا پێشکەشکران و جگە لە شانۆگەری چالاکی گۆرانی و هەڵپەڕکێش نمایشکران. جگە لەوەش چەندین قوتابی وەک ئەکتەر لەو شانۆگەرییەدا بەشداربوون، وەک: لەتیف سدیق، محسین محەمەد، محەمەد سدیق، خەلیل ئەحمەد، محەمەد دەرویش فەرەج، جەمال عەبدوڵڵا، ئیسماعیل حسێن) بە دروشمی فەلاح موڵکی خۆیەتی، ئاغا باوکەڕۆیەتی. کۆتایی بە شانۆگەرییەکە هات. خەڵکی ئاواییش بەهەموو شێوەیەک هاوکاری مامۆستا و قوتابیان بوون بۆ ئەم شانۆییە، بە پێشکەشکردنی جلوبەرگ و ڕاخەرو پێداویستییەکانی وەک: دەمانچە،

هەواڵنامەی کێنێ



شانۆگەری ساڵی ١٩٩٩ گوندی قامیش

خەنجەر، کڵاوو جامانە. مامۆستا عەبدوڵڵا ئیسماعیلیش هاوکاری مامۆستا عەبدولعەزیز لە بەڕێوەچوونی ئەم چالاکییەدا.

## شانۆگەری ( کێشەی شانۆ) لە گوندی گورگەدەر ساڵی ١٩٨٤:

لەرۆژی ١٠- ٦- ١٩٨٤ لە یادی ١٤ ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا ئاهەنگێک لە گوندی گورگەدەر ی نزیک سیتەک سازکراوەو خەڵکێکی زۆر لە شارباژێرو سلێمانییەوە بانگهێشتکراوەو تیایدا گۆرانی و شانۆگەری پێشکەشکراوە. هەروەها شانۆگەرییەک بەناونیشانی کێشەی شانۆ پێشکەشکراوەو ئەو ئەکتەرانەی شانۆگەرییەکەیان پێشکەشکردووە هیچ تیپیکی شانۆییان نەبووەو ئەم تیپە تەنها بۆ ئەو ئاهەنگە دروستکراوە.

دەرهێنەری شانۆگەرییەکە مامۆستا حیکمەت هیندی بووەو ئەو ئەکتەرانەی بەشدارییان کردووە، کادرو پێشمەرگەی شاخ بوون و پێدەچێت یەکەم ئەزمونی کاری شانۆییان بووبێ، کە بریتی بوون لە: حیکمەت هیندی، شێخ جەمال بێژەر لە ڕۆڵی سەدام حسێن دا، کەمال تاماس لە رۆڵی جەماوەری شۆڕشگێڕدا، مامۆستا پێشڕەو، هاوڕێ بەختیار. لەکاتی نمایشەکەدا دەبوایە تەقەی تیابکرایە، بۆیە قەوانێک بەر دەموچاوی مامۆستا حیکمەت کەوت.

شانۆگەرییەکە باسی لە ململانێی سیاسی نێوان حیزبەکان و رژێمی عێراقی ئەکرد لە کوردستاندا. شانۆییەکە بە کامێرای ڤیدیۆ وێنە گیراوەو خەڵک و رێکخستنەکانی ناوشار حەزیان ئەکرد ببینن، هەربۆیە کاسێتی ڤیدیۆیی شانۆییەکە لەناوشار دەستاودەستی ئەکرد، کە بۆ ئەو

سەردەمە شتێکی زۆر تایبەت بوو خەڵک ببینێت پێشمەرگە کاری شانۆیی بە چەک و تاقمی تفەنگەوە بکات و گۆرانی شۆڕشگێڕانە بڵێت. تا رۆژێک نوسخەیەکی ئەم کاسێتە ئەکەوێتە دەست پیاوانی ئەمن و ئیستخباراتی حکومەتی بەعس لە سلێمانی و لەسەر ئەوە مامۆستا حیکمەت هیندی دەستگیر ئەکرێت و دوای ١١٠ رۆژ زیندانی لە بەغدا بەهۆی دانوستانی ی.ن.ک و حکومەتی عێراقییەوە ئازاد ئەکرێت.

## تیپی شانۆی لاوانی باڵخ لە ساڵی ١٩٨٤:

تیپێکی شانۆیە ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی باڵخی شارباژێڕ دامەزراوەو تا ساڵی ١٩٨٥ بەردەوام بووە لەسەر نمایشکردنی بەرهەمەکانی.

زۆربەی ئەندامانی ئەم تیپە پێشمەرگەو کادیرو ئەندامی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بوون. لەوانە: ئەحمەد برایم، سەربەست عەبدوڵلا، کەمال محەمەد، عومەر برایمۆک، سەرباری نمایشکردنی چەند شانۆگەرییەک، تیپەکە لە هەندێ بواری تردا بەرهەمی پێشکەش کردووە وەک ئاهەنگی سروودو گۆرانی و شیعر خوێندنەوە.

پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١ و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، هەندێک لەو لاوانەی کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا تیپەکەیان دروستکردبوو، جارێکی تر تیپەکەیان دروستکردەوە و چەند بەرهەمێکی شانۆگەری و ئاهەنگی سرودو گۆرانی وتن و شیعر خوێندنەوەیان پێشکەش کردو پێشانگای وێنەی شەهیدانیشیان کردەوە. چالاکییەکانی تیپەکە زۆرتر لە دۆڵی جافەتی و ناوچەی دۆڵێ نمایش کراون.

شانۆگەری لە کەناروێ، ساڵی ١٩٨٤:

شانۆگەرییەک لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٨٤ لە قوتابخانەی سیوەیل لە کۆمەڵگەی کەناروێ لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەکەوە پێشکەش بە خەڵک کرا. قوتابخانەکە کەوتبووە بەشی خوارووی کەناروێ کە بە کەناروێی خواروو ناسرابوو.

شانۆگەرییەکە لەلایەن مامۆستا ئازاد باسنێی ئامادە کرابوو، لەکاتی کۆبوونەوەی باوکان و دایکاندا لەهۆڵی قوتابخانەکە پێشکەشکراوە، هەرچەندە ئەو رۆژە بەفر باریوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر ئامادەی بینینی بوون.

## شانۆگەری کاوەی ئاسنگەر، لە کارێزە، ١٩٨٥:

لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٥ دا قوتابیانی پۆلی شەشەمی قوتابخانەی دەشتێ لە کۆلکەڕەشی سەر بە ئۆردوگای کارێزە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە شانۆگەری کاوەی ئاسنگەریان پێشکەش بە خەڵک و قوتابیان کردو جگە لە ئامادەبوونی قوتابیانی قوتابخانەکە، خەڵکێکی زۆریش وەک میوان هاتبوون بۆ سەیرکردنی شانۆگەرییەکە، کە ئەوەش یەکەم چالاکی لەو جۆرە بوو لەو سنورە رێکبخرێت. مامۆستا ئیبراهیم کونجرینی سەرپەرشتی ئاهەنگ و شانۆگەرییەکەی دەکردو مامۆستا بیتوێن تۆفیق پێشکەشکاری ئاهەنگەکە بوو.

خەلیل عەبدوڵلا، رۆڵی زوحاک ی دەبینی

عیزەدین فەتاح رۆڵی کاوەی ئاسنگەری دەبینی.

ئاسۆقادر محەمەد رۆڵی خوسرەوی کوڕی کاوەی ئاسنگەری دەبینی.

## تیپی شانۆی کوردستان لە بەرزەدێ (گەڕەدێ) ساڵی ١٩٨٦:

تیپێکی شانۆییە پێشمەرگە هونەرمەندەکان لە بەهاری ١٩٨٦ دایانمەزراندووەو سەرەتا بارەگاکەی لە گوندی بەرزەدێ (گەڕەدێ)ی گاپیلۆن دانراوە. ئەم تیپە یەکێک بووە لە تیپە

چـالاک و ئەکادیمییەکان، بـەوەی کە زۆربـەی ئەنـدامـەکـانـی یـا دەرچـــووی بـەشـی شـانـۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی بوون، یاخود خوێندکاری شانۆ بوون و هەڵاتبوون لە رژێم، دەستەی دامەزرێنەری ئەم تیپە پێکهاتبوون لە قادر محەمەد ئەحمەد (قادرۆک)، هیوا رەئوف، سۆران عوسمان (ئەم سێ هونەرمەندە دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگا بـوون)، زاهیر غەریب (خوێندکاری شانۆی هەڵاتوو) ، ئەحمەد برایم باڵخی پێکهاتبوون. پاش دامەزراندنی تیپەکە چەند هونەرمەندێکی تر پەیوەندی پێوەکردن و بوونە ئەندام تێیداو ئەمانە بریتی بوون لە: ، لەوانە: خەلیل کەریم، ناسراو بە گەرمیان، موسا ئەحمەد، فازیل قەساب، ئازاد سەوزە، هیوا محەمەد ئەمین. لـە قۆناغی دامـەزرانـدنـی تیپەکەدا مـام جلال تاڵەبانی پشتگیرییەکی زۆری تیپەکەی کردووەو بەشێکی زۆر پێداویستییەکانی بۆ دابین کردوون. پاشـان دکـتـۆر فـوئـاد مەعسوم وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک و ئەرسەلان بایز وەک لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندن پشتیوانییەکی زۆری تیپەکەیان کردووەو پێداویستییەکانیان بۆ دابین کردووە.

ساڵی ١٩٨٦ تیپەکە یـەکـەم بـەرهـەمـی خۆی پێشکەش کرد کە شانۆگەرییەک بـوو بەناوی لە زیندانی فاشیەکاندا، نوسەرو دەرهێنەرەکەی سـۆران عوسمان بـوو. سـەرەتا شانۆگەرییەکە لە گوندەکانی دۆڵـی جافەتی شارباژێڕ نمایش کـراو پاشان بۆ دۆڵـێ و قـەرەداغ و گەرمیان گوێزرایەوەو لەهەموو ئەو شوێنانەی کە تێیدا نمایش کرا، پێشوازییەکی گەرمی لێکرا. ئەمەش هاندەر بوو بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمی دیکە.

ساڵی ١٩٨٧ تیپەکە دوو بەرهەمی تری پێشکەش کرد، یەکێکیان بەناونیشانی تارمایی راستییەکان کە سۆران عوسمان نوسیویەتی و هیوا رەئوف دەریـهـێـنـاوەو لـە ناوچەکانی دۆڵـی جافەتی و مەرگەو سورداش نمایش کراوە.

ساڵی ١٩٨٨ تیپەکە دوو بەرهەمی تری پێشکەش کرد، یەکێکیان بەناوی راگوێز کە قادر محەمەد ئەحمەد نوسیویەتی و دەریهێناوەو بە هاوکاری تیپی شانۆی دەرەویان بەڕێوە چووەو لە ناوچەی قـەرەداغ نماش کـراوە، ئـەوی تر بەناونیشانی منداڵە چەوەندەر فرۆشەکە بوو کە تێیدا پشت بە چیرۆکنوسی بە ڕەگەز ئازەریی ئێران سەمەدی بەهرەنگی بەستراوەو زاهیر غەریب دەری هێناوە. شانۆگەری یەکەم لە ناوچەی قـەرەداغ نمایش کراو دواتر لەساڵی ١٩٨٩ لە ئێران لە شارەکانی سەقزو سنەو لە گوندی بلەکێ نمایش کرایەوەو هی دووەم لە ناوچەکانی گەرمیان نمایش کرا.

### تیپی شانۆی مێژوو،لە ( بازیان وماوەت ) ساڵی ١٩٩١:

ئەم تیپەش دوای ڕاپەڕین و لەساڵی ١٩٩١ لە ناحیەی بازیان دامــەزراوە، کە ئـەو سـەردەمە ناحیەکە زۆربــەی خەڵکی شـاربـاژێـڕ بـوون و تیپەکەش لەسەردەستی هونەرمەند شەوکەت ماوەتی دامـەزراوە. تیپێکی چالاک بووەو چەند هونەرمەندێکی میللی دەسـتـەی دامـەزرێـنـەری بـوون وەک: شـەوکـەت مـاوەتـی، ماردین حەمە جەژنی، لوقمان کلاشکەرانی (پیر لوقمان)، مژدە ئالی. زیاتر لە (٥) کـاری شانۆیيان پێشکەش کردووە. یەکێک لە شانۆییەکانی کە لە سەرەتاوە پێشکەشیان کـردووە، شانۆگەری گوڵی مێژوو بووە کە لەرۆژی رزگارکردنی شـاری کەرکوک دا لە ٢١-٣-١٩٩١ پێشکەشکراوەو دواتر هەمان شانۆیی بـراوەتـە مـاوەت و پشدەرو قـەڵادزێ. هەروەها دوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و

گەڕانەوەی خەڵک بۆ شارباژێڕ تیپەکە شانۆگەری (کـۆڕەو) ی لـە کۆتاییەکانی سـاڵی ١٩٩١ لە گومرگەکەی ماوەت پێشکەش کردووە.

### تیپی شانۆی برزووت لە قامیش ساڵی ١٩٩٣ :

لەدوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکەیان، گەنجانی گوند بــەردەوام خولیای ئەنجامدانی کاری هونـەرییان هـەبـوو، تـا دواجــار لـە ١٠- ١٢- ١٩٩٣ دا گروپێکی شانۆیی بەناوی تیپی شانۆی بــرزووت دابمـەزرێـنـن، نـاوی تیپەکە بـەنـاوی شاخێکی بەرزی پشتی گوندەکەوە ناونراوە. بە سەرپەرشتی هەریەک لە عومەر جیهانگیرو ساڵح مەحمود چەند کارێکی هونەری ئەنجام بدەن. کە سەرەتا ساڵانە تەنیا لە جەژنی نـەورۆزدا کارەکانیان دەکرد، بەڵام دواتر لەبەر سەختی و ساردی ناوچەکە کردیانە رۆژی (١)ی ئایارەوە. لەسەرەتادا تەنیا خەڵکی قامیش ئامادەی بینینی چالاکییەکانیان دەبوو، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا توانیان لەناوچەکەدا بینەرێکی زۆر بۆ خۆیان دروسـت بکـەن. هـەربۆیـە لـەساڵی ١٩٩٩ دا چالاکییەکانیان فراوانتر کردو ناوی فیستڤاڵیان لێنا بەناوی فیستڤاڵی شینکایەتی کە جگە لەکاری شانۆیی پێشانگای کەلەپوری و برگەی گۆرانی و وتارو شیعر خوێندنەوەشی بۆ زیادکراو لەساڵی ٢٠٠١ دا پێشانگای شێوەکاریشی بۆ زیادکرا. ئەم کۆمەڵە گەنجە تا ساڵی ٢٠٠٤ بەردەوام بوون و چەندین کاری جوان و سەرنجڕاکێشیان نمایش کرد.

### شانۆگەری و ئۆپەرێت لە گوندی شاناخسێ، ١٩٩٥:

لەنـەورۆزی ساڵی ١٩٩٥ بـەدواوەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەسەریەک ساڵانە لە جەژنی نەورۆزدا مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی شاناخسێ فیستیڤاڵی سـاڵانـەی نـەورۆزیـان سازئەکردو خەڵکێکی زۆر ئامادەی بینینی ئەبوون. لەو ئاهەنگ و فیستڤاڵەدا جگە لە پێشکەشکردنی سرودو گۆرانی، ئۆپەرێت و شانۆگەریش پێشکەش بە ئامادەبوان ئەکرا. مامۆستا رەوف محەمەد ئالانی وەک مامۆستایەک کە دواتر بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، ساڵانە سەرپەرشتی ئەو ئاهەنگانەی ئەکرد، ئەڵێت: ساڵی ١٩٩٤ یەکەم دامەزراندنم لـەسـەر خواستی خـۆم بۆ گـونـدی شاناخسێ بـوو. دوای سـاڵێـک بـووم بـە بـەڕێـوەبـەری قوتابخانەکەو لەگەڵ مامۆستایانی تری هاوڕێمدا گروپێکی پەروەردەیی هاوچەرخمان لەو گوندە دروستکردو ساڵانە فیستیڤاڵمان بەبۆنەی نەورۆز بۆ قوتابخانە رێکدەخست، توانیمان چەندین سرودو ئۆپەرێت و شانۆیی بۆ منداڵان بنوسین، یەکێک لەو سروودانە کرایە مارشی قوتابخانەی شاناخسێ.

فیستڤاڵەکە لەلایەن مامۆستایانی قوتابخانەکەوە ئـامـادەدەکـران و چـەنـد کـەسـێکی دڵـسـۆزی گوندەکەش هاوکاربوون. زۆر جار شانۆگەری و سرودو بەرنامەی پرسیارو وەڵام و لەگەڵیشیدا ئۆپەرێت و شانۆیی منداڵانم ئامادە دەکرد، کە ناوی بەشێک لە شانۆیی و ئۆپەرێتەکان ئەمانە بـوون: بەخێرهاتنی میوانەکان،قوتابی زیرەک، مامۆستای دڵسۆز، هاوڕێی باش، قوتابخانە ماڵی منە.

### تیپی شانۆی گورگەدەر، ساڵی ١٩٩٧

کۆمەڵێک گەنج و لاوی هونەردۆستی گوندی گـورگـەدەر هەستان بە دامـەزرانـدنـی ئـەم تیپە شانۆییەو لـەسـەرووی هـەمـووشـیـانـەوە کاک سـەروەر ساڵح محەمەد، کە سەرەتا بیرۆکەی دامەزراندنی تیپی شانۆییەکە هی ئەو بوو بۆ

و خەڵکی گوندەکەش هاوکار بوون، بەتایبەت گەنجەکان. مامۆستاکانیش پێشنیارەکەیان قبوڵ بوو هاوکاربون وەک یەک خێزان کاریان دەکرد.
تیپەکە لە ڕۆژی ٢١ - ٣- ١٩٩٧ دا واتە لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا دامەزرا. پرۆڤەی کارە شانۆییەکان لە قوتابخانەی گوندەکەدا بوو پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکانیش لە حەوشەو گۆڕەپانی قوتابخانەکەدا بوو، لە بۆنەکانداو بەتایبەت لە جەژنەکانی نەورۆز و قورباندا پێشکەش دەکرا. خەڵک تامەزرۆی بینینی کارەکانیان بوو، ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵک ئامادە دەبوون و تەنانەت لەگوندەکانی دەوروبەریشەوە دەهاتن و زۆر بەلایانەوە خۆش بوو، چونکە کارێکی تازە بوو لەناو گوندەکاندا. دەستخۆشیان دەکردو داوایان دەکرد بۆ هەمیشە بەردەوام بن. شانۆگەرییەکان سیاسی وکۆمەڵایەتی و کۆمیدی بوون و پەیامەکەش زوو دەگەیشتە جەماوەر. ئەوەش بووە هۆکاری سەرکەوتنی تیپی شانۆی گورگەدەر.

ئەندامانی تیپەکە لەم ناوانە پێکهاتبوون:
سەروەر ساڵح محەمەد. دامەزرێنەرو دەرهێنەر
سەلاح عەلی عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیار
محەمەد ڕەزا تەها، ئەندام
محەمەد کەریم حەسەن، ئەندام
دلێر عومەر حەسەن، ئەندام
نەوزاد تەیب تەها، ئەندام
سامان عەلی عبدالله، ئەندام
جەبار کەریم حەسەن، ئەندام
م.نەواد عوسمان ڕەشید، ئەندام
محەمەد نوری قادر، ئەندام
هاوکارانی تیپی شانۆ:
دکتۆر ئەکرەم عەلی احمد
م.شەهلا عەلی احمد
م.شیرین عارف
م.ئیبراهیم عەونی
م. سارا ئیسماعیل
ئەم تیپە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بوو. بەڵام بەداخەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆو هەژاری گەنجەکانەوە لە کارکردن وەستا. کە لەماوەی کارکردنیاندا هەشت شانۆگەری و چەند کورتەشانۆییەکیان پێشکەشکرد،
لەوانە: شانۆگەری (بەشێک لەچارەسەری پزیشک)، شانۆگەری (دوژمنانی کۆمەڵگا)، شانۆگەری (پرسیاری بێ وەڵام). کە لە هەموو نمایشێکی شانۆییشدا قوتابیان و منداڵانی گوندەکە کارو چالاکی خۆیان هەبوو، وەک: شانۆگەری، پێشانگای وێنەکێشان و کاری دەستی و کۆرسی هونەری گۆرانی.
پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە تیپی شانۆی گورگەدەر بەشانازییەوە ئافرەت ڕۆڵی باش و سەرەکی هەبوو لەم تیپە شانۆییەدا، کە ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنی کارە شانۆییەکان بوو، چونکە نیشانیاندا ئافرەت بەشێکی سەرەکین لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

**تیپی شانۆی منداڵانی گورگەدەر، ساڵی ١٩٩٧:**

ئەم تیپەش لەهەمان ساڵداو هەر لە گوندی گورگەدەر دامەزرا. کۆمەڵێک کاری شانۆیی منداڵانیان پێشکەش بە منداڵانی گوندەکە کرد، کە سەرپەرشتیارو ئەندامەکانی ئەم ناوانەی خوارەوە بوون:
سەلاح عەلی عەبدوڵڵا، سەرپەرشتیار
م. سارا ئیسماعیل، یاریدەدەری سەرپەرشتیار
ئالان ساڵح محەمەد، ئەندام
هونەر عومەر حەسەن، ئەندام

بورهان هادی ڕەشید، ئەندام
دابان سالح محەمەد، ئەندام
سامان عەلی حەسەن، ئەندام
ئارام ڕەزا تەها، ئەندام
بەفرین ڕەزا تەها، ئەندام
شنۆ تەیب تەها، ئەندام
خەندە ئاوات جەلال، ئەندام
هاوژین فواد عوسمان، ئەندام
نگین نوری قادر، ئەندام

## شانۆگەری لە قەزای ماوەت، ٢٠٠٨:

لەساڵی ٢٠٠٨ دا شانۆگەرییەک کرا لە قەزای ماوەت پێشکەشکرا کە لە دەرهێنانی شەوکەت ماوەتی بوو، باسی سەردەمی پاشایەتی ئەکرد. ئەوانەی بەشداربوون: تەرزە شێرزاد – کچی پاشا بوو، شادان حەمەڕەشید ماوەتی – دایەنی کچی پاشا بوو.

## شانۆگەری بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە قەزای ماوەت، ٢٠١٧:

ڕۆژی دووشەممە ٢٠-٣-٢٠١٧ کاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ ناوەندی ڕوناکبیری شارباژێڕ بەبۆنەی جەژنی نەرۆزو بەهارەوە کەرنەڤاڵی نەرۆزی لە هۆڵی بۆنەکان لە قەزای ماوەت سازکرد. کە تیایدا چەندین چالاکی وەک: شانۆو میوزیک و گۆرانی و شیعر پێشکەشکران. هەر لەو کەرنەڤاڵەدا سێ شانۆگەری لەلایەن قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی قوتابخانەکانی ماوەتەوە پێشکەشکران لەوانە شانۆیی ڕۆژی لەدایکبوون، کە ئامادەکردن و دەرهێنانی کارە هونەرییەکانیش هونەرمەند شەوکەت ماوەتی بوو. بۆیەکەمجاریش بوو لەشانۆییەکانی ئەوێدا ڕووناکی و مۆزیک بەکاربێت. هەندێک لەو کارە شانۆییانە ڕۆژی دواتر لە قەندیلیش پێشکەش کران.

لەکۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم کە لەساڵانی هەشتاکاندا ئەوکاتەی حیزبە بەرهەڵستکارەکانی ئێران لەناوچەی شارباژێڕ بوون چەندین شانۆ لە بارەگاکانیان و ئەو گوندو ناوچانەی کە لێی جێگیربوون، پێشکەشکراون. بۆنمونە حیزبی دیموکرات لە بۆنەو ئاهەنگە تایبەتییەکانی خۆیاندا لە گەورەدێ و کارێزە شانۆگەرییان پێشکەشکردووە، یاخود کۆمەڵە کە کانونی هونەر و ئەدەبی و هونەری کرێکارییان هەبووە لە مالومە شانۆگەرییان پێشکەشکردووە. یاخود موجاهدینی خەلق لە کارێزە شانۆگەرییان پێشکەشکردووە.

جگە لەوەش لەئێستادا چەندین باخچەی منالان و قوتابخانە هەن کە ساڵانە لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا شانۆگەری پێشکەش دەکەن و خەڵکێکی زۆر بینەریان دەبێت. بەتایبەت باخچەی منالانی چوارتاو کازیوەی چوارتا ی سەر بە منداڵپارێزی کوردستان.


سەرچاوە:
١- گۆڤاری سلێمانی، ژمارەکانی: ٢٨ و١١٣ و ١٣٤ و ١٤٤ و ١٤٥ .
٢- گۆڤاری شارباژێڕ، ژمارەکانی : ٣ و ٨ و ٩ و ١٨.
٣- کتێبی هەگبەی شارباژێڕ، شاهۆ غەفور ، ٢٠١٦
٤- گۆڤاری شینکایەتی، ژمارە (٤)، ٣٠ کانونی دووەمی ٢٠٠١
٥- ڕۆژنامەی هەواڵ، ساڵی ٢٠٠٩
٦- ئینسکلۆپیدیای ی.ن.ک. ، فەرید ئەسەسەرد، ٢٠١٦
٧- کتێبی مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧، فەرهاد پیرباڵ. ٢٠٠١
٨- پەیجی وێنە کۆنەکانی سلێمانی.
٩- پەیجی وێنە کۆنەکانی شاباژێڕ.
١٠- زانیاری وەرگرتن لە بەڕێزان: مامۆستا حەمەسەعید مەلا حەمەئەمین قامیشی و مامۆستا عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا و مامۆستا ڕەوف محەمەد ئالانی و کاک شەوکەت ماوەتی و کاک دلێرعومەر حەسەن.

# مامۆستا سەنجەری شاعیر:

## گلەیی ناکەم لەبەختی خۆم، نسیب وا تەفرەقەی کردم

## لەخاکی نیشتمانا زۆر ئەترسم ون ببێ ناوم



محەمەد مەردان

مامۆستا( مەلا عەلی سەنجەری)، کەسایەتیەکی فرەڕەهەندی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو گەردون و دەروونناس و شاعیرو مێژووناسێکی بەتوانای بەهرەمەندی دڵسۆز بوو.. هەروەها گەنجینەیەکی پڕ لە زانیاری و شارەزای تەواوی زۆربەی ژیانی شاعیران و گەورە پیاوانی کورد بووە. دەستێکی باڵاشی لەچاککردنەوەی نەخۆشیەکانی (گەڕی، بەڵەکی و تەنانەت لەنەزۆکی)دا هەبووە.


جگە لەنەخۆش و ئەو کەسانەی، کەبۆ پرس و ڕاوێـژو ڕاوەرگـرتـن دەهـاتن بۆ لای، ماڵەکەشی هەمیشە شوێنی کۆڕو کۆبوونەوەی نووسەران و ئەدیبان و شیعر خوێندنەوەی زۆربەی شاعیران بووە.

**مامۆستا سەنجەری**

کەسێکی دەنگخۆشی کۆمەڵایەتی قسە خۆشبووە مامۆستا مەلا نوری تێکەڵاوی زۆری لەگەڵ مامۆستا سەنجەریدا هەبووە، ئەڵێت:

(مامۆستا مەلا عەلی، دەنگی زۆر خۆشبوو، لەکاتی گۆرانی وتندا بەسینی، یان دەفژەنین بەزمەساتی دانیشتنەکانی خۆشکردووە. هەروەها وتی: لەسەردەمی هەرزەکاری و گەنجێتیدا خواردویەتەوە. ڕۆژێ بەمامۆستا ڕەووف بێگەرد ئەڵێ: بچۆ بۆ لای جەرجیس شتێکت ئەداتێ بیخەرە گیرفانتەوە، با نەنە(ئامە) نەزانێ.

ئەویش ئەچێ بۆی ئەهێنێتەوە. نەنکی نوێژی ئەکرد، یایە دەستی مامۆستا.



مامۆستا سەنجەری

فرسەت ئەهێنێ و عارەقەکە ئەخواتەوە. کاتێ دایە ئامە ئاوڕ ئەداتەوە، ئەڵێ: مەلا گوێم لەقولپەقولپ بوو، ئەڵێ: ئەوە حەمە ڕەوف ئەزانێ ئاو بوو، نابێ ئاویش بخۆمەوە).

## شارەزایی لەبواری پزیشکی میللیدا

بێگومان (٦٠_ ٧٠) ساڵ پێش ئێستا کاری پزیشکی لەکوردستاندا زیاتر حەکیمسازان ڕۆڵیان لەچارەسەرکردنی نەخۆشی و تیمارکردنی برینەکانی هەبووە. ئەویش دوای ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زۆر، کەڵکیان لەگەڵاو بەری درەخت و گژوگیاو گوڵەکان بینیووە.

ئەویش هەتاکو ئەم ساڵانەی دوایی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەتایبەتی هەندێ لە ژنان بۆ چارەسەری نەخۆشیە جۆربەجۆرەکان هانا بۆ چاک و پیرو گڵکۆی پیاوچاکان دەبەن.. دوای پاڕانەوە، خۆڵ و گەڵاو لقی داری سەر قەبرەکانیان دەبەنەوە بۆ نەخۆشەکان.

مامۆستا سەنجەریش لەسەروبەندی ئەو ڕۆژگارانەدا ژیاوە.

دوای ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی زۆر، شارەزایی لەچاککردنەوەی نەخۆشیەکانی (پێست و گەڕی و بەڵەکی)و وەکو مەلا نوری ئەڵێ: (نەزۆکی)شدا هەبووەو داودەرمانی میللی بەکارهێناوە. بێگومان ئەو داو دەرمانە سروشتیانەش لەخۆیەوە پەیدا نەبوون، بەڵکو لەئاکامی تاقیکردنەوەی بەڵگەی زیندووووەوە هاتۆتە کایەوە.

حاجی مەلا نوری ئەڵێت: (مامۆستا سەنجەری ئینگلیزی باش زانیوە چونکە لە دەرمانخانەکان کاری کردوە، کەڵکی لەو کارکردنە وەرگرتوە بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ دەرمانە میللییەکان).

مامۆستا ڕەووف بێگەرد ئەڵێت: (سەنجەری لەدوای کارکردنی لەدەرمانخانەدا شارەزایی لەدەرمانی نوێ و جۆرەکانی نەخۆشی و چارەکردنیاندا پەیدا کردووە، بەتایبەی لەنەخۆشی پێست دا، کەلە زۆر لاوە ئەهاتنە لای و بەئاسانی چارەی ئەکردن، تا کۆتایی تەمەنیشی هەر بەوە ژیا)(١).

حاجی مەلا نوری ئەڵێت: (( لەسەر داوای (شێخ عەبدولکەریم)ی کرپچنە ئەچێت بۆ ئەوێ، بۆ ماوەی چەند ساڵ لەوێ ئەمێنێتەوەو کاری پزیشکی ئەکات. دوای بەیەکجاری ئەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لەنزیکی مزگەوتی شێخ حسێنی قازی خانویەک بەکرێ ئەگرێت و کاری حەکیمسازی ئەکات. لەم کارەدا (ئامین)ە خانی هاوسەریشی هاوکاری ئەکات.

هەر لەو سەردەمەدا کوڕێک بەناوی (جەلال)ەوە، توشی نەخۆشی گەڕی ئەبێت، بۆ زۆر شوێنی ئەبەن چاک نابێت. لەشارۆچکەی پێنجوێنەوە ئەیهێنن بۆ لای مامۆستا سەنجەری. دوای ماوەیەکی زۆر چاکی ئەکاتەوەو بەیەکجاری وەکو کوڕی خۆی لای مامۆستا ئەمێنێتەوەو ژنیشی بۆ ئەهێنێ. لەڕۆژی

١٩٨٦/٣/٩ دا کۆچی دوایی ئەکات)).

**مامۆستا سەنجەری ورۆڵی لەکوردایەتیدا**

مامۆستا سەنجەری لەتەمەنی گەنجێتیەوە وابەستەی سیاسەت بووە، بەپێی قسەی حاجی مەلا نوری، بووە بەئەندامی کۆمەڵەی هیواو ژیانەوەی کورد. لەتەمەنی (٢٩)ساڵیشدا بەشداری کۆماری کوردستانی لەشاری مەهاباد دا کردووە. وەکو مامۆستا ڕەووف ئاماژەی پێکردووە لەمەهاباد بووە بەهاوڕێی مامۆستا هەژار موکریانی.(٢). دوای کۆتایهێنان بەکۆماری کوردستان. مامۆستا لەرۆژهەلات نەیتوانیووە بمێنێتەوەو بەیەکجاری گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی.

**ڕۆڵی مامۆستا سەنجەری لەنووسیندا**

حوجرەو مزگەوتەکان پەیمانگەیەکی باشبوون بۆ خوڵقاندنی شاعیرو بەهێزکردنی بیری کوردایەتی، کەسانی وەکو (خانی و حاجی قادرو پیرەمێردو مەلای گەورە)ش، دەرچووی ئەو پەیمانگەیەبوون، کەئێستا بوون بەقوتابخەیەکی بەهێزی کوردایەتی. مامۆستا سەنجەریش، لەو ڕۆنگەیەوە شیعری ناسی و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەب و کوردایەتیدا پەیداکردووە. پاشان تێکەلاوی لەگەل بەڕێزان: (ڕەفیق حیلمی، نەجمەدین مەلا، شێخ محەمەدی خاڵ، شێخ سەلامی شاعیر، گیوی موکریانی، قانع، موفتی پێنجوێنی، مەلا محەمەدی کوردی، کەریم زەند، مەلا تۆفیق بێچاو و مەلا نوری عەزەی ماستاو) دا هەبووەو بەردەوام سەردانی یەکتریان کردووە. هەروەها بەپێی ئەو هۆنراوەیەی، کە (مەلا تۆفیق بێچاو)ی شاعیر بۆ کۆچی دوایی مامۆستا سەنجەری نووسیووەو لەبەشێکیدا ئەڵێت:

**هونەرمەندوقسەزان**

**بلیمەتی چوار زمان**

**مێژوونووسی بێ هاوتا**

**ئەمین زەکی بەواتا**

بەپێی واتاو مانای هۆنراوەکە، مامۆستا سەنجەری خاوەن کەسایەتیەکی بەهێزی قسەزان و جێگەی بڕواو متمانەی خەڵکی بووە. جگە لە زمانی دایک (فارسی، توورکی، عەرەبی و ئینگلیزی) زۆر بەباشی زانیووەو شارەزاییەکی زۆر باشیشی لەمێژووی کوردستان و کورددا هەبووە، بەشێوەیەکی وا (مەلا تۆفیق) خستویەتیە ڕیزبەندی مێژوونووسی بەناوبانگ مامۆستا (ئەمین زەکی)یەوە.

مامۆستا ڕەووف بێگەردیش ئەڵێت: (سەنجەری گەشتیارێکی ڕووناکبیر بووەو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران و عێراق گەڕاوە، شارەزای مێژوو جوگرافیاو شوێنەوارە کۆنەکان بووە، ناوی خێڵ و تیرەو بەرە بابەکانی زانیوون)(٣).

حاجی مەلا نوریش ئەڵێ: (مامۆستا سەنجەری، جگە لەوەی شاعیرێکی بەهرەمەندە، لەگەڵ ئەوەشدا مێژوونووسێکی پایەدارو شارەزایە).

مامۆستا سەنجەری شارەزاییەکی تەواوی لەئایینزا کوردییەکاندا هەبووە، بەتایبەتی ئولی زەردەشتیەکان. لەدوتوێی هۆنراوەیەکیدا کەبۆ خۆشەویستەکەی نووسیووەو سوێند بەناوی ئەشوزەردەشت و کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا دەخوات و دەڵێت:



مامۆستا سەنجەری - نەنە ئامە - مامۆستا رەئوف بێگەرد

**وا بەزەردەشت و ئەڤێستای خاکی کوردستان هەموو**
**سوێن ئەخۆم فەرمانبەری تۆم مەیکە زوڵمی نارەوا**

مامۆستا سەنجەری باپیری مامۆستا ڕەووف بێگەردی چیرۆکنووسە. سەبارەت بەڕێبازی شیعر نووسینی باپیری ئەڵێت: ( لەشیعری کوردیدا پەیڕەوی شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردی کردووە، بابەتی شیعرەکانی بریتین لەخۆشەویستی، نیشتمانی، کۆمەڵایەتی و تاکە تاکیش شیعری داشۆرینی هەبووە. داستانێکی شیعری بەناوی (بێستانی خەیاڵ)ەوە هەیە، کە(١١٥٤) دێڕە شیعرە دڵدارییەکی ڕۆمانسیانەی لەبابەتی شیرین و فەرهادو مەم و زین، هەر لەقاڵبی شیعری کلاسیکیدا نووسیویەتی و تا ئێستا، کەنزیکەی (٣٠)(٤) سی ساڵ زیاترە هەر بەدەست نووسی ماوەتەوە)(٥).

هەر سەبارەت بەدەستنووسەکانی مامۆستا سەنجەری، مامۆستا مەلا نوریش ئەڵێت: (کتێب و دەستنووسیی زۆر هەبوو.. دیوانێکی شیعری بەناوی (بەڵگەی کوردستان)ەوە، هەبوو، ئامادەی کردبوو بۆ چاپ. (جەمال محەمەد ئەمین) ساڵی ١٩٨٢ ئەم دیوانەی لێوەرگرت، کە بۆی چاپ بکات! بەداخەوە دوای (١٤)ساڵ مانەوە لای جەمال، لە ڕۆژی ١٩٩٦/٨/٨ بەکارەساتێکی دڵتەزێنی سوتاندن کۆچی دوایکرد، دیوانەکەش لای ماڵی مامۆستا جەمال مایەوەو تاوەکو ئێستا بێسەروشوێنە.

بەڵام هەندێ لەهۆنراوەکانی لێرەولەوێ لای خەڵکی هەن، بەتایبەتی حاجی مەلا نوری چەند هۆنراوەیەکی لایە، کەبەدەستی مامۆستا سەنجەری نووسراوەو پێشکەشی مەلا نوری کردووە، وەک:

**دوصدوسی، گیانی شیرین من فەقیرم بێ نەوا**
**دەردی عشقت کاریە بۆم بێنە دەرمانو دەوا**
**پرشنگی ڕوخساری آلت وەک گەلاوێژە لەدوور**
**هیچ درۆی تێدانیە روانیمە خەطی أستوا**




**مەصحەفی کوڵمت بەنەوعێ دەرسی عشقی پێ وتم**
**دی شە بەس بۆغەم لەدڵما محنەتی تێدا روا**
**جوت شەمامەی باخی سینەو ژێر کراسی کەڕنەکت**
**پێ نیشان دام تارو عود شمشاڵ و ئاهەنگ و نەوا**
**بەژن و باڵات داری سەرووە، گەردنت مینای فرنگ**
**هەر لەخۆت جوانە عزیزم ئێلەک و چەفتەو کەوا**
**من أسیری چاوی کاڵم، کوشتنم جایز نیە**
**بەندە فەرمانم بەئەمرت، ئامری ئامر لیوا**
**گەر شەهیدی تیغی ئەبرۆتم دەسا رەحمت ببێ**
**بەسیە محنەت رەنگی زەردم شاهیدە تۆ بی خوا**
**تیری برژانگت بەجۆرێ دا لە سەربەندی دڵم**
**زەحمەتە روح دەربەرم نەماوە امێدو هیوا**
**وا بەزەردەشتو ئاڤێستا خاکی کوردستان هەمو**
**سوێن ئەخۆم فەرمانبەری تۆم مەیکە زوڵمی نارەوا**
**لێم ئەپرسی سەنجەری هیجرانی من چیت لێ ئەکا**
**لیسی فی قلبی حبیبی غیره حزنک ماسیوا**

هەروەها لەهۆنراوەیەکی تردا، کەلە ساڵی ١٩٦٩دا نووسیویەتی و پێشکەشی بەمەلا نوری کردووە، ئەڵێت:

**هەوری ڕەش، فرمێسکی گەش، بارانی غەم دای ڕشتوە**
**کەی دڵی فەرهاد، وەکو من ژەهری دوری چەشتوە**
**شانسو أقبالم نەماوە، بەختی ڕەش لێم ناگەڕێ**
**هەر وەکو أصحاب کەهف بێ هۆشە بێ غەم نوستوە**

**زیز بووە لێم، نام دوێنێ هاتوچۆ ناکا ئەڵێ:**
**تۆوی وەفا هەرگیز لەناو پەردەی دڵانە نەتچاندوە**
**صورتت مانگی چواردە، چاوت ئەستێرەی بەیان**
**لێوی ئاڵت هەر ئەڵێی غونچە گوڵە پشکوتوە**
**چاڵی تینی غەب غەبد چاهی زەنخدانت ئەگەر**
**خضری زیندو سەیری کا صەد هەزار ساڵ مردوە**
**تەختی سینەی مەرمەڕت دوو میمو کافێکی لەسەر**
**پەنجەکانم هەڵوەرێ، بۆچ جارێ من نەم گرتوە**
**قەد بڵندی شۆخو شەنگی ناوقەد باریکو شوش**
**قاسپەقاسپت دێ وەکو کەو خاڵوملت ڕەشتوە**
**کوڵمی سور ژێر هەوری پەرچم لابدەی بیخەیتەڕو**
**شێخ صنعان بی لەبۆت زیناری کوفری بەستوە**
**چاو هەڵێنە چاک تەماشامکە لەحاڵم بفکرە**
**خوێنی دڵمە وەک خەنە تۆ دەستوپێت تێ گرتوە**
**پێم ئەڵێ خۆت شێت مەکە،هەڵبەستەکانم پێ خۆشە**
**شینی دوچاوی کەژاڵی عشق و های ڕێکخستووە**
**چاوەکەم لەو ڕۆژەوە توراوی چاوم لێت نیە**
**سەنجەری کورژراوی تۆیە. ئەیژی ماران گەستوە**



نمونەیەک لە نوسینی مامۆستا سەنجەری

## ژیاننامەی مامۆستا سەنجەری

ناوی (مەلا عەلی مەلا کەریم)ـە، بەمامۆستا (سەنجەری) ناسراوە، ساڵی ١٩١٧ لەدایکبووە، گەرچی قۆناغەکانی حوجرەی تەواو کردووەو بووە بەمەلا، بەڵام وەکو مامۆستا ڕەووف ئاماژەی پێدەکات (مەلایەتی نەکردۆتە پیشەو بەڕەنجی شانی ژیاوە. سەرەتا لەشاری کەرکووک و پاشان بەیەکجاری هاتۆتە شاری سلێمانی، دووکانی شەربەتی داناوەو ئیشی هەویری کردووە).(٦).

دواتر بەهۆی شارەزابوونی لەداو دەرمانی سروشتی و چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی پێست و کارکردنی لەدەرمانخانەدا... بەردەوامماڵەکەی لەبەر نەخۆش بەرنەکەوتووە. دیسان مامۆستا ڕەووف ئەڵێت: تا کۆتایی تەمەنی هەر بەوە ژیا.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵی کاری ئەدەبی و نووسینی هۆنراوەو مێژوو بووە.

لەگۆڤاری (هەتاو)و ڕۆژنامەی (ژین)دا نووسینەکانی بڵاوکردۆتەوە، بۆ وێنە: لەڕۆژنامەی ژینی ژمارە (١٣٩٠)ی ساڵی ١٩٥٨دا، ئەم شیعرەی بڵاوکراوەتەوە.

**وەتەن بەخوا لە دووریت دایما دڵ پڕ لە زووخاوم**
**وەکو و کەشتی لە گێژاوی سکەندەر مات و داماوم**
**گلەی ناکەم لەبەختی خۆم نسیب وا تەفرەقەی کردوم**
**لەخاکی نیشتمانا زۆر ئەترسم وون ببێ ناوم**
**بڵاو و تێکشکاوم دوور لەیارانی وەتەن بەخوا**
**لەجێی فرمێسکە خوێناو جارییە دایم لەدوو چاوم**
**لە باخاتی ئەمیرییە لەسەر تەخت یا لە خوسراوا**
**کەدانیشتن بەدڵشادی تکایە گوم مەکەن ناوم**
**بەیادی ئەی ڕەفیقان گەر بنۆشن بادە پەی دەرپەی**
**لەناو زنجیری غوربەتدا بەشەوقم گەرچی تەنراوم**
**ئەگەر تاجی سکەندەر مولکی جەم یا تەختی کەیخەسرەو**

**بدەن پێم نامەیێ کوردم، لەکوردی قەت نەگۆڕاوم تەمەن ئای (سەنجەری)، یاران لەئێوە خوێندن و عیلمە**

**لەبەر بێ عیلمیە ئەمڕۆ لەعالەمدا کەجێ ماوم(٧)**

مامۆستا سەنجەری وەکو لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کرد، هەمیشە کۆڕو دانیشتنەکانی گەرم بووە.

لەڕوانگەی ئەدەبیشەوە بەردەوام لەگەڵ شێخ سەلامی شاعیرو مامۆستا قانع دا مناقشەی شیعروزمانی فارسیان کردووە. بەڵام بەداخەوە لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بەهۆی پەککەوتنی قاچەکانیەوە هەر لەماڵەوە ماوەتەوە. لەم دیدگایەشەوە مامۆستا ڕەووف ئەڵێت: دوای ئەوەی چەند ساڵێک لەجێگەدا کەوت و قاچە سڕو بێ تینەکانی ڕێگەی هەڵسان و هاتنە دەرەوەیان نەدەدا ، بۆ ئەو بارو ژیانەی خۆی ئەم چەند دێڕەی نووسی:

**وەکو ساوا لەباوەشم و لەکۆشم**
**شەرابی کاتی مناڵی ئەنۆشم**
**کە پێ بگرم بە پێوە ڕابوەستم**
**لەکۆڕی عارفان گەوهەر فرۆشم**
**گومانت وا نەبێ دوکتور کەپیرم**
**لەنێو زنجیری غوربەتدا ئەسیرم**
**هەمیشە (سەنجەری) سەنگەر شکێنە**
**لەکەشتی بەحری عیشقا بێ نەزیرم(٨)**

حاجی مەلا نوری ( ١٩٣٠_ ٢٠١٦)، ئەڵێ: ( مامۆستا ڕەووف بێگەردیش ، پێش دوو مانگ لە کۆچکردنی چووە بۆ لای مامۆستا سەنجەری. مامۆستا وتویەتی: ڕەووف ئیتر من ئەمرم، چونکە جاران حەزم لە شیعر خوێندنەوە بوو، ئێستا ناتوانم).

مامۆستا سەنجەری جگەرەی زۆر ئەکێشا، تەنانەت کە زمانی شکاوە، مەلا نوری ئەڵێ: بەئیشارەت داوای جگەرەی کردووە.

لەشەوی (٢٦_٢٧/ ٥/ ١٩٨٧)، لەتەمەنی (٧٠)ساڵیدا کۆچی ماڵئاوایی دەکات و لەگۆڕستانی شێخ فەتاح بەخاک سپێرراوە.

مامۆستا مەلا تۆفیق بێچاو (١٩٣٠_ ٢٠٠١) بۆ کۆچی مامۆستا سەنجەری ئەم شیعرەی بۆ نوسیووە.

**ئەی مامۆستا سەنجەری**
**لەناوماندا گەوهەری**
**بەڵێ ئێستا بێ گیانی**
**سەر باشقەی ئەدیبانی**
**تەرمی تۆ لەشوشەبەن**
**بەدەرمانی تازە فەن**
**تاکو دێرین هەڵگرێ**
**ڕێزی زیاتر ئەگیرێ**
**ابن سیناو ئەرستۆ**
**ناگەن بەتۆ بەبێ سۆ**
**هونەرمەندو قسەزان**
**بلیمەتی چوار زمان**
**مێژوونووسی بێ هاوتا**
**امین زەکی بەواتا**
**باوکی هەژارو لێ قەوماو**
**لەگیانت بێ سەد سڵاو**

سەرچاوەو پەراوێز

١.ڕەووف بێگەرد، کۆچی دوایی شاعیر مەلا عەلی سەنجەری، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٦٣)، لاپەرە(٥٠)، ئازارو نیسانی ١٩٨٨.

٢. ڕەووف بێگەرد، چیرۆکنووس، بۆ ڕەخنەی چاودێر، ژمارە (١٤٢) ، لاپەرە (٤) دووشەممە ٢٠٠٨/١١/١٧، سازدانی ئیدریس عەلی.

٣. هەمان سەرچاوەی گۆڤاری کاروان، ژمارە (٦٣).

٤. مەبەستی مامۆستا ڕەووف بێگەرد ساڵی (١٩٨٨)ە ئێستا دەکاتە (٦٦) ساڵ بەداخەوە سۆراخی ئەو نووسینە دیار نیە.

٥. هەمان سەرچاوەی پەراوێزی یەک.

٦. هەمان سەرچاوە.

٧. هەمان سەرچاوە.

٨. هەمان سەرچاوە.

# ئەسیری و ئەلزاس و کەرکوك



لەتیف فاتیح فەرەج

**سەرەتا:**

ئەسیری شاعیر کەمتر لە خەمی کێش و سەرواى شیعرو هونەری شیعری و زیاتر لە خەمی نیشتمان و نەتەوەدا بووە، بۆ ئەو بە تایبەت پاش ئەوەی دەچێتە ئەستەنبوڵ و دەگەڕێتەوە ئامانجێکی گەورە تر لە ئامانجی جوانی و رێکی شیعر هەبووە، بۆیە ئیدی ئەو لە ڕێی شیعرەوە دەستی داوەتە هۆشیار کردنەوەی گەلەکەی و بەشێکی شیعرەکانیشی هەر لەو پێناوەدابووە، سەبارەت شیعرەکانی ئەسیری جەمال بابان دەنووسێت « چۆن پیاو کڕنۆشی رێزو بەرز پیا ڕوانین بۆ ئەسیری و زێوەرو پیرە مێردو حاجی قادرو ئەحمەد موختارو فایەق بێکەس و...نابات کە بە هەڵبەستە نیشتمانیەکانیان گڕ لە دڵی مرۆڤ بەرئەدەن و رێگای حەق و راستی پیشانی رۆڵەکانی میللەت دەدەن، لە راستیدا لە شیعرەکانی ئەسیریدا لە هەندێکیاندا و نەک لە هەموویاندا چەند لاری و نارێکیەک و لە قافیە دەرچوون و لاوازی هەیە، بەڵام جۆشی نیشتمانی بە سەر هەموویاندا زاڵ دەبێت»[١] هەڵبەت چوونەکەی بۆ ئەستەنبوڵ کاریگەری زۆری لە سەر بیرکردنەوەی ئەسیری هەبووە،خۆیشی لەو نامەیەدا کە بۆ گیوی موکریانی نووسیوە دەڵێت « کە لە ئەستەنبوڵ دەگەڕێتەوە بە یەکجاری بیری دەگۆڕێت و گەل و نیشتمانەکەی خۆی لەوێ دێتەوە یاد»[٢] لە ساڵی ١٩٢٠ کە دەچێتە ئەستەنبوڵ « چاوی بە نەجمەدین ئەفەندی برا بچوکی و شێخ عەبدولقادری شەمزینی کەوتووە کە خەریکی خەباتی کوردایەتی بوون، دواتر لە ساڵی ١٩٢١کە گەڕاوەتەوە کەرکوک دەستی بە کوردایەتی کردووە»[٣] مامە قالەی خوشکە زای کە لە شیعرێکا ئەسیری وەسیەتی بۆ دەکات،



**شاعیر ئەسیری**

من بۆ خۆیشم یەک دوو جارانم بینیووە و پێکەوە قسەو باسمان کردوەلە چەند دیڕێکدا لە بارەی ئەسیریەوە دەڵێت « ئەسیری لە ساڵانی ١٩٣٠تا ١٩٤٠لە کەرکوک هەمیشە بەرد باران دەکراو،نیشانەی توانج و پلارو جنێووهەزاران کارەساتی سوک بوو،چەند جارێکیش لێیانداوەو هەڕەشەی ئەوەیان لێکردووە،کە بە کوردی هەڵبەست دانەنێ»[٤] ئەم قسانەی مامە قالەش دوای ئەوە دێن کە لە ئەستەنبوڵ گەڕاوەتەوەو دەستی کردووە بە کوردایەتی.

من پێشتر یەک دوو جار لە سەر ئەسیری وتارم نووسیوەو هەروەها لە بارەی شیعری ئەسیریەوە کۆڕی تایبەتمان کردووە، بە گوێرەی توانا هەوڵمداوە ئەسیری دوای هاتنەوەی لە ئەستەنبوڵ باشتر بناسم، لەم وتارەدا دەمەوێ لە سەر شیعری کەرکوکەکەی قسە بکەم و ئەو بەراوردەش شیبکەمەوە کە ئەسیری لە نێوان کەرکوک و ئەلزاس و کفری و لۆرەنا کردوویەتی، ئەوەمان بیر نەچێت دوای هاتنەوەی ئەسیری لە ئەستەنبوڵ خۆی دەڵێت کە هەموو شیعرە دڵداریەکانی لە ناو داوە، هەروەها لە شیعرەکانی دواتریدا هەمیشە پێشکەوتنی گەلانی تری نیشانی گەلەکەی خۆی داوە، بە گوێرەی ئەوەی ناوی زۆر وڵات و

شوێنیشی هێناوە کەسێکی بە ئاگاو ورد بووە، ئەوەتا لە شیعرەکانیا ناوی دەیان وڵات و شوێن دێنێت وەک « ئەروپا، ئاسیا، ئەفریقیا، وڵاتانی هەنگاریا، بولگاریا، ژاپۆن،ئیسپانیا، روسیا، هندستان،ئەڵمانیا، تورکیا، هەروەها شوێنانی وەک ئەندەلوس، غەرناتە، ئیشبیلیا، ئەلزاس، لۆرێن،لەندەن، پاریس، مۆسکۆ،بابل و ئیلام و کۆلۆمبۆو شوێنگەلی دیکەو ناوگەلی تری وەک هیمالایە، فارس،بەلوژ، ئەرمەن، ئەفغان، ئاسور، سۆمەر، ئیلام و هتد»٥

کەرکوک و کفری و ئەلزاس و لۆرەن:

دەقی شیعرەکەی ئەسیری

**قەڵاتی کەرکوک لە جێی جەرمەنە**
**نیشتەنی کۆنی خێڵی کرمەنە**
**لە پشت و نەوەی کوردی گەورەنە**
**زوانی ئێستەی فەیلی و لوڕەنە**
**کەرکوک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە**
**دڵسووتاویانە هەرچی کورد هەنە**

– – – –

**نەمردی ئەوەڵ بیانی کردووە**
**بەر لە بابل تیا حوکمی کردووە**
**لە پێش نوح بۆ گەل دەستوری کردووە**
**زانای ستارەی کەشف کردووە**
**کەرکوک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە**
**دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە**

– – – –

**دوو ساڵ کەیکاوس لە ناوی دانیشت**
**ناو شاری رێکخست بە کونج و بەخشت**
**دەوری ئاوا کرد بە باخ و بەکشت**
**ناوی نا کەی کورد ئینجا لێی رۆیشت**
**کەرکوک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە**
**دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە**

– – – –

**سەر لە نوێ تازەی کرد دارای گەورە**
**شورەی لێکێشا دەورە بە دەورە**
**کوردی ئەستەخری هێنایە ئەورە**
**ئاتەشگەدەکەی ئێستاش وەک گەورە**
**کەرکوک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە**
**دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە**

– – –

**دوای جەنگیز گرتی باوە ئەردەڵان**
**حوکمداری خۆی تیایا دامەزران**
**بە ناو خۆی سکەی لێداو لێچووان**
**لە خوتبەی جومعە ناوی خوێنران**
**کەرکوک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە**
**دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە**

– – – –

**لێ وەرگیراوی ئەم تەئریخانە**
**تەبەری و ئاساری هۆرێتیانە**
**ساڵنامەی سێ سەدەو دەیی تورکانە**
**کتێبی دکتۆر فریجی ئەڵمانە ***
**کەرکوک ئەلزاسە کفری لۆرەنە**
**دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە**

– – – –

**لە سەر زوانا هەڵبەستی سوکە**
**رۆژهەڵاتیی لاوی کەرکوکە**
**بۆ لە چاپدانی ئەسیری زوکە**
**ئەمە زەبوری گەورەو بچوکە**
**کەرکوک ئەلزاسە،کفری لۆرەنە**
**دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە**[6]

*لەوێدا کە دەڵێ کتێبی دکتۆر فریجی ئەڵمانە، شتێکی بیرخستمەوە جارێکیان سەردانی ماڵ و شوێنگەکەی ئەسیریم کرد لە کەرکوک لەوێ یەک دوو کتێبەشڕ لە نێو خۆڵ و خاشاکا لە یەکێ لە تاقەکان کەوتبوون، کتێبێکیان ئەڵمانی بوو، رەنگە ئەسیری سەرسامی ئەڵمانیا بووبێ،

دەشێ ئەو کتێبە هەر ئەو کتێبە بێت کە باسی دەکات، بڕواناکەم ئەڵمانی زان بووبێ، ڕەنگە بۆیان کردبێ بە کوردی، بە داخەوە مێژووی نووسینی ئەم شیعرە نەنوسراوە، ئەگەر نووسرابا زۆر بایەخی دەبوو.

ئەسیری ئەلزاس و لۆرێنی وەک بیانوی کورد بۆ دەستهەڵنەگرتن لە کەرکوک و کفری نیشانداوە، بەڵام بە گشتی شیعرەکە پیاهەڵدانی کەرکوکەو مێژوی کەرکوک و ناوچەکەی دەگێڕێتەوە.

ئەلزاس و لۆرێن دوو ناوچەی فەڕەنسین، بەڵام فەڕەنسی و ئەڵمانی و نەمسایی و سویسری و قەرەجی تیا دەژین، ساڵی ١٨٧٠ ( ئۆتۆ ڤۆن بسمارک ١٨١٥- ١٨٩٨) داگیری کرد و وتیشی ئەم ناوچەیە بۆ هەمیشە بە ئەڵمانی دەمێنێتەوە، لە کۆتای شەڕی جیهانی یەکەم فەڕەنسا ئەو ناوچانەی خستەوە سەر خۆی، لە ساڵی ١٩٤٠ ئەڵمانیا جارێکی تر ستراسبۆرگ و ناوچەکەی داگیر کردەوە، لە ساڵی ١٩٤٥ فەڕەنسا وەیگرتەوە، هەردوو ناوچەکە بە ئاسن و خەڵوز و خوێ و کشت و کاڵ بە ناوبانگن هەروەها بارەگای پارلەمانی ئەورووپی لەوێیە[٧]، لە ڕاستیدا بە گێڕانەوەی ئەلزاس و لۆرێن بۆ سەر فەڕەنساو شکستی ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا کێشەکە بە تەواوەتی بنەبڕ نەبووە، بەڵام چی تر ئەڵمانیا توانای گرتنی ئەو شوێنانەی نەماوە.

هەردووناوچەکە لە نێوان ئەڵمانیاو فەڕەنسادا وەک دوو ناوچەی جێناکۆک دێنە بەرچاو ئەسیری شاعیر نایەوێ لایەنگری ئەڵمانیا یان فەڕەنسا لە سەر ئەو دوو ناوچەیە بکات، هەرچەند لە دێری یەکەمدا دەڵێت قەڵاتی کەرکوک لە جێی جەرمەنە،بەڵام لایەنگری ناکات، کەچی لە بەراوردەکەیدا بە کەرکوک و کفری، ڕوون و ڕەوان دەڵێت کەرکوک و کفری دوو شاری کوردستانین و هەموو کوردیش دڵسوتاوی ئەو دوو شارەیە، داکۆکی کردنەکەش لەو شیعرەدا، دەقی شیعرەکەش بە زەبوری گەورەو بچوکی کورد دەزانێت.

**خەمی ئەسیری:**

ئەسیری شاعیر لەو بەراوردکاریەدا خەمێکی قوڵی سەبارەت کەرکوک و کفری هەڵگرتووە، خەمی لە دەستچوون و داگیرکاری بۆیە دەیەوێت هەرچی زووە ئەو شیعرە کە لای ئەو زەبوری گەورەو بچوکە چاپبکات،ئەمەش لەو ڕوانگە نەتەوایەتیە پەتیەوە کە نەتەوەی ژێر دەست ناکرێت بە هەمان ناولێنانی نەتەوەی سەردەست ناسیونالیستانەو نەتەوەگەری کوێرانە سەیر بکرێت، ئەسیری شاعیرێکی نەتەوەییە، بڕوای بە ئازادی هەموو گەلان هەیە و لە پێش هەموو ئەوانی ترەوە گەلەکەی خۆیشی چونکە ئەوە گەلەکەی خۆیەتی لە بەردەم سڕینەوەدایە، ئەو کە لەم شیعرەدا پەنا دەباتە بەر دیرۆک و دەیەوێ بیسەلمێنێ کە کەرکوک و کفری « لە پشت و نەوەی کوردی گەورەنە « ئەمە وەڵامە بۆ ئەو نەتەوە سەردەست و کۆلۆنیالیستانەی ئاوا بیر ناکەنەوە،» بیری نەتەوایەتی لای ئەسیری کێشەی سەرەکی ژیان و بوونی مرۆڤایەتی کوردو دۆزی کورد پەروەری و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بوو»[٨] کەواتە بیری نەتەوایەتی لای ئەسیری بیرێکی ناسیونالیستانەی ڕووت نیە بۆ ئەوەی کورد زاڵبکات بە سەر ئەوانی تردا، بیرێکی مرۆییانەیەو خواستێکی دادگەریانەی هەیە بەو مانایەی پێویستە هەموو نەتەوەکان هاوئاست و مافدار بن.

ئەسیری خەمەکەی خەمی یەکسانی و دادگەریە، ئەم شیعرەش لەو چوارچێوەیەدایە ئەو کە

عەوالنامەی کتێب

دەبینێ هەمووان سەریان ژەنیوەتە لاشەی کورد ناچارە هەندێک جار تورە تر دەربکەوێت بۆیە لە شوێنێکا دەڵێت:

**گورگە بۆزو گورگە شین و گورگە رەش چوونە مەڵاس**
**مێگەلی کوردی لە شیوو هەردەیە شوانی نیە[9]**

ئەو خەمەی ئەسیری ئاوێتەیە بە تورە بوونێکی ئاکاریانە کە ئەم تورە بوونە لە هەندێک شیعری ئەسیریدا بە ئاشکرا دیارە بۆ نمونە شیعری « کفنت لەبەر کە چاترە « تورەیی ئەسیری «بۆ راپەرین و هاندان و شۆرشە»[10]

ئەسیری شاعیر لەم شیعرەدا بە ناوی هەموو کوردەوە خەمی کەرکوک بەو جۆرە دەردەبرێت کە « دڵسوتاویانە هەرچی کورد هەنە» واتە بە گشتی هەموو کورد لە خەمی ئەو شارەدان و خاوەندرایتی لیدەکەن.

خەمی ئەسیری بۆ میللەتەکەی بووە ئەوەتا لە وەسیەت بۆ قالەدا دەڵێت:

**بە فەرە ئەو کەسەی وا سەنگەری تیرو غەم و دەردە**
**لە رێگەی میللەتی کوژرا لە ژێر خاکا کفن ئاڵە**
**عەزیزە ئەو کەسەی کۆشش بکا بۆ هاوزبانی خۆی**
**ئەگەر چی ژینی تاڵە، عاجزە بەد بەختە کەمحاڵە[11]**

## ئەنجام و هەندێ سەرنج:

یەکەم: ئەسیری شاعیر لەم شیعرەدا وێرای پێداگری لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوک و کفری دەیەوێت بەوانی تر بڵێت ئێمە کێشەیەکمان هەیەو پێویستە چارەسەر بکرێت، وەک چۆن لە نێوان ئەڵمانیاو فەرەنساشا کێشەی کفری و لۆرێن هەیە.

دووەم: تەواوی شیعرەکەی ئەسیری باسی دیرۆک و دروستبوونی ئەم ناوچەیەو بە تایبەت کەرکوکەو باسی ئەو سەردارو جوامێرانە دەکات کە دەسەڵاتداری ئەم شارەو دەورو بەری بوونە.

سێیەم: لە شیعرەکەدا ئەسیری بە یەک وشەش تانە لە کەس نادات و تەنها راستی باس دەکات، راستی کوردستانی بوونی ئەم ناوچەیە.

چوارەم:مادام ئەسیری ئەلزاس و لۆرێنی بە کفری و کەرکوک بەراورد کردووە، کەواتە ئاراستەی پەیامەکە بۆ کۆمەڵەی گەلانی ئەوساو وڵاتانی زلهێزە کە ئێمەش کێشەیەکمان هەیەو رۆڵی ئێوە لە کێشەکەدا بوونی هەیە لە رابردودا بۆ شێوانی، ئێستا پێویستە بێن چارەسەری بکەن.

پێنجەم: نەلەم شیعرەداو نەلە هیچ شیعرێکی تردا ئەسیری باسی هیچ نەتەوەو باوەرێکی بە خراپە نەکردووەو تەنها ئەوەی بیر هێناوەتەوە کە کوردیش «ئەولادی ئادەمن بەشەرن « کەچی وەک قالەی خوشکە زای دەیگێرێتەوە روبەرووی تانەو تەشەرو بەردە باران بووەتەوەو جارێکیش زۆر خراپ سەری شکاوە.

سەرچاوەو پەراوێز:
١. لەتیف فاتیح فەرەج, مێخەک بەندی نوسین لێکۆڵینەوە، ٢٠١٥ لا٢٦٠.
٢. د. کوردستان موکریانی، پێشەکی دیوانی ئەسیری دەزگای ئاراس، ٢٠٠٦ لا١٩.
٣.ماڵپەری کورد و کوردستانی ناوی نوسەری بەسەرەوە نیە.
٤. دیوانی ئەسیری، سەرچاوەی دووەم لا٢٩.
٥. دیوانی ئەسیری بەگشتی، سەرچاوەی دووەم.
٦. دیوانی ئەسیری شیعری کەرکوک ئەلزاسە، سەرچاوەی پێشتر لا٢١٧.
٧. زانیاری ئینتەرنێت و ماڵپەرەکان.
٨. د.ئازاد عەبدولواحید کەریم، رەنگاڵەکانی دەق، پرۆژەیەکی راڤەکاری چەند دەقێکی ئەدەبیە،٢٠١١ لا٨٨
٩. دیوانی ئەسیری لا٢٣١.
١٠ . لەتیف فاتیح فەرەج، مێخەک بەندی نوسین لا٢٧٦.
١١. دیوانی ئەسیری لا٢٠٤.

# وەفایەک بۆ شەهیدانی کوردستان



عەتا مەحمود

دیاردەیی دانانی وێنەی شەهیدەکان لە بازگەکاندا، بە تایبەت لە دوای شەڕی داعشەوە سەریهەڵداوە. وێنەکان لەسەر فلێکس چاپکراون و هەر یەکەیان بە قەبارەیەکی جیاواز و ناقۆڵا لەسەر چوارچێوەی ئاسنی ژەنگاوی بە ناشیرینی دانراون. ئەو فلێکسانە توانای مانەوەیان نییە، تیشکی خۆر وێنەکانی کاڵکردۆتەوە، ڕەشەبا بەشێکیانی دڕاندوە، خۆڵ و تەپ و تۆزی دنیایان لێنیشتووە!

ئەم دیاردەیە، هێندەی بێڕێزییە بە شەهیدەکان، هێندە ڕێزگرتن نییە لە خەبات و قوربانیدانیان، ئەوان گیانی خۆیان پێشکەش بەم وڵات و نەتەوەیە کرد و بە خوێن بەرگرییان لە ئازادی کرد، دەکرێ وەفای ئێمە بۆ شەهیدان ئەوەبێ، کە وێنەکانیان بەم شێوەیە نمایش بکەین؟! جگە لەوەی هەر کەسێکی گەشتیار یاخود شاندێکی بیانی کە سەردانی شارەکان دەکات و لە بازگە و دەروازەی شارەکاندا چاوی بەم فلێکسانە دەکەوێت کە هەر یەکە و بە جۆرە چەکێکەوە وێنەی دانراوە، جل و بەرگی جیاوازیی کوردی و سەربازییان لەبەردایە، دەبێت چ تێڕوانینێکی لەسەر کورد و کێشە ڕەواکەی بۆ درووست ببێت؟! ڕەنگە وابزانێ دەچێت بۆ شارێک کە دیاردەی چەکداری تێدا زاڵە! ئەم دیاردەیە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا ئاسایی بوو، بەڵام بۆ ئێستا و لە دوای زیاتر لە (٣٠) ساڵ حوکمڕانی خۆماڵی دیاردەیەکی نامۆ و ناشارستانییە.

باشترین کارێک یاخود وەفایەک بۆ شەهیدان، ئەوەیە ئەم فلێکسانە لاببرێن. لە شارەکاندا یاخود لانی کەم لە سەر ئاستی کوردستان مۆنۆمێنتێکی گەورە، بەشێوازێکی هونەری هاوچەرخ، بە پرس و ڕا بە کەسانی شارەزا

هەواڵنامەی کتێب



**یەکێک لە شەقامە گشتیەکانی هەرێمی کوردستان**

و هونەرمەند درووستبکرێت، کە ببێتە سومبول و ڕەمزی شەهیدان، جیاواز لە مۆنۆمێنتی کیماباران و ئەنفال، کە لە هەڵەبجە و چەمچەماڵ درووستکراون، ئەم مۆنۆمێنتە تایبەت بێت بە پێشمەرگە، وێنە و ژیننامەی سەرجەم شەهیدەکان بەبێ جیاوازی: لایەنی ڕامیاریی، ئایینی، بیر و ڕا، مێژووی شەهیدبوونیان، بە دیزاینێکی شایستە، لەگەڵ تاجە گوڵینەی ڕێز و وەفادا دابنرێت، یاد و یادەوەرییان لای نەوەکانی داهاتوو و میوانانیش بۆ هەمیشە بەرز ڕابگیرێ و بە شکۆ وە بمێنێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانین سوود لە ئەزموونی ئەو نەتەوانە وەربگرین کە بە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا تێپەڕیوون و لە پێناوی ئازادیدا شۆڕشیان کردووە، یاخود تاوانی جینۆسایدیان بەرامبەرکراوە، چۆن و بە چ شێوازێک ڕێزیان لە مێژوو و قوربانییەکانی نەتەوەکەیان گرتووە، شانازییان پێوەدەکەن.





**وێنە: مۆنۆمێنتێک لە ئەڵمانیا _ کیل**
**بۆ کوژراوەکانی دووەم جەنگی جیهانی، ناوەکان لەسەر پلێتی ئاسن هەڵکۆڵراوە و بەشێوازێکی شایستە دانراوە.**

# پەروین موشیر وەزیری
# دەنگێکی ئاوریشمی و ئەفسوناوی

## بیرەوەرییەکان لە نامەیەکی دانسقەدا



ئا: خۆشنووس ئەحمەد سەعید

هەواڵنامەی کتێب

ئەوانەی تەمەنێکیان هەیە، دەنگێک لە یاد و یادەوەریاندا ئاشنا بوو بە مێشک و ڕۆحیان، کە هەرگیز ناتوانن لەیادیبکەن؛ دەنگێک وەک سروە و شنەی شەماڵ ئارامی پێدەدان و ئاسوودەیدەکردن، هەرچەند ئەوکاتە هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی وەک ئێستا نەبوو ،خێزانەکان ژیانێکی سادە و ساکاریان هەبوو. ئەوانەی کە ڕادیۆیەکیان هەبوو، سەرلەئێواران چاوەڕێ دەبوون تا بەرنامە تایبەتەکانی شیعر و مۆسیقا بە دەنگە سیحراویەکەی خاتوو پەروینی موشیروەزیری دەست پێ بکات، لەگەڵ سەدای ناوازەی شوکروڵلای بابان و سەید تاهیری هاشمی.

پەروین خانم کچی حسێن خانی موشیروەزیرییە، ١٩٤١/١٢/١٨ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری سنە تەواوکردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن، وەک بێژەر و نووسەر و ئامادەکار لە بواری میدیا و ڕادیۆ کاری بەرچاوی کردووە. لە ئێزگەی کرماشان و قەسری شیرین لەگەڵ بەهەشتی سەیید تاهیر هاشمی بەرنامەی هەوارگەی دڵان یان پێشکەش دەکرد. لە چەند بەرنامەیەکیش هاوکاریی شوکروڵلای بابانی کردوو ،
ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ ئەسعەد سیراجەددینی هاوسەرگیریی کردووە.



پەروین موشیر وەزیزی

دوای هاتنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ماوەیەک هاتنە کوردستانی باشوور و دواتر چوونە بریتانیا و لە شاری لەندەن نیشتەجێ بوون. ڕۆژی ٢٠١٠/١٢/١٨ کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنرایەوە و لە خانەقای شێخانی نەقشەبەندی لە بیارە ئەسپاردەی خاک کرا.

ساڵەکانی پێش ڕاپەڕین نامەیەکم بۆ نارد، بۆ هەواڵپرسین و داوای زانیاریم لێ کرد دەربارەی هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا مەزهەری خالقی، لەبەر گرنگی نامەکە و بەها مێژووییەکەی، لێرە دەقی نامەکە بڵاودەکەمەوە.

برای بەڕێزم: نامەکەت کە دەفتەرێکی وشەی هە ڵابژێراوی جوان بو، گەیشتە دەستم، لە ووشەکانتا بێنی هەڵاڵە برم و چنور و شەوبۆی هەورامانم هەست کرد، لەپڕ هەمو شتێکم لەبیرچوو. کەوتمە دەریای بێ بنی خەون و خەیاڵە وە ئەو هەموو کوڵۆڵی و تاڵی و سوێریەم وەها لەبیرچو کە ماوەێک بێ دەنگ و کش و مات لە باغچەی بێن خۆشی نامەکەتدا بەشوێن شیعرە جوانەکانی مەولەوی و گۆران و وەفائیدا ئەگەڕام: بەڵام داخەکەم ماوەکە کورت بو. ڕاچەنیم، کەوتەوە بیرم کە لە ووڵاتی فرمێسک و خوێنەوە هەڵ هاتووم، لێم ببورە ڕنگا ڕەوشتی نامەنوسینیشم لەبیرچوبێ. پەوکای لە سەرەتای نامەکەوە ووشەی سەلامم نەنوسیوە، لێمی مەگرە.


جوانترین سڵاو بۆ تۆی برای خۆشەویست. هیوام سەربەرزیتە لە ژیانی پڕ هەوراز و نشێودا. بەڵێ برای بەڕێز ناوەکەمت بە هەڵە نەنوسیبو، هەر ئەوەم کە ناسیوتە.پاش ئەو تاڵان وبرۆ کوشت و کوشتارەی کە لە مەڵبەندی پڕ لە گوڵ و ڕەیحانەکانی کوردستاندا کرا، منیش هاوڕێ لەگەڵ مێردم ئەسعەدی سراج الدینی ڕێگای چیامان گرتە پێش وە پاش ماوەیێکی دورودرێژ ، چەن مانگێکە لە ئێزگەی ئیشمان دەس پێکردەوە.وە دوا پلەی ئاواتم ئەوەیە بتوانم لە بەرنامەی وێژە و ئەدەبی کوردیدا خزمەتێکی



پەروین موشیر وەزیری

بچوک بکەم. وە دەنگی من چڵە گیایێک بێ کە ئەبەسرێ بـەدەوری چەپکی نێرگێسی بۆن خۆشی ئەدەبی کوردەوە.

برام، وڵاتی مە پڕبوە لە ناخۆشی و کوێرەوەری، تەنانەت دەنگی لاووک و حەیرانمان لێ مەنع کرا. وە لە جێ ی هـەوای دڵ نشینی حەریرە و لەرزانە، دەنگی ڕەوەز خوانی ئاخوندی مل هوڕ ووڵاتەکەی ئێمەی داگیرکرد، وە لە جێی لایەلایەی دڵ نشینی دایکی دڵسۆز، گوللەی ڕەشە وە بۆمبای ناپاڵم ڕژایە سەر کوردەواری.



سـەبارەت بە ژیانی مـەزهـەری خالقی پـرسـیـارت کـردبـو، پـاش مـاوەیـێـکـی دوروودرێـــژ کـە لە بەندیخانەی قەسری قاجـەر کـە هەمیشە خـنـکـاوی کـوردی هەزارە، لە بەندابوو، ئـازادکـرا، وە ئێستە بـێ ئـیـش وکـار لە تـارانـە، وە تەنانەت گۆرانی ووتنیشی لێ مەنع کراوە.

ئـیـنـجـا بـرای خۆشەویست هەرچی بین و هەرچۆن بوبێ، ئێمە لێرە میوانین.

لە کۆتایی نامەکەدا جارێکی تر سپاسی میوانداریت ئەکەم.

بژیت بە شادی

خۆشکت پەروین.

# لێکدانەوەی ڕەوتی نوێی شیعری کوردی

## (شیعری نوێی کوردی و دژەقارەمانەکانی)



د. مەسعود بینەندە - سنە - خۆرهەڵاتی کوردستان

سەردەمی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە ساتی قەیران و بەرزبوونەوەی ئاستی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەکانی مێژوو بوون. هێزە کۆمەڵایەتییە نوێکان ڕوویان لە داهاتوویە و بانگەشەی گۆڕانی بنەڕەتی و پێکهێنانی جیهانێکی تازە دەکەن؛ و لەبەرامبەردا ڕەوتە کۆنەپارێزەکان لەژێر مەترسیی لەکیسچوونی نەزم و ڕیزبەندیی جیهانی هەبووندار و پشتبەندە نەریتییەکانیان خۆیان بە بیرەوەری ڕابردوودا هەڵدەواسن و لە بەرگرییەکی پاشڤەڕۆخوازانەدا(regressive) وێنای جیهانێکی ڕۆمانتیک دەنەخشێنن. ڕەوتی کۆنەپارێز و ڕابردووخواز، ڕۆحی مردووەکان و بیرەوەریی سەردەمی بەسەرچوو بانگهێشت دەکەنەوە بۆوەی بە زیندووکردنەوە و کەڵکگرتن لە قورسایی و هەیمەنەی ئەو فیگۆرە وشکهەڵگەڕاوانە پێش بە گۆڕانکاری و تێکچوونی جیهانی ئەفسووناوی و پیرۆزی ڕابردوو بگرن. لێرەدا و لە ئیحزاری ڕۆحی مردووەکاندا، ڕابردووخوازان تەنیا نین، هەندێ جار پێشکەوتنخوازانیش بۆ ئەوەی بتوانن لە پێکهێنانی جیهانی نوێدا سەرکەوتوو بن، بەناچار لە وزەی هێما و هێزی نیشانەکانی ڕابردوو کەڵک وەردەگرن. قارەمانە ئوستوورەیییەکان، کەسایەتییە پیرۆزەکان و ڕووداوە نەتەوەیییەکان لە لایەن گۆڕانکاریخوازانەوە جلوبەرگی ئێستا لەبەر دەکەن بۆ ئەوەی وەکوو پێشەنگی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتنخواز جووڵاندن و بزواندنێکی سەرەکی لە پانتایی ئێستادا بەدی بێنن. کەوایە ڕابردوو هەمیشە لە یەک ڕوومەتدا دەرناکەوێ و بۆ یەک مەبەستیش

کردار نانوێنێ؛ بەڵکوو جار وایە بارستاییی رابردوو بۆ بەدیهێنانی داهاتوویەکی نوێ و دابڕانێکی ئەوتۆ لە ئێستادا دەکار دەهێنرێت.

لە جیهانی رۆژئاوا شۆڕشی پیشەسازی(industrial revolution) و هەروەها شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە کەلێنێکی مەزنی لەنێوان پێکهاتەی جیهانی کۆن و نوێی هێنایە ئاراوە و لە هەناوی ئەو گۆڕانکاریانەدا ململانێ و رووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوتۆ لەنێوان هێزە سیاسی و کۆمەتییەکاندا هاتە ئاراوە کە هەمووی ئەو ناکۆکییانە بە شێوەیەک بەرهەم و بەرامەی دیاردەی قەیران بوون. قەیرانێک کە لە داڕووخانی نەزمی کۆن و جێگیرنەبوونی نەزمی تازەدا دەرکەوتبوو، ریزبەندییەکانی لە رووبەڕووبوونەوەی شۆڕش/دژە شۆڕش، جیهانی/نەتەوەیی، ریالیستی/خەیاڵکرد، پاشکەوتوو/یوتووپیایی، دارشتبوو و بەم پێیەش هوشیاری و سووژەی هاوپێوەند و گرێدراوی خۆی پێک هێنابوو. رەوتی ئەدەبیی رۆمانتیسیزم کە لە بەهێزترین بەرهەمەکانی دابڕان و قەیرانی کۆتاکانی سەدەی هەژدە و سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەی ئەورووپا دێتە هەژمار لە سێ شێوازی رۆمانتیسیزمی تاکخوازانە، کۆمەڵایەتی و رەشبینانەدا دەرکەوتووە و خاوەنی هەندێ تایبەتمەندیی گشتییە کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن بکرێن:

-هاودڵی و یەکگرتوویی لەگەڵ سروشت
-گەڕانەوە بۆ قۆناغی رابردوو و سەردەمی پاکی و بێخەوشی منداڵی
-ستایشی گوند و لادێ و ژیانی پاستۆراڵ
-لەپێشێتی و گرنگیدان بە هەست و خەیاڵ لەئاست لۆژیک و ئاوەزدا
-تاسەبێژی و حەسرەتی رابردوو و داخی زەمەنی لەکیسچوو
-عەشق، ناهومێدی، مەرگئەندێشی، ناسیۆناڵیزم و ....

کوردستانی ئێران لەپاش مەشرووتە و دواتر دامەزراندنی ئیتنۆ-دەوڵەتی رەزاخانی، بەرەو رووی رەوتی مودێرنیزاسیۆنی سەرەتایی بوویەوە و پریشکەکانی ئەم گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە شێوەژیانی نەریتی و کۆنباوی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. سەرهەڵدان و رووخانی کۆمار(١٩٤٥-١٩٤٦) و هەروەها سیاسەتی گۆڕانکاریی پاڵەویی دووهەم(١٩٤٢) شۆکێکی مەزنی گەیاندە پێکەری ژیانی عەشیرەیی لە کوردستان و رێگای بۆ چینێکی بەرتەسکی مامناوەند ئاوەڵا کرد کە بە تێپەڕاندنی بازنەکانی ژیانی خێڵەکی و شوانکارەیی روویان لە ناوەندە ئابووری و زانستییەکانی شارەکانی ئێران وەکوو تاران و تەورێز کرد و دەرفەتی ئەزموونگەریی مۆدێرنیتەیان وەدەست کەوت. چاوە شێخولئیسلامی(رێبوار)، عەلی حەسەنیانی(هاوار) و سوارە ئیلخانیزادە(سوارە) لەو لاوە کوردانە بوون کە وەکوو ئیلیتی سەردەم لە بازنەی خوێندنی زانستی نوێ و هەروەتر ئایدۆلۆژیای سیاسیی شۆڕشگێڕانەدا راهاتن و یەکەمین ئەزموونەکانی نوێخوازییان لە ئەدەبی کوردیی رۆژهەڵاتدا بەدی هێنا. ئەم کەسانە بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەدەبیی گەلانی دیکە و رێچکەکانی نوێکاریی ئەدەبی جیهانی، هەوڵی نوێکردنەوەی شیعری کوردی دەخەنە گەڕ و هەنگاوەکانی سەرەتایی لەم ئاڕاستەیەدا هەڵدەهێنن.

سوارە لە شیعری شاردا رەوایەتی سووژەی دابڕاو لە ژیانی عەشیرەتی و خوونەگرتوو بە

تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانی شاری دەگێڕێتەوە و لە سۆنگەیەکی ڕۆمانتیکییەوە هەوڵ بۆ بەرسازدانی هوشیارییەکی تازە لە پانتاییی ئەدەبی کوردی ئەدات. تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەزموونە چەند ڕەهەندی جیاواز دەگێڕێتەوە. یەکەم ئەوەی کە سوارە وەکوو نامۆیەک لە پانتاییی شاری تاراندا خۆی دەبینێتەوە؛ شارێک کە نەتەنیا بەستێنی لەبار نییە بۆ کوڕی عەشیرەت و سەوداسەرێکی هەڵوەدا، بەڵکوو لە زمانی ئەو تێ ناگات و دژ بە خولیا و ئاواتەکانی دەوەستێتەوە. تاران، پاریس نییە کە جیاوازییەکان ڕاکێشێت و دەرفەتەکان بە یەکسانی دابەش بکات، تارانی ئەو سەردەمە تەنیا درگا لە ئەزموونێک دەکاتەوە کە لە ژیانی گوندیی کوردستاندا ئیمکانی بەڕێوەچوونی نەبوو و ئەمەش بۆ خەیاڵی جیاوازخوازی شاعیر خۆی لە خۆیدا دەرفەت دهاتە هەژمار. تاران لە ڕوانگەی سوارەوە سیمایەکی دژوازی تێدا چنراوە، لە لایەکەوە ناوەندی سەرکوتکاری و نەبڕکردنی هیواکانی کوردە کە لە ڕووخاندنی کۆماردا دەوری گێڕاوە؛ لە لایەکی ترەوە بەستێنی ئەو نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەیە کە هوشیاریی چینایەتی دەوروژێنێ و ئاسۆکانی داهاتوویەکی گەش لە ئاسمانی تەماویدا، دەردەکەوێت. ڕۆحی سەربزێوی سوارە لە قەفەسی ئاسنینی تاران هەڵدێت بەڵام تەرمەکەی وەکوو فۆرمێکی زامدار؛ شەقار شەقار و بریندار، لەسەر تەختاییی ساردوسڕی کۆنکرێتی خیاباندا بەجێ دەمێنێت و لە دوا هەناسەکانیدا، پەیڤەکانی یەکەم پرۆژەی ئەدەبیی شیعریی نەوەی نوێ دەپرژێنێت:

شار

(سوارە ئیلخانیزادە، خەوە بەردینە)

شۆڕشی ئێران هەندێ لەو هێزە کۆمەڵایەتی و فیکرییانە ئازاد دەکات کە لەنێوان جیهانی کۆنباوی عەشیرەتی و شێوەژیانی مۆدێرندا پەنگیان خواردبووەوە و ملبەند و ئەستۆگری دۆخی دژواز و هەڵپەسێردراوی مۆدێرنیتەی سیاسی و ئابووریی پڕتاوی پاڵەویی دووهەم کەوتبوون. پاش شۆڕشی ٥٧ ئەو هێزانە بە گوڕوتینێکی تەواو دێنە گۆڕەپان و چەک لەشان و قەڵەم لەدەست دەکەونە بەربەرەکانێی ئەو هێزانەی کە تا ئێستا خۆیان بە کۆیلە و گیرۆدەی دەزانی. ئەحمەد بازگر لە شیعری گۆمەشیندا ڕەوایەتی فاوستی ئەم سووژە نوێیە دەگێڕێتەوە کە لەژێر تیشکی مەشخەڵێکی پرۆمتیوسیدا[٢] و بە ئیرادەیەکی هێرکوولیەوە[٣] بەرەوڕووی سەرکەشی و بێباکیی سرووشت دەبێتەوە و بەڵێنێکی هیومانیستی لە چاوی مێدۆساوە[٤] تۆمار دەکات:

گۆمەشین

(ئەحمەد بازگر، هاوێنی ١٣٦٢ هەتاوی)

سووژەی شیعری شاری سوارە، شۆڕشگێڕێکی بە ڕەچەڵەک گوندییە کە بەرگەی ناکۆکی و دژوازییەکانی خیابان و ئاپارتمان و کۆنکرێتی مرۆڤبردەی ئەوانە ناگرێت و هەوڵ ئەدات نامورادی و نامۆیییەکانی شار نە لە ڕێگای ئەزموونی شار و لە قووڵاییی ناکۆکییەکانیدا بەڵکوو لە دەسبەسەرداگرتنی شار لەڕێگای گوندەوە چارەسەر بکات. سووژەی خەونباز و هەروەها ئەوینداری سوارە لە سووژەی پەرەپێدەری ئەحمەد بازگردا درێژ دەبێتەوە تاوەکوو ڕۆمانتیسیزمی تاکەکەسی و سروشتخوازانە، لەگەڵ ڕۆمانتیسیزمی کۆمەڵایەتی و مێژووییی شیعری نوێی کوردی هەنگاوێ بەرەو پێش بهاوێن. شۆڕش سەر دەکەوێ و خەونی ڕۆمانتیکیی خەونبازان دێتە دی، بەڵام خەیاڵی پاستۆڕاڵی شۆڕشگێڕان کە

لایەنی بزۆز و دەسپێرانەگەیشتووی مۆدێرنیتەیان ڕەچاو نەکردبوو، شۆکێکی دڵکوت و هەژێنەری وەبەر دەکەوێ. ئەو واقیعەی کە ڕەنگە شەپۆلە سەرکەشەکانی گۆمەشین وەکوو ئەسپێکی دەستەمۆ ڕاگیر کرابێت بەڵام چیدی ئەم ئەسپە لە ئەسپێتی کەوتووە و ئەم جارەیان ڕاگیربوون و زێدەبوونی زەربەتی پێڵاوەکانی لەسەر وزەی مرۆڤ، عەقڵێکی کەرەسەمەند(instrumental)ی پێک هێناوە کە ئامادەیە تەنانەت دەوری خاوەنەکەشی بتەنێتەوە و ئاسۆی چاوی لە بیابانی بێ ڕێگا و بێ ئاسۆدا هەڵە بکات. بیرۆکراسییەکی مەزنتر و چاوەدێرییەکی بەربڵاوتر و تەنگەتاوکردنێکی هەمەلایەنەتر؛ هەمووی ئەمانە هاوزێدی ئەو خەونە پیرۆزانە بوون کە پیرۆزیبردەیی(profanation) خۆیان بە خەیاڵدا نەدەهات و ئاشیان لە بەرزەخییەکی نادیاردا دەگەڕا. ئەم شۆکە ئاڕاستەی خەیاڵی خەونبازانەی بەرەو قووڵاییەکانی هەناوی خۆی و هەبوون و نەبوونی جیهان ڕۆبرد و مرۆڤێکی ڕەشبین و خواروخێچنوێنی بەرهەم هێنا. قەدەر وابوو کە چارەنووسی فاوستی پەرەپێدەر لە مرۆڤی تراژیکدا تووشی دەروونبینیی ئەگزیستانسیالیستی بێت و چارەنووسی دۆزەخیی خۆی ڕەوایەت بکات.

بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی جەلال مەلەکشا، سیزیێفئاسا بەرەو ڕووی دۆخێکی بێواتا، چەن پاتە، بێمەبەست و دۆزەخی دەبێتەوە و بە هێوایەک کە ئاکامی بێهیواییە گاشەبەردەکەی لە کۆڵ دەنێت.

– ئەم سەردەمە/ چەرخی دەردە/ سەردەمی تەنیاییی ئینسانە/ تۆ نازانی/ لەکام لاوە/ لە دۆزەخی تەنیاییدا/ لاشەت دابێژ دابێژ دەکەن.

– ژیان، خاچێکی گرانە/ من وەک عیسا،/ بەرەو گردی یاخیبوون، کێشی دەکەم/ یان، گاشەبەردی تاوانە/ من وەک سیزیف/ لە بناری منداڵییەوە/ هەتا لووتکەی مەرگی دەبەم!/ هەرچەندە بارم زۆر گرانە و/ هەزار ساڵە / ئەم هەورازە تووشە دەبڕم/ بەڵام شادم/ کە سەرئەنجام/ لە جولجوتای عێشقا دەمرم!

– دەستم لێ هەڵبگرە/ من خەڵکی دنیا نیم.

– لەناو گڕ و کڵپەی پڕ لە ئازاری ئەم دۆزەخەدا/ دەسووتێم و هەڵدەقرچێم/ ڕۆژێ هەزار کەڕەت دەمرم!/ ئەو بەهەشتە شاد و سەربەستە بۆ ئێوە و بەکامتان بێ/ من تەنیا هەر لەم دۆزەخە/ هەست بە بوونی خۆم دەکەم و ئارام دەگرم!

– ئەی ڕێبوارە غەریبەکە/ بەم لا و بەو لا چاو مەگێڕە/ خێڵ ڕۆییوە/ تەنیا جێگەی کوچکاورێک/ بەجێ ماوە لەم هەوارە/ ئەم گەردالە/ تەپوتۆزی خۆڵەمێشی یادەکانە/ ئەو چنوورە کێویلەیەی/ بۆی دەگەڕێی/ ئێستا گوڵێکی دەستەمۆی/ نێو گوڵدانی خەڵکی شارە.

(جەلال مەلەکشا، زڕەی زنجیری وشە دیلەکان)

ڕۆمانتیسیزمی ڕەش و رادیکاڵی مەلەکشا، چیرۆکی مرۆڤی کێشەمەند و تراژیکە، ئەو مرۆڤەی کە لەسەر بەستێنی شکست و داڕووخان پێهەڵدەنێ، بەڵام هەمدیسان پەنجەی لە پەنجەی دێوەزمە ناوە و خەریکی «نە»وتنێکی قارەمانانەیە، قارەمانێک کە لە پێشدا دۆڕاوە بەڵام دەیهەوێ لە ساتی کەوتنیدا دەنگی دەنگ بداتەوە و برووسکەیەک لە تاریکیی شەوەزەنگا بۆ چرکەیەک هەڵبکا تاکوو داستانی ئەو سەربزێوی و ملنەدانە تۆمار بکات. مەلەکشا لە ئەزموونی خۆیدا ڕێچکەی سوارەیی بەر ئەدات و پەنا بۆ سێ کوچکەی شێرکۆ/هەڵمەت/پەشێو دەبات بەڵام ئەم هەوڵە بە ڕێزمانێکی ساکارتر و بازنەیەکی بەرتەنگتری وشەوە دەباتە پێش هەر

بۆیە دەتوانین بڵێین شیعری مەلەکشایی تەنانەت لە ترۆپکی تیژبێژی و بەرزەفڕیدا روخسارێکی منداڵانە و ساکارانە لە شیعرەکانی سێ کوچکەی ناوبراو دەنەخشێنێ و لە بازنەی هەندێ وشە و وێنەی بەردەوام دووپاتە و چەندپاتەدا قەتیس و سەرگەردان دەمێنێتەوە.

سـوووژەی رادیـکـاڵ و رەشـنـوێـنـی جـەلال لە مارفی ئاغایی و ژیلا حسەینیدا پاڵاوتە دەبێت و تا ڕادەیـەک تاکەکەسیتر دەبێتەوە. مارف کە سەرقاڵی گێڕانەوەی رازی مانـەوەی خۆیەتی لە خـاکدا، لە ئیمازیسمدا قووڵتر دەبێتەوە و هەرچەندە شەوەکانی پڕ دەبێتەوە لە تەنیایی من و بێتۆیی تۆ، بەڵام بەردەوام هوژدار دەدات کە زیندووبوونتان بسەلمێنن.

گۆڕستانی وڵاتی من

سەدان گۆڕی

چاوەڕوانی تەرمی لێیە،

زیندووبوونتان بسەلمێنن،

دەنا لێرە

وەنەوزیش هەر

ئاویلکەیە

(مارف ئاغایی، زەوی سەخت و ئاسمان دوور)

پانتایی وشە و وێنەی مارف لە مەلەکشا بەرزتر دەڕوات و هاوکات لە سێ کوچکەی باشوور نزیکتر دەبێتەوە. ئـەم نزیکبوونەوە ئەگەرچی ئاسۆی تازەی لە پێش چاوی مارف کردۆتەوە بەڵام هاوکات دەستئاوسانی ئەو چەشنە ڕێبازەی کردوە و چون نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات یان داهێنانی نوێی تێدا بـەدی بێنێت، پێمل بە دووپاتە و لاساییکردنەوەی بۆتەوە و تا ڕادەیەک بەربەستێکی لە پێش هەنگاوەکانی خولقاندوە. تاکەکەسیبوونەوەی ئەزموونی ڕۆمانتیسیزم هـەروەهـا لە شیعرەکانی ژیـلادا بە شێوەیەکی تایبەتیتر سەر هەڵئەدات و ئەویندارییەکی «ژن/کچ»انە(نە دەنگی ژنانە) دەبێتە تانوپۆی ئەو دەقانەی بڕیارە هەنگاوێ لە هەنگاوەکانی رەوتی نوێی شیعری کوردیی رۆژهـەڵات تۆمار بکات: ژیلا کە دڵی برینداری وێڵی خەیاڵێکی ئەویندارە، خۆزگە بە پەلکەزێڕینە ئـەبـات و چاوەڕوانـی پەنجەی خۆشەویستییە تاوەکوو ببێتە بزوێنەری دەربڕینێکی شێعرێکی نوێ.

دڵی تەنگم سێتارێکە

کاتێ پەنجەی خۆشەویستت

تاڵی کەزیەی تاسەکانی ئەبزوێنێ

لەو ساتەدا یادی ماندووی ئەلەرزێنێ

ئاوزی خەم لێ ئەدات و

پڕ بە زاری شیعرێکی نوێ ئەچریکێنێ

(ژیلا حسەینی، گەشەی ئەوین،١٣٧٤)

ژیلا و مارف بە کۆچی ناوادە پرۆژەی ناتەواوی خۆیان بۆ هەندێ دەنگی تر بهجێ دێڵن کە لە راستیدا بڕیار نییە تەنیا ئەو ڕێچکەیە ئەوانە بیبڕن و ئەزموونی شکست تەنیا لە خۆشەویستیی دڵ و ئەوینداریی نیشتماندا ئاماژە پێ بدەن.

پـرۆژەی شیعریی داکـار، رەوتـی نوێترخواز و هـەروەهـا شیعری بـەرەی چـوار-جـیـاواز- سێ رەوتی هاوشێوە بوون کە لە ئایدیا و تیۆریدا بە بەرئەنجامێکی لێک نزیک گەیشتبوون بەڵام لە ئەزموونـدا تا ڕادەیەک لێک جیاواز دەردەکەوتن. داکار بەپێی دەربڕینی بەیاننامەی ژمارە یەکی کە لە ١٣٧٧ی هەتاوی لە مەریوان هاتە وەشاندن، خۆی بە پرۆژەی ئەدەبی- هونەریی پێشڕەوی کوردی ناودێر کرد و خولیای سەرهەڵدانی بەرەیەکی ئاوانگاردی هـونـەری ئـەدەبیی هەڵگرتووە و ئاماژەیان بە هەندێ خاڵ داوە؛ وەکوو: نوێگەری لە باری فۆرم و ناوەڕۆک، روانینێکی ئەوڕۆیی و ئێستایی بۆ مرۆڤی هاوچەرخ، شیعرینەکردنەوەی

ژیان، تێپەڕاندنی ئەدەبی بەرگری بەرەو ئەدەبی سەربەخۆی هەڵمەت، شلکردنی جڵەوی ناخودئاگا و ناسینی مەدلولە زەینییەکان و بەرهەمهێنانی مرۆڤی ژەڤەر کورد. ئەم خاڵانە کە وەکوو بنەمای فیکریی پرۆژەی داکار دیاری کراوە تێکەڵاوێکە لە توخمە فیکرییەکانی ڕێبازە ئەدەبییەکانی وەک، فۆرماڵیزم، پێکهاتەخوازی، پاشپێکهاتەخوازی، سورڕیالیزم، ئاوانگاردیزم و چەن ڕەوتی دیکە. لە ڕاستیدا ئەم مانیفستۆیە، بەیانی کۆی ڕێبازە ئەدەبی و فیکرییەکانی سەدەی بیستەمی ئەورووپایە کە هەرکامە و لە سەردەمێکی تایبەتی مێژووییدا و بە ئاراستەیەکی جیاوازەوە هاتنە ڕۆژەڤەوە و لە زۆر شوێنیشدا بۆ بەرپەرچدانەوە و تێپەڕاندنی یەکتر جووڵەی ئەدەبی و هونەریی خۆیان وەگەڕ خست. لە ڕاستیدا ئەم مانیفستۆیە بەرهەمی خولیای نوێخوازیی مرۆڤێکی کوردی ڕۆژهەڵاتە کە لەژێر کاریگەریی وەرگێڕانە فارسییەکانی حەفتاکانی هەتاوی لە ئێراندا لەناکاو چاوی بە کۆیەک ڕێباز و ڕەوتی ئەدەبی هەڵهێنا و فورسەتی خوێندنەوە و دەروونیکردنەوەی تاک بە تاکی ئەوانەی نەبوو، سەرەڕای ئەوەش کە مەبەستی سیاسیی پێشخستنی دۆزی کوردیشی لە بەرچاو بووە و بۆیە دەکرێ بە ڕوانینێکی خێلوخێچبینانەوە(ئانامۆرفۆتیکی)، مەبەستێکی بنەماییتر لەهەناوی ئەم مانیفستۆیەدا ببینین کە تا ڕادەیەک شاراوەیە: ڕۆمانتیسیزم. باسکردن لە جەماوەر و بەجوانیناسانەکردنی ئەو چەمکە ئەو کەڵکەڵە ڕۆمانتیسیستییەیە کە لە دەربڕینی ئینسانی «ژەڤەر کورد» یان سوپێرماندا بەڕوونی خۆی دەنوێنێ؛ چەمکێکی «نیچە»یی کە لۆکاچ بە بیرۆکەیەکی دژەئاوەزخوازانە(irrationalism) و هەوێنی سەرهەڵدانی فاشیزم پێناسەی دەکات. ئەم دژوازییە لەوەیدا کە داکار مەبەستی نوێکاری و ئاوانگاردیزمی ڕاگەیاندبوو بەڵام خولیای خەونبازانەی ڕۆمانتیسیزم داڵدەی دابوو، بووە هۆی تەقینەوە و تێکچڕژانی ئەو وزە و هەوڵانەی کە مەبەستی نوێخوازانەی داکار لە تەنیشت یەک کۆیانی کردبووەوە، هەر بۆیە بەشێکی زۆری ڕاوەستا و بەشێکیشی لە ڕەوت و ڕێبازی جیاوازدا ڕێگای خۆی جیا کردەوە.

پرۆژەی نوێترخوازانەی ساڵەحی سووزەنی و شیعری شێتی یوونسی ڕەزایی و بەرەی چواری ڕەزا عەلیپوور لە سەردەمی پاش داکاردا هەوڵێکی نەرێکارانە(negation) و بردەگەرانە(sublation) دەهێننە گۆڕی تاوەکوو هاوکات کە خولیای بەسەرچووی داکار دەسڕنەوە، هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی مەبەستە نوێباوەکانی بدەن. ئەم ڕەوتە شیعرییانە کە ئەزموونی نوێخوازی و پاشنوێخوازیی ئەدەبی فارسی و هەروەها ئەدەبی گەلانی تریان دیوەتەوە، دەگەڕێنەوە سەر ئەو پرۆژەیە کە سوارە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە لەمەو پێش، بەشێوەیەکی ناتەواو بەجێ یهێشتبوو و تەنانەت بەدواداچوونی پاش خۆی نەیانتوانیبوو پرسگری سوارەیی واتە پرسی «شار» بووروژێنن و لە بەپرۆبلێماتیککردن و بەدەقکردنیدا هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵبێنن.

دیالێکتیکی ژیانستی ئاوەزی و هێزە ماددییەکان لە سەدەی نۆزدەی پاریسدا، ئەو بەستێنەیان پێک هێنا کە بودلێر لە سێ ئاراستەی جیاوازەوە ڕۆمانسی ژیانستی مۆدێرنی لەسەر نووسیەوە: ڕەوایەتی پاستۆراڵ، ڕەوایەتی دژەپاستۆراڵ و ڕەوایەتی بودلێری

کاتێ کە بودلێر پێبەستە و سەرمەستی لایەنی بریقەدار و بێخەوشی کەشوهەوای شاری دەبێت تەواوی ڕەهەندە کێشەمەند و تاریکەکانی شار

هەواڵنامەی دێپ

لەبیر دەباتەوە و گشتێتیی شار لە کۆلکەزێڕینەی داربـرقـەکـان و جوانـی و پـڕتـاویـدا قـوتـار دەکاتەوە. لەم روانگەوە مۆدێڕنیتە لە شێوازی «مۆدێڕنیتەی بێوەری لە فرمێسک و زام»دا دەردەکەوێت و دژوازی و ناکۆکیی دواهاتە دزێو و دژەئینسانییەکانی دەکەوێتە سێبەرەوە. لە ڕەوایەتی دژەپاستۆڕاڵدا بودلێر لەئاست ڕەوتی پێشکەوتن و پاشهاتەکانی هەڵوێست دەگرێت و بێهیواییی فەرهەنگیی خۆی لە ڕەخنەکاریی «ڕۆمانسی مۆدێڕنی پێشکەوتن»دا تۆمار دەکات. بـەڵام بـودلێـر لـە هیچکام لـەم ئـەزمـوونـانـەدا نامێنێتەوە و بـەردەوام هـەوڵ ئـەدات شـار لە شارێتیی خۆیدا بخوێنێتەوە و دەستەمۆی هیچکام لە دەسـەڵاتـە داسەپێنەر و دەستەمۆسازەکان نەبێت، هەر بۆیە لە بزۆزیی شەقام و ئاژاوەی ترافیک؛ و ئـاپـۆرەی خەڵکدا چێژی ونکردنی خـەرمـانـەی پـیـرۆز و نـادابـیـنـکـراوی زەمـەنـی تێپەڕبوو لـەئـامێزگرتن(espouse)ی واقیعی ساکاری کووچە و کۆڵانان دەستەبەر دەکات.

لـە نـیـوەی دووهـەمـی حـەفـتـاکـانـدا لـە ئـێـران بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی هاتە ئاراوە کە خـوازیـاری کـرانـەوەی کـەشـی سیاسی و هەروەها پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چالاکییە فەرهەنگییەکان بوو. لە ڕاستیدا ئیرادەیەک لە هەناوی ئاپۆرەی خەڵکەوە سەری بەرز کردەوە و خـوازیـاری وەرگرتنەوەی خیابان(reclaim the streets) و بـلـوار و تـەنـانـەت پـانـتـایـیـی ڕۆژنامە و گۆڤار و جیهانە مەجازییەکان بوو. لەم سەردەمەدا کە شار وەزڵە کەوتبوو و هەڵسووڕان و بەرهەمهێنانی سیاسی و فەرهەنگی پڕتاو بووبوویەوە؛ ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانە کە تا ئەو سەردەمە لە ژێرزەوینی شاردا و لە پەراوێزی ناوەندەکانی پێوەندیگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەدا تـەریـک کـەوتـبـوونـەوە سـەریـان هـەڵهێنا و لە لێگەڕان بەدوای شێوازە جیاوازەکانی ئەزموونی ئێستایی و سـەردەمیدا، نواندنەوە و ڕەوایەتی خـۆیـان بـەرهـەم هـێـنـا. سـووژەی نـەرێـکـاری خوێندکاری رادیکاڵ، ڕۆژنامەنووسی ڕووناکبیژ، ڕەخـنـەکـاری سیاسی، ژنـانـی یەکسانیخواز و کرێکاری مافخواز لە هەناوی خەڵکەوە سەریان بـەرز کـردەوە و هەرکامە و لـە ئۆرکێسترای شـاردا بەپێی نۆتی خۆی دەنگێکی هەڵدەهێنا و لە ڕۆمانسی مۆدێڕنیتەی شاریدا چیرۆکی کاراکتەرێکی دەگێڕایەوە. شەپۆک و زەربەتی ئەم گۆڕانکارییانە لە ڕەوتی بزۆزی و پڕتاویی شاردا، فیگۆرێکی نوێیان لە پانتاییی رسکاندن و ئەفراندنی ئەدەبیدا بانگهێشت کرد کە بانگەشەی تێپەڕاندنی سنوورەکان و تێکشکاندنی فتیشە نەریتییەکانی دەکـرد. فیـگـۆرێـک کـە هـەوڵـی دەدا شـونـاسـی چـەقبـەسـتووی رابـــردوو، لە شوناسخوازیی بەردەوام و پەیتا پەیتای دۆخی نەوەستاو و تێپەڕبوودا بتوێنێتەوە و بووتیقایەک لە رانـەوەسـتـان و دەسڕانەگەیشتوویی شار بنووسێتەوە.

ساڵـەحی سـووزەنـی لـە وەسـف و وێناندنی دیاردەکاندا کەڵک لە هێما سووتاو و سواوەکان وەرناگرێ؛ بۆ نموونە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕدا ئاڵای سپی و گەڵای زەیتوون و کۆتری باڵشکاو دەکـار ناهێنێ بەڵکوو لـە گەمەیەکی فۆڕماڵیستیدا و لـە تێکشکاندنی ڕیزبـەنـدی و ڕێـزمـانـی وشـــەی شـــەڕدا، بـنـەمـای عەقڵی دووجەمسەریی شەڕ/ئاشتی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەڵێ:

شەڕی ناو ئەم دێڕە؛
بە شینەوە دەست پێ دەکا و
بە «ڕێ»وە کۆتاییی دێ...

کەوایە ئەو «هیَ» قۆڕە چ گیَ و وویەک دەخوا
لەو بەینەدا!
بیسڕنەوە!
ئەو کات ئەوەی کە ئەمێنیَ «شڕ»ە ماعیرا!
گەمەکەش هەمووی دەشێویَیَ....
(ساڵەح سووزەنی)

ئاوانگاردیزمی سووزەنی، لە ئاستی دەربڕینی واتا و ناوەرۆکێکی جیاوازدا ناوەستێتەوە و بەوە گەیشتووە تاوەکوو بنەمای گەمەکە نەشێوێت، لۆگۆسی حەقیقەتخوازانەی شەڕئەنگێزانە هەر بەردەوام دەبێتەوە و زمانی وێژەوان و هەستی وێژە هاودەستی تاوانبارانی شەڕ کردار دەنوێنێت. ساڵەحی سووزەنی لە قۆناغێکدا دەوری مارسل دووشـانـی شیعری کوردیـی گـێڕاوە، حـازر- ئـامـادە(ready-made)کـانـی توانیویە وەکوو شەپۆکێک، خەونی سەرەڕۆخوازانەی ڕەوایەتی هـاوگـرتـوو و واتـاگـەرانـەی ڕۆمـانـتـیـسـیـزم برەوێنێتەوە و لەڕێگای شیزۆفرنیای زمانییەوە، عەقڵی نەریتی و هاوسەنگخواز بـەرەوڕووی تـەنـگـژە بـکـاتـەوە. هـەوڵـی زمـانـپـەرێـشـانـەی سـووزەنـی دالـەکـانـی زمـانـی شـیـعـری، لەژێر ئۆتۆریتەی مەدلوولی باوانخوازدا ڕزگار دەکات و ڕێگا بۆ نەوەیەک دەکاتەوە کە دەیانهەوێت بێبەربەست ئەزموونی ئەوڕۆییی خۆیان نە لەژێر نیگای واقماوی ئەویدییە مەزنەکان بەڵکوو لە لێگەڕانێکی بەردەوام بەدوای ژویسانسی مەرگ و شێتی و شاگەشکەی ناموکینی هاوجووتبووندا تۆمـار بـکـەن. پڕۆفانـەکـردنـی سـووزەنـی واتـە بێئابڕووکردنی وشە پیرۆزەکان بە ڕەهەندێکی گاڵتەجاڕانە و کینایی، خەرمانەی پیرۆزی شیعری ماقووڵ و تابۆنوێن تێک دەشکێنیَ و دەڵیَ:

شاعیریان گوتووە گوو.. بخوا و خۆی هەڵمسێنیَ
کە بەردی بە ئاسمانەوە وەستاندووە
باڵی کردۆتە مل کەر
{ ئەریَ شاعیر ئازان}
بە کەوش ئەڵێن بفڕە !
بە مەل ئەڵێن بدوو!
(سـاڵـەح سـووزەنـی، بە ژمـارەی تەلەفۆنەکانی عالەم).

ڕەزا عەلیپوور کە لە حەفتاکانی هەتاویدا بە دەرکـردنـی بەرهەمە شیعری قاڵبیەک دەناسم لە هەرچی گولێەتی ماندووە وەکوو پێشەنگی بـەرەی چـوار ڕچەشکێنی دەکـات و ڕێگایەکی نویَ بۆ دەربازبوون لە بنبەستی داکار پێشنیار دەکـات. پـاش دە سـاڵ لـە ئەزموونکردنی ئەم ڕێبـازە نوێیە لـە لایـەن کەسانی جیـاواز و بە گۆشـەنیگـای جیـاوازەوە میراتێکی نە چەندان بـەرچـاو دێـتـە بـەرهـەم کە هـەر شاعیرێک بە چەند شیعر یـان یـەک دوو بەرهەمی چاپکراو بەشداری تێدا دەکات. لە نەوەدەکانی هەتاوییەوە بەدواوە کە ئیمکانی ئاوڕدانەوە و هەڵسەنگاندنی زۆرتر لە یەک دەیە ئەزموونی ئەم ڕێبازە دێتە ئاراوە خەسارناسی و لێکدانەوەکان بەرجەستە دەبـنـەوە و لە هۆکارەکانی غەریبکەوتنەوەی شیعر و تەریککەوتنەوەی ئەم ڕەوتە نوێباوانە دەکـۆڵـرێـتـەوە. تێڕامانێک لـە ئاستی ڕەخنەی ئەدەبی و هەروەها لە بەرهەمهێنانی شیعریدا سـەبـارەت بـەو وەڵامــەی کە ڕێـبـازی بـەرەی چوار بە پرسگری داکـاری دایـەوە دێتە ئاراوە و هـەوڵ ئـەدات هەم خودئاگایی و پێناسەیەک لەخۆ بەرهەم بێنێت و هەم فۆرم و زمانی تازە بۆ بەردەوامبوون و گەشەکردن بدۆزێتەوە. لە بەرهەمی نویَی ڕەزا عەلیپووردا زمانێکی تازە دێتە گۆڕیَ کە دەیهەوێت بە بارێکی تردا(بەو بارا) جوانیناسیی شیعری نویَی کوردی درێژە بدات:

تۆ ئێستە
گیرفانێکی سەنەم
هیچ لە جانتاکەتا؛
پارەی چوار ڕۆژی نیو نەفەر
جانتاکەت؛
چەسپێکی برین پێچ –ئەوێکەت بپێچە–
سی کاندۆم و بلیتێکی میترۆ سەنەم
چوارشەمە بەو لاوە حەبی LD
تۆ ئێستە جانتاکەت
کرێم و کلینێکس، دوو ماتیک
–بۆ مۆد و مەبادا–
نامەیەک، شینەکی
«بۆ خوا گیان،
یان جێگرە سێ نوختەکەی»
(نازانی لە کوردی تێ ناگا)–
تۆ ئێستە جانتاکەت سەنەم
سێوێکی چرچ و لەتە مۆزێکی ڕەش.
(ڕەزا عەلیپوور، کەڕاکە، ١٣٩٤)

لەم کۆپلەیەدا پێرسۆنای سەنەم لە قەوارەی گیرفان و پانتاییی نێو جانتاکەیەوە ڕەوایەت دەکرێت و شتومەکەکان لە درێژەی جەستەی بریندار و دەستەمۆکراودا، گوزارشتی ڕەوتی بەشمەکبوون(commodification) و بازاڕیبوونەوەی شوناسێکی ئینسانی دەگێڕنەوە. بنیامین لە خوێندنەوەی پاریسی سەدەی نۆزدەدا ئاماژە بەو شوناسە بۆهێمیانە ئەدات کە لە پانتاییی سیستەمی دابەشکاریی کار وەدەرنراون و وەکوو دژەقارەمانی ژیانی هەرڕۆژەی سەردەمی شار دەرکەوتوون. سۆزانی یەکێ لەو فیگۆرانەیە کە بەرهەمی پارادۆکسەکانی مۆدێرنیتەی شارییە و هاوکات کە بەشمەکبوونی جەستەی ژنانە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدا ئاشکرا دەکات دەنگێکی نەبیستراوە و کپکراوە بەرز دەکاتەوە، دەنگێکی تێکەڵاو بە ژویسانس کە دەستوپێوەندییە ئۆدیپییەکان تووشی تەنگژە دەکات و کەلێنەکانی ئەویدیی مەزن بەرجەستە دەکاتەوە. فاوستی شیعری کڕاکە لە سەنەمدا مفیستۆیەکی تراژیک دەبینێتەوە و هاوکات کە هەنگاوەکانی ئەو بەسەر مەداری داڕووخاندا دەگێڕێتەوە، بەهاکانی ئەزموونی مۆدێرنیتەی شاری لە دۆخێکی دژوازدا ئاماژە پێ دەدات و ڕەوتی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بەرەو ڕووی پرسیار دەکاتەوە. ڕەوایەتی کڕاکە لە سووژەی بناسی خوداناس و هەروەها لە فیگۆری خەونبازی حەسەندا گێڕانەوەیەکی دژەپاستۆڕاڵ و پچڕپچڕ بەرهەم دێنێت کە لە ناوەندشکێنیی گوتاری حەقیقەتخوازانەی ئەوان و لە ئاماژە بە حوزووری غایبیاندا بێواتاکردنی واتا لە سەردەمی ئاوارتەدا دەستەبەر دەکات.

لە زمانی کەڕاکەدا چەشنێک زمانی ریتمیک خۆی دەنوێنێ کە هاوئاهەنگی ڕەوتی ڕەوایەتکردن بەرز و نزم دەبێتەوە و تەبا دەگەڵ ژینگە–جیهانی پێرسۆناژەکاندا ژویسانسێکی نامۆ و دڵهەژێن بە خوێنەر دەبەخشێت. بێگومان دەوری ئەم ریتمە لە کەڕاکەدا زیندووکردنەوەی مووسیقای دەرەکیی شیعر نییە بەڵکوو چەشنێک ئۆبژێکتیڤکردنی پێگەی وشەیە تاکوو بەماکەبوونی زمان(materiality of language) هەرچەند لە ئاستێکی کۆنترۆڵکراودا بەرهەم بێنێت و هەوڵێک بۆ جەستەمەندکردنی زمان و داڕشتنەوەی جیاوازی فۆرمی وشەکان بنوێنێت.

یونسی ڕەزایی لەو شاعیرە نوێخوازانەیە کە لە پۆلێنبەندیی بەرەییدا زۆرتر پێگەیەکی نێوانبەرەیی دابین دەکات و هەرچەند هەوڵی تێپەڕاندنی بەرەی سێهەمی داوە بەڵام دەگەڵ شاعیرانی بەرەی چواریشدا کە بە نوێخوازتر و جیاوازیش

دەناسرێن سنووری تایبەتیی خۆی هەیە.

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری یۆنس ئەوەیە کە لە سووبژێکتیڤیتەی شاعیر دانابڕێ و منی شاعیر ماوە بە زمان نادات کە مەیلەو باوی خۆی ڕێگا ببڕێت، هەر بۆیە دەکارهێنانی تەکنیکی نوێ و هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی بارستایی و شمەکێتیی وشە لە ئۆتۆریتەی واتا و حووززووری شاراوە و ئاشکرای پێکهاتە و سەناعەتی بەلاغی کەم ناکاتەوە. فیلتەری کووبیستیی شیعرەکانی یونس لە پێکەربەندی و پرێسپێکتیوی شیعری بەرەی سێ تێ دەپەڕێت ئەگەرچی لێرەشدا گۆچان بەدەست و کاوەخۆ هەنگاو هەڵدەنێت.

لەم شیعرەدا بەجوانی شاعیر لە کۆپلەی یەکەمدا پیاوەتی لە دار و ڕاکشاوەیی لە شەقام و عاشقی لە هەوردا دەنوێنێت و ڕووناکی و تاریکی و تەنیایی دەکاتە ئامانجی ئەم پێوەندییە وێنەییە؛ بەڵام لەم پێکهاتە وێنامەندەدا نامێنێتەوە و لە کۆپلەی دووهەمدا پەنجەرە ئاژاوەی تێ دەکەوێت، عەشق ڕاکشاوە دەبێت و هەور تەنیا دەکەوێت؛ بەڵام لە ئاکامدا شاعیر لە پشتی تەواوی ئەم ڕووداوانەوە دەستێوەردانی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت تەواوی ئەم وێنانە لە گۆشەنیگای شاعیرەوە یەک دەگرێتەوە.

پیاوتر لە دار... بە ڕیشاژۆی پەنجەرەتدا... ڕووناک

ڕاکشاوتر لە شەقام... بە ئاژاوەی چاوتدا... تاریک

عاشقتر لە هەور... بە تەنیاییتدا.

منم پیاوی عاشقی ڕاکشاو... لەو دێڕەدا کە شێعرە
منم پەنجەرەی ئاژاوە... لەو عیشقەدا کە تەنیا
منم شاعیری تەنیایی هەور... لەو ئاژاوەی شەقامەدا...کە ڕووناک
(یۆنس ڕەزایی، منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان)

کەماڵ ئەمینی کە ئەزموونی خۆی لە دووتۆی بەرهەمی «قاڵاو یانی قەفەفەسێکی خاڵی»دا پێ گەیاندووە و لە ڕەوتی شیعری بەرەی چواردا دەوری چالاکی نواندووە لە شیعرێکدا ئاوەها گەمە بە چەمکی دووری و کەوتن و ژیانی رووتینی هەررۆژە ئەکات:

دوور یانی کەوتن
لە حافزەی گەرۆڵی پارک وەک گەڵا
کەس نەیزانی کەوتن خەسڵەتی خاک بوو یان شعووری ئوتووبان
من ئەوەتا نغرۆی هەڵوەدایی و ئیرەییبردنم
بە گمەگمی بەیانییەکانی قوتابی و مەدرەسە
بە نیوەرۆی تەمەڵی دەوام
بە ئێوارەی پیاسەیەکی ئارام
ئێرەیی ئەبەم بە تای تەنیایی شەوانەت
بە تایەک کە دەستت ئەگرێ
جووتت ئەکا بێ من
لەوانەیە ئێرەیی بەم گڵۆپی نووستنی ژوورەکەت
بە کزەی ساردی درزی پەنجەرە
بە مەلافە و بە چکۆلەکەکانی بەیانی
کە هێشتا بێ من چۆلەکەن
(کەماڵ ئەمینی، بەشێک لە شیعری هەڵوەدا)

لەم شیعرەدا هێماکانی سروشت تێکەڵ بە فەزای رووتینی ژیانی شار بۆتەوە؛ هەر بۆیە، کەوتن و هەڵوەرین چیدی ئاماژەیەکی ڕۆمانتیکیی پێوە دیار نەماوە بەڵکوو لە بەستێنی یاسامەندیی پارک و ئووتاباندا پێناسە کراوەتەوە. دووری کە لە ڕەوایەتی کلاسیکدا هەمیشە دابڕانێکی ئانتالۆژیک یان ئەویندارانەیە کە بە کارتێکەریی لەسەر سۆز و هەستی مرۆڤ، ئامانجێکی کاتارسیسی دەپێکێ و مەبەستێکی ڕۆمانتیسیستی بەرهەم دێنێت. لە گوتاری ئەم شیعرە و زۆربەی شیعرەکانی تری کەماڵی ئەمینیدا ئەو میکانیزمەی کە تەنانەت خۆشەویستی بەرهەم دێنێت لە بەستێنی ژیانی

هـەررۆژەی رووتینی شـاردا هەڵدەسووڕێت و پاشتر لە پێوەندی لەگەڵ هەستەوەریی شتەکانەوە کردار دەنوێنێت.
ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا کە سـەرەتا ئەزموونی شیعریی خـۆی بـە کۆمەڵەشیعری «مـەداری زوقـم»ەوە دەسـت پێ کـردووە لە هەشتاکانی هەتاویدا لەژێر کاریگەریی بـەرەی چـواردا تا ڕادەیـەک لە زمانی واتاخواز و وێنەمەدارانەی زوقمبەستوو دوور دەکەوێتەوە و هەوڵ ئەدات لە رەوتی نوێخوازیی سەردەمدا زمان و زاری خۆی بەشدار بکات. نزیکایەتیی زمانیی ئەحمەدینیا بە زمانی ئاخاوتن و وریاییی لەمەڕ تێنەپەڕاندنی ئێجگاریی سیستەمی وەسفی و چواندنی و سەمبولیستی، بەرهەمەکانی ئـەم شاعیرە لە ئاقارەکانی بـەرەی چـواردا دەهێڵێتەوە. لەم شیعرەدا ئاو وەکوو هێما و سیمبوولی پاکی و بێگەردی، دەمانباتەوە بۆ لای باوەڕی میترایی و میهری؛ و لێرەوە بەرەی دژەرووناکیی ئەهریمەن کـە رەوتـی زەویـن و مـەلـەکووتیی ئاسمانی بەدەست گرتووە دەکێشێتە تەنگژەوە و بەرائەت و دابڕانی خۆی لێ رادەگەیەنێت.

لەوپەڕی سنوورەکانی ئاو
هیچ هەواڵێ نییە.....
لە غوربەتی ئەم چوارشەممەیە
نێرگز تووڕەیە بە زاراوەی مردن
قەراڵەکانی ئەهریمەن دونیایان گرتە بەر.
تا قیبلەنما بە دەستی شەیتان بێ،
چ مەعلووم
حەزمان لە باخچە ساردەکانی بەهەشت؟
ئەگەر مەلەکووتی ئاسمان
من و رێوی ناگرێتە خۆ،
ئەی باران!
شایەتیمانم تەنها بە شانی تۆ دا
حەقیقەتی سپی تەنها لای بەفرە و
تەنها ئاو جێی متمانەمە!

(ئیبراهیم ئەحمەدی‌نیا، بەشێک لە شیعری کە لاوەکانی اناالحق).

جەمیل مـورادی لـە شیعری مـونـاجـاتـدا بە دەمەلاسکێیەکی ئایرۆنیک بە پێکهاتە و ناوەرۆکی موناجات کە خاوەنی هێمایەکی کلاسیکە و بە میراتی کلاسیکبێژان دەژمێردرێت، سـەرەڕای گێڕانەوەیەکی دەردەدڵانـە، فۆرم و ناوەرۆکی رەوایـەتـی موناجاتنامە بنەماشکێنی دەکـات و بە کەڵکگرتن لە ئیهامی واتایی و مۆرفۆلۆژیک گەمەیەکی زمانی دەهێنێتە کایەوە کە تێیدا گومان و بێواتایی باڵ بەسەر ئەوە واتایانەدا دەکێشن کە دەقی شێعری بەرهەمی دێنن: «با» و «با[باد]»، «وان» و «[ئە]وان»، «ئاو» و «ئاوی»، «سین» و «یا/سین»، «دینم کە با» و « دینم کە با»، «وان» و «وان[ی حەمام]»، «شیر» و «شین‌تر» و ... . ئەم تەکنیکە سـەرەرەڕای گەمەکردن بە شیعری دروشمی و پرۆپاگاندیستی، چەشنێک گۆڕانی واتایی(semantic shift) بەرهەم دێنێت و ئاسۆی «واتا/بێواتا»یی شیعرەکە بەرفراوانتر دەکاتەوە.

رووم تێ کە با / بێ
وڵاتی
دەمارەکانم (شین) بێ
لە (وان)ەێک کە کوردم
کە غوربەتی هەناسەکانم
ئەگاتە ئەو مراوییانەی ماوەیەکە شەکەتن لە ئاو
بە ئاو
رووم تێ کە ئاو
بێ ئاو چۆن بچمە دەمی مەرگەوە؟
ئایلان ئەڵێ؛
لە وان تەنیاتر

مەگەر (وان)
لە کورد تەنیاتر    مەگەر باکووری نالی
لە شیعر ئاوی...تر    مەگەر؛
شین م کە   یا/سین م کە
دینم کە  با /دینم کە   با
بتلێ بم
بە قورقێنەی نەوتەوە خۆۆششش
سەری تۆ خۆش
کێیە بە کەس مەڵێ کورد مردووە/ نەمردووە؟
مێژوو ئەڵێ:

نەمردین و مەودایەک تر
ترانزیت هەتا تاران
بۆنی سنوور و سەلەفی
بە عەبای رەش و سپییەوە
سەری خوای کەچەڵ کردین
بە خوا جەلال!
+++
(وان)م بۆ پر کەن لە شیر
شینتر لە رۆژئاوا
بمدەنە دەم چاوی ئەستەمبوولەوە
ئاخۆ نالی نەیتوانی یا    نەیتوانی
چاوە خێلەکانی حەبیبە
بە چاوە شینەکانی(وان) بگۆڕێتەوە
شاعیر ئەڵێ:
( شیعری موناجات- جەمیل موورادی، گەلاوێژی ٩٣)

بەرئەنجام

رەوتی شیعری نوێی کوردی لە رۆژهەڵات بە ئەزموونی نوێگەریی سوارە و هاوڕێکانیەوە لە چلەکانی هەتاویدا دەست پێ دەکات و تا بیست ساڵ دواتر پێشڤەچوونێکی ئەوتۆ بەخۆوە نابینێت. رەوتەکانی پاش سوارە بە شێوەیەک لە درێژەدانی رەوتی سوارەیی دۆش دادەمێنن، هەر بۆیە روو لە سێ کوچکەی شیعری نوێی باشوور دەکەن. ئەم بەرەیە ئەگەرچی لە گۆی مەمکی کانیاوەکانی شیعری نوێی باشوور تینوویەتیی خۆی دەشکێنێت بەڵام پێبەستە و دەستەمۆی زمان و زاری ئەو رەوتە دەمێنێتەوە و ناتوانێت داهێنان و دەسکارییەکی بەهرەمەندانەی تێدا بێنێتە گۆڕێ. لە نیوەی دووهەمی حەفتاکانی هەتاویدا بەیاننامەی شیعریی داکار دێتە وەشاندن کە مەبەستی نوێخوازانەی زۆربەی شاعیرانی رۆژهەڵات لەخۆ دەگرێت و هەرچەندە خودی داکار و بەڕێوەبەرانی دەسکەوتێکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنن بەڵام پرسگر و کێشەیەک دەخوڵقێنن کە وەڵامی خۆی لە هەوڵە جیاوازەکانی نوێخوازاندا وەکوو رەوتی نوێترخواز، شیعری شێت و رێچکەی جیاواز کە لە کۆبەنددا دەتوانین بە بەرەی چوار ناودێریان بکەین خۆیان دەبیننەوە. پاش زۆرتر لە دەیەیەک ئەزموونی نوێخوازیی بەرەی چوار، ئاوڕدانەوەیەک لە دەسکەوتەکان و خەسارناسیی لاوازییەکان ئەو راستییەمان بۆ روون دەکەنەوە کە هەگبەی بەرەی چوار سەرەڕای نێوێکی هاوبەش و خولیایەکی یەکگرتوو پڕە لە ئاڕاستەی جیاواز و جووڵەی ناچونیەک و لادان و لادەریی زۆر و زەوەند. ئێستاکە و لە خوێندنەوەوی بەسەرهاتی هەوڵ و ئەزموونەکانی بێوچانی نوێخوازیدا پتر لە هەر کات و ساتێ بۆمان روون دەبێتەوە کە نوێخوازیی بەردەوام و رادیکاڵ لەم پانتاییەدا پێویستییەکی بنەمایییە و ئەگەرچی سیمپتۆمی هەڵە و خەسارەکان بەردەوام بەرۆکمان پێ دگرن و وزەی ئەژنۆمان شل دەکەنەوە بەڵام بنیامین وتەنی هەر ئەو ژێستە رادیکاڵەکانە بە دووپاتکردنەوەی بەردەوامی شکستە

مێژووییەکان دەتوانن وزەی رزگاریخوازانەی ئێستاییی سەردەم وەدەست بخەن و ڕێگا بۆ سەرهەڵدانی بابەتی نوێ ئاوەڵا بکەن.

*گۆڤاری شی، ژمارە سیفر و یەک

[١] لەم وتارەدا بەشێک لە نموونە شیعرییەکان بە پێی پێویست ئاماژە و لێکدانەوەی بۆ کراوە؛ و هەوڵ ئەدرێت لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا بەرهەمی شاعیرانی تر کە خاوەنی دەنگی بەرچاو و بەرهەمی کاریگەر بوون بخرێتە بەر تیشکی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە.

[٢] بەپێی ئووستوورەی یۆنانی زیۆس لە رەوتی ئەفراندنی مرۆڤدا پرۆمتیۆس رادەسپێرێت بۆ ئەوەی هەموو شتێ پێشکەشی مرۆڤ بکات بێجگە ئاگر، بەڵام پرۆمتیوس بەنهێنی ئاگر رادەستی مرۆڤ دەکات و کاتێ زیۆس ئاگاداری ئەم کارەی دەبێت لە سەر لووتکەی قافدا(قەوقاز) بەندی دەکات و سزای دەبێتە ئەوەی کە هەر رۆژ هەڵۆیەک دێت و جەرگی دەخوات و دیسانەوە جەرگی دەڕوێتەوە و ئەم سزایە بەردەوام دەبێت.

[٣] هێرکوول یان هێراکلێس پاڵەوانێکی ئەفسانەیی یۆنانی و رۆمییە کە هێمای بەهێزی و سەربزێوییە. لە چیرۆکی سزادانی پرۆمتیووسدا ئەوە کە هەڵۆی جگەرخۆر دەکوژێت و پرۆمتیوس رزگار دەکات.

[٤] بە پێی ئووستوورەکانی یۆنانی خاوەنی نیگایەکی سێحرئاوی بووە و بە چاولێکردنی شتەکان توانیویە بیانکا بە بەرد. ئاماژە بە نیگا و روانینێکی بەدەسەڵات و دابینکارە.

گوڵم!
دڵم پڕە لە دەرد و کوڵ
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
ئەڵێم بە جامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم
عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لە دەردی ئینتیزارەکەت
وەڕەز بوو گیانی من لە شار و هاڕە هاڕی ئەو
لە ڕۆژی چڵکن و نەخۆش و تاو و یاوی شەو
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
لە شاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت
بڕۆمە دێ کە مانگەشەو بزێتە ناو بزەم
چلۆن بژیم لە شارەکەت
کە پڕبەدڵ دژی گزەم؟!
لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تێل و تان و ڕایەڵە، کەلەپچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارە تێلە، مەزهەری قەنارەیە
لە شارەکەت کەمەندی دووکەڵە
کە دێتە دەر لە ماڵی دەوڵەمەند
و تیشکی بێگوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند
لە هەر شەقام و کووچەیەک شەپۆڕی شینە
دێ بەرەو دڵم
دەستی گەرمی ئاشنا نییە کە ئەیگوشم
دەستی چێوییە
لە شارەکەت زەلیلە شێر،
باوی ڕێوییە
بە هەر نیگایەک و پەتایەکە
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت
گوڵم، هەرێمی زۆنگ و زەل
چلۆن ئەبێتە جاڕە گوڵ
لە شاری تۆ، لە بانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو
شارەکەت
ئاسکە جوانەکەم!
تەسکە بۆ ئەوین، بۆ خەفەت هەراو
کێ لە شاری تۆ، لە شاری قاتڵی هەژار
گوێ ئەداتە ئایەتی پەڕاوی دڵ؟

منیٔ کە گۆچی تاوی گەرمی بەردەوارەکەی
عەشیرەتم
بە دارە تەرمی کووچەکانی شارەکەت
ڕانەهاتووە لەشم
بناری پڕ بە هاری دێ
ڕەنگی سوور و شین ئەدا
لە شیعر و عاتیفەی گەشم
ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت گوڵم
پێت ناخنکێندرێم گۆمەشین!
لەخۆبایی ئەی گۆمەشین
ڕەنگە بەوەی شەپۆلەکانت
بە گرمە و لرفە و هاوار و هەڕەشەن،
گێژ دەخۆن و خۆ بە دیواری هەڕۆڵی شاخا
دەدەن
بایی بووبی و ڕفاندبێتت
ئەو هاوڕێی هاوسەنگەر،
ئەو ڕۆڵەی شیرین!
ئەی وەیشوومەی نەهات،
بەس لەبەر چاوی گیاندار و پەلەوەری
دەوروپشتت
خۆبایی کە!
بە قاقای ڕەش، بە نێوچاوانی وا گرژت
ئاوازی دەلووشم دەکوژم بەس بخوێنە!
گوێ ڕادێرە
بزانە بە گژ کێدا هاتووی!
بمناسە و بە هەموو چۆمان و
بە دەریا و خەلیج و ڕۆخم بناسێنە!
لەمپەرەکەی دەریای دووکان،
کە پێش بە تۆ و چەند ڕووباری لە تۆ بەلرفەتر
دەگرێ
دەسکردمە!
ئەو کەشتیە مەزنانەی
هەزار شەپۆلی سەرکێشی تۆف دەشێلن،
دەسکردمە!
ئەو ئاگرەی کە دەیبینی ستەمکار هەڵدەقرچێنێ
دەسکردمە!
من کارگەرم، من ڕەنجدەرم،
من ئینسانی تێکۆشەری جەنگاوەرم!
پاش وەی سەری سەرکوتکەرم پان کردەوە،
ئەمجار دێمە سەرینی تۆی لەخۆبایی،
شەرتبێ وەها بتبەستمەوە،
بە هەورازا، بە نشێوا،
وێنەی ئەسپێکی دەستەمۆ،
بە دەشت و دەرا خۆشئاژۆ،
وا بتبەم و بتگێڕمەوە،
لەبن هەموو دارێک، هەموو بنچکێکدا،
چۆک دابدەی؟ سوجدە ببەی،
بۆ دار، بۆ گوڵ، بۆ گەنم، بۆ ئاوەدانی!
دەستی ماندووم،
پڕ بکەی،
لە سەوزەڵانی، لە هەرزانی!
لەسەر دەرکەی،
خەیاڵی زیانەخرۆیی و خنکاندن و ماڵوێرانی!
لەسەر دەرکەی،
ئەو بای سەری لەخۆباییت،
لەبەر پێمدا،
لەبەر پێی ئینسانی ڕەنجدەر،
کش و ماتی مەندیی گۆمت:
لە ترسانا بلەرزێنی!
لەبەر دەست و دەسەلاتی
منی داهێنەر،
منی داهێنەری خۆلقێنەر،
سەری تەسلیم،
چاوی ڕێزگرتن و تەعزیم،
دانەوێنی!

هەواڵنامەی ڤێنیو

# ئیسفەهان نیوەی جیهان

## لە سەردەمی شاعەباسی یەکەمی سەفەویدا



عومەر ئیسماعیل باوزێیی

عەباس میرزا، کە دواتر بە شاعەباسی یەکەم و شاعەباسی گەورەش ناسرا، دووەم کوڕی (شامحەمەدخودابەندە ١٥٧٨-١٥٨٨ز)، کوڕی (شاتەهماسبی یەکەم ١٥٢٤-١٥٧٦ز)، کوڕی (شائیسماعیلی یەکەم ١٥٠١-١٥٢٤ز)ی سەفەوی بوو، شەوی شەممە (١٥٧١/١/٢٧ز) لە شاری هەرات پایەتەختی هەرێمی خۆراسان لە وڵاتی ئێستای ئەفغانستان لەدایکبووە، کە ئەوکات باوکی فەرمانڕەوای ناوچەکەبوو.

شاعەباس، پێنجەمین و بەهێزترین شای ئێران بوو لە بنەماڵەی سەفەویەکان، دایکی ناوی خەیرەنسابەگم و بە (مەهدعولیا) دەناسرا. لە تەمەنی یەکساڵ و نیویدا بە فەرمانی شاتەهماسبی باپیری، کرا بە فەرمانڕەوای خۆراسان و (قولی سوڵتان) بوو بە وەصی/ بەڕێوەبەری کارەکانی.

دوای هاتنەسەر دەسەڵاتی شائیسماعیلی دووەم لە نێوان ساڵانی (١٥٧٦-١٥٧٧ز)دا، بڕیاریدا سەرجەم کوڕ و نەوەکانی محەمەدخودابەندەی برای بکوژێت و (عەلی قولیخانی شاملو)ی بۆ کوشتنی عەباس راسپارد، کاتێک چوو بۆ هەرات بەهۆی مانگی رەمەزان، کارەکەی بۆ دوای جەژن دواخست، پاشان هەواڵی کوژرانی شای سەفەوی و هاتنەسەرکاری محەمەدخودابەندەی پێدەگات، بەمجۆرە عەباس میرزا لە مردن رزگاریدەبێت.

دوای ئەوەی قزڵباشەکان بە کودەتایەک



شامحەمەدخودابەندەیان لە دەسەڵات لادا، لە ڕۆژی پێنجشەممە (١٥٨٨/١٠/٦ز) لە تەمەنی (١٨) ساڵیدا بوو بە شای سەفەوی و دوای (٤١) ساڵ فەرمانڕەوایی ئێران، لە ڕۆژی هەینی (١٦٢٩/١/١٩ز)دا لە شارۆچکەیەکی هەرێمی (تەبەرستان/ مازەندەران) لە باکوری ئێران، لە تەمەنی (٥٨) ساڵیدا کۆچیدوایکرد، دەگوترێت: لە شاری کاشان بەخاکسپێردراوە، بەڵام بە دیاریکراوی گۆڕەکەی دیارنیە.

## گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئیسفەهان


بەهۆی گرنگی شوێنەکە و کەش و هەوای پاک و تێپەڕبوونی ڕووباری زایندەڕود، ساڵی (١٥٩٨ز) شاعەباس بڕیاریدا پایتەخت لە شاری قەزوێن بگوازێتەوە بۆ ئیسفەهان، چونکە دەکەوێتە قوڵایی خاکی ئێران و لە هێرشەکانی عوسمانی دوردەکەوێتەوە. دواتر کۆمەڵێک باڵەخانە، باخ، ڕێگاوبان و پردی دروستکرد، لەوانە: گۆڕەپانی نەخشی جیهان، باڵەخانەی عالی قاپو، مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا، مزگەوتی شا، شەقامی چوارباخی عەباسی، پردی ئەڵلاوێردیخان/ سی و سێ پرد لەسەر ڕووباری زایندە، باڵەخانەی جیهاننما، هەروەها تەلاری چلستون، کۆشکی هەشت بەهەشت و پردی خواجو، کە دوای کۆچیدوایی خۆی تەواوکران. بۆیە، ئەوکات بە شارەکە دەگوترا: «ئیسفەهان نیوەی جیهان».

لە گەشتێکی چەند ڕۆژەماندا بۆ شارەکانی باشور و باشوری خۆرئاوای وڵاتی ئێران، بەیانیەکی ساردی ڕۆژی دووشەممە (٢٠٢٢/١٢/٢٦) گەیشتینە ئیسفەهان، دوانیوەڕۆی هەمانڕۆژ بۆ بینینی شوێنەگەشتیاری و سەرنجڕاکێشەکانی شارەکە، کەوتینەگەڕان و سەردانیکردن.

## گۆڕەپانی نەخشی جیهان، یان گۆڕەپانی شا

دەکەوێتە ناوەندی شار و شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە، درێژیەکەی نزیکەی (٥١٢م) و پانیەکەشی (١٥٩م)ە، بەشێکی زۆری بە داری جۆراوجۆر ڕازێنراوەتەوە، چواردەوری گۆڕەپانەکە باڵەخانەی عالی قاپو دەکەوێتە بەشی خۆرئاوا، مزگەوتی شا لە باشور، مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا لەلای خۆرهەڵات و بەشی باکوریشی بازاڕ و قەیسەری تێدایە.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شاعەباسدا، زۆربەی ڕۆژەکان پڕبوو لە قوماشفرۆش و جلوبەرگی دەستگێڕەکان، هەروەها لە گۆڕەپانەکەدا پێشبڕکێی تیرهاوێژی، ئەسپسواری، شەڕەکەڵەباب و چەندین جۆر ئاژەڵی دیکە دەکرا، شا لە هەیوانێکی تایبەت بەخۆی لە باڵەخانەی عالی قاپو تەماشای دەکرد و لە هەندێک کاتیشدا بەشداری یاری سۆلجانی دەکرد، دواتر شاعەباس ناوی گۆڕەپانەکەی لە نەخشی جیهان گۆڕی بۆ گۆڕەپانی شا.


گۆڕەپانی نەخشی جیهان

لەمبارەیەوە، (ڤیدوت ئاڤاناس یوچ کاتوڤ)ی بازرگانی روسی، کە ساڵی (١٦٢٣ز) سەردانی شارەکەی کردوە، دەڵێت: «لە گۆڕەپانەکەدا کاری یاساخ و مەترسیدار ئەنجام دەدرێت، بەنمونە ماری زیندوی گەورە لە سندوق دەهێنرێتەدەرەوە و نمایشدەکرێت، هەروەها فاڵچیەکان سەرگەرمی نوشتە و فاڵگرتنەوەن. لەلایەکی دیکەوە، تاوانکاران لە گۆڕەپانەکەدا سزادەدرێن، بەجۆرێک روتدەکرێنەوە و بە قامچی لە سک و بەرەپییان دەدرێت، بۆئەوەی ببن بە پەند بۆ تەماشاکاران».

جێگای ئاماژەیە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (رەزاشای پەهلەوی ١٩٢٥-١٩٤١ز)دا شوێنەکە زۆر گرنگی پێدرا و خەزانێکی ئاوی لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە دروستکرد و ئاوی بۆ راکێشا.

## باڵەخانەی عالی قاپو

پێشتر لە بەشی خۆرئاوای گۆڕەپانی نەخشی جیهان خانویەکی بچوک هەبوو، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی سەلجوقی و تەیموریەکان دەگەڕایەوە، بە فەرمانی شاعەباس لە هەمانشوێندا چەند باڵەخانەیەکی تازە دروستکرا و ناونرا عالی قاپو، واتا دەروازەی باڵا، وەک ئاماژەیەک لە بەرامبەر کۆشکی (بابیعالی/ طوپقپوسرای) عوسمانیەکان، هەروەها بە مەبەستی ناوبانگ و پیرۆزکردنی کۆشکەکە، چوارچێوەی دەرگاکەی لە شاری نەجەف بۆ هێنا.

عالی قاپو، بریتیە لە (٣) نهۆمی سەرەکی، هەریەکێکیشیان لە (٢) نهۆمی بچوکتر پێکدێت، واتا بە هەموویان دەبێت بە (٦) نهۆم، کە نزیکەی (٤٨م) بەرزە، دەروازەسەرەکیەکەشی (٢٨م) بەرزە. هەرنهۆمێکیش لە هۆڵێکی گەورەی سەرەکی و چەندین ژووری بچوک و گەنجینە پێکدێت، دیواری تەواوی باڵەخانەکەش بە رەنگی زەرد و چەندین رەنگی دیکەی جوان رازێنرابۆوە و بنمیچەکەشی بە رەنگی زێڕ نەخشکرابوو، هۆڵەسەرەکیەکەشی کەوتۆتە رووی پێشەوەی کۆشک و لە ناوەڕاستیشدا چەند ستون/ کۆڵەکەیەکی داری تێدایە. لە کاتی خۆیدا، شاعەباس هۆڵی نهۆمی سەرەوەی تایبەتکردبوو بە بارەگای راپەڕاندنی کاروبارەکانی دەوڵەت و کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە تایبەتیەکانی وەک جەژنی نەورۆز و نمایشی سوپا.

خۆرهەڵاتناسی ئیتالی (پیترۆ دلاوالا ١٥٨٦-١٦٥٢ز)، کە لە ساڵی (١٦١٧ز)دا سەردانی شارەکەی کردوە، نووسیویەتی: «شوێنێکی سەرنجڕاکێش، کە لە ئیسفەهان بینیم، دەروازەی چوونەناوەوەی کۆشکی عالی قاپو بوو، شا زۆربەی کات باڵیۆزانی بیانی و میوانان لێرەدا پێشوازی لێدەکات و ئاهەنگی بەخێرهاتنیان بۆ ئەنجامدەدات». ئینجا دەڵێت: «لە ئیسفەهاندا

شتی سەیرم بەرچاوکەوت، لە نمونەی شێر و پڵنگ و هاوشێوەکانیان زۆر دەبینرێت، بۆ بینینی (٣) فیل رۆیشتم، لە هیندستانەوە بە دیاری پێشکەشی شا کرابوون».

## مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا

کەوتۆتە بەشی خۆرهەڵاتی گۆڕەپانی نەخشی جیهان و بەرامبەر باڵەخانەی عالی قاپو، لە ساڵی (١٦٠٣ز)دا بە فەرمانی شاعەباس دەستکرا بە دروستکردنی و لە ساڵی (١٦١٨ز) دا تەواوبوو، گونبەدەکەی بە جوانترین گونبەدی سەردەمی سەفەویەکان دادەنرێت لە رووی پێکهاتەی ئەو کارسازیەی تێداکراوە، چونکە دەرەوە و ناوەوەی کاشیکراوە و زۆرترین ئایەتی قورئانی لەسەر نووسراوە. بە پێچەوانەی هەموو مزگەوتەکانیش، هیچ منارەیەکی نیە، هەروەها بە تەنیشتیەوە خوێندنگایەکی ئایینی و کتێبخانەیەک بنیادنرا، بۆئەوەی ببێتە بارەگای (شێخ لوتفوڵڵا عاملی(١))، کە دواتر بوو بە خەزوری شاعەباس و باوکی (گوڵبەهارخانم) ی هاوسەری بوو، پاشان رەزاشای پەهلەوی لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا مزگەوتەکەی نۆژەنکردەوە.

## مزگەوتی شا

دەکەوێتە باشوری گۆڕەپانی نەخشی جیهان، لە ساڵی (١٦١٢ز)دا دەستکرا بە دروستکردنی و لە قۆناخی یەکەمدا تەنها توانرا رێڕەوی سەرەکی مزگەوتەکە، کە رووبەڕووی گۆڕەپانەکەبوو لە ساڵی (١٦١٦ز)دا تەواوبکرێت، بەڵام قۆناخی دووەم دوای کۆچیدوایی شاعەباس و لە ساڵی (١٦٣١ز)دا تەواوبوو. مزگەوتەکە لە (٣) گونبەد و (٤) هۆڵی سەرەکی پێکدێت، گەورەترین هۆڵیش رووە و روگە/ قیبلە هەڵکەوتووە و گونبەدەکەی لە ئەوانی دیکە گەورەترە، لە تەنیشتەکانی هۆڵەکەدا (٢) منارەی گەورەی بۆ دروستکرا، هەروەها چەند بەردێکی مەرمەڕی لە شاری رانگۆی هیندستان بۆ هات، ستونەکانیشی زۆر بەرز و لە ناوەوە و دەرەوەدا بە نەخشی ئاوزێڕی مینا رازابوەوە، چواردەوریشی بە بەردی قرمید و لە ناویشدا بە ئایەتەکانی قورئان نەخشێنرابوو. لە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەشدا خەزانێکی گەورەی ئاوی لە بەردی مەرمەڕ تێدا دروستکرا.

## شەقامی چوارباخی عەباسی

بە فەرمانی شاعەباس شەقامەڕێیەک لە نێوان گۆڕەپانی نەخشی جیهان و باڵەخانەکانی دیکەی شار لە نزیک زایندەڕود بەرەو باشور دروستکرا، لەسەر رووبارەکەش پردێک بنیادنرا، کە ئێستا بە (سی و سێ پرد) ناودەبرێت، دواتر شاعەباس فەرمانیکرد (٤) ریز داری چنار لە هەردوو بەری رێگاکە بچێنرێت، بۆیە بە (چوارباخ) ناسرا. دەشگوترێت: ناوی لە چوار باخی ترێ وەرگیراوە، کە درێژی شەقامەکە نزیکەی (٤کم) بوو هەتا بناری چیای باشوری شارەکە درێژدەبووەوە. جۆگەلەی ئاو لە ناوەڕاستی




هەواڵنامەی کتێب

شەقامەکە و لە ڕێگەی تۆڕێکی ئاودێری بەردین بە ئاراستەی خوارەوە دەڕۆیشت، هەروەها بە دروستکردنی چەند تاڤگەیەکی بچوک، لە یەکێکەوە دەڕژایە یەکێکی دیکە. لە سەرەتای ڕێگاکە باڵەخانەیەکی بچوک و بەرهەیوانێک دروستکرا، کە بەسەر ڕێگاکەدا دەیڕوانی و ناونرا (جیهاننما)، واتا نیشاندەری جیهان.

جێگای ئاماژەیە، ئەو بەشەی جیهاننما و ڕووباری زایندەی بەیەکەوە دەبەستەوە، بە ڕێگای (چوارباخی خوارو) ناسرا، هەروەها لە کۆتایی ڕێگاکەدا باخێکی پان و بەرین و گەورەی پلیکانەیی دروستکرا، کە بەرزیەکەی دەگەیشتە (٩) چین و ناونرا (باخچەی شاعەباس)، لە ناوەڕاستی باخەکەشدا کۆشکێک دروستکرا و ناونرا (هەزارجەلیب)، واتا کۆشکی هەزار هەزار مەتر، ئەو ڕێگایەی لە زایندەڕود بەرەو کۆشکی هەزارجەلیب دەهات بە (چوارباخی سەرو) ناویدەرکرد. بە مەبەستی جوانکردنی شەقامەکە و چاندنی دار و درەخت و زووتەواوکردنی باخچەکان، شاعەباس کارەکەی بەسەر شازادەکانی دەوڵەت و پیاوماقوڵان و فەرماندەکانی سوپادا دابەشکرد، بۆئەوەی هەریەکە و باخچەیەک لەوبەشە دروستبکات، کە پێیسپێردرابوو، پاشان شاعەباس فەرمانیکرد ڕۆژێک لە هەفتەدا شەقامەڕێیەکە بۆ هاتوچۆ و پیاسەی ژنان تایبەتبکرێت، هەتا تێیدا ئاسودە و چێژوەرگرن، بۆیە دواتر بەهۆی ئەو تەکنیک و



نووسەر لە بەردەم مزگەوتی شێخ لوتفوڵڵا

سەلیقە وردەی لە شەقامەڕێیەکە و باخچەکاندا بەکارهاتبوو، بەلای گەشتیار و خۆرهەڵاتناسە ئەوروپییەکان جوان و دڵگیربوو، لە ئێستاشدا شوێنەکە تەرخانکراوە بۆ پیادەڕۆیی هاوڵاتیان و پشودان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

## پردی ئەڵڵاوێردیخان، یان سی و سێ پرد

بە فەرمانی شاعەباس ساڵی (١٦٠٢ز) لەسەر ڕووباری زایندە و بە سەرپەرشتی (ئەڵلاوێردیخان(٢)) بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی شەقامەڕێگای چوارباخی سەروو خواروو دروستکرا، بۆیە ئەوکات بە (پردی ئەڵلاوێردیخان) دەناسرا، کە لە سەرەتادا درێژیەکەی (٢٠٥م) و پانیەکەشی (١٣،٧٥سم) بوو، پاشان بە پردی شاعەباس و پردی چل کون ناویدەرکرد، هاوکات (پردی جوڵفا)شی پێدەگوترا، چونکە بەهۆیەوە شاری ئیسفەهان بە گەڕەکی جوڵفا دەبەسترایەوە، کە شاعەباس لە ساڵی (١٦٠٤ز)دا گەڕەکەکەی بۆ نیشتەجێکردنی ئەرمەنەمەسیحیە هاوردەکانی شاری جولفای باکوری ئێران دروستکرد، بەڵام دوای داڕوخانی (٧) کون/ کڵ لە پردەکە، بە پردی (سی و سێ کون) ناسرا. بەهۆی زۆری و ئاستی بەرزی لافاوی زایندەڕود، دواتر ئەڵڵاوێردیخان نهۆمی دووەمیشی بۆ دروستکرد. بە جۆرێک لەسەر پردەکە (٦) ڕێگای پەڕینەوە هەبوو، کە ڕێگای ناوەڕاست بۆ پەڕینەوەی گالیسکەسوارەکان تەرخانکرابوو، ڕێگای دووەم و سێیەم لە نهۆمی یەکەمدا لەملاولای پردەکە بۆ پیادەکان، هەروەها ڕێگای چوارەم و پێنجەم لە نهۆمی دووەمدا هاوڵاتیان و گەشتیاران بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش بەکاریان دەهێنا و ڕێگای شەشەمیش لە خوارەوەی پردەکەبوو.


نووسەر لە بەردەم مزگەوتی شا

جێگای ئاماژەیە، (ژان باتیست تاورنیە١٦٠٥-١٦٨٩ز)ی بازرگانی فەڕەنسی، کە ساڵی (١٦٥٥) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی شاعەباسی دووەمدا سەردانی شارەکەی کردوە، بە درێژی باسی لە جوانی و ناوازەیی پردەکە کردوە، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی وشکبوونی رووباری زایندە قەرەباڵخی و سەرنجڕاکێشی جارانی نەماوە.

## تەلاری چلستون

یەکێکە لەوباڵەخانانەی لە سەردەمی ژیانی شاعەباسدا دەست بە دروستکردنیکرا و دوای کۆچیدوایی خۆی تەواوبوو، یەکەمجار بەشێکبوو لە بەشی خۆرئاوای باخچە و گۆڕەپانی نەخشی جیهانی سەر بە باڵەخانەی عالی قاپو، بەڵام شاعەباس بە مەبەستی پێشوازیکردنی شاند و نێردەبیانیەکان بەشێکی جیاکردەوە و لە ناوەڕاستەوە تەلارێکی لەسەر (٢٠) پایە و ستونی دار و بە شێوازی ئەوروپی لێدروستکرد، پاشان (شاعەباسی دووەم ١٦٤٢-١٦٦٦ز) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا لە ساڵی (١٦٤٦ز)دا کارەکانی تەواوکرد، کە چەندین ژووری تێدابوو، بۆیە وەک بارەگای فەرمی حکومەت بەکاردەهێنرا، ئینجا بەرەبەرە بەشەکانی دیکەی فراوانکرا و بووە شوێنی پێشوازیکردن لە میوانەبیانییەکان و ئەنجامدانی ئاهەنگی شاهانە.

جێگای ئاماژەیە، شێوازی ناوازەی تەلارسازی چلستون، هەروەها رازاوە و جوانی باخچەکانی، هاوکات خەزانێکی گەورەی ئاو و تابلۆ و کاری ئاوێنەیی دیوارەکان، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و ناسکی هونەری نیشانی سەردانیکەراندەدا. ئەگەرچی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (شا سوڵتان حسێن ١٦٩٤-١٧٢٢ز)دا تەلارەکە ئاگرێکی زیانباری لێدەکەوێتەوە، بەڵام هەمانساڵ کاری چاکسازی و نۆژەنکردنەوەی بۆ ئەنجامدرا.

تەلاری چلستون لە سەردەمی قاجارییەکاندا زۆر بێ بایەخ مایەوە. بە جۆرێک، لە سەردەمی سوڵتان مەسعودمیرزا ناسراو بە (زیلسوڵتان)، دووەم کوڕی (ناسرەدین شا ١٨٤٨-١٨٩٦ز)ی قاجار، کە ماوەی چەند ساڵێک فەرمانڕەوای هەرێمی ئیسفەهان بوو، پشکی شێری لە داڕوخان و وێرانکردنی چەند کۆشک و تەلارێکی سەردەمی سەفەوی و بە تایبەت شاعەباسی یەکەم بەردەکەوێت. بەنمونە (٢٠) کۆڵەکە/ستونی دار، کە لە هەیوانی تەلاری چلستوندابوو بە ئاوێنەی جوان و سەرنجڕاکێش داپۆشرابوون، لەلایەن وەستاکانی دەربارەوە بە پارچەیەک لە گەچ داپۆشرا، پاشان لەسەر گەچەکان هونەرمەندان وێنەی پاشایانی قاجارییان دروستکرد. لەلایەکی دیکەشەوە، زیلسوڵتان زۆرجار ئەسپەتایبەتیەکانی خۆی لە گۆڕەپانی کۆشکی هەشت بە هەشتدا دەبەستەوە! بەڵام لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پەهلەوییەکاندا تەلاری


نووسەر لە بەردەم سی و سێ پرد

هەواڵنامەی کتێب




چلستون بە شێوەیەکی جوان نۆژەنکرایەوە و دیمەن و ژیانی جارانی بۆ گەڕایەوە.


### کۆشکی هەشت بە هەشت

ئەم شوێنە سەردەمانێک بە جوانترین کۆشکی جیهان ناودەبرا، لە باخچە و گۆڕەپانی نەخشی جیهان دابڕابوو، دەکەوێتە خۆرئاوای شەقامی چوارباخی عەباسی. لە سەردەمی ژیانی شاعەباسدا دەستکرا بە بنیادنانی و سەرەتا باڵەخانەیەکی بچوک بوو، وەک شوێنی خێزانی و حەرەمسەرای شا بەکاردەهێنرا، دواتر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (شاسەفی دووەم/ سلێمان ١٦٦٦-١٦٩٤ز)دا و بەدیاریکراوی ساڵی (١٦٦٩ز) بەشێوەیەکی گەورەتر دروستکرایەوە، لە هەشت گۆشە و (٢) نهۆم پێکدەهات، کە چوار رووی هەیە، ژوورەکانی نهۆمی یەکەم لە چوارگۆشەی بیناکەدا بە گەچ و تابلۆ رازێنراونەوە. لە نهۆمی دووەمیشدا چەند ژوورێکی جیاواز و تاقی کەوانە و پەنجەرە، جوانی کۆشکەکەی زیاترکردوە. لە ئێستاشدا کراوە بە مۆزەخانە و گەشتیاران سەردانیدەکەن.

### پردی خواجو

لە ساڵی (١٦٦٠ز)دا بە فەرمانی شاعەباسی دووەم، لەسەر رووباری زایندە و لە بەشی خۆرهەڵاتی سی و سێ پرد بە درێژی (١٤٠م) و پانی (١٢م) بە (٢) نهۆم لە بەرد و قسڵ و بۆ بەیەکگەیاندنی گەڕەکەکانی خواجو و حەسەنئاوا دروستکرا و پێکدێت لە (١٤) کڵ/ کەوانە.

ئەگەرچی زۆرێک لە گەشتیاران (پردی خواجو و سی و سێ پرد)یان لێتێکدەچێت، بەڵام دەکرێت قەڵای ناوەڕاستی پردی خواجو بکەن بە نیشانەی ناسینەوەیان، کە بە (بێگلەربەگی) دەناسرێت و کاتیخۆی بە مەبەستی پشودان و نیشتەجێبوونی کاتی، بۆ شا و بنەماڵەکەی دروستکرا، هەروەها لە بەشی خۆرهەڵات و خۆرئاواشیدا دوو قولەی





پردی خواجو

دیکە هەیە، کە لە چەند ژوورێک پێکدێن و بە دیکۆر و تابلۆی جوان رازێنراونەوە.

پردی خواجو، بە پردی (شانشین و باباڕوکنەدین) یش دەناسرێت، چونکە جگە لە شا، شوێنی پشودانی میر و پیاوماقوڵانی شارەکەش بوو. شێوازی دروستکردنەکەشی بە جۆرێکبوو، وەک بەنداوێکیش سودی لێوەرگیراوە و لە کاتی پێویستدا، کەوانەکان بە تەختە داری بەهێز داخراون و ئاوی رووبارەکە دەوەستێنرا، بۆئەوەی ئاستەکەی بەرزببێتەوە. لە کاتی سەردانی شا و میوانان، دەریاچەکە دیمەنێکی جوانی بە ناوچەکە دەبەخشی، بەتایبەت ئەو تەلار و باخانەی دەکەوتنە کەناری راست و چەپی زایندەرود.

دەربارەی پێناسەیەکی گشتی ئیسفەهان، کاتێک (ژان شاردن ١٦٤٣-١٧١٣ز)ی بازرگان و گەڕیدەی فەرەنسی، لە ساڵی (١٦٦٤ز) دا سەردانی شارەکە دەکات، بەمشێوەیە باسیکردوە: «ئیسفەهان بە گەورەترین شاری جیهان دادەنرێت، بەڵام ئێرانیەکان بە زێدەڕۆییەوە دەڵێن: (ئیسفەهان نیوەی جیهان). ئەم گوتەیەشیان لەوەسەرچاوەیگرتووە، کە زانیاریان لە شوێنەکانی دیکەی جیهان نیە». لە بابەتێکی دیکەدا دەنووسێت: «زۆرێک لە نووسەران ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بە ملیۆنێک و سەد هەزار کەس دەزانن، بەڵام هەندێکی دیکە بە (٦٠٠) هەزار کەس دەیخەملێنن، کە بەگشتی خاوەنی (٢٩،٤٦٩) خانوو باڵەخانەیە».

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. شێخ لوتفوڵڵا عەبدولکەریم ئیبراهیم، لە بنەچەدا خەڵکی گوندی (میس)ە لە شاخی عامیل لە وڵاتی لوبنان. بەگوێرەی کتێبی عالەم ئارای عەباسی: رۆژی سێشەممە (٢٣ ربیع الأول ١٠٣٢ک) بەرامبەر (١٦٢٣/١/٢٤ز) بە نەخۆشی لە ئیسفەهان کۆچیدوایکرد و لە شاری کەربەلا بەخاکسپێردرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (اسکندر بیگ ترکمان: تاریخ عالم آرای عباسی، بە کوشش: فرید مرادی، چاپ آول، جلد دوم، مؤسسة انتشارات نگاه، (تهران، ١٣٩٠)، ص١٢٣٠؛ بەدیع محەمەد جومعە: شا عەباسی گەورە (١٥٨٨-١٦٢٩ز)، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپخانەی رۆژهەڵات، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر، ٢٠١٥).

٢. کۆیلەیەکی بە رەچەڵەک ئەرمەنی و بە ئایین مەسیحی بوو، دوای ئەوەی بوو بە موسڵمان ناوی (ئەڵڵاوێردیخان) ی پێدرا. ساڵی (١٥٩٤ز) بە فەرمانی شاعەباس بوو بە فەرمانڕەوای هەرێمی فارس و سوپاسالاری لە شکری سەفەوی، دوای کۆچیدوایی لە ساڵی (١٦١٢ز)دا لەسەر داوای شاعەباس لە شاری مەشهەد بەخاکسپێردرا. بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (بەدیع محەمەد جومعە: شا عەباسی گەورە (١٥٨٨-١٦٢٩ز)، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپخانەی رۆژهەڵات، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر، ٢٠١٥).

٣. نصرالله فلسفی: زندگانی شاه عباس اول، چاپ اول، جلد اول، (تهران، ١٣٣٤هـ).

٤. سیاحتنامه شاردن: ترجمة: محمد عباسی، جلد هفتم، مؤسسة چاپ و انتشارات امیرکبیر، (تهران، ١٣٤٥).

٥. فیروز اشراقی: اصفهان از دید سیاحان خارجی، چاپ آول، نشر آتروپات، (اصفهان، ١٣٧٨).

٦. رۆجەر سەیڤۆری: ئێران لە سەردەمی سەفەوییەکاندا، وەرگێڕانی: سەرباز حەمەکەریم، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما، (سلێمانی، ٢٠١٨).

٧. محەمەد سهێل تەققوش: مێژووی دەوڵەتی سەفەوی، وەرگێڕانی: شاخەوان محەمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، چاپخانەی رۆژهەڵات، (هەولێر، ٢٠١٠).

# گرنگی ئەرشیف و دیکۆمینتاری لەمێژووی کورددا



جەمال مەلا سەعید

کۆکردنەوەو پاراستنی ئەرشیف لەبوارە جیاوازەکان؛ پارچەکانی شوێنەوار کتێب،گۆڤار،ڕۆژنامە ،دیکۆمێنت، بەڵگەنامەی دەنگی، وێنە ،هتد...بەشێکن لەمێژووی ڕابردوو کورد،بۆیە گۆڤاری پرسی کورد گرنگی بە ئەرشیف دەدات هەوڵ دەدات لەئایندە دا زانیاری لەسەر هەموو ئەو مۆزەخانەو گەلەری وکتێبخانە و ئەرشیفخانەو قەلەندەرخانە و سەنتەرو ماڵ و شوێنە کلتووری وکەلەپووری و فۆلکلۆریانەلە بەشەکانی کوردستان بخاتە ڕوو ،لەم ژمارەیەدا زانیاری لە بارەی دووشوێن دەخاتە ڕوو:
یەکەمیان؛ گەلەری جەلال عازەبانی لە هەڵەبجەی شەهید دووەمیان : کتێبخانەو ئەرشیفی مۆفەق میراودەلی لە قەڵادزێ
ڕۆژی٢٠٢٤/٥/٢٥ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئەحمەد کریم سەردانی گەلەری( جەلال عازەبانی) مان کرد لە هەڵەبجەی شەهید ،دوای پشوویەک گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ مامۆستا ئارام کرد لەبارەی دامەزراندن و کاروچالاکی و ئامانجەکانی گەلەری (جەلال عازەبانی) زانیاری وردی پێبەخشن:

### ناساندنی مامۆستا ئارام شەمێرانی

ئارام حسێن قادر ناسراو بە ئارام شەمێرانی لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٤ هەڵەبجەیە، لە٢٠٠٥/١٠/٣ وەک مامۆستای وەرزش لە هەڵەبجەو سەید سادق دامەزراوە و تائێستا بەردەوامە،
خاوەنی بڕوانامەی جی ئای زێدی ئەڵمانی وجی ئێس پی ئەمریکی ،دبلۆمی پەیمانگای هەڵەبجە لەوەرزشدا ،خاوەن دکتۆرای فەخری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەریزۆنای ئەمریکی ،بێ بەرانبەر زیاتر لە بیست ساڵ کاری خۆبەخشی کردووە

بۆجینۆساید ،خاوەنی خەڵاتی عەشتار بابلی عێراق ودەیان خەڵاتی ڕۆژنامە نوسی ئەدەبی ناو خۆییە.

گەلەری جەلال عازەبانی یەکەمین گەلەرییە لە مێژووی هەڵەبجەدا، بەناوی شاعیرێکی شەهیدی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەوە ناونراوە، دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری (ئارام شەمێرانی)ە، ماوەی بیست و یەک ساڵە وێنەی کەسایەتی و پێکهاتەو ڕووداو و مێژووی هەڵەبجە کۆدەکاتەوە، بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلێکی خۆی ئەم ناوەندە ڕۆشنبیرییەی کردووەتەوە و جێیەکی گرتووە بەکرێ، جێگەکە بچووکە و ناتوانێت بەکەڵکی نمایشی هەموو ئەرشیفەکەی بێت، بەڵام هەر ئەوەندە توانای هەیەو هەوڵێکی تاکەکەسی خۆبەخشانەیە تا مێژووی شارەکە بە ناوەندەکانی خوێندن و گەشتیاران و میوانان و ڕۆژنامەنوسان بناسێنێت، تەمەنی ئەم گەلەرییە سێ ساڵەو لەو ماوەدا ٩٤ چالاکی ڕۆشنبیری ئەنجامداوە بەبێ هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و بە تەنیا، تەنانەت یەک فەرمانبەریشی بۆ دانەمەزراوە تا هاوکاری بکات، لە کارگوزارەوە تا بەڕێوەبەر هەموو کارەکانی تەنیا خۆی بەڕێوەی دەبات، زۆر هەوڵیشی داوە زەوییەکی پێبدەن تا بە فرۆشتنی خانوەکەی خۆی بینایەکی تێدا بکاتەوەو لە کرێچێتی ڕزگاری ببێت، بەڵام پێینەدراوە، ئارام شەمێرانی جگە لەم کارەی خاوەنی نزیکەی بیست بەرهەمە لەسەر جینۆسایدو ئەدەبیاتی هەڵەبجەو دیوانی کۆمەڵێک شاعیریشی ساغ کردووەتەوەو چاپی کردوون

لەناو ئەم گەلەریەدا نزیکەی پێنج سەد وێنە نمایش کراون تا ئێستا، کۆمەڵێک تابلۆو پەیکەرو کتێبخانەیەکیشی تێدابوو کە لایبردوون،



جەمال مەلا سەعید - ئارام شەمێرانی


جەمال مەلا سەعید - ئارام شەمێرانی - م. ئەحمەد کەریم


سەردانی فیلمساز دانیاڵ کۆوتەی ئەڵمانی بۆ گەلەری جەلال عازەبانی ٢٠٢٣/١٢/٦

چونکە شوێنەکە بچووکە، گرنگی ئەم ناوەندە ڕۆشنبیریە لەوەدایە کاتێک میوانان لە هەر وڵاتێکەوە دێنە هەڵەبجە سەردانی دەکەن و ئاشنا دەبن بەڕابردووی شارەکەو قۆناغەکانی شارستانیەت تیایدا، لەوانە باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، کونسوڵی گشتی وڵاتی چین بەوەکالەت لە عێراق، کونسوڵی ئەڵمانیا، دەرهێنەری سینەمایی، گەشتیاری بیانی، هەمووان سەردانی دەکەن، خاوەنەکەی هەموو چالاکیەکان بەوێنەو ڤیدیۆو نوسین ئەرشیف دەکات

خاوەنی ئەم گەلەرییە دەڵێت؛ هەڵەبجە دایکە، مرۆڤیش هەرچی بکات بۆ دایکی هێشتا کورتی هێناوە، بۆیە منیش وەکو بەرپرسیارێتیەکی ڕەوشتی لە هەوڵی ئەوەدام بەفرۆشتنی خانووەکەم و ئەگەر گورچیلەیەکیشم فرۆشتووە مۆزەخانەیەک بکەمەوە شیاوی گەورەیی مێژووی هەڵەبجە بێت، وە ئەرکی هەموو کەسێکە خۆی بە هەڵەبجەیی بزانێت و لە توانایدا هەبێت هاوکاریم بکات تا ئەو پرۆژە لەمە زیاتر دوانەکەوێت، ئەمە بۆ خزمەتی هەڵەبجەیەو بۆ هیچ کەسێک نیەو هەموومان جێیدەهێڵین و بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە، شار بە بیناو ئۆتۆمبێل نابێتە خاوەن مێژوو، بەڵکو بە سیماکانی شارستانیەت و پێشکەوتن و برەودان بەلایەنە هونەری و ئەدەبی و وەرزشی و ڕۆشنبیریەکان دەگاتە ئەو ئاستە، هەڵەبجە لە ڕابردوودا لانکەی پێشکەوتن و سەرزەمینی شارستانیەت و بەرهەمهێنانی مرۆڤی مەزن بووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەمانە نەفەوتێن پێویستە بپارێزرێن و نمایش بکرێن، ئەمە پردی گەشتنە بە شارستانیەتی گەلانی تر تا بزانن ئێمەش بەشێکین لە شارستانیەتی ئەم جیهانەو لەبیرکراوین.



سەردانی دیڤد هاند کونسوڵی بەریتانیاو پارێزگاری هەڵەبجە



سەردانی ڕوس کەیف کونسوڵی بەریتانیا



سەردانی لیۆ ژیونگ کونسوڵی گشتی چین بەوەکالەت




سەردانی گروپی شاخڕەوی ساوڵی




سەردانی خانمانی هەولێرو هەلەبجەو کۆمەلێک کەسایەتی و نوسەرو ڕۆشنبیر بۆ گەلەری جەلال عازەبانی - کۆڕێکی شیعری بەڕێوەچوو

## بەشی دووەم ؛ کتێبخانەو ئەرشیفی مۆفەق میراودەلی لە قەڵادزێ

ڕۆژی سێ شەمە٢٠٢٤/٦/١٨ لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئاری مەلا قادر هەولێری سەردانی کتێبخانەوئەرشیفی مۆفەق میراودەلی مان کرد لە قەڵادزێ ،دوای پشوویەک لەناو کتێخانەو ئەرشیفخانەکەدا گفتووگۆویەکی زۆر لەگەڵیدا زانیاری لە بارەی دامەزراندن کۆکردنەوەی هەموو کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارو بەڵگەنامەو وێنە دیکۆمێنتەکان ئامانجەکانی لەداهاتوو، بەووردی زانیاریەکانی خستە ڕوو.



جەمال مەلا سەعید - مۆفەق میراودەلی

## ناساندنی مۆفەق حەسەن ئەحمەد ناسراو بە مۆفەق میراودەلی

لەدایک بووی١٩٧٩/٢/١٥ پشدەر

لەئێستادا فەرمانبەرە لە کتێبخانەی فاکەڵتی پەروەردەی قەڵادزێ ،لەهەمانکات خوێندکاری ماستەرەلەمێژووی نوێ وهاوچەرخ لەتەواو بوندایە

لەساڵی ١٩٩٧ بە وتاری قوتابخانەو شیعر دەستی پێکردووە،تا ئێستا ٢٨ کتێبی لە بواری ڕۆژنامەوانی ومێژوو وجینۆساید وبیرەوەریەکان ووەرگێران ووتارو لێکۆڵینەوە نوسیوە، کتێبخانەو ئەرشیفخانەکەی چەند هەزار کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامەو بەڵگەنامەو دیکۆمێنت ووێنەی جیاوازو سەردەمی جیاواز لەخۆگرتووە، ڕۆژانە چەندین خوێندکاری ماستەرو دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان سەردانی دەکەن و سوودی لێدەبینن،هەموو ئەو ئەرکی کۆرکردنەوەو ڕێکخستنیان بۆخۆیەتی بەهاوکاری هاوسەرو خانەوادەکەی ،هەرچەند لە ڕووی مەعنەوییەوە لایەنە حکومی وحیزبی وکەسایەتیەکان هاوکاربوون بەلام لەڕووی



جەمال مەلا سەعید - مۆفەق میراودەلی - م. ئاری مەلا قادر




کتێبخانەی مۆفەق میراودەلی

هەواڵنامەی کتێب



حەسەن ئەحمەد باوکی مۆفەق میراودەلی - جەمال مەلا سەعید - شەریف ئەحمەد مامی مۆفەق - مۆفەق میراودەلی



مۆفەق میراودەلی لە کتێبخانەکەیدا

مادیەوە لەسەر ئەرکی خۆی بووە،لەئێستادا بەشێکی کتێبخانەکەی بەدیجیتاڵ کردووە کەلەداهاتووئاسان کاریەکی زۆرباشە بۆ خوێنەران،ئامانجی داهاتووی کردنەوەی ناوەندێکی دیکۆمێنتاری بواری کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامەو بەڵگە نامەکانە تا ببیتە بونیاتێکی ئەرشیفی بۆ کورد تا سود بە شارستانیەتی کوردستان بگەیەنێ.



ئەرشیفخانەی مۆفەق میراودەلی

# کەلتورو دابونەریتە باوەکانی نەتەوەکان سەبارەت بە کەوتنی ددانی مناڵان

## کوردیش بەدوور نیە لەو داب و نەریتانە



د. محەمەد شێخ عەزیز قەیوانی

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ بە گشتی ددانەکانی بەگوێرەی تەمەنی بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت یەکەم قۆناغی ددانی بریتی یە لە ددانی شیری یاخود ددانی سەرەتایی کە ئەمەش ژمارەیان ( ٢٠ ) ددانە لە تەمەنی ٦ مانگی دەست پێدەکات تاوەکو تەمەنی ١٢ مانگی , پاشان ددانە هەمیشەییەکان دەست دەکەن بە دەرکەوتن تاوەکو تەمەنی ١٢ - ١٣ ساڵ دوا ددانیش ددانە ژیریەکانە کە ژمارەیان ٤ ددانە لە تەمەنی ١٨ ساڵ بەرەو سەرەوە دێن .

داب و نەریتەکان لە مێژوودا سەبارەت بە کەوتن و هاتنی ددانەکان لە جیهاندا لە نێو نەتەوەکاندا جیاوازە تاوەکو ئەم سەدەیە لە مرۆڤایەتی , کە ئەمانەش لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانی سەبارەت بە کەلتورە باوەکانی نێو کۆمەڵگاکان :

- بەشێک لە نەتەوەکان ددانیان هەڵداوە بۆ خۆر.
- بەشێک لە نەتەوەکان ددانیان خستۆتە ناو سەقفی خانوو یاخود لەسەر بنمیچی خانووەکانیان دایان ناوە .
- بەشێک لە نەتەوەکان ددانەکانیان خستۆتە نێو کونی مشکەوە .
- بەشێک لە نەتەوەکان ددانەکانیان داوە بە ئاژەڵەکان .
- بەشێکیان ددانەکانیان شاردۆتەوە تاوەکو گیانەوەرەکان دەستیان پێی نەگات .
- لە بەشێکی ئەفریقا منالەکان ددانە کەوتووەکانی شەویلگەی سەرەوەیان هەڵدەدایە سەربان و ددانەکانی شەویلگەی خوارەوەیان لەناو خاکدا دەناشت .
- لە ڕۆژهەلاتی ئاسیا بە پێچەوانە ددانەکانی شەویلگەی خوارەوەیان هەڵدەدایە سەربان و ددانەکانی شەویلگەی سەرەوەیان لە خاک دا دەناشت , لە ناوەڕاستی ئاسیادا ددانی منالیان دەخستە ناو چەوریەوە دەیان دا بە سەگ بۆ ئەوەی ددانەکانیان بێتەوە وەک ددانی سەگ



بەهێز بێت .

• هەندێکیان ئەگەر سەگیان دەست نەکەوتایە لە تەنیشت درەختەکانەوە دەیان ناشت تاوەکو ددانەکان کە دێنەوە ڕەگیان وەک درەختەکان بەهێزبێت .

• نەتەوە کۆنەکانی کەنەدا ددانی مناڵەکانیان کە دەکەوت دەیان دایە دایکیان یاخود نەنکیان تاوەکو بیخەنە ناو دارەوە پاشان سەمایان ئەکرد بە دەوری درەختەکە تاوەکو ددانەکە




بەرێکی هەبێت .

• لە ئەرجەنتین مناڵان ددانەکانیان دەخەنە ناو پەرداخەوە وا لە خەیاڵیاندایە کە گیاندارە قرتێنەرەکان تونیان دەبێت و دێن لە کاتی خەودا و شتی گران بەهایان بۆ بەجێ دەهێڵن وەک خشڵ و زێڕو مرواری .

• نەتەوەکان لە فەرەنسا و سویسرا پێ یان وایە کە مشکە بچوکەکان ددانەکان ئەبەن و ئەیشارنەوە .


• لە باشوری ئەفریقا ددانەکانیان ئەخستە ناو پێڵاوەوە بۆ مشکەکان پاشان دیاریان لە شوێنەکە دائەنا لە شەواندا .

• لە وڵاتی یۆنان , ڤێتنام , سەنگافورە , هندستان , سریلانکا , و چین مناڵەکان ددانەکانیان فڕێ دەدایە سەربان کاتێک خۆیان هەڵدەدا .

• لە یۆنان مناڵەکان چاوەڕێی مشک یاخود بەرازیان دەکرد تاوەکو ددانەکانیان بەرن بۆ خۆیان .

• لە سریلانکا مناڵەکان چاوەڕێی سمۆرەکانیان دەکرد بەڵام لە هندستان چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە چۆلەکە بێت دانێکی تازەیان بۆ بهێنێت.

• هەندێکیان ددانەکانیان خستۆتە نێو دیوارەوە .



• هەندێکیان ددانەکانیان چاندووە لە نێو دارو باخ و کێڵگەکان , بەو باوەڕەی کە ددانی نوێ گەشە دەکات لە ناو دەمی مناڵەکانیان .

• هەندێکیان ددانەکانیان خستۆتە نێو ئاگرەوە تاوەکو مناڵەکانیان بپارێزێت لە سحرو جادو هەر هێزێکی خراپ .

• هەندێک لە نەتەوەکان دایکەکان هەڵدەستن بە قوتدانی ددانی کەوتووی مناڵی یاخود مناڵەکان خۆیان ددانیان قوت دەدا.

• یەکێک لەهەرە نەریتە باوەکان لە نێو ڕووسیا – مەکسیک – نیوزلەندا بریتی یە لە قوربانی کردنی ددانی مناڵی بە مشک و جرجەکان تاوەکو ددانەکانیان بەهێزو تیژ بێت وەک ئەو قرتێنەرانە پاشان نوێژو نزا و گۆرانیان بۆ دەوت .

• هەریەک لە وڵاتانی ئیسپانیا , گواتیلاما , فەنزوێلا , کۆلۆمبیا , پیرۆ , چیلی و مەکسیکۆ ددانەکانیان لە کاتی کەوتندا خستۆتە ژێر سەرینەکانیان دواتر پارەو دیاریان بۆ جێ دەهێشت .

• لە ئەمریکا ددانی مناڵەکانیان دەخستە ژێر سەرینەکانیانەوە تاوەکو لە شەودا جنۆکە بێت و






ددانەکەوتووەکە بەرێت لە جێگەی پارە دابنێت .

• لە هەندێک خێزاندا ددانە کەوتوەکان هەڵدەگرن و دەیپارێزن وەک بەشێک لە یادگاری .

زانستە پزیشکیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە پارێزگاری ددانە کەوتوەکان و هێشتنەوەیان سودیان لێ وەرگیراوە بۆ بنچینەی دروستبوونی خانەکە کە ئەمەش بەکاردێت بۆ چارەسەری هەندێک نەخۆشی ژێرپەنجەو هەندێک جۆری نەخۆشی.

کوردیش کە خاوەن کەلتورو داب و نەریتە نەتەوەیی و کۆمەلایەتیەکانە بەدەر نیە لەو نەریتە تایبەتە لە نێوان خێزانە کوردەکان مناڵ کە ددانی شیری دەکەوێت زۆر جار دەیخەینە ناو کونی دیوارەوە لە کۆندا بەڵام ئێستاش ئەم نەریتە هەر ماوە, زۆرجار ددانە کە فڕێدەدەنە ئاسمان و هەندێکیان ددانەکە دەخەنە ژێر سەرینەکانیان لە شەواندا پاشان دیاریان دەخستە ژێر سەرینەکانیان تاوەکو هەستێکی خۆش و گۆڕانکاریەکی نوێ لە بیرو ژیانی مناڵدا دروست بێت و ددانەکانی خۆشبووێت و گرنگی پێبدات , زۆر جاران کاتێک مناڵی کورد ددانەکانی خراپ دەبێت و گرنگی پێنادات بۆیە پێی دەڵێن ددانەکانت مشک خواردویەتی کە ئەمەش لە هەموو جیهان دا بڵاوە کە ددانی مناڵ و مشک هەمیشە پێکەوە باس دەکرێت.

# کشتوکاڵ زێڕی سەوزی کوردستانە



فەرەیدون مەنسور جاف

**تەوەری یەکەم**

لەڕۆژێکەوە خوای گەورە هە سارەی زەوی ئاوەدان کردەوە ، هە موو پێداویستیەکانی ژیانی بۆ فەراهەم کردوە، بەتایبەت بەرهە مەخۆراکییەکانی کشتوکاڵ ، ئەگەربگەڕێینەوە بۆمێژوو بۆمان دەردەکەوێت لەڕێگای کنەوە پشکنینەوە ی ناوچەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا، کەکشتوکاڵ کراوە ، لەناوچەی کوردستانی گەورە بەگشتی ، بەتایبەت لەگوندی چەرموو لەچەمچەماڵ و لەگوندی بێستان سوور لەشارەزور ،گرنگی کوردستانی گەورە بۆکشتوکاڵ ، چەند تایبەت مەندی خۆی هە ییە وەک ئەم خاڵانەی خوارەوە، چوار وەرزە، بارانی سروشتی، ئاوی شیرین، خاکی بەپیت، ژینگەی لەبار بۆ بەرهە مە کشتوکاڵییەکان ،

**تەوەری دووەم**

خاکی کوردستان پێک هاتوە لە ٧ جۆر ،

١-زەوی بەراو

٢-زەوی پشتاو

٣ -زەوی بەپیت

٤-زەوی لەوەڕگا

٥-زەوی پاوان

٦-زەوی دارستان ،

٧- زەوی بەردەڵان، ئێمە دەتوانین بەگشتی



، بەڵام بەداخەوە نەک هە ناردەمان نەماوە ناتوانین ئاسایشی خۆراک بۆ وڵاتیش دابین بکەین ، جاران ١٠ جۆر بەرهە می کشتوکاڵی پیشەسازی مان هە بوو ، کارگەیەکی زۆر بێشومارمان هە بوو ،بۆساغ کردنەوە بەرهە مەکشتوکاڵیەکانی ناوخۆ وەک ڕستن و چنین و پوختەکردنی توتن و کارگەی جگەرە و ئەلبان ، وەک لۆکە و کونجی و توتن و گوڵەبەڕۆژە گەنمەشامی و زۆر شتی تر بۆ ئەم کارگانە ،

### تەوەری سێیەم

ئەگەر لە هە روڵاتێکی تری جیهان ئەم خاک و ئاو و ژینگە لەبارە بواییە ، کەرتی کشتوکاڵ دەبێت بەسەرچاوەیەکی گرنگی لەپێشینە، ڕەخساندنی هەزارەها هە لی کار بۆ گەنجی ئەم وڵاتە ، ئەگەر هە ڵسەنگاندنێک بکەین لەنێوان وڵاتی هۆڵندا کەڕووبەری خاکەکەی لەکوردستان کەمترە ، بەڵام دووەم وڵاتە لەسەرئاستی جیهان لەدوای وڵاتی ئەمریکا بۆ هە ناردەکردنی بەرهە مەکشتوکاڵیە کان ،ئێمەیش ئەگەر بێت و گرنگی تەواو بدەین بە پێش خستنی کەرتی کشتوکاڵ پێشی زۆر وڵات دەکەوینەوە بۆنمونە لە بەرهە می هە نگوین چەندین ساڵە لەپێشانگا نێودەوڵەتیەکاندا بەپلەی یەکەم دێت ، چونکە ئە و ٧ سنفەی زەویم پۆلێن کرد ، کە لەکوردستان هەموو ئەم سنفانە هە یە ، دەتوانین لە هەر یەکێک لەم سنفانە ، گەورەترین بەرهە می کشتوکاڵ پێش بخەین ، بۆ نمونە چاکترین پاوانی سروشتی مان هە یە لەکوردستان بەگشتی دەتوانین کەرتی ئاژەڵدای پێش بخەین پێویستی مان بەهاوردەی ئاژەڵی دەرەوە نەبێت ، یان ئەگەر گرینگی بەسامانی ماسی بدەین ، چاکترین سەرچاوەی ئاوی شیرین مان هە یە ، لەگەڵ چاکترین سود وەربگرین لەو حەوت جۆرەی خاک بۆ بەرهە مە کشتوکاڵییەکان ، لەگەڵ ئەوەی چاکترین سەرچاوەی ئاوی سروشتی شیرین مان هە یە ، بۆ بەکارهێنانی بەرهە کشتوکاڵیەکان ، بەتێچونێکی زۆر کەم ، بەڵام بەداخەوە تائێستا نەمان توانیوە سود لەو سەرچاوە گرنگەوەربگرین ، ئەگەر بگەڕێینەوە ساڵانی ٥٠و٦٠و٧٠ کانی سەدەی ڕابوردوو ، جۆری بەرهە مەکانمان زۆرتربوون لەڕوی چۆنایەتیەوە ، ئەگەر لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان سەیربکەین بەرهە مێکی زۆرمان ڕەوانەی وڵاتان کردوە ، لەساڵی ١٩٥٦ هە ناردەی گەنم بۆ ،وڵاتی بریتانیا و فەرنسا وئیتالیا ،٣ملوێن تەن گەنم بوە ، لەساڵی ١٩٦٧ هاوکاری مرۆی گەیاندراوەتە دورگەکانی ئیمارات ٥٠ هە زار تەن ئارد بوە لەگەڵ ٥٠٠٠تەن خورما

ئەوەیشدا ناوچەی گەرمەسێر زۆر چاکمان هە یە بۆ پێش خستنی باخی خورما ، خۆش بەختانە ئێستا لە ناوچەی گەرمیان دروست کردنی باخی خورما دەستی پێکردوە ، دەتوانین پێش بڕکێ بکەین لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خواروو عێراقدا ، لەبەرهە می خورمادا .

## تەوەری چوارەم

ئەگەر پلان هە بێت بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ بەگشتی ، بەتایبەت ئاژەڵداری ، دەتوانین چەند کارگەیەکیشی بۆ درووست بکەین بۆ خوریەکەی لەگەڵ پێستەکەی ، بۆ ئەوەی ئەو دوو بەرهە مە ، هە روا بێسوود فڕێ نەدرێتە شوێنەکانەوە ، بتوانین هەزارەها هە لی کار بڕەخسێنین ، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستیمان بە هاوردەی وڵاتان نەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هە رچەندە من لەگەڵ جگەرەکێشاندانیم ، بەڵام ئەگەر کارگەی پوختەکردنی توتن و کارگەی جگەرە درووست بکرێتەوە ، دەزانیت هەزارەها جوتیار و گوندەکان دەست دەکەنەوە بەکاری جوتیاری و توتن کردن ، ئەگەر ئێمە بمانەوێت کەرتی کشتوکاڵ پێش بخەین شانبەشانی وڵاتانی



جیهان ، خەڵکی دڵسۆزو شارەزای باشمان هە یە ، دەتوانین لەپلانێکی ١٠ ساڵیدا هە موو ئەو کەرتە گرنگە بخەینەوە سەر سکەی ئاسایی خۆی ، لەگەڵ کردنەوەی بانکی کشتوکاڵی و پاڵپشتی کردنی جوتیار و ، بەبازاڕکردنی بەرهە مەکشتوکاڵیەکان .

## تەوەری پێنجەم

دەمەوێت کەمێک باسی سەرچاوەی ئاوی کوردستان بکە م، حکومەت دەتوانێت کۆمەڵێک بەنداوی بچوک و مامناوەند دروست بکات ، گرنگی ئەم دووجۆرە بەنداوانە ، چەند تایبەت مەندییەکیان هە یە وەک :

١- بەبارانی سرووشتی بەنداوەکان پڕ دەبێت .

٢- بە هیچ جۆرێک پێویستیمان بە ئاوە سنوریەکان نییە بۆ ئەم بەنداوانە .

٣- ڕاستەوخۆ جوتیار سوودی لێ وەر دەگرێت بۆ هە موو کەرتەکانی کشتوکاڵ ئاژەڵداری و سامانی ماسی و گە شتیاری.

٤- ژیانەوەی کانی و کارێزەکان .

٥- بەکەمترین بوجەیش تەواو دەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا هانی گوند نشینەکان بدەین دۆڵ و شیوێکی زۆرمان هە یە بۆ گلدانەوە ئاوی بارانـاو ، بۆ ئەوەی یەک دڵۆپ ئاو باران بەخەسار نەچێت ، لەدوای ١٠ ساڵ بزانە چۆن کوردستان دەبووژێتەوە لەهە موولایەکەوە ، ئەم شتانەی من دەیڵێم نەخەوە و نەخەیاڵ، بەس ئیرادەو دەستێکی ئەمین هە بێت ، بەکەمتریت کات و تێچون ئەم کارانە ئەنجام دەدرێت ،، لەدوای ئەنجامدانی ئەم کارانە بزانە کوردستان لەچی ئاستێکدایە ،دڵنیابن ڕۆژێک دێت ئەم کارانەدەکرێت، بەڵام مەرج نییە ئێمە بەچاوی خۆمان ببینین.

# دیکتاتۆریەتی چاو



**محەمەد کوردۆ**

چاو، لە خۆشەویستییدا ئەندامێکی فریودەر و فریوکارە، زۆر جار ئیحای ئەوەمان دەداتێ کە ئەوەی جوانییەکان دەدۆزێتەوە ئەوە، بەڵام لە ڕاستییدا، هیچ نەبێت بە لای منەوە، جوانی ڕاستەقینە لە خۆشەویستییدا نەک لە لایەن چاوەوە نادۆزرێتەوە، بگرە ئەوەی کە ناهێڵێت جوانی راستەقینە بدۆزینەوە چاوە. لە خۆشەویستییدا دۆزینەوە و چێژوەرگرتنی گەورە لە جوانییەکان زیاتر ئەو کاتە دەست پێدەکات، کە دڵدارەکان باوەشیان کردووە بە یەکدا و چاویان نوقاندووە و هەستەکانی دیکەیان بە کار خستووە. لەمسکردنی جوانییە ڕاستەقینە و جەوهەرییەکان زیاتر ئەو کاتە ڕوو دەدات کە دیکتاتۆریەتی چاو کۆتایی هاتووە و هەستەکانی دیکە لە کەشێکی ئازاددا بە کار کەوتوون. بۆ بڕواهێنان بەم ڕاستییە بەڵگە زۆرە، یەکێک لەو بەڵگانە ئەوەیە زۆر جار چاو فریومان دەدات و کەسێکمان لەو پەڕی جوانییدا پێ دەناسێنێت، بەڵام دوای ئەوەی لەو کەسە نزیک دەبینەوە و دەمانەوێت لە دەرەوەی دیکتاتۆریەتی چاو بە دوای جوانییەکانیدا بگەڕێین، یان کەمترین جوانی دەدۆزینەوە، یان هیچ جۆرە جوانییەک نادۆزینەوە. یەکێکی دیکە لەو بەڵگانە ئەوەیە ئەو کەسانەی پڕن لە جوانی ڕاستەقینە دوای ئەوەی دەڕۆن، دوای ئەوەی لە ژیانی ئێمە و لە ناو چاوی ئێمەدا نامێنن زیاتر و گەرمتر هەست بە جوانییەکانیان دەکەین. لێرەوەیە کە لەسەر عاشقەکان پێویست دەبێت تەفرەی چاو نەخۆن و هەموو بایەخی خۆیان لەو جوانیاینەدا چڕ نەکەنەوە کە لە ڕێی چاوەوە دەدۆزرێنەوە، پێویستە دڵداران بە هەموو بوونیانەوە، بە ڕۆح و گیان و تەواوی هەست و هۆش و ئەندامانی جەستەیانەوە بە دوای جوانییەکانی یاردا بگەڕێن، چونکە هۆکارێکی گەورەی زۆرێک لە بەدبەختییەکانی دڵداران، یان ڕاستتر وایە بڵێم بەشێک لە دڵداران لەوە دایە کە هەموو بایەخی خۆیان لە سەر ئەو جوانییانە چڕ دەکەنەوە کە پەیوەندیان بە چاوەوە هەیە، لەبەر ئەوەی جوانییە ڕاستەقینەکان فەرامۆش دەکەن ناتوانن بە خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە بگەن. تا ئەو کاتەی دڵداران تەنها لە ڕێی چاوەوە جوانییەکان دەدۆزنەوە خۆشەویستی لە ئاستی ڕووکەشدایە و بەرەو قوڵایی شۆڕ نەبۆتەوە. واتە بۆ ئەوەی بگەینە قوڵاییەکانی خۆشەویستی و بە گەرمی هەست بە جوانییە ڕاستەقینەکان بکەین، پێویستمان بەوە دەبێت خۆمان لە دیکتاتۆریەتی چاو ڕزگار بکەین.

# زمانی فەرمی ئەو هەورە منم



**یونس ڕەزایی**
**بۆکان خۆرهەڵاتی کوردستان**

.
.
.
دارێک؛
لە قەراغ ڕێگای سبەینێ
بەهار دێنێتەوە بیری ڕێبواران.

زمانی فەرمی من دارە
سەوز و بەرز
هەموو وەرزەکانی ئەوینیش بێژ دەکا
گەڵا گەڵا


چۆمێک؛
بە پەنجەی چاوەڕوانی وڵاتدا
دەبێتە ئاوێنەی ئاسمان.

زمانی فەرمی من چۆمە
روون و رەوان
گشت هەرێمەکانی جوانیی
دەنگ دەدەنەوە لە شەپۆلی سروودیدا
شەپۆڵ شەپۆل

باڵێک؛
ڕۆژئاوا دەپێوێ
باڵێکی دیکە، ڕۆژهەڵاتی زانیوە.

زمانی فەرمی من باڵە
دەفڕێ بەسەر جوغرافیای خۆرەتاودا
تا جەغزەکانی رووناکی
بەرینتر کاتەوە بۆ ژووان
پەیتا پەیتا

پرچی واتاکان رستە رستە دادێنێ.
بێشکەی تەنیایی هەموو مەلێک




شەوانە
بەکاوەخۆ رادەژێنێ.
لایە لایە بۆ خاک دەکا و
نوێژەبارانە بۆ دڵتەنگی کات.

زمانی فەرمی من ژنە
جوانی دەژی و
ژان دەناسێ
روو دەکاتە وەرزی تازە و
پیتەکانی ئاسمان دووپات دەکاتەوە.

هەورێک بەرە بەرە دەخوشێ
لەنگەر دەگرێ
لەسەر لاپەڕەی ئەو شێعرە و
چاوێک پڕ دەبێ لە وشە
نمە
نمە
زمانی فەرمی من بارانە
لەمەودوا.

# Pirsî KURD

Govarêkî Giştîy Serbexoy Kurd u Kurdistanîy Werzîye
Jimare (1)î Sal'î Yekem - Hawînî 2724K u - 2024 z

- **Benîştîmanîkirdinî Newt u Gaz; Seretayek bo rizgarî Kurd u Kurdistan.**

- **Sînema u Ecînday Siyasî , Kurd le kwêy ew riwanînedaye**

- **Jinî Kurd Le Mêjûda**

- **Derkewtinî Kurdistanî Sûr**

# KURDISH ISSUE MAGAZINE

No. (1) Summer 2024